تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

مەریوان وریا قانیع

لە چ ئێستایەکدا دەژین؟

مەریوان وریا قانیع

لە چ ئێستایەکدا دەژین؟

دەربارەی بەرخۆریی و دین و دراوسێکانمان

سلێمانی -٢٠١٢

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە
ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
سلێمانی-شەقامی مەولەوی-تەلاری سیروانی نوێ-نهۆمی چوارەم
www.endesha.org
andesha.library@yahoo.com
http//www.facebook.com/Andeshalib
07501026400

ناوی کتێب: لە چ ئێستایەکدا دەژین؟
دەربارەی بەرخۆریی و دین و دراوسێکانمان
بابەت: کۆمەڵە وتار
ناوی نووسەر: مەریوان وریا قانع
دیزاینی بەرگ: باسم ڕەسام
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٢
چاپخانە: کارۆ
تیراژ: ٢٠٠٠
نرخ: ٨٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٧٢٢)ی ساڵی ٢٠١٢ ی دراوەتێ.

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە، بەبێ ڕەزامەندی نووسەر هیچ کەس و کتێبخانە و چاپخانە و دامەزراوێك، هیچ بڵاوکراوە و سایتێکی ئینتەرنێت، بۆی نییە ئەم بەرهەمە یان بەشێکی چاپ و بڵاویکاتەوە، یان بۆ مەبەستی بازرگانی کۆپی بکات، بەپێچەوانەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە

ناواخن

پێشەکی: لەچ ئێستایەکدا دەژین؟ ٩

بەشی یەکەم:

کۆمەڵگا وەک بازاڕێکی گەورە، دەربارەی بەرخۆریی وەک دیاردەیەکی جەماوەری لە کۆمەڵگای ئێمەدا

سەرەتا ٢٦

بەرخۆریی چییە؟ ٢٦

جۆرەکانی بەرخۆریی لە کوردستاندا ٣٦

کۆمەڵگا وەک بازاڕ ٤٣

پیشەسازی خواردن و پشودان و حەوانەوە ٤٥

پیشەسازی دەسکاریکردنی جەستە و ڕوخسار ٤٨

بەرخۆریی دینی ٤٩

بەرخۆریی کولتوری ٥٠

کرێکاری بیانی وەک شێوازێکی نوێی بەرخۆریی ٥٢

میدیای کوردی و بەرخۆریی ٥٤

بنەما ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی بەرخۆریی لە کوردستاندا ٥٦

کورتبوونەوەی ئابوری کوردستان بۆ ئابوری نەوت ٥٦
دروستبوونی دانیشتوانێکی گەورە و گەنج ٦٠
بەرزبوونەوەی پلە و ڕادەی خوێندەواری ٦٢
بەرخۆریی وەک ئایدیۆلۆژیا ٦٦
بەرخۆریزم وەک دیاردەیەکی نێگەتیڤ ٧٥
ڕەخنەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە بەرخۆریی ٧٨
ڕووکارە ترسناکەکانی بەرخۆریزم لە کوردستاندا ٩٧
بەرخۆریزم و پشێوی کۆمەڵایەتی ١٠٥
ڕووە پۆزەتیڤەکانی بەرخۆرییزم ١١٢
مۆراڵی بەرخۆریزم و مۆراڵی ناسیۆنالیزم ١١٩
بەرخۆریزم و مۆراڵی دینی ١٢٥
مۆراڵی بەرخۆریزم و دروستبوونی شوێنی گشتی نوێ ١٢٨
مۆراڵی بەرخۆریزم و گۆڕانیماناکانی پیاوەتی ١٣٣
دەرەنجام ١٤٠
بەشی دووهەم:
ئیسلامی ئیخوانی و ئیسلامی سەلەفی: دوو پرۆژەی دینی لەکوردستاندا
سەرەتا ١٥٠

خودسازییەکی نەرجسییانە ١٥٣

ئیسلام وەک تاکە چارەسەر ١٥٩

دوو پرۆژەی پرتەماح ١٦٦

بەسیاسیکردنی رەهای دین ١٦٧

دیموکراسییەت و ستەمگەریی زۆرینە ١٧٣

دینی خۆنمایشکەر ١٨١

کێشەی تر ١٨٨

دەرەنجام ١٩٠

بەشی سێیەم:

کورد و پرۆژە گەورەکان

سەرەتا: چوار پرۆژەی سەرەکی ١٩٦

پرۆژەی یەکەم: تورکیا و خەونی سەرلەنوێ بە ئیمپراتۆرییەت بوون ١٩٩

لەهێزی زبرەوەبۆ هێزی نەرم ٢٠١

تورکیا و عوسمانیزمی نوێ ٢٠٣

بازرگانیو بازارو ئاسایش لەناوچەکەدا ٢٠٦

کولتور وەک هێزێکی نەرم ٢١٠

تورکیاو عێراق ٢١٣

تورکیا و کوردی باکور	٢١٤
تورکیاو هەرێمی کوردستان	٢١٧
دەرەنجام	٢١٩
پرۆژەی دووەم: پرۆژەی ئێران و خەونی بوونی ئێران بە هێزێکی ئەتۆمی	٢٢٦
ململانێی شیعە و سوننە	٢٢٩
ئێرانی دوای کەوتنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەین	٢٣٣
ئێران و هێزی نەرم	٢٣٧
ڕێگرەکانی بەردەم پرۆژەی ئێرانی	٢٤٠
کۆمەڵگای ئێرانی وەک ڕێگرێکی گەورە	٢٤٠
ناکۆکی لەگەڵ دراوسێکاندا	٢٤٧
ئێرانو کورد	٢٤٩
پرۆژەی سێیەم: عەرەبستانی سعودیەو خەونی بە سەلەفیکردنی ناوچەکە	٢٥٤
ئەوتو دین و دەسەڵات	٢٥٥
سێ دەوڵەت	٢٥٨
وەهابیزم وەک ئایدیۆلۆژیا	٢٦١
ماف و ئازادی	٢٦٥

پرۆژەی سعودیە بۆ ناوچەکە ٢٦٧

سعودیە و بەهاری عەرەبی ٢٧٣

سعودیەو ئێران ٢٧٧

سعودیەو ئەمریکا ٢٧٩

سعودیەو عێراق ٢٨٢

پرۆژەی چوارەم: پرۆژەی ئیسرائیل و ئەمەریکا: تێکەڵبوونی ترس و ئەوتۆ قازانج بەیەکتری ٢٨٨

ئیسرائیل و ناوچەکە ٢٨٨

ئیسرائیلو تورکیا ٢٩٢

ئیسرائیل و فەلەستینییەکان ٢٩٣

ئەمەریکا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ٢٩٦

ئەمەریکاو ئیسرائیلو ئێران ٣٠٠

سنوورەکانی دەسەڵاتی ئەمەریکا و ئیسرائیل ٣٠١

کورد و ئەمەریکا و ئیسرائیل ٣٠٣

دەرەنجامێکی گشتی ٣٠٥

پێشەکی

ئەوەی خوێنەر لێرەدا دەیخوێنێتەوە سێ لێکۆڵینەوەی درێژە دەربارەی دۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێمە و دۆخی ئێستای دراوسێ گەورەکانمان لەناوچەکەدا. ئەو ئێستایەش کە ئەم کتێبە قسەی لەسەردەکات هەم" ئێستایەکی مێژووییە"، واتە ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییە مێژووییەیە کە لە ئێستادا ئامادەیە، بێگومان بە سەرجەمی ئەو بکەرانەوە کە لەو ئێستایەدا ئامادە و دەستبەکارن. هەم ئەو ئێستایە" ئێستایەکی تیورییە"، واتە ئێستایە وەک کێشەیەکی فیکری، وەک کۆمەڵێک پرسیاری تیوری و مەعریفی و وەک کۆمەڵێک چەمک و میتۆدی بینین و ڕاڤەکردنیش. هەر سێ نووسینەکەی ناو ئەم کتێبە لەنێوان ئەم دوو ئاستە جیاوازەی مامەڵەکردنی ئێستادا دێن و دەچن، چەند قسە لە مێژوو دەکات، ئەوەندەش هێما بۆ فیکرێکی تیوری دەکات کە ئەو مێژووە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک چەمک و وێنە و پێدراوی فیکری.

لە لێکۆڵینەوەی یەکەمدا کتێبەکە باس لە دیاردەی بەرخۆریی، واتە ئیستیهلاک، دەکات، دیاردەیەک کە بە بۆچوونی من بۆ یەکەمینجارە لەمێژووی ئێمەدا ببێت بە ئاکاری سەرەکی کۆمەڵگای ئێمە و لە قۆناغەکانی بەر لەمرۆکەی ئەو کۆمەڵگایەی جیابکاتەوە. لە کوردستانی

ئەمڕۆدا بەرخۆریی بووە بە دیاردەیەکی جەماوەری بەرفراوان و لەوە کەوتووە ئاکاری ئەم یان ئەو گرووپی تایبەتی ناو ئەو کۆمەڵگایە بێت بەتەنها. هەم چینەکانی خوارەوە و هەم چینی ناوەڕاست و هەم ئەو نوخبە دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندەی بەشێوەیەکی ئەفسانەیی لە ساڵانی ڕابردوودا دەوڵەمەند بووە، هەموویان بەشێکن لەو شەپۆلی بەرخۆرییەی لە وڵاتەکەدا دروستبووە. ئەم بەرخۆرییە ڕووی لەهەموو ئاراستەکانە، وەکچۆن بەرخۆریی ڕووبەرێکی گەورەی لە چالاکییە دونیایی و عەلمانییەکانی ئینسانی ئێمەی گرتۆتەوە، بەهەمان شێوە چالاکییە دینییەکانی دونیای ئێمەش ڕوکارێکی بەهێزی بەرخۆرییان وەرگرتوە. وەکچۆن کەرتە نەخوێندەوار یان کەم خوێندەوارەکانی دونیای ئێمە لەبەرخۆرییەوە ئاڵاون، ئاواش بەشە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکەی وڵات بەرخۆرن. هەموو یەکە کۆمەڵایەتییەکانیش بەرخۆرن، هەم خێزان، هەم خێڵ، هەم حیزب، هەم مزگەوت، هەم دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەم دەزگاکانی دەوڵەت خۆیان. بەکورتی کۆمەڵگای ئێمە چەندە کۆمەڵگایەکی عەلمانی بەرخۆرە، ئاواش کۆمەڵگایەکی دینی بەرخۆرییشە، هەم ڕووکارە عەلمانییەکان و هەم ڕووکارە دینییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەو کۆمەڵگایە لەناو چالاکی بەرخۆرییدا نوورقمن. گەورەبوونی لەپڕ و چاوەڕواننەکراوی شارەکانی کوردستان ئەو چوارچێوە مەدەنییەیە کە ئەم دیاردەی بەرخۆرییەی گرتۆتەخۆی. پێداگرتن لەسەر ئەم ئاستە سۆسیۆلۆژییە وەسفییەی

دیاردەی بەرخۆریی بەشێکی پەیامی ئەم کتێبەیە، بەشەکەی تری، وەک ووتم، قسەکردنە لەسەر ئێستاییبوونی ئەو دیاردەیە وەک کێشەیەکی تیوری. لەم ڕووەوە ئەو پرسیارە تیورییانەی لە وتاری یەکەمی ئەم کتێبەدا دەیکەم و دەمەوێت وەڵامی بدەمەوە ئەمەیە: ئایا دەشێت بەرخۆریی هەندێک دەرەنجامی کۆمەڵایەتی و کولتوری پۆزەتیڤی هەبێت و ئایا دەشێت وەک ئەگەرێک بۆ دروستبوونی گۆڕانکاری پۆزەتیڤ کاربکات؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەدوای خوێندنەوەی کتێبەکە ئاشکرادەبێت.

خاڵێک کە گرنگە لەم سەرەتایەدا جەغتی لێبکەم ئەوەیە کە دیاردەی بەرخۆریی دیاردەیەکی" خۆبەخۆ "و" سروشتی نییە"، گەشەکردنێکی" سروشتی "و" خۆڕسک"ی کۆمەڵگای ئێمە دروستینەکردوە، بەڵکو بەر لەهەمووشتێک دیاردەیەکی سیاسی و ستراتیژیەتێکی تایبەتی کارکردنی دەسەڵات و مۆدێلێکی تایبەتی دەسەڵاتدارێتی دروستیکردوە و ئاراستەشیدەکات. لە ئەدەبیاتی زانستیدا ئەوەی لەپشتی ئەم سیستمە بەرخۆرەوە وەستاوە ئابوری و ڕژێمێکی سیاسی" ڕەیع"ییە کە لەسەر فرۆشتنی کەرستەی خاو، لەدۆخی کۆمەڵگای ئێمەدا لەسەر فرۆشتنی نەوت، لە بازاڕەکانی جیهاندا و خەرجکردنی پارەی ئەو نەوتە، دەژی. ئابوری" ڕەیع"ی بەو جۆرە ئابورییە دەگوترێت کە داهاتە ئابوورییەکانی لەڕێگای بەرهەمهێنانەوە بەدەستنایەت، بەڵکو لەڕێگای بازرگانیکردن بەو

کەرەستەخاوانەوە بەدەستدەهێنرێت کە لە وڵاتەکەدا هەن. پارەی رەیع، پارەیەکی ئاسانە، ئیشی زۆر و ماندووبونێکی ئەوتۆی ناوێت، بەدەستهێنانی زیاتر ئاکاری دیاری و پاداشت وەردەگرێت تا ئاکاری پەیداکردنی لەڕێگای کار و بەرهەمهێنانەوە، وەک وتیشم پەیداکردنیشی پێویستی بە ماندووبوون و ئارەقرشتنێکی ڕاستەقینە نییە. خاڵی هەرە سەرەکی ئەم ئابوریە بەگشتی و ئەو ڕژێمە سیاسییەی لەپاڵ ئەمجۆرە ئابوورییەدا دروستدەبن بەتایبەتی ئەوەیە کە چارەنووسی ئەو ڕژێمانە لەدەستی خۆیاندا نییە. ئەوەی دەستدەکەوێت و پەیدادەکرێت پابەستی کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکییە کە نە کۆمەڵگاکە خۆی و نە سیستمە سیاسییەکە هێزیان بەسەریدا ناشکێت، ناتوانن ئاراستە و کۆنترۆڵی بکەن و بەوشێوەیە بیجوڵێنن کە لەسود و قازانجی خۆیاندا بێت. سەرجەمی سیستمە سیاسییەکەش پشت بەو داهاتانە دەبەستێت کە فرۆشتنی ئەو کەرەستە خاوانە مەیسەریدەکەن و هەر قەیرانێک لە فرۆشی ئەو کەرەستە خاوانەدا دروستببێت، لە هەر ئاستێکدابێت، ڕاستەوخۆ قەیرانی گەورە بۆ سیستمە سیاسییەکە دروستدەکات. بەشێوەیەکی گشتیش ئەو شێوازە لە دەسەڵاتدارێتی دروستبوو لەپاڵ نەوتدا لەسەر بچووککردنەوەی ڕۆڵی کۆمەڵگا و سڕینەوە و سنووردارکردنی تواناکانی کۆمەڵگا لە بڕیارداندا کاردەکات. لە هەموو ئەو مەسەلانەشدا کە پەیوەندی بە ئێستا و ئایندەی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە، دواهەمین کەسێک بتوانێت قسەبکات و ڕادەربڕێت خودی ئەو

کۆمەڵگایە خۆیەتی. ئەمەش وادەکات هەم سیستمە سیاسییەکە لەق و ناجێگیر بێت و هەم کۆمەڵگاکەش بێئیرادە و بێئامانج و بێپلان بکرێت و نەهێڵدرێت لانی هەرەکەمی توانای لێپرسینەوە و بە بەرپرسیارکردنی ئەو هێزانەی هەبێت کە بڕیار بۆ هەمووان ئەدەن. لەم دۆخانەدا لەباتی ئەوەی کۆمەڵگا دەسەڵاتی بەسەر دەسەڵاتداران و دەزگاکانی حوکمڕانی و شێوازی بەڕێوەبردنی ئابوری و سیاسی و ئیداریدا بشکێت، خۆی دەکەوێتە ژێر زەبر و فشار و جەبری ئەو هێزانەوە کە حوکمیدەکەن.

ئەو هێزانەش کە شارەگەکانی ئەمجۆرە ئابوورییەیان بەدەستەوەیە کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی و نوخبەیەکی بازرگانی و هەندێک خێزان و بنەماڵەی دەسەڵاتدارن، کە بەلۆژیکێکی مافیایی بەشی هەرەزۆری دەسەڵاتەکانیان لەدەستی خۆیاندا کۆکردۆتەوە. شێوازی دابەشکردنیان بۆ داهاتی نەوت و داهاتەکانی تر بەڕادەیەکی گەورە نایەکسان و نادادپەروەرە کە جیاوازی و بۆشاییەکی کۆمەڵایەتی هێجگار گەورە دروستدەکات لەنێوان ئەوانەی هەیانە و ئەوانەی نیانە. ئەم دۆخە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا فراوانتر و بەهێزتر دەبێت و ئەو مەسافەیەش کە دروستبووە و دروسستدەبێت، ڕۆژانە گەورەتردەبێت. ئەم بۆشاییە کۆمەڵایەتییە دەگۆڕێت بۆ بۆشاییەکی ڕەمزی و بۆشاییە ڕەمزییەکەش لەگەشەی خۆیدا دەبێت بە پراکتیکی کۆمەڵایەتی، دەبێت بە کردەی نارەزاییدەربڕین و یاخیبوون. لەم دۆخەدا کە ڕێگا سەرەکییەکانی پێشکەوتنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی مۆنۆپۆڵ کراون و

بەتەواویش پڕکراون لە ڕێگری گەورە لەبەردەم گەشەکردن و پێگەیشتنی سەربەخۆدا، هەموو ئەو هێزانە تورەدەکات کە ناتوانن گەشەیەکی سەربەخۆ و کراوەبکەن، کە ناتوانن ژیانی خۆیان بەوشێوەیە ڕێکبخەن کە لەگەڵ لانیکەمی حەز و چاوەڕوانی و ویستە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بگونجێت.

ئەم نەخشە و تۆڕە کۆمەڵایەتییە تایبەتە سیستمێکی سیاسی دەسەڵاتگەر، ئەوتۆریتێر، دروستیکردوە کە ڕۆژبەڕۆژ ئاکارە سولالی و بنەماڵەییەکەی دیارتر و فراوانتردەبێتەوە و گەر گۆڕانکاری ڕاستەقینە و فرەلایەن ڕوونەدات لە دەساڵی داهاتوودا کۆمەڵگای ئێمە گیر بەدەست نەوەی دووهەمی ئەم بنەماڵە سیاسییانەوە دەخوات. نەوەیەک کە نە ئارەقی لە شۆڕشەکانی کوردستاندا ڕشتوە و نە ئاگای لە گۆڕانە گەورەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی هەیە و نەسەریش لەو دونیایە دەردەکات کە بەدەورویەریدا دروستبووە. نەوەیەکی گەنج کە ژمارەیەکی زۆریان لەناو بە ملیۆنێربوونی خێرای دونیای دوای ڕاپەڕیندا چاویانکردۆتەوە و گەورەبوون. ئەم نوخبەیە لە دونیایەکی نیو-لیبرالدا دەژی و تێکەڵ بە زۆرێک لە گەمە سیاسی و ئابوری و ماڵییە مافیایی و نیمچە مافییایەکانی ئەم سیاسەتی نیو لیبراڵە بووە و لەپاڵ ئەودا دەژی و بەهێزدەبێت. ئەو تێزەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرگریلێدەکات ئەوەیە بەرخۆربی لەم دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییە تایبەتەی

کوردستاندا کراوە بە ئایدیۆلۆژیای باڵادەست و بە یەکێک لە پایەکانی مانەوەی ئەو دەسەڵاتدارێتییەی کە دەیەوێت لەڕێگای بەرخۆرییەوە درێژە بە مۆدێلە مافیاییەکەی حوکمڕانی خۆی بدات. لەم دۆخەدا بەرخۆریی بەهەموو مانا نێگەتیڤ و پڕ هەڕەشە و کێشەکانییەوە ئامادەیە، هەوڵی بە ڕەهاکردنی هەڵپەی گەورە بەدوای دەوڵەمەندبوونی خێرا و سەرفکردندا ئەدات بەجۆرێک بتوانێت جۆرێک لە تاکگەرایی خۆپەرستی نەرجسی فوتێکراوی ناسیاسی و ناڕەخنەیی دروست و باڵادەستبکات. تاکگەراییەکی نارسیستی پەرگیر کە نەک تەنها لە هەموو ڕەهەندێکی سیاسی و ڕەخنەیی داماڵدرابێت، بەڵکو لەزۆرناستیشدا پەیوەندییە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی دونیای ئێمە وێرانبکات و ئەو ڕۆحی هاریکاری و بەدەمەوەچوون و مشورخواردنەی کۆمەڵگای ئێمە بەدرێژایی چەندان سەدەی کارپێکەوەیی و ئەزموونی پێکەوەژیانێکی بەرپرسیارانە دروستیکردوە، وێرانبکات. ئەم تێزە یەکێکە لە تێزە سەرەکییەکانی ئەم کتێبە، بەڵام تاقە تێزێکی کتێبەکە نییە. لە لێکۆڵینەوەی یەکەمدا لەسەر بەرخۆریی تێزێکی تریش پێشنیارکراوە کە بە کردەی بەرخۆریی هەندێک ئاکار و ئەگەری پۆزەتیڤ دەبەخشێت.

لێرەدا بەرخۆرییزم، سەرەڕای ئەو ڕۆڵە ئایدیۆلۆژییە نێگەتیڤەی باسمانکرد، کۆمەڵێک ئەگەری نوێش دەکاتەوە بۆ دروستبوونی جۆرێک لە تاکەکەس و شێوازێکی نوێی تاکگەرایی کە دەشێت هەڵگری وزەیەکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی نوێ بن و وەک شێوازی نوێی

بەرگریکردن و ئامرازی نوێی گۆڕانکاری لەدایکببن. خاڵێک کە پێویستە لە ئێستاوە بۆ هەموو خوێنەرێک ئاشکرابێت، باسکردنی ئەم ڕەهەندە پۆزەتیڤەی بەرخۆرییزم بانگێشەکردن نییە بۆ ئەخلاق و ئابوری و سیاسەتی بەرخۆرییزم، دیدتنی بەرخۆرییزم نییە وەک ئایدیۆلۆژیایەکی گۆڕانخوازی پۆزەتیف لە دونیای ئێمەدا. بەپێچەوانەوە ئەم لێکۆڵینەوە بەشێکی گەورەی ئەو دیدە فیکرییانەی قبووڵە کە بەرخۆرییزم وەک یەکێک لە دیاردە ترسناکەکانی دونیای ئەمڕۆ وێنادەکەن، وەک یەکێک لەو دیاردانەی ئینسانی بێباک و ناسیاسی و داخراو بەڕووی دونیای کۆمەلایەتی و خاوەنی نەرجسیەتێکی فوتێکراو دروستدەکات. بەلام ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرخۆرییزم تەنها بۆ ئەم ڕەهەندە خراپ و وێرانکەرە کورتناکاتەوە، بەڵکو هەوڵئەدات لە ڕەوتی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەگەری ڕۆڵە پۆزەتیڤەکانی ببینێت، بۆ نموونە ڕۆڵی بەرخۆریزم لە دوورکەوتنەوە لە مۆرال و ئەخلاق و سیستمی بەهای دەستەجەمعی پڕوکێنەری ناسیۆنالیزم و دین و ئەخلاقیاتی تەقلیدی و هاریکاریکردنی لەدایکبوون و دەرکەوتنی سەرەتاکانی جۆرێکی نوێ لە تاکگەرایی هێمن و بەرپرسیار کە بشێت و بتوانێت هەڵوێستێکی ئەخلاقی و کۆمەلایەتی و سیاسی جیاوازی هەبێت، لەوەی دەسەلاتداران چاوەڕوانن بەرخۆریزم لەناو ئینسان و کۆمەڵگای ئێمەدا دروستیبکات.

کۆمەڵگای ئێمە ئەمڕۆکە تێکەڵێکی ئاڵۆزە لە تازەبوونەوە و

تەقلیدییەت، لە دین و عەلمانییەت، لە دەسەڵاتی پاتریارکی و دەسەڵاتی دیسپلینکەری مۆدێرن. هاوکات ئەو کۆمەڵگایە لە یەککاتدا هەم پڕە لە تابو و حەرامی دینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و هەم پڕیشە لە کردەوە و ئاکار و پراکتیکی شکاندنی هەریەکێک لەو تابۆ و حەرامانە، بەڵام زۆربەی کات بەشێوازێکی نهێنی و جارنەجارێکیش بە ئاشکرا. ئیتر لە شکاندنی تابۆکانی دەوروبەری جنس و خۆشەویستی و پەیوەندییکانی نێوان نێر و مێ و نێر و نێرەوە بیگرە، بۆ پیادەکردنی شێوەژیانی جیاواز لە شێوەژیانی باڵادەست و شکاندنی ئەو تابۆیانەی بەڕووی شێوازی ئامادەبوون لەفەزای گشتیدا بەرزکراوەتەوە. یەکێک لە خاڵە دڵخۆشکەرەکانی ئەمڕۆکەی ئەو کۆمەڵگایە لەوەدایە کە ڕەخنەی سیاسی چیدی ڕەخنەیەکی نهێنی نییە، هەندێکجاریش ڕەخنەی دینی خەریکە دەبێتە ڕەخنەیەکی ئاشکرا، ئەگەرچی هێزە ئیسلامییەکان تا ئێستا هەموشتێکیان کردوە و دەکەن بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی توانا و ویستی ڕەخنەکردنی دین لە کۆمەڵگای ئێمەدا. بەدیوی ئەودیودا چەندان دەنگی نوێش هەن کە ڕەخنەی خێزان و شێوەژیانی جنسی و پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ دەکەن و ئاسۆی نوێ و دیدی نوێ بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو پەیوەندییانە پێشنیاردەکەن. بەبۆچوونی من ئەمڕۆ پرۆسەیەکی گەورە و بەرفراوانی شکاندنی تابۆکان لەهەموو ئەو ئاستانەدا ئامادەیە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە زۆربەی هەرەزۆریان وەک کردەیەکی نهێنی و

داپۆشراو ماونەتەوە، تا ئێستا ئازایەتی و چاوقایمی کۆمەڵایەتی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بکرێت بەشێکی گرنگی ئەم تابۆشکێنییە بهێنرێتە ناو فەزای گشتی کۆمەڵگاوە. لۆژیکی گەشەکردنی بەرخۆری ڕەنگە بتوانێت لە ساتێک لە ساتەکاندا هاریکاری ئینسانی ئێمەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە و ڕەنگە بتوانێت ببێت بەیەکێک لەو هۆکارانەی کە یارمەتی لەدایکبوونی ئەم ئازایەتی و چاوقایمییە کۆمەڵایەتییە بێت. دەڵێم بەرخۆری دەشێت بتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت، ناڵێم بەرخۆری بە حەتمی ئەم ڕۆڵە دەبینێت.

خاڵێکی تر کە لێکۆڵینەوەی یەکەم بەرگریلێدەکات ئەوەیە کە بەرخۆریی بووە بە ئایدیۆلۆژیایەکی جەماوەری بەرفراوان و لەزۆر ڕووەوە بەهێزتر و بەفراوانترە لە ئایدۆیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا. کۆمەڵگای ئەمڕۆکەی کوردستان شاهێدی دروستبوون و بەهێزبوونی کولتوری بەرخۆریی و بڵاوبوونەوەیەکی خێرای بەها و ئەخلاقیاتی بەرخۆرییە. ئەمەش بۆتە هۆکاری دروستبوونی جۆرێکی نوێ لە خودسازی و بەتاکەکەسبوون کە لەزۆر ڕووەوە جیاوازە لەوەی کە پێشتر لەو کۆمەڵگایەدا لەئارادابووە. تا ١٥ ساڵێک لەمەوبەر یەکەی هەرە گرنگ لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو یەکە دەستەجەمعییانەبوون کە لە تاکەکەس گەورەترن، لەوانە خێزان، حیزب، خێڵ، پەیوەندییەکانی خزمخواهی. بەزۆر مانا ئەم شێوازە لە

ئینتیمای دەستەجەمعی ڕێگربووە و ڕێگرە لە بەردەم دروستبوونی ئینتیما بۆ کۆمەڵگا یان نەتەوەدا وەک دوو یەکەی گەورەتر لەو یەکە دەستەجەمعییە بچووکانە. ئەوەی ئەمڕۆ لەهەندێک ئاستدا ڕووی لە گۆڕانە لاوازبوونی ئینتیمایە بۆ ئەو کۆمەڵە دەستەجەمعییانە و بەهێزبوونی ئینتیمایە بۆ خود یان بۆ تاکەکەس خۆی. ئەمەش لە ئێستادا شێوازێکی هێجگار ئاشکرا و بەرچاوی ئەنانیەت و خودئەڤینی پەرگیری لە کوردستاندا دروستکردوە. وەک وتم ئەم دۆخە هەڵگری کۆمەڵێک ئاکاری نێگەتیڤ و خراپە و لەزۆر ڕووەوە کەسایەتی ئینسانی ئێمە کورتدەکاتەوە و دەیگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی بەرخۆر بەتەنها، لەم ئاستەدا ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگییەکی تایبەت بە بۆچوونەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەدات لەسەر ڕووکارە نێگەتیڤەکانی بەرخۆریی و گرنگی بە بۆچوونەکانی فەیلەسوفی هۆڵەندی هاری کونەمان دەدات دەربارەی دروستبوونی" کۆمەڵگای "منی قەڵەو و فوتێکراو" کۆمەڵگایەک جۆرێک لە" من"ی فوتێکراو و جۆرێک لە ئەرجسیەت و خودپەرستی دروستدەکات کە دەشێت ببێتە هۆکاری وێنرانکردنی هەستکردن بە بەرپرسیاریەت و هاریکاری و هاودەردی کۆمەلایەتی.

بەلام وەک پێشتریش وتم ئەم نووسینە لەم ئاستەشدا دیاردەی بەرخۆریی تەنها وەک کولتوری گەوجاندن و مێشکشۆرینەوە وێنانەکات، بەڵکو پێ لەسەر ئەو ئەگەر و توانا و مەودا پۆزەتیڤانەش

دادەگرێت کە بەرخۆریی دەشێت بە ئینسان و کۆمەڵگای ئێمەی ببەخشێت. بەتایبەتی ئەو ڕۆڵەی کە بەرخۆریی دەتوانێت ببینێت لە کردنی" من "بە پێدراوێکی کۆمەڵایەتی و کولتوری گرنگ و لاوازکردنی پێداگرتن لەسەر ئەو" ئێمە "کۆمەڵایەتییەی کە ڕۆحی گروپ و ڕۆحی دەستەجەمعی بەسەر ڕۆحی تاکەکەسیدا بەشێوەیەکی پەرگیر و ترسناک زاڵدەکات. بەکورتی ئەم وتارە دەیەوێت ئەوەش نیشانبدات کە بەرخۆریی دەتوانێت ببێتە هۆکاری دروستبوونی فەزایەکی گشتی نوێ کە تیایدا تاکەکەس گرنگییەکی تایبەت وەربگرێت، هەروەها بۆ نموونە، دەسکاری وێنە تەقلیدییەکانی پیاوەتی بکات و لەپاڵ ئەو وێنانەدا شێوازی نوێ و وێناکردنی نوێ و نەرمتر بۆ پیاوەتی پێشنیاربکات.

تێزێکی تر کە ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر بەرخۆریی بەرگریلێدەکات ئەوەیە کە بەرخۆریی تەنها دروستکراوێکی ئایدۆلۆژی و سیاسی نییە، ڕاستە ڕۆڵی دەسەڵات لە دروستکردنی ئەم ئایدیۆلۆژیایەدا ڕۆڵێکی هێجگار گرنگە، بەڵام ئەم ئایدیۆلۆژیاییە لەبۆشاییدا کارناکات، لەهیچ و لەسفرەوە دروستنەکراوە، بەڵکو ئەم ئایدۆلۆژیایە بناغەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری هەیە، بەشێکە لە پرۆسەی گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵگای ئێمە لە کۆمەڵێک ئاستی جیاوازدا. ئەمەیە وادەکات سەرەڕای ئەو دۆخە پڕ گەندەڵی و دزی و جەردەییەی کە هەیە، هێشتا نارەزایەتی کۆمەڵایەتی نەیتوانیبێت لەئاستی گوتارەوە بگوازێتەوە بۆ

ئاستی کردە و پراکتیکی کۆمەڵایەتی و لە ئاستی بۆڵەبۆڵی کۆمەڵایەتییەوە نەبوبێت بە یاخیبوونی کۆمەڵایەتی.

بەکورتی بەرخۆریی لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەک دیاردەیەکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەند وێناکراوە، ئەگەرچی دەسەڵات وەک ئایدیۆلۆژیای بێدەنگ و پاسیڤکردنی کۆمەڵایەتی بەرهەمیهێناوە، بەڵام ئەگەری ئەوەشی تێدایە ببێتە ئایدیۆلۆژیای ناڕازیبوون و یاخیبوونی کۆمەڵایەتی. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە کێشەی سیاسەتی کوردی کێشەی گۆڕانیەتی بۆ دایناسۆرێکی گەورە بەڵام بە سەرێکی زۆر بچووکەوە، سەرێک کە توانای ئاراستەکردنی ئەو لەشەی نییە کە ڕۆژانە لەپاڵ گەندەڵی و خراپبەکارهێنانی دەسەڵات و دزی و جەردەییدا بەردەوام لەگەورەبووندایە. بێگومان ئەم لێکۆڵینەوەیە بانگەشە نییە بۆ خۆشبینییەکی کاڵفامانە، بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ بینینی ئاڵۆزی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دونیای ئێمەو ڕزگاربوون لەو لۆژیکە ڕۆشنبیرییە دووجەمسەرەی کە دیاردەکان تەنها بە لۆژیکی ڕەش و سپی دەبینێت.

لێکۆڵینەوەی دووهەمی ئەم کتێبە دەربارەی بوونی دوو پرۆژەی دینی گەورەیە لە کوردستاندا، پرۆژەی "ئیخوانی موسلیمین" و پرۆژەی "سەلەفیەتی دینی". پرۆژەی یەکەمیان خەریکی بەسیاسیکردنێکی بەرفراوانی دینە و ڕۆحی ئەکتیڤیستی سیاسی بە دین بارگاویدەکات،

لەکاتێکدا پرۆژەی دووهەمیان سەرقاڵی نمایشکردنێکی ڕووکەش و بێناوەرۆکی دینە لە فەزای گشتی کۆمەڵگادا. ئەگەر لۆژیکی بەسیاسیکردن لە پرۆژەی یەکەمیاندا باڵادەستبێت، ئەوا لۆژیکی ئیستیعرازکردن، واتە دەرخستنێکی شانۆیی، دین لە کۆمەڵگادا باڵادەستە. هەردوو پرۆژەکەش لەچەندان ڕووەوە نادیموکراسن و بەناوی موقەدەسێکی دینی ڕەهاوە دەدوێن. یەکەمیان موقەدەرێکی دینی تایبەت دەباتە ناو سیاسەتەوە، ئەویتریان دەیباتە ناو هەموو خانەیەکی کۆمەڵایەتییەوە. دوادەرنجامی ئەمەش دروستکردن و بەهێزکردنی لەشکرێکی گەورەی چالاکەوانی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە بەناوی ئەو موقەدەسە دینییانەوە شێوازێکی ترسناکی توندوتیژی ڕەمزی لە کۆمەڵگای ئێمەدا پیادە دەکەن. هەردوو پرۆژەکەش لەوەدا وەک یەکن کە هەوڵی ئەوە ئەدەن خودی کۆمەڵگا خۆی بکەن بە ئامرازێکی گەورەی سانسۆرکردن. ئەم دوو پرۆژەیە تەنها کوردستان پڕ ناکەن لە جۆرێکی خراپ و نادیموکراسی و داخراوی دین، تەنها سیاسەت و موقەدەس بەیەکدی تێکەڵناکەن، تەنها دین لە هەموو مانایەکی قووڵ و ویژدانی بەتاڵناکەنەوە، بەڵکو هەوڵی ئەوەش ئەدەن ئەو دینە میللییەی کە هەیە، دینێک کە کراوەتر و لێبوردترە لە دینی ناو ئەو دوو پرۆژەیە، وێرانبکەن و بە دیدی خۆیان بۆ دین شوێنیبگرنەوە.

بە کورتی کێشەکە لەبنەڕەتەوە کێشەی بە سیاسیکردنی دین نییە،

یان کێشەی ئەوە نییە کە دین ڕۆڵی سیاسی ببینێت، بەڵکو کێشەی ئەوەیە دین کام سیاسەت دروستدەکات و کام ڕۆڵ دەبینێت. چۆن لە خۆی دەڕوانێت و چۆن لەناو فەزای گشتی کۆمەڵگادا ئامادەدەبێت. ڕامان لە ئێستاییبوونی دین لە کوردستاندا خاڵی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.

لێکۆڵینەوەی سێهەمی ئەم کتێبە دەربارەی دراوسێ گەورەکانی کۆمەڵگای ئێمەیە. هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەی ئێستابوونی ئەو دراوسێییانە، ڕامانێکە لە پلان و پرۆژە و نیازی ئەم دراوسێیانە بۆ ناوچەکە و شوێنی کۆمەڵگای ئێمە لەناو ستراتیژییە گەورەکانی ئەم دراوسێیانەدا. ئەم لێکۆڵینەوەیە گەرچی دەچێتە خانەی لێکۆڵینەوەی سیاسییەوە، بەڵام بەشێکە لە خوێندنەوەی ئەو ئێستایانەی کە کۆمەڵگای ئێمە لەمڕۆدا لەناویاندا جێگیرە. لێکۆڵینەوەکە باس لە ئەگەر و تواناکانی کۆمەڵگای ئێمە دەکات لەناو ئەو دونیا ئاڵۆزەی لەم دەیەی دواییدا لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا دروستبووە. ئەو دراوسێیانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە درێژی باسیانکراوە بریتین لە تورکیا، ئێران، سعودییە و ئیسرائیل. ئەمانەش هێزگەلێکی بەهێزن و بەشێوازی جیاواز لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەن.

وتاری دووهەم و سێهەمی ئەم کتێبە پێشتر بڵاوبوونەتەوە، بەڵام ئەوەی خوێنەر لێرەدا دەیخوێنێتەوە دوای دەسکاریکردنێکی بەرچاوی

هەردوو وتارەکەیە، بەڵام وتاری یەکەمیان یەکەمجارە بڵاودەبێتەوە.
وەک هەمیشە هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە مایەی کەوتنەوەی هەندێک بەرخورد و گفتوگۆی فیکری بەرهەمهێن و ببنە هۆکارێک بۆ زیاتر تێگەیشتن لەو ئێستایەی هەموومان تیایدا نیشتەجێ و درگیرین.

پایزی ٢٠١٢

هۆڵەندا، ئەمستردام

بەشی یەکەم

کۆمەڵگا وەک بازاڕێکی گەورە

دەربارەی بەرخۆریی وەک دیاردەیەکی جەماوەری

لە کۆمەڵگای ئێمەدا

سەرەتا

کۆمەڵگای ئێمە خەریکە دەبێت بە یەکێک لە بەرخۆرترین کۆمەڵگاکانی ناوچەکە و چالاکی سەرەکی ئینسانی ئێمەش خەریکە دەبێتە چالاکی بەرخۆریی. ئەم دۆخە ئەم کۆمەڵگایە تووشی کۆمەڵێک قەیرانی گەورە دەکات، بەڵام هاوکات هەندێک ئەگەری نوێی لەبەردەمدا دەکاتەوە. ئەم نووسینە هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەی دیاردەی بەرخۆریی لەمرۆکەی ئەو کۆمەڵگایەدا بەهەموو ئاڵۆزیی و تەحەدا و ئەگەرەکانییەوە.

بەرخۆریی چییە؟

بەرخۆریی چالاکی کڕین و بەکارهێنانی ئەو شتومەکانەیە کە ئینسان لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێییانە. شوێنی کڕینی ئەو شتومەکانەش بازاڕە، لێرەوە بەرخۆریی و بازاڕ دەبنە دووانەیەکی لێکدانەبڕاو. لەهەر شوێنێکی دونیادا کە باسمان لە بەرخۆریی کرد باس لە بازاڕ دەکەین و کە باسیشمان لە بازاڕ کرد باس لە بەرخۆریش ئەکەین. هەموو مرۆڤێک بۆ ئەوەی بژی و بمێنێتەوە پێویستی بەوەیە

ڕۆژانە بڕێک بەرخۆریی بکات. هاوکێشەکە لەڕووی ئابورییەوە زۆر سادەیە، ئەگەر کەسانێک نەبن نان لە نانەوایەک، یان میوە و سەوزە لە بەقاڵێک، یان جلوبەرگ لە کۆگایەک، یان گۆڤارێک لە کتێبخانەیەک، بکڕن، ئەوکات هیچ یەکێک لەو شوێنانە بوونیان نابێت و شتێکیش بەناوی ئابورییەوە دروستنابێت. بەم مانایە ئابوری بۆ ئەوەی وەک کایەیەکی تایبەت لە کۆمەڵگادا بوونی هەبێت دەبێت بەرخۆریی هەبێت. ئەوەی من لەم وتارەدا هەوڵی تێگەیشتن و خوێندنەوەی دەرکەوت و مانا و دەرەنجامەکانی ئەدەم ئەم ئاستە سادە و گشتییەی بەرخۆریی نییە، ئەو ئاستەی بەرخۆریی نییە کە ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ئینسانییەوە، واتە بەو ئاستەوە کە ئینسان پێویستی پێیەتی بۆ مانەوە و بەردەوامبوون. ئەوەی من لێرەدا خۆمی پێوە خەریکدەکەم ئامادەگی بەرخۆرییەوە وەک کولتور، یان وەک ئایدیۆلۆژیایەکی جەماوەری. کە باس لە بەرخۆریی وەک کولتور یان وەک ئایدۆلۆژیا دەکەم دەمەوێت هێما بۆ ئارەزو و حەز و سیاسەتێک دەکەم کە بەرخۆریی تیایاندا ئاستی تێرکردنی ئەم یان ئەو پێداویستی بنەڕەتی تێدەپەڕێنێت و دەبێت بە دیاردەیەکی جەماوەری گەورە و بەشێکی زۆری کۆمەڵگا بەخۆیەوە سەرقاڵدەکات. ئەوەی بەرخۆریی لەم ئاستەدا لە ئاستە سادەکەی جیادەکاتەوە ئەوەیە لێرەدا "بەها سەرەکی و باڵادەستەکانی کۆمەڵگا لە چالاکی بەرخۆرییەوە سەرچاوەدەگرن (Hayward 2004: 144)".

واتە بوونی بەرخۆریی بە ئایۆلۆژیا لەو جێگەیەدا بەرجەستەدەبێت کە بەرخۆریی تیایدا دەبێت بە سەرچاوەی شوناس، دەبێت بە سەرچاوەی بەها باڵادەستەکان، دەبێت بە بەشێک لە چاوەڕوانییە سەرەکییەکانی ئینسان و دەبێت بە بەشێک لەو پەیوەندییانەی کە کەس و گروپ و هێزە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە گرێئەدات. لەم دۆخانەدا کۆمەڵگا بەگشتی وەک بازاڕ یان وەک مۆڵێکی گەورە دەردەکەوێت تا هەر شێوازێکی تری پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی. لێرەدا شێوازە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئوسلوبە جیاوازەکانی ژیان، بە بەرخۆرییەکی بەرفراوان گەمارۆ ئەدرێت. لە دونیایەکی لەو بابەتەدا زۆربەی پەیوەندییەکان و بەهاکان و شێوازە جیاوازەکانی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی، دەبن بە" شتومەک"ی قابیلی فرۆشتن و بەکارهێنان، تەنانەت بەشێکی بەرچاوی فیکر و مەعریفە و فێربوونیش دەبنە جۆرێک لە شتومەک و دەبنە یەکێک لەو ئامرازانەی هەندێک گروپ و تاکەکەسی تایبەت بەهۆیانەوە تەعبیر لە شوێن و جێی کۆمەڵایەتی خۆیان دەکەن.

لەڕووی مێژووییەوە گۆڕانی بەرخۆریی بۆ کولتور و دیاردەیەکی جەماوەری بەرفراوان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری دوای جەنگی جیهانی دووهەم، بەتایبەتی لەو بەشەی دونیادا کە بە خۆرئاوا ناسراوە. لەبەشێکی زۆری ئەم کۆمەڵگایانەدا" بەرخۆریی "جێگای

"بەرهەمهێنان "لە پێناسەکردنی ئەو سیستمە ئابوورییەدا دەگرێتەوە کە لەو کۆمەڵگایانەدا ئامادەیە، بەرخۆر شوێنێکی گرنگ و ناوەندیی لە ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگایانەدا داگیردەکات (Hall 2008: 109).

لەبەشەکانی تری دونیادا، ئەم دیاردەیە، بەتایبەتی لە ئاستە جەماوەرییەکەیدا، دوادەکەوێت بۆ دە یان بیست ساڵی ڕابردوو. ئەوەی بەرخۆریی خۆرئاوا لە بەرخۆریی برێکی زۆری کۆمەڵگاکانی دەرەوەی خۆرئاوا جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بەشی زۆری ئەو بەرخۆرییەی خۆرئاوا، خۆرئاوا خۆی بەرهەمیدەهێنێت، یان لانیکەم کلیلە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی ئەو بەرخۆرییەی لەدەستدایە. لەکاتێکدا لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی دەرەوەی خۆرئاوادا، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەرخۆریی لەکاتێکدا دەبێت بە کولتور و بە ئایدیۆلۆژیا کە ئەو کۆمەڵگایانە خۆیان توانای بەرهەمهێنانی هیچی ئەوتۆیان نییە، ئەو سیستمە ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەلایەتیانەیان تێدانییە کە بتوانێت هەم سود لەهەندێک دەرکەوتی تایبەتی بەرخۆریی ببینێت، هەم بەگژ هەندێک لەدەرکەوتە خراپەکانیدا بچێتەوە. لم کۆمەڵگایەنەدا بەرخۆریی بووە بە ئایدیۆلۆژیا، بەبێ بوونی ئەو ئامرازانەی کە دەتوانن برێک لە مەترسییەکانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە لەئاستە عەمەلی و کردەگییەکەیدا کۆنترۆڵ و چاودێریبکەن. لەم کۆمەڵگایانەدا هێشتا وشیاری بەگژاچوونەوەی دەرکەوتە خراپەکانی

بەرخۆریی دروستنەبووە، چجای ئەوەی ئەو وشیارییە گەشەیکردبێت بۆ ئاکاری بەگژاچوونەوەی ئەو دیاردانە.

بەرخۆریی جەماوەری دیاردەیەکی سروشتی نییە، شێک نییە خودا بە ئینسانی دابێت، یان" جەوهەر"ێکی گریمانکراوی ئینسانبوون دروستیکردبێت، بەرخۆریی دروستکراوێکی کۆمەڵایەتییە، دیاردەیەکە ڕادە و ئاکار و ماناکانی بەپێی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و بەپێی کۆمەڵگا جیاوازەکان دەگۆڕێت. بەرخۆریی بۆ چینە باڵادەستەکان مانایەکی هەیە جیاواز لە بەرخۆریی چینەکانی خوارەوە، بۆ خەڵکی خوێندەوار مانایەکی هەیە جیاواز لە خەڵکانی نەخوێندەوار، لە بەشێکی دونیادا مانایەکی هەیە جیاواز لەوەی لەبەشەکانی تردا هەیەتی. لەفەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی تر ماناکانی دەگۆڕێت.

بەبۆچوونی من دەکرێت دوو قۆناغی سەرەکی لە بەرخۆریی جەماوەریدا لەیەکدیجیابکەینەوە. بۆ نموونە هەر کۆمەڵگایەک کە تازە دەچێتە ناو بەرخۆریی جەماوەرییەوە بە قۆناغی" هەڵپەی بەرخۆریی "دەسپێدەکات. لێرەدا جۆرێک لە پەتای بەرخۆریی بێچاوڕێری، بەرخۆریی بێقەیدوشەرت و بێسنوور دروستدەبێت کە بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگا بەخۆیەوە سەرقاڵدەکات. ئەمەش زۆرجار دوای تێپەڕین بە قۆناغێکی درێژی ژیانێکی پڕ نەبوونی و تەقەشوفدا دروستدەبێت.تێرکردنی ئارەزووەکان لەڕێگای بەرخۆرییەوە دروشمی ئەم جۆرە قۆناغەیە، وەک ئەوەی ئەمڕۆ لە

کۆمەڵگای ئێمەدا لەئارادایە. ئەگەر بکرێت دەستەواژەیەک لە ئەفلاتونەوە قەرزبکەین دەکرێت بڵێین ئەمە قۆناغی باڵادەستی ئەو بەشەی کەسایەتی ئینسانە کە بە سەرقاڵبوون بە تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانییەوە پەیوەستە. ئەفلاتوون پێیوایە ڕۆحی ئینسان لە سێ بەش پێکهاتوە، بەشی سەرەوەی ڕۆح کە بەشە عەقڵانییەکەی ڕۆحە بەدوای بەدیهێنانی مەسەلە گەورە و مەزنەکانی ژیاندا وێڵە، بەشی هەرەخوارەوەی ڕۆحیش، بەشە کەمنرخ و نەوسنەکەی ڕۆحە، کە خۆی بە تێرکردنی ئارەزووە ئێستاییەکانی ئینسانەوە سەرقاڵدەکات، بەشی سێهەمی ڕۆحیش لەنێوان ئەو دوو بەشەی تردایە و بەهاکانی شەرەف و ئازایەتی و مەردایەتی ئەبیاتبەرێوە. لەم دیدە ئەفلاتونییەوە دەکرێت بڵێین قۆناغی هەڵپەی بەرخۆریی قۆناغی باڵادەستی بەشە نەوسنەکەی ڕۆحە بەسەر بەشەکانی تری ڕۆحدا.

بەڵام دەشێت ئەم قۆناغی هەڵپەی بەرخۆرییە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا جێگەی خۆی بدات بە" بەرخۆرییەکی مەرجدار"، بەرخۆرییەک بە ئامادەگی لانی هەرەکەمی وشیاریی بە کردەی بەرخۆریی خۆیەوە، وشیارییەک تیایدا بڕێکی بەرچاوی دەرەنجامە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ژینگەییە نێگەتیڤەکانی بەرخۆریی دەبینرێن و بیر لە چارەسەرکردنی ڕەهەندە خراپەکانیان دەکرێتەوە. ئەگەر لە قۆناغی یەکەمدا کڕین و سەرفکردن و بەکارهێنان بێبیرکردنەوەی زۆر و بێهەڵسەنگاندن و ڕەخنەکردن دروستببێت، ئەوا لە قۆناغی دووەمدا

چەندان مەرج بۆ بەرخۆریی دروستدەبێت. وردتر و ڕەخنەگرانتر بیر لەوەدەکرێتەوە کام شتومەک بکڕدرێت، بە چ ئاکار و نەوعیەتێکەوە، دەرەنجامەکانی ئەو کڕینە چییە.. هتد. بەڵام تەنانەت لەم قۆناغەی دواتریشدا بەرخۆریی جەماوەری بەرفراوان، واتە بوونی بەرخۆریی بە کولتوری بالآدەست و بە ئایدۆلۆژیایەکی جەماوەری، هێما بۆ کۆمەڵێک قەیرانی گەورە دەکات، کە دونیای ئەمڕۆی تێکەوتووە، کۆمەڵێک قەیران کە کێشەی گەورە و قووڵ و فرەلایەنی بۆ زەمین وەک ئەستێرەیەکی تایبەت و بۆ ئینسان و کۆمەڵگاکان بەگشتی دروستکردوە، بەڕادەیەک بەرخۆریی ئەمڕۆ لە ئاستی دونیادا بووە بە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر سەلامەتی زەوی و لەسەر تواناکانی بەردەوامبوونی ژیان بە مانا هەرە گشتی و سادەکەی.

ئەوەی من لەم نووسینەدا دەمەوێت قسەی لەسەربکەم ڕەهەندە نێگەتیڤەکانی دیاردەی بەرخۆریی لە ئاستە جیهانییەکەیدا نییە، هەر کەسێک بیەوێت لەم ڕووەوە شارەزابێت، دەتوانێت هەزاران کتێب لەم بوارەدا بدۆزێتەوە، ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم دیاردەیەکی کۆنکریتر و سنووردارترە، دیاردەی بەرخۆرییە لە کوردستاندا و لێکۆڵینەوەی ئەو ئەگەر و کێشە و تەحەدایانەیە کە ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای ئێمەی ئەم دەیەی دواییدا هەڵگریانبووە و تا ماوەیەکی درێژتریش هەڵگریاندەبێت.

بەرخۆریی لە کوردستاندا

ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕاگوزەریش بە کوردستاندا تێبپەڕێت دەزانێت گەورەترین چالاکییەک ئینسانی ئێمە ئەنجامیبدات بەرخۆرییە، بەرخۆرییەکی گەورە و بەرفراوان و هەمەجۆر، هەم لە شارە گەورەکانی کوردستاندا و هەم لە شارۆچکە و گوندەکانیشدا. لەڕاستی دوورناکەومەوە گەر بڵێم کۆمەڵگای ئێمە بووە بە یەکێک لە بەرخۆرترین کۆمەڵگاکانی ناوچەکە، کۆمەڵگایەک ئەوەی دەیخوات خۆی بەرهەمی ناهێنێت و ئەوەشی بەکاریدەهێنێت لە شوێنی ترەوە دەیهێنێت. بەهەموو مانایەکیش ئەم دۆخە دۆخێکی تازەیە، کۆمەڵگای ئێمە بەدرێژایی مێژووی خۆی لەم دۆخی بەرخۆرییەی ئەمڕۆدا نەژیاوە، بەرخۆریی هەرگیز چالاکی سەرەکی ئینسان و کۆمەڵگای ئێمە نەبووە، بەشێکی بەرچاوی ئەوەشی ئەم کۆمەڵگایە بەکاریهێناوە خۆی بەرهەمهێنەری بووە. مۆدێلی بەرخۆریی ئەمڕۆکە مۆدێلی بەرخۆرییەکی نوێیە، جۆرێکی تازەی چالاکی و سەرقاڵییە کە پێشتر لە کۆمەڵگای ئێمەدا بوونیان نەبووە.

بە بۆچونی من سێ هۆکاری سەرەکی لەپشتی ئەم" بەهاری بەرخۆریی"یە و لەپشتی ئەو ڕاستییەوەیە کە بەرخۆریی لە دونیای ئێمەدا بووە بە ئایۆلۆژیا، واتە لە بەرخۆرییەکی سادەوە گۆڕاوە بۆ

بەرخۆرییزم. یەکەمیان پەرەسەندنی ئابوری نەوتە لە کوردستاندا تا ئەو شوێنەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت بووە بە یەکێک لە چالاکییە ئابورییە دەگمەنەکانی دونیای ئێمە. دووهەمیان دروستبوونی کۆمەڵێک گۆڕانکاری دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گەورەیە کە لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا هاتوونەتەوە کایەوە و ڕووبەرێکی کۆمەڵایەتی گەورەی بۆ ویست و حەز و توانای بەرخۆریی دروستکردوە. واتە بەرخۆریی لە کوردستاندا بنکەیەکی مادی کۆمەڵایەتی تایبەتی لەپشتە کە وایکردوە دیاردەی بەرخۆریی گەشەبکات و ببێت بە بەرخۆرییزم، ئەم خاڵە دواتر دێمەوە سەری و بەدرێژی باسیدەکەم. سێهەمیش دروستبوونی مۆدێلێکە لە دەسەڵات و حوکمڕانی کە دەیەوێت لەڕێگای بەرخۆرییەوە ڕەوایەتی بەبوونی ئەو شێوازە لە دەسەڵاتدارێتی بدات کە لەدونیای دوای ڕاپەڕیندا درستبووە. ئەم گۆڕانانە بەسەریەکەوە وایانکردوە نەکرێت بەرخۆریی تەنها بۆ چالاکییەکی ئابوری، یان تەنها بۆ ڕەهەندە سیاسییەکانی کورتبکرێتەوە، بەڵکو بووە بە ستراتیژێکی تایبەتی دروستکردنی جۆرێکی نوێ لە کەسایەتی، جۆرێکی نوێ لە ئینسان و کۆمەڵگا کە تییادا ئابوری و گەشە و گۆڕانی دیمۆگرافی و خواستەکانی مۆدێلێکی تایبەتی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاڵۆزو فرەلایەن بەناویەکداچوون و بەیەکدی تێکەڵبوون.

هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە وایانکردوە بەرخۆریی ببێت بە سیاسەتێکی تایبەتی "خودسازی"، کە بەپلەی یەکەم خودێکی بەرخۆر بەمانا ئەفلاتونییەکەی بەرهەمدەهێنێت، بەڵام هاوکات لەوەش بەدەرنییە کە لە ژینگە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکەی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەگەری دروستبوونی تاکەکەس بەگشتی و تاکەکەسێکی بەرپرسیاریش بەتایبەتی مەیسەربکات. ئەم خاڵەش دواتر دێمەوە سەری و بەدرێژی باسیدەکەم. بەکورتی ئەگەرچی بەرخۆری لە کوردستاندا دیاردەیەکە چەندەها ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نێگەتیڤی هەیە و جۆرێک لە خودسازی مەیسەردەکات کە دەشێت لەئاستە نزمەکەی دابەشکردنە ئەفلاتونییەکەی ڕۆحدا نیشتەجێیبکەین، هاوکات هەڵگری ئەگەرێکی پۆزەتیڤیشە، ئەگەری ڕەخساندنی ژینگەیەکەی لەبارو مەیسەرکردنی ئامرازە سەرەکییەکانی دروستبوونی تاکەکەس و دەرچوون لەژێر فشار و ئەخلاقیاتی گروپ و یەکە کۆمەڵایەتییە دەستەجەمعییەکان، لەوانەش خێزان و حیزب و خێڵ و...هتد.

لە لاپەڕەکانی داهاتووی ئەم نووسینەدا ئەم تێزە بەوردی شیدەکرێتەوە و نیشانئەدرێت.

جۆرەکانی بەرخۆریی لە کوردستاندا

بەرخۆریی لە کوردستاندا دۆخێکی فرەجۆر و فرەڕەنگە، ئەمەش گرێدراوی شوێن و جێی کۆمەڵایەتی و توانای ئابوری و هێزی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانەن کە لە وڵاتەکەدا ئامادەن. دەکرێت سێ ئاستی جیاوازی بەرخۆریی لە کوردستاندا لەیەکتری جیابکەینەوە. یەکەمیان ئاستێکە لە بەرخۆریی کە بێدوودڵی دەکرێت بە ئاستی بەرخۆریی چینە بۆرژوازییە هەرە دەوڵەمەندەکانی خۆرئاوا و شێخەکانی خەلیج و مافیا دەوڵەمەندەکانی ڕوسیا و ئیتالیا بەراورد بکرێت. ئەمانە هەم لەناو کوردستاندا و هەم لەدەرەوەی کوردستاندا ئەو جۆرە لە کردەی بەرخۆریی پیادەدەکەن کە شوێن و جێی ئەوان لە ڕیزی هەرە سەرەوەی هەرەمی کۆمەڵایەتیدا نمایشدەکات. بەرخۆریی ئەمانە تەعبیرێکی ڕاستەوخۆیە لە بڕ و ڕادەی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەمزی ئەوان. بەشێکی زۆری ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە دەسەڵاتدارانی وڵات و ئەندامانی ئەو بازنە بچووکەن کە نزیکیان لەدەسەڵاتدارانەوە کردونی بە ملیۆنێرە تازەکانی دونیای دوای ڕاپەڕین. ئەمانە کاڵا ئەوروپییە گرانبەهاکان بەرخۆردەکەن، خانوبەرەی زەبەلاح و سەیرانگەی گەورە دروستدەکەن و سەفەری گران بۆ دەرەوەی کوردستان ئەنجامئەدەن. ئەمانە ئەو ئۆتۆمۆبێلانە بەکاردەهێنن کە

کارخانە گرانەکانی دونیا دروستیاندەکەن و باکیشان بەوە نییە لەم پێناوەدا پارەیەکی ئەفسانەیی سەرفبکەن. ئەمانە هەم خۆیان و هەم خێزان و کچ و کوڕ و دۆستەکانیان بۆ ئەنجامدانی عەمەلیاتی جوانکردنی لووت و دەموچاو و لابردنی چرچی سەر روخسار دەچنە شارە گەورەکانی ئەورووپا و تورکیا و لە گرانترین نەخۆشخانەکانی دونیادا ئەو جۆرە عەمەلیاتانە ئەنجامئەدەن. هەندێک کەسایەتی دیاریکراوی ئەم گروپە تا ئەو شوێنە رۆیشتوون فڕۆکەی تایبەتیان بۆ هاتوچۆی خۆیان کڕیوە و منداڵ و دۆستەکانیان بۆ گرانترین زانکۆکانی دونیا بۆ خوێندن ناردوە. لەناو کوردستانیشدا منداڵانی ئەم خێزانانە لە قوتابخانە تایبەتەکاندا دەخوێنن و شێوەژیانێک دەژین کە دوورە لە شێوە ژیانی زۆربەی هەرەزۆری منالانی کوردستانەوە.

ئاستی دووهەمی بەرخۆریی لە کوردستاندا ئاستی بەرخۆریی ئەو هێزەیە کە لەدوای ئەم توێژە بچووکە دەسەڵاتدارەی وڵاتەوە دێت. لە دوای ئەو بازنە بچووکە ملیۆنێرە تازەوە کەباسمکرد، چینێکی ناوەند هەیە کە بەرخۆرییەکەی ڕووی لە کاڵا نە هەرزان و نە گرانەکانی هاوردەی وڵاتانی دراوسێیە، بەتایبەتی ئەوەی لە بازاڕەکانی تورکیاوە دێتە کوردستان. ئاستی بەرخۆریی ئەمانە چەندان پلە نزمترە لە ئاستی بەرخۆریی گروپی یەکەم. بڕێکی زۆری ئەم چینی ناوەندە هەمان خەونی بەرخۆریی بازنە باڵادەستەکەیان هەیە، بەڵام توانا و ئامرازی پیادەکردنی ئەو خەونەیان نییە. هاوکات ژمارەیەکی گەورەی

ئەم چینە سڵ لەوە ناکەنەوە هەموو ڕێگایەک بگرنەبەر بۆ گەیشتن بەو ئاستی بەرخۆرییەی گروپی یەکەم. ئەگەرچی ژمارە و زانیاری ورد دەربارەی ئەم گروپە لە کوردستاندا لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی ئامارە رەسمییەکان ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە مانگانە توانای خەرجکردنی دوو ملیۆن دینارو بۆ سەرەوەیان هەیە، ٢٧ لەسەدی خێزانەکانی هەرێمی کوردستان تێناپەڕێت. ئەمەش مانای ئەوەی ئەم هێزە لەباشترین دۆخدا لە چواریەکی دانیشتوانی کوردستان تێپەڕناکات. ئەگەر ڕێژەکە زۆر لەوە کەمتریش نەبێت، چونکە ئەو خێزانانەی دەتوانن مانگانە لە ٢ ملیۆن دینار زیاتر خەرجبکەن، مەرج نییە هەموویان هەمان ئاستی بەرخۆریان هەبێت، چونکە دەشێت خێزانێک لە دووکەس پێکهاتبێت بەڵام خێزنێکی تر لە هەشت کەس پێکهاتبێت، ئەمەش مانای ئەوەی توانای بەرخۆریی خێزانی یەکەمیان زۆر زیاتردەبێت لە توانای خێزانی دووهەم[1]

ئاستی سێهەمی بەرخۆریی ئاستەکانی خوارەوەی بەرخۆرییە، ئەم ئاستەش ئاستی زۆرینەی کۆمەڵگای ئێمەیە، بەرخۆری لێرەدا لە نزمترین ئاستیدایە بە بەراورد بە بەرخۆریی دوو گروپەکەی تر. ئەم ژمارانە وێنەی ئەم ئاستە تایبەتەی بەرخۆریمان باشتر بۆ ڕووندەکەنەوە: ٧ لە سەدی خێزانەکانی کوردستان خەرجی مانگانەیان ناتوانێت ٥٠٠ هەزار دینار تێپەڕبکات، ٢٥ لە سەدی خێزانەکانی تر

خەرجی مانگانەیان لەنێوان زیاد لە نیو ملیۆن و کەمتر لە ملیۆنێکە. لەدوای ئەمانیشەوە ٤١ لە سەدی خێزانەکانی هەرێم دێت کە خەرجی مانگانەیان لە ملیۆنێک دینار زیاترە، بەڵام ناگاتە دوو ملیۆن. بە واتەیەکی تر رێژەی ٧٢ لەسەدی خێزانەکانی کوردستان ئاستی بەرخۆرییان نزمە و ئەمەش زۆرینەی کۆمەڵگای ئێمە دەستنیشان ئەکات. خۆ گەر لە بواری توانای تاکەکەسیدا بۆ بەرخۆریی تەماشای ژمارەکان بکەین ئەوکات وێنەکە روونتر دەبینین. بەپێی ئامارەکان لە سەدا ٧ تاکەکانی هەرێم توانای خەرجیان لە مانگێکدا لە ١٠٠ هەزار دینار کەمترە، لەمانە ٦٦ هەزار کەسیان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەوانەی دەتوانن لەنێوان ١٠٠ تا ٢٠٠ هەزار دینار لە مانگێکدا خەرجبکەن رێژەیان ٣٧ لەسەدی دانیشتوانی هەرێمە. ئەوانەی ئەتوانن لەنێوان ٢٠٠ تا ٤٠٠ هەزار دینار لەمانگێکدا خەرجبکەن رێژەکەیان ٣٨ لەسەدی تاکەکانی هەرێمە. ئەوانەشی کە دەتوانن لە٤٠٠ هەزار دینار بۆ سەرەوە خەرجبکەن رێژەیان ١٧ لەسەدی دانیشتوانەکەیە.

وەک دەبینین توانای خەرجی ئەم زۆرینەیە لە خێزان و تاکەکەس لە کوردستاندا دیاریکراوە و لەناو ئەو هەڵئاوسان و بەرزبوونەوە بەردەوامەی نرخی شتومەک و گرانییەدا کە لە کوردستاندا هەیە، ئەم خێزان و تاکەکەسانە ناتوانن خەرجی و مەسرەفی زۆریان هەبێت. بەڵام هاوکات ئەم زۆرینە کەمدەرامەتە زۆرینەیەکی نابەرخۆر نییە، ئەمانە شێوازێکی تایبەتی بەرخۆرییان هەیە و بڕێکی گەورەی ئەو بازاڕە

هەرزانەی لە وڵاتەکەدا دروستبووە ڕووی لەبەرخۆریی ئەم زۆرینە سۆسیۆلۆژییەیە. ناوەندی سەرەکی لەم بەرخۆرییە تایبەتەشدا بریتییە لەو برە زۆرە لە کاڵا هەرزانەکانی وڵاتی چین کە لەڕێگای بازرگانییەوە هێنراونەتە کوردستانەوە. کاڵایەک کە نە مەرجەکانی تەندروستی و نە مەرجەکانی مانەوە و نە هیچ مەرجێکی پۆزەتیڤی تریان تێدانییە، ئەوەی هەیانە تەنها هەرزانییە و بەس. لەڕاستیدا ئەم جۆرە کاڵا هەرزانە چینییانە سەرچاوەی چەندان بیماری و نەخۆشی ترسناکن و سەرچاوەیەکی سەرەکی پیسبوونی بەرفراوانی ژینگەشن. لە ئێستادا جگە لەنەبوونی توانای ئابوری بۆ گواستنەوەی شێوازی بەرخۆریی ئەم زۆرینەیە بۆ ئاستی یەکەم و دووهەمی بەرخۆریی، هاوکات لانیکەمی وشیاریش بە مەترسییەکانی بەرخۆریی خراپ و بەکارهێنانی ئەو کاڵا بێمەرجانە لەئارادا نییە کە بازرگانییەکی نابەرپرسیار دەیهێنێتە کوردستانەوە.

خاڵێک کە گرنگە لێرەدا جارێکی تر جەغتی لێبکەین ئەوەیە ئەم بەرخۆرییە لە دونیای ئێمەدا نە دەرەنجامی کارکردن و توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا و تاکەکەسەکان خۆیانە، نە هاوشانە بە بوونی هیچ پلان و دەزگا و میکانیزمێکیش بتوانێت خەڵکی سادە لە تەماح و ئاکاری دروستکەرانی ئەم بەرخۆرییە بپارێزێت، مەبەستم ئەو توێژەیە لە بازرگانی نابەرپرسیار کە زۆربەی کات بەشێکن لەتوێژە

دەسەڵاتدارەکەی وڵات. واتە کۆمەڵگا بپارێزێت لە تەماحی ئەوانەی بەدوای قازانجی خێرادا دەگەڕێن و بەبێ گوێدانە جۆر و نەوعیەتی ئەو شتانەی دەیخەنە بازاڕەکانەوە، کوردستان پڕدەکەن لە کاڵای خراپ، بەڵام هەرزان. لەم ئاسەتدا یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی بەرخۆریی لە کوردستاندا بریتییە لە نەبوونی ئۆرگانێک کە نەهێڵێت، بۆ نموونە، شتومەکی خراپ و زیانمەند بفرۆشرێت و لە بازاڕەکاندا ساغبکرێتەوە، ئەمە جگە لە نەبوونی وشیارییەکی جەماوەری بەرامبەر بە مەترسییەکانی ئەو جۆرە لە بەرخۆری خراپ. بەمانایەکی دیکە ئەو شێوازەی بەرخۆرییزم کە لەم ساتەدا لە کوردستاندا ئامادەیە، شێوازێکە بێ لێپرسینەوە و بێ هیچ توانایەک بۆ بە بەرپرسیارکردنی ئەوانەی کاڵا خراپەکان لە بازاڕەکانی کوردستاندا بڵاودەکەنەوە. واتە بەرخۆرییزم لەئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا هێزێکی ڕووتە و نە وشیارییەکی ڕەخنەیی و نەهیچ بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەپشتەوە نییە بتوانێت کۆمەڵگا لە بازرگانەکانی ئەم بەرخۆرییە بێلێپرسینەوەیە بپارێزێت.

بەکورتی ئەو دیمەنی بەرخۆرییەی کە لە سەیرکردنێکی وردی کۆمەڵگای ئێمەوە دەستماندەکەوێت ئەو سێ وێنەیەی سەرەوەیە، هەرسێکیشیان هێما بۆ دروستبوونی کۆمەڵگا و ئینسانێکی بەرخۆر دەکەن کە تیایاندا بەرخۆریی بووە بە بەشێکی هێجگار گرنگی شوناسی سەرەکیان. بوونی بەرخۆرییش بە شوناس هەندێک

دەرەنجامی گرنگ و گەورەی لێدەکەوێتەوە کە باسکردنیان هەڵدەگرین بۆ لاپەڕەکانی تر. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بەخوێنەری بڵێم ئەم گریمانەیەیە: چیدی ئایدیۆلۆژیای باڵادەست لە کۆمەڵگای ئێمەدا ناسیۆنالیزم نییە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیای بەرخۆرییە، واتە بەرخۆرییزمە، گواستنەوەی بەرخۆرییە لە کردەیەکی سادەوە بۆ بەرخۆرییزم. ئەم گۆڕانەش گۆڕانێکی گەورە و فرەدەرەنجامە. بەڵام بەر لەوەی بێمە سەر باسکردنی ئەم گۆڕانکارییە و دەرەنجامەکانی با سەرنجێکی وردتر لە ماناکانی گۆڕانی بەرخۆریی لە کردەیەکی ڕۆژانەی سادەوە بۆ ئایدۆلۆژیا بدەین. ئەو پرسیارەی پێویستە لێرەدا بیکەین ئەمەیە: بە چ مانایەک بەرخۆریی ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئایدیۆلۆژیای باڵادەستە؟

•

کۆمەڵگا وەک بازاڕ

دیمەنەکانی بەرخۆریی لە کوردستاندا هەمەجۆر و بەرفراوانن، لە شارەکانی کوردستاندا بۆ هەرشوێنێک دەڕۆیت ڕووت بە چەندان دیمەنی جیاوازی بەرخۆرییدا دەتەقێتەوە، پەنای شەقامە گشتییەکان و ناوەڕاستی شارەکان و قەراخ و بازنە دوورەکانی شاریش پڕبوون لە بازاڕ و چێشتخانە و ئوتێل و مۆڵ و مۆتێل و شوێنی پشوودان و حەوانەوەی جۆراوجۆر. ئەم دیاردەیە بەڕادەیەکە دەکرێت باس لە پرۆسەی بە" بازاڕبوونی کۆمەڵگا "بکەین، پرۆسەیەک لەزۆر ئاستدا کۆمەڵگای ئێمەی گۆڕیوە بە بازاڕێکی گەورە، بە شوێنی کڕین و فرۆشتنی شتومەک، بە جێگەیەک چالاکی سەرەکی تیایدا خەرجکردنی پارەیە. لەناوەندی ئەم بازاڕەشدا تاکەکەسێک ئامادەیە کە خەرکی شتکڕین و پارە خەرجکردنە، خەریکی دابنیکردنی ئەو ئارەزووانەیە کە هەم خۆی وەک تاکەکەس هەیەتی و هەم بەرخۆریی لەناویدا دروستیدەکات، بێگومان وەک پێشتر باسمانکرد هەرکەسە و بە ئاست و توانایەکی تایبەت و دیاریکراوی بەرخۆرییەوە.

بێگومان بەشێکی بەرچاوی ئەم پەتای بەرخۆرییە پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی توانا و ئاستی کڕینی شتومەک و خەرجکردنی پارەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە، ئەم کۆمەڵگایە ئەمڕۆکە دەوڵەمەندترە لەو

کۆمەڵگایەی لە ساڵانی هەفتا و هەشتا و نەوەددا لەئارادابوو، بڕی ئەو پارەو سەرمایەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە و دەجوڵێت بەراوردناکرێت بەوەی لە قۆناغەکانی پێشتردا لە کوردستاندا ئامادەبووە. بەکورتی لەپشتی بەرخۆرییی ئەمڕۆوە هۆکارێکی ئابوری هەیە کە پەیوەندی بە ئابوری نەوت و پارەی هاتووی نەوتەوە بۆ ناو کوردستانەوە هەیە. بەڵام بەشەکەی تری ئەم پەتایە، کە بەبۆچونی من بەشی شێری پەتاکەیە، پەیوەندی بە ستراتیژیەتی کارکردنی دەسەڵاتەوە هەیە. واتە پەیوەستە بە سیاسەتێکی بیرلێکراوە و ئاراستەکراوی تایبەتەوە کە تیایدا دەسەڵات هەوڵێکی گەورە ئەدات ئینسانی ئێمە بگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی بەرخۆر، ئەو ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتورییە ڕەخنەییەی تێدابکوژێت کە دەشێت سەرچاوەی مەترسیبێت بۆ ئەو مۆدێلە لە دەسەڵات کە لە کوردستاندا بەرقەرارکراوە. لەپاڵ ئەمەدا بەرخۆریی ڕۆڵی ئامرازێک دەبینێت بۆ شاردنەوە و لێڵکردنی سەرچاوەکانی ئەو جێگۆڕکێ کۆمەڵایەتی و چینایەتییەی کە لەم دوو دەیەی دواییدا لە کوردستاندا دروستبووە. جێگۆڕکێییەک تیایدا کۆمەڵێک سیاسی و بنەماڵە و خێزان و کەسایەتی سیاسی و سەربازی تایبەت بوون بە سەرمایەدارە گەورە و میلۆنێرە دیارەکانی دونیای دوای ڕاپەڕین. وەک وتم یەکێک لە ئەرکەکانی بەرخۆریی بریتییە لەشاردنەوەی شێوازی چۆنیەتی دروستبوون و پیادەبوونی ئەم جێگۆڕکێییە، کە بەناو دونیایەک گەندەڵی و تاواندا تێپەڕیوە. بۆ

هەمووان ئاشکرایە دروستبوونی ئەم پەتای بەرخۆرییە هاوشانە بە لەدایکبوون و دروستبوونی شێوازێکی نوێی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دەوڵەمەندبوون، شێوازێک لە هەڵپەی دەوڵەمەندبوونی خێرا کە سەرچاوەکانی تاریک و ناڕوونە و زۆرجاریش لەسەر دونیایەک لە دزی و جەردەیی ئابوریی و کۆمەڵایەتی دەرەوەی هەر پرۆسەیەکی چاودێریکردنی یاسایی و ئەخلاقی، بەندە.

دروستبوونی ژمارەیەک لە ملیۆنێری گەنج لەماوەیەکی هێجگار کورتدا هێمایەکی بەرچاوە بۆ ئەم مۆدێلە لە دەوڵەمەدنبوون کە دەستی لەناو دەستی ئەو پەتای بەرخۆرییەدایە کە هەیە. لەم ئاستەدا بەرخۆریی دێت نەک تەنها بۆ بە ناسیاسیکردنی ئینسان و کۆمەڵگای ئێمە، بەڵکو بۆ شاردنەوەی ڕەگوڕیشە نایاسایی و مافیایی و سیاسییەکانی ئەم دەوڵەمەندبوونە خێرایە و بۆ لێڵکردنی سەرچاوەکانی ئەو جێگۆڕکێ کۆمەڵایەتییە گەورەیەی لەدونیای دوای ڕاپەڕیندا دروستبووە. دەکرێت لێرەدا هێما بۆ هەندێک لە دیمەنە گەورەکانی بەرخۆریی لەمڕۆکەی کۆمەڵگای ئێمەدا بکەین کە وایانکردوە کۆمەڵگای ئێمە لە وێنەی بازاڕ یان مۆڵێکی گەورەدا دەربکەوێت.

١-پیشەسازی خواردن و پشودان و حەوانەوە

زێدەڕۆیی نییە گەر بڵێین بەشێکی گەورەی شارەکانی کوردستان

گۆڕاون بۆ چێشتخانە و قاوەخانە و مەیخانە و شوێنی ئیسراحەت و پشوودان و مزگەوت. دیمەنەکە بەشێوەیەکە دەکرێت قسە لە گواستنەوە لە" قۆناغی حانوت"ەوە بۆ قۆناغی" مۆڵ و ئیسراحەتخانە"ی مۆدێرن بکەین. بەشێکی بەرچاوی ئەو شوێنانەی کە دروستبوون تەنها شوێنی نانخواردن نین، بەڵکو شوێنی کۆبوونەوە و یەکدیبینن و قسەکردن و پشوودانیشن، شوێنی کاتبەسەربردن و دانیشتن و گوێگرتنن لە مۆسیقا و لەیەکتری. هاوکات هەندێک لەو شوێنانە مانای کۆمەڵایەتی تایبەتیان وەرگرتوە، هەندێکیان بۆ نموونە بوونەتە شوێنی کۆبوونەوەی گەنجان، هەندێکیان شوێنی کۆبوونەوەی خوێندەواران و هونەرمەندان و هەندێکی تریاشیان شوێنی کۆبوونەوەی ئافرەتان و خێزان. ئەمە جگە لە دروستبوونی چەندان شوێنی تایبەت کە ڕاستەوخۆ پابەستن بە توانای مادی و شوێن و جێی کۆمەڵایەتی و چینایەتی ئەوانەوە کە سەردانیاندەکەن. کردنەوەی ژمارەیەکی زۆری مزگەوت و سەردانی ئەو مزگەوتانە لەلایەن ژمارەیەکی بەرچاوی ئینسانی کۆمەڵگای ئێمەوە، سەر بەهەمان میکانیزمی بەرخۆرییە، بەڵام لێرەدا لەباتی ئەوەی شتومەکی مادی بەرخۆربکرێت، دین وەک شتومەکەێکی ڕەمزی و مەعنەوەی بەرخۆردەکرێت. بەکورتی ئەم فەزا تازەیەی بەرخۆریی لەگەڵخۆیدا سیستمێکی ڕەمزی تازەی هێناوە کە تیایدا هێماکردن بۆ شوێن و جێ و زەوق و پیشە و پێداگرتن لەسەر ئوسلوبی ژیانی ئەو کەسانەی سەردانیاندەکەن، مەسەلەیەکی

سه‌ره‌کییه‌. واته هێما بۆ بوون و دروستبوونی شوناسی کۆمه‌ڵایه‌تی و فه‌رهه‌نگی تازه و هه‌ندێکجار شوناسی سیاسی تایبه‌تیش ده‌که‌ن. هه‌موو ئه‌م گۆڕانکارییانه‌، به کرده‌ی سه‌ردان و نانخواردن و دانیشتن له‌و شوێنانه‌دا کۆمه‌ڵێک مانای کۆمه‌ڵایه‌تی نوێی به‌خشیوه که له فه‌زای حانوتئاسای به‌رخۆریی ساڵانی هه‌فتا و هه‌شتا و نه‌وه‌دا بوونی نه‌بوو. بوون به به‌شێک له‌م فه‌زا نوێیه‌ی به‌رخۆریی و به‌شداریکردن تیایدا یه‌کێکه له چالاکی و هه‌وڵدانه سه‌ره‌کییه‌کانی زیاد له هێز و گروپ و تاکه‌که‌سێکی ئه‌و کۆمه‌ڵگایه‌. ئاشکرایه ئه‌وه‌ی لۆژیکی ئه‌و شوێنه تازانه ئاراسته‌ده‌کات لۆژیکێکی بازرگانییه و له‌سه‌ر به‌ده‌ستهێنانی قازانج، زۆرجاریش قازانجی گه‌وره و خێرا، کارده‌کات، به‌ڵام هاوکات له‌و شوێنانه‌دا فه‌زایه‌ک دروستبووه تیایدا ئینسان ده‌توانێت تا سنوورێکی دیاریکراو تاکبوونی خۆی بژی، له‌ناو حه‌ز و ئاره‌زووه‌کانیدا نیشته‌جێبێت، مانایه‌کی تایبه‌ت به تاکه‌که‌سبوونی خۆی بدات. به کورتی سه‌ردانی ئه‌م شوێنانه و چوونه ژووره‌وه بۆ ناو فه‌زا تایبه‌ته‌که‌یان زۆرجار له‌به‌ر خودی خواردن و خواردنه‌وه‌که نین، واته له مه‌سه‌له‌ی سه‌ردانه‌کاندا خودی خواردن و خواردنه‌وه‌که خۆیان ئه‌و گرنگییه‌یان نییه‌، یان گرنگییه‌کی پله دوویان هه‌یه‌، ئه‌وه‌ی گرنگه ئه‌زموون و خیبره‌ی له‌وێبوونه‌که‌یه‌، ئه‌زموونی بوون به به‌شێکه له‌و فه‌زا تازه‌یه‌ی دروستبووه‌، فه‌زایه‌ک گه‌رچی لۆژیکێکی بازرگانی به‌رته‌سک دروست و ئارسته‌یده‌کات، به‌ڵام هاوکات فه‌زایه‌کی

ئەلتەرناتیڤ و جیاوازە لە دونیای تەقلیدیی ماڵ و گەڕەک و شەقام و چاخانە و مزگەوت و یانەکانی جاران.

٢-پیشەسازی دەسکاریکردنی جەستە و ڕوخسار

دیمەنێکی تری زۆر زەقی بەرخۆریی لە کوردستاندا پەیوەندی بە دەسکاریکردن و گۆڕینی ڕوخساری دەرەکی و چۆنیەتی داڕشتنی لەش و لاری ئینسانەوە هەیە. واتە پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەو ئینسانانە خولیایەکی بەهێزی ئەوەیان تیادا دروستبووە لە فەزای گشتی کۆمەڵگادا بەو شێوەیەی ئارەزووی دەکەن، بەوشێوەیە دەربکەون. دەکرێت لێرەدا هێما بۆ بازاڕی گەورەی کڕین و بەکارهێنانی جلوبەرگی جیاواز بکەین، هێما بۆ دروستبوونی پیشەسازی گۆڕینی دروستکردنی ڕوخسار و دەسکاریکردنی پارچەکانی لەشی ئینسان بکەین، لەوانە بۆ نموونە عەمەلیاتکردنی لوت و دەموچاو و لابردنی چرچ و لۆچی سەر ڕوخسار، هێما بۆ دروستبوون و کردنەوەی ئەو هەموو سێنتەرە بۆ وەرزش و جوڵەکردن بکەین... هتد. ئەوەی جێگەی سەرنجراکێشانە ئەوەیە ئەم پیشەسازییە نوێیەی دروستکردنی ڕوخسار و جەستەی تایبەت هەردوو ڕەگەزەکە دەگرێتەوە، لەم ئاستەدا کوردستان تەنها بازاڕێکی گەورە نییە بۆ دروستکردن و نمایشکردنی جەستەیەکی تایبەت بۆ ڕەگەزی مێ، بەڵکو بۆ ڕەگەزی نێرینەش. بەشێکی گرنگی

پیشەسازی دەسکاریکردنی ڕوخسار و وەرزش و جوڵە ڕوویان لە پیاوانی وڵاتە، ئیتر لە بۆیاخکردنی قژەوە بیگرە، بۆ دەسکاریکردنی ڕوخسار و پۆشینی جلی تایبەت بۆ وەرزشکردن و پەروەردەکردنی لەشێکی تایبەت. لەلاپەڕەکانی داهاتوودا باس لە کاریگەری ئەم دۆخە دەکەم لەسەر ئەگەرەکانی گۆڕانی ماناکانی پیاوەتی لە کوردستاندا. بەکورتی لەهەموو ئەم دۆخانەشدا هەوڵدانێک بەدیدەکرێت بۆ دروستکردنی شوناسێکی تایبەت، شوناسێک، بە هەموو ڕووکەشی و نووقسانییە گەورەکانییەوە، هێشتا بەشێکە لە پرۆسەی دروستبوونی تاکەکەسێکی نوێ لە کوردستاندا.

٣-بەرخۆریی دینی

بەرخۆریی دینی بەشێکە لەو دیمەنی بەرخۆرییەی لە کوردستاندا دروستبووە. واتە بەرخۆریی بەهیچ مانایەک تەنها دیاردەیەکی عەلمانی نییە، تەنها ڕووبەری عەلمانی بەرخۆر لە وڵاتەکەدا دروستنەبووە، بەڵکو ڕووبەری دینی و بەرخۆریی دینیش بەشێکی دانەبڕاوی ئەو فەزا تازەیەن کە لە کوردستاندا دروستبووە. بەرخۆریی دینی لەزیاد لە بوارێکی ژیانی تاکەکسیدا ڕەنگیداوەتەوە، لە کڕین و پۆشینی جلوبەرگی دینییەوە بیگرە، کە خەریکە دەبێتە پیشەسازییەکی نوێ لە کوردستاندا، بۆ چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و کاسێت و

فلیم و مۆسیقای دینی... هتد. ئەمە جگە لە گەشەکردن و فراوانبوونێکی بەرچاوی جیهانگەڕی دینی، واتە سەفەر و سیاحەتی دینی و سەردانی شوێنە دینییە سەرەکییەکانی دونیا، لەوانە چوون بۆ حەج و چوون بۆ عەمرە و چوون بۆ شوێنە دینییەکانی تر. ئەمە جگە لە دروستکردنی سەدان مزگەوت و ناوەندی دینی تایبەت کە بوونەتە شوێنی کۆبوونەوەی چەندەها تاکەکەس و گروپی دینی تایبەت بەیەکەوە. هەموو ئەم چالاکییە بەرخۆرییە دینییانە هەستکردنی بڕێک لە کۆمەڵگای ئێمە بەبوونی شوناسێکی دینی تایبەت بەهێزکردوە و بە شوناسی ئەنجامدەرانی ئەم بەرخۆرییە دینییە ڕەهەندێکی دینی بەهێزی بەخشیوە.

٤-بەرخۆریی کولتوری

وەک سەرجەمی بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، بەرخۆریی لە ئاستی کولتوریدا دیاردەیەکی بەرچاو و بەرفراوانە و لەزیاد لە ڕەهەندێکی ژیانی فەرهەنگی ئێمەدا ئامادەیە. کوردستان، بۆ نموونە، پڕبووە لە فلیمی کۆپیکراو و داگیراو لە تۆڕە یاساغەکانی ئینتەرنێتەوە، فرۆشتنی ئەم جۆرە فیلمانە بەپارەیەکی کەم و لەسەر سی دی چالاکییەکی ئابوری تازەیە کە بەر لە قۆناغی ئینتەرنێت لە کوردستاندا بوونی نەبووە. ئەم فیلمانەش هەمەجۆرەن، لە فلیمە

بەناوبانگەکانی هۆلیودەوە بیگرە بۆ فلیەمە هیندییەکانی بۆلیود و لەوانیشەوە بۆ فیلمی یابانی و تورکی و عەرەبی و فارسی و... هتد.

ئەوەی بۆ بواری فلیم ڕاستە بۆ بواری مۆسیقاش بەهەمان شێوە ڕاستە، مۆسیقای کۆپیکراو بەشێکی گرنگ و گەورەی بازاڕی مۆسیقایە لە کوردستاندا، هاوکات داگرتنی کتێب لە ئینتەرنێتەوە و کۆپیکردن و فرۆشتنیان بووە بە بەشێک لە بازاڕی کتێبفرۆشی لە کوردستاندا. زنجیرەی تەلەفیزۆنی بیانی دۆبلاژکراو، ئەفلام کارتۆنی دۆبلاژکراو، فیلمی دۆبلاژکراویش جۆری تری ئەو بەرخۆرییە کولتورییە نوێیە نیشانئەدەن کە لە وڵاتەکەدا دروستبووە. هەر لەم ئاستەدا بوونی وەرزش و وەرزشکردن بە چالاکییەکی نوێ، هاوکات دروستبوونی گروپی هاندەرانی یانە گەورەکانی دونیای لە جۆری بەرشلۆنە و ریاڵ مەدرید، بوون بە دیاردەی کولتوری بەرچاو و زۆرجار نمایشکردنی ئەم لایەنگیرییە سنووری هەموو چاوەڕوانییەک تێدەپەڕێنن. فرۆشتنی جلوبەرگی کۆپیکراوی ئەو یانانە و فرۆشتنی وێنەی یاریزانەکانیان بازاڕێکی تایبەتی لە شارەکانی کوردستاندا هەیە. لە هەموو ئەم ئاستانەدا بەرخۆریی ئینسانی ئێمە بە دونیایەکەوە گرێئەدات، یان بە دونیایەکی ئاشنادەکات، یان دونیایەک دەخاتە بەردەستی، جیاواز لەو دونیا ناوچەیی و لۆکاڵیەی خۆی کە تیایدا دەژی: هەموو ئەمانەش وەک بەشێکی گرنگی شوناسی ئەو تاکەکەس و گروپانە ئامادەن. وەک وتم ئەم بەرخۆرییە کولتورییە تەنها بوارە عەلمانی و نادینییەکانی

نەگرتۆتەوە، بەڵکو بازاڕی حیجاب و بازاڕی شریت و مۆسیقا و خوتبە و کتێب و فیلمی دینیش بازاڕێکی چالاکە و جوڵەیەکەی گەورەی کڕین و فرۆشتنی تێدایە.

٥-کرێکاری بیانی وەک شێوازێکی نوێی بەرخۆریی

یەکێک لە دەرکەوتە تازەکانی بەرخۆریی لە کوردستاندا هێنانی کرێکاری بیانییە. گەرچی تا ئەمڕۆ ئەم ئامادەگییە باس و خواستێکی ڕاستەقینە و ئینسانی لەسەر نەکراوە، بەڵام ئەم کرێکارە بیانییانە گروپێکی تازەی ناو کۆمەڵگای ئێمەن و بەیانی و دووبەیانی چەندان پرسیاری گەورە و گرنگ ڕووبەڕووی کۆمەڵگای ئێمە دەکەنەوە. لە پرسیاری مافە تاکەکەسییەکانی ئەم گروپانەوە کە ماوەیەکی درێژ وەک کۆچبەر لە وڵاتی ئێمەدا دەژین و کاردەکەن، بۆ مافە دینی و کولتوری و ئەتنییەکانیان. ئەوەی لە پەیوەندیدا بەم نووسینەوە شایانی هێمابۆکردنە ئەوەیە کە ئامادەگی ئەم کرێکارانە هەمەلایەنە و زیاد لە بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوریان گرتۆتەوە، ئەگەرچی بواری سەرەکی ئامادەبوونیان لە ئێستادا بواری بیناسازی و خزمەتگوزارییە. بەرزبوونەوەی ڕادەی بەرخۆریی لە کوردستاندا وایکردوە کۆمەڵگای ئێمە بۆ یەکەمجار بکەوێتە پەیوەندییەکی وا نزیک و ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە بیانی لە وڵاتەکەدا. بەرخۆریی کە ئەم

خەڵکانەی هێناوەتەوە کوردستانەوە، لە مەودای دووردا کۆمەڵگا و ئینسانی ئێمە ناچاردەکات پرسیار دەربارەی ئامادەگی ئەم" ئەویترە " لەو کۆمەڵگایەدا بکات و لەم ڕێگەیەشەوە زیاتر لەهەموو کاتێک پرسیاری شوناس لە خۆشی بکات.

میدیای کوردی و بەرخۆریی

بێگومان ئەو شێوازانەی بەرخۆری کە لەسەرەوە هێمام بۆ کردن هەموو شێوازەکانی بەرخۆری نین لە کوردستاندا، بۆ نموونە بەرخۆری سێکسی ئەمڕۆ بەشێکی گەورەی بەرخۆرییە لە کوردستاندا، ئەم بەرخۆرییە هەم لەڕێگای سێکسی کڕدراوەوە ڕوودەدات، هەم لەڕێگای ئەو هەموو پەیوەندییە ژێربەژێر و نهێنیانەی لە وڵاتەکەدا دروستبوون. بەڵام لەبەر نەبوونی کات و نەبوونی زانیاری ورد دەربارەی شێوازەکانی تری بەرخۆری، بۆیە لەم نووسینەدا تەنها هێمامان بۆ ئەو جۆرانەی سەرەوەی بەرخۆری کردوە.

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا زۆر بە خێرایی هێمای بۆ بکەم ئەو پەیوەندییەیە کە بەرخۆریی لەگەڵ میدیادا لە کوردستاندا دروستیکردوە. ئاشکرایە بەشێکی بەرچاوی میدیای کوردی بووە بە میدیایەک بەرخۆریی هاندەدات و بڵاویدەکاتەوە و ڕیکلامی بۆ دەکات. تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەکانی سەر ئینتەرنێت پڕبوون لە ریکلامکردن بۆ شتومەکە جیاوازەکان، هاوکات خودی پێشکەشکەرانی بەرنامەکان و دیکۆر و جلوبەرگ و شێوازی قژبڕینی ئەوانەی لە تەلەفیزۆنەکاندا دەردەکەون بەشێکن لەو ئامرازانەی پیشەسازی بەرخۆریی خۆی بەهۆیانەوە بەهێزدەکات. ئەگەرچی ڕیکلامکردن لە کوردستاندا لە ئاستە هەرە سەرەتاییەکانی گەشەکردنی خۆیدایە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا لە ڕیکلامەکاندا نیشاندەدرێت وێنەی ئینسان وەک

بوونەوەرێکی بەرخۆر بەهێز بڵاودەکاتەوە. ریکلامەکان دەیانەوێت پێمانبڵێن کە حەزکردن لە بەرخۆریی و ویستی هەبوونی شتومەک، حەزێکی غەریزیی ناو هەموو ئینسانێکە، ئەوەشی بازاڕ و کۆمپانیاکان دەیکەن بریتییە لە ڕەخساندنی هەلومەرجی لەبار بۆ تێرکردنی ئەو غەریزانە. بێگومان ئەم دیدە بۆ ئینسان لەزۆر سەرەوە ناڕاستە و لە ئینساندا شتێک نییە ناوی غەریزەی کڕین و فرۆشتن بێت. ویست و حەزی کڕین و فرۆشتنی شتومەک شتگەلێکن لە ئینساندا دروستدەکرێن. ڕۆڵی میدیا لەم دروستکردنەدا ڕۆڵێکی سەرەکییە.

خاڵێکی تر کە شوێنی تێبینیکردنە بەشداری میدیایە لە بەهێزکردنی حەزی ئینسان لە" لاساییکردنەوە و چاولێکەری کۆمەڵایەتی ". بەهێزکردن و نمایشکردنی ئەم حەزی لاساییکردنەوەیە وایکردوە بەرخۆریی ئاکارێکی شانازییانە وەربگرێت، واتە ببێت بە بەرخۆرییەک بۆ بینین و تێبینیکردن و دەرکەوتن و نمایشکردن، ئەنجامدانی هەریەکێکیش لەم چالاکییانە جارێکی تر حەز و ویستی لاساییکردنەوە بەهێزتر و بەرفراوانتر دەکات. بەکورتی میدیا لەڕێگای ڕیکلامەوە خەریکە وەک هێزێکی ورووژێنەر و سەرنجڕاکێش کاردەکات و وادەکات ئینسان هەست و ویستێکی بەهێزی بەرخۆریی تیادا دروستببێت. (Van Koppen 2002: 80)

لەم ڕووەوە ڕۆڵی میدیا لە پرۆسەی بە ئایدۆلۆژیابوونی بەرخۆرییدا ڕۆڵێکی بەهێز و بەرچاوە.

بنەما ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی بەرخۆریی لە کوردستاندا

بەرخۆریی لە کوردستاندا دیاردەیەکە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی هەیە، ئەوەی کە بەشی هەرە گەورەی شارەکانی کوردستان بوون بە بازاڕی گەورە و بچووک، بازاڕی گران و هەرزان، مۆڵی گەورە و سوپەرمارکیتی هەمەجۆر، ئەوەی بەرخۆریی لە قۆناغی" هەڵپەی بەرخۆریی "دایە و بووە بە چالاکی سەرەکی و بە ئایدۆلۆژیای باڵادەست لە کۆمەڵگای ئێمەدا، وابەستەی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە لەدونیای دوای ڕاپەڕیندا هاتۆتەکایەوە. با لێرەدا سەرنج لەهەندێک لە سەرەکیترینی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە بدەین.

یەکەم: کورتبوونەوەی ئابوری کوردستان بۆ ئابوری نەوت

شادەماری بەرخۆریی لە کوردستاندا ئابوری نەوتە، فرۆشتنی نەوت لە بازاڕەکانی دونیادا و خەرجکردنی پارەکەی لەڕێگای بەرخۆرییەوە ئەو پاشخانە ئابورییە سادەیەیە کە لەپشتی دیاردەی بەرخۆرییەوەیە لە کوردستاندا. ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە پشتی تەواوەتی بە پارەی نەوت بەستووە و لەدەرەوەی نەوتدا شتێکی ئەوتۆی نییە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی ئەو چەند ملیۆن ئینسانەی لە کوردستاندا دەژین،

دابینبکات. ئەو سیستەمە سیاسییەش کە لەپاڵ ئابوری نەوتدا دروست و باڵادەستکراوە سیستمێکی" رەیع"یە، رێک لەسەر مۆدێلی دەوڵەتە رەیعییەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی لەسەر وێنەی دەوڵەتەکانی خەلیج، دامەزراوە. تیورەی دەسەڵاتدارێتی رەیعی، ئەوەی بە ئینگلیزی پێیدەگوترێت"rentier state" ، تیورییەکی ئاڵۆزە و باس لە سروشتی ئەو دەسەڵاتە و ئەو مۆدێلی گەشەکردنە ئەکات لە شوێنێکدا ئابورییەکەی لەسەر ناردنەدەرەوە و ساغکردنەوەی کەرەستەی خاو، بەتایبەتی نەوت، لە بازاڕەکانی دونیادا کاریکات. خاڵی سەرەکی لێرەدا ئامادەگی ئابورییەکە کە بەشێوەیەکی بەردەوام و سیستماتیک پشتی تەواوەتی بە ناردنەدەرەوە و فرۆشتنی کەرەستەیەکی خاو بەستووە لە بازاڕەکانی دونیادا. لەم ئابووریەدا پارەیەکی زۆر و ئاسان دەچێتە قاسەکانی دەوڵەتەوە، بەبێئەوەی بەدەستهێنانی ئەو پارانە بەرهەمی کار و بەرهەمهێنانێکی ناوەکی بن. ئەمەش دەسەڵاتێکی هێجگار گەورە بە دەوڵەت یان بەوانەی دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوەیە دەدات، چونکە هەم پارەی فرۆشتنی کەرەستەخاوەکان دەچێتە دەستی دەوڵەت و توێژە دەسەڵاتدارەکەوە هەم ئەوانیش ئەو پارەیە بەسەر کۆمەڵگادا دابەشدەکەن Beblawi & Luciani 1987 .

ئەم شێوازە لە دەوڵەت چونکە پێویستی بە کۆمەڵگا نییە بۆ ژیان، واتە پێویستی بە باجی هاوڵاتیان نییە بۆئەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت دابینبکات، هەروەها چونکە پارەی نەوت ڕاستەوخۆ دەچێتە

دەغیلەکانی دەوڵەتەوە، بۆیە نەک تەنها باکی بە کۆمەڵگا نامێنێت، بەڵکو کۆمەڵگا خۆشی دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ویستی دەوڵەت و ویستی دەسەڵاتدارانی ناو دەوڵەتەوە و بەڕادەیەک نەتوانێت بەبێ دەوڵەت بژی و پێداویستییە هەرە سەرەتاییەکانی دابینبکات.

ئەم مۆدێلە لەدەسەلات کۆمەڵگای ئێمەی لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا گۆڕی بۆ کۆمەڵگای فەرمانبەرانی بێکار و کۆمەڵگایەکی بەسەربازیکراو. بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگای ئێمە فەرمانبەری حیزب یان دەوڵەتن و لەڕاستیشدا بەرهەمێکی ئابوری و کۆمەلایەتی قابیلی باسکردنیان نییە. بۆ نموونە گەر سەیرێکی خێرای ئەو فەرمانگانە بکەین کە لەساڵی ٢٠١٠ لە ناوچەی سلێمانیدا هەبوون، وێنەی کۆمەڵگایەکی بەفەرمانبەرکراو و بە سەربازکراو دەبینین. لە ساڵی ٢٠١٠ لە شاری سلێمانیدا ١١٤٤ فەرمانگە هەبووە، لەمانە تەنها ١٤ فەرمانگەی پیشەسازی و ٣٢ یان فەرمانگەی بازرگانین، ئەویتری فەرمانگەی خزمەتگوزاری و سەربازییە. ژمارەی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان ٨٦٤ فەرمانگەن و ژمارەی فەرمانگە سەربازییەکانیش ٢٣٤ فەرمانگەن. واتە ژمارەی فەرمانگە سەربازییەکان نزیکەی ١٧ جار لە فەرمانگە پیشەسازییەکان زیاتر و نزیکەی ٨ جاریش لە فەرمانگە بازرگانییەکان گەورەترە. گەر بەجۆرێکی تر تەماشای ئەو ژمارانە بکەین دەبینین ڕێژەی فەرمانگە سەربازییەکان بۆ سەرجەمی فەرمانگەکان 20%

لەکاتێکدا ڕێژەی فەرمانگە پیشەسازییەکان 1% و ڕێژەی فەرمانگە بازرگانییەکانیش 3%. بەسەریەکیشەوە ژمارەی فەرمانبەران لە پارێزگای سلێمانیدا گەیشتۆتە ٢٤٩٥٢٥ کەس، ئەمە جگە لەبوونی ٧٧ هەزر خانەنشین کراو. ئەم ژمارانە نیشانمان ئەدات ئابوری نەوت لە شێوە ڕەیعییەکەیدا چ جۆرە کۆمەڵگایەکی پشتبەستووی بە دەوڵەت و بە دەسەڵاتداران لە فۆرمی دروستکردنی لەشکرێک لە فەرمانبەردا، دروستکردوە. هاوکات چۆن هێزێکی سەربازی گەورەشی دروستکردوە بۆ پاراستنی ئەو مۆدێلە لە دەسەڵاتدارێتی لەبەرامبەر کۆمەڵگادا.

ئەو مۆدێلە سیاسییە، کە لەپاڵ ئەم ئابورییە ڕەیعییەدا دروستدەبێت، لەسەر درێژەدان بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بێئیش و بێبەرهەم کاردەکات، کۆمەڵگایەک نەتوانێت لەسەر پێکانی خۆی بوەستێت و نەتوانێت بەسەر ئەو پاشکۆییەدا زاڵببێت کە دەوڵەت بۆی دروستدەکات. بەرخۆریی یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی ڕازیکردنی ئەم لەشکرە لە فەرمانبەری بێبەرهەم و ئەم کۆمەڵگا بە سەربازگە کراوە. لەڕاستیدا نەک تەنها بەشی هەرە گەورەی ڕەوایەتی سیاسی ئەم دەسەڵاتدارییە پابەستە بە دابینکردنی ئاستێکی دیاریکراوی بەرخۆرییەوە، بەڵکو چالاکیی هەرەسەرەکی ئەم دەسەڵاتدارێتییە ڕەیعییە، کورتبۆتەوە بۆ مەیسەرکردنی ڕادەیەکی دیاریکراو لە بەرخۆریی بۆ هەموان. ڕاستە ئاسەتەکانی بەرخۆریی لای هێزە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازە، هەندێک گروپ ئاستی بەرخۆریان وەک

ئاستی بەرخۆریی مافیاکانی ئەوروپا بەرزە و زۆرینەی کۆمەڵگاش تا دەمرن دەبێت سەریان لەناو بەرخۆری کاڵا خراپ و هەرزانەکاندا بێت، وەک لەسەرەوە نیشانماندا، بەڵام هاوکات ئەم مۆدێلە رەیعییەی دەسەڵات ئاستێکی دیاریکراوی بەرخۆریی بۆ هەمووان دەستەبەرکردوە و دەستەبەردەکات. ئەمەش وەک وتم یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بەخشینی شەرعیەت بە خۆی و یەکێکیشە لە ستراتیژە هەرە سەرەکییەکانی مانەوەی دەسەڵات خۆشی.

بەکورتی یەکێک لە کۆڵکە گرنگەکانی دروستبوونی دیاردەی بەرخۆریی جەماوەری و بەرزبوونی بەرخۆریی بۆ ئاستی ئایدیۆلۆژیای باڵادەست، ئەم مۆدێلە ئابوری و سیاسییە و ئەم تێکەڵبوونە بەرفراوان و هەمەلایەنەی ئابوری نەوت بە دەسەڵاتی سیاسی، دروست و سەروەریکردوە.

دووهەم: دروستبوونی دانیشتوانێکی گەورە و گەنج

ئەو وێنەیەی سەرەوە کاتێک تەڵختر و تاریکتر دەبێتەوە کە زانیمان ژمارەی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان لە دونیای دوای راپەریندا بەرادەیەکی گەورە گەشەیکردوە. بۆ نموونە ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بە بەراورد بە ساڵی ١٩٩١ ئەم گۆڕانە گەورانەی بەسەراهاتووە: لە ساڵی ١٩٩١ سەرجەمی ژمارەی خێزانەکانی شاری سلێمانی بریتیبوون لە ١٤٩١٢٤ خێزان. بەڵام لە

ساڵی ٢٠١٠ ئەم ژمارەیە بەرزبۆتەوە بۆ ٣٦٥٠٦٥ خێزان. واتە گەورەبوونی بڕی خێزانەکان لەو شارەدا بەڕێژەی لە سەدا سەد و چل و چوارە لەماوی سی ساڵدا. سەرجەمی ژمارەی دانیشتوانیش لە ساڵی ١٩٩١ لە سلێمانی ٩٥١٧٢٣ کەس بوو بە ئاوارەکانی کەرکوک و خانەقینیشەوە، بەڵام ساڵی ٢٠١٠ بەرزبۆتەوە بۆ ١٨٥١٥٠٨ کەس بەبێ ئاوارەکان، لێرەشدا گەشەی دانیشتوان نزیکەی لە سەدا سەد زیادیکردوە.

بەشی هەرەزۆری ئەم دانیشتوانە، واتە ڕێژەی ٨٩.٩ %لەناو شاردا دەژین. ئەم گەشە گەورەیەی دانیشتوان بووەتە هۆی بەرزبوونەوەیەکی گەورە و بەرچاوی ژمارەی منداڵان و گەنجان لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەڕادەیەک، کۆمەڵگای کوردی یەکێکە لە کۆمەڵگا گەنجەکانی دونیا. ژمارەی منداڵانی تەمەن کەمتر لە ١ ساڵ ڕێژەی ٢ %ی دانیشتووان پێکدەهێنێت، ڕێژەی مناڵانی نێوان ١-٥ساڵیش ١٢ %ی دانیشتووان و ژمارەی تەمەنی نێوان ٥-١٥ ڕێژەی ٢٣ %ی دانیشتووان پێکدەهێنن. بەسەریەکەوە ڕێژەی مناڵانی ژێر تەمەنی ١٥ ساڵ ٣٧ %دانیشتوانە. ژمارەی ئەوانەش کە لە تەمەنی گەنجیدان و دەتوانن کاربکەن، واتە لەنێوان ١٥ بۆ ٦٠ ساڵدان ٥٨ %ی دانیشتووان پێکدێنن. ڕێژەی پیریش، واتە ئەوانەی تەمەنیان لە سەروی ٦٠ ساڵەوەیە تەنها ٥ %ی دانیشتووانە. ئەم ڕێژانە ئەوەمان نیشانئەدەن لە کوردستاندا کۆمەڵگایەکی گەنج دروستبووە کە

پێویستی بە هەموو جۆرە کاڵا و شتومەکێک هەیە بۆ دابینکردنی لانیکەمی ژیانێکی ماقوڵ. ئەم لەشکرە گەورەیە لە گەنج خاوەنی حەز و ویست و ئارەزووی تایبەتە و هەڵگری وزەیەکەی کۆمەڵایەتی گەورەشە، بۆ دەسپێکردنی ژیانی تایبەت بەخۆیان و لەپاڵ گەورەبوونی ڕۆژانەیاندا پێویستیان بە هەموو جۆرەکانی بەرخۆری هەیە. ئەمە وادەکات بەرخۆریی ببێت بەیەکێک لەو چالاکییە سەرەکییانەی کە هاوشان بە گەوربوون و پێگەیشتنی ئەم نەوەیە بڕوات. بوونی بەرخۆریی بەدیاردەیەکی جەماوەری لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە بەم ژمارە گەورەیە لە گەنجەوە، یان وردتر بدوێین بەشێکە لە ئاکاری دروستبوونی کۆمەڵگایەکی گەنج لەپاڵ ئەو مۆدێلە ئابوری و سیاسییە رەیعییەی لەسەرەوە باسمانکرد.

سێهەم: بەرزبوونەوەی پلە و ڕادەی خوێندەواری

بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان و گەنجبوونی بەرچاوی کۆمەڵگای ئێمە هاوشانە بە پرۆسەیەکی بەرفروانی بە خوێندەواربوونی ئەم کۆمەڵگایە. ئەمڕۆ بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای ئێمە خوێندەوارە و توانای ئەوەی هەیە بزانێت ئینسان و کۆمەڵگاکانی دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی چۆن دەژین. بۆ نموونە پێش ساڵی ١٩٩١ ڕێژەی نەخوێندەواری ٣٢ %بووە لە پارێزگای سلێمانیدا بەڵام لە ئێستادا ئەم

ڕێژەیە بۆ ١٥ %دابەزیوە. لە ئێستادا ڕێژەی ٨٥%ی دانیشتوانی تەمەن ١٠ ساڵ و گەورەتر توانای خوێندنەوە و نوسینیان هەیە و لە ساڵی ٢٠١٠ شدا دواهەمین منالی تەمەن ٦ ساڵ پەیوەندی بە خوێندنەوە کردوە.

لە ئاستی خوێندنی باڵاشدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەرچاو لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا ڕوویداوە، بەڕادەیەک ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە خاوەنی ژمارەیەکی گەورەی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانە. ئاشکرایە ئاستی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستاندا هێجگار لاوازە و لەزۆر کاتیشدا وێرانە، بەڵام ئەمە لەو ڕاستییە سۆسیۆلۆژییە ناگۆڕێت کە وێناکردنی ئینسانی ئێمە بۆ خۆی وەک ئینسانێکی خوێندەوار و وەک دەرچووی خوێندنی باڵا، ئەمڕۆ لەهەمووکات بەرفراوانترە. ئەم وێناکردنەش داواکاری و خواستی نوێی لای ئەو کەسانە دروستکردوە کە پێیان وایە دەبێت دابینبکرێن. هەر بە بەراورد بە ساڵی ١٩٩١ کە یەک پەیمانگای تەکنیکی لەشاری سلێمانیدا هەبووە ئەمڕۆ ١١ پەیمانگای تەکنیکی هەیە، ژمارەی خوێندکارانی ئەو پەیمانگایەش لە ٤٠٨ خوێندکارەوە بەرزبۆتەوە بۆ ١٤٨٣٢ کەس. لە ساڵی ١٩٩١دا هیچ زانکۆیەک لەشاری سلێمانیدا نەبووە، بەڵام ئەمڕۆ ٦ زانکۆی تێدایە کە ٢٢٢٧٣ قوتابی تیایاندا دەخوێنن و ١٢٤٠ مامۆستا وانەیان تێدادەڵێنەوە. تەنها لە ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠ دا ١٢٣٥ قوتابی لە خوێندنی باڵا وەرگیراون و لەچوارچێوەی بەرنامەی تواناسازیشدا تەنها

لە ساڵی ٢٠١٠ دا ٦٤٥ قوتابی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کراون. دروستبوونی ئەم ژمارە گەورەیە لە خەڵکی خوێندەوار کە وێنەی تایبەتی خۆیان وەک کەسێکی پێگەیشتوو هەیە، پێداویستی زۆر و جیاوازیان هەیە لە لەڕێگای بەرخۆرییەوە پڕیاندەکەنەوە. جگە لەمە بەشێکی زۆری ئەم گروپە تازانە لە قۆناغی دروستکردنی خێزان و ژیانی هاوسەرگیریدان، بۆیە بەرخۆریی لای ئەوانە دەبێت بەشێک لە پرۆسەی دروستکردنی سەرەتاکانی ژیانێکی پێکەوەیی و سەربەخۆ.

بە خوێندەواربوونی کۆمەڵگای ئێمە وادەکات ئینسانی ئێمە ژمارەی پێداویستییەکانی گەورەتربێت، بەشێوەیەکی گشتی کەسی خوێندەوار لەزۆر ڕووەوە داواکارییەکانی لە کەسی نەخوێندەوار زیاترە. بۆیە گەورەبوونی ژمارەی خوێندەواران لە کۆمەڵگای ئێمەدا زیادبوونی داواکاریی لەسەر شتومەک و بەرخۆری گەوردەکات. ئەمە جگە لەوەی کە کەسانی خوێندەوار لە دونیای ئێمەدا، بەشێوەیەکی گشتی، لەڕووی ئابورییەوە لەدۆخێکی باشتردان، بە بەراورد بە کەرتە نەخوێندەوارەکەی ئەو کۆمەڵگایە.

بەکورتی ئەو سێ ڕەهەندەی سەرەوە نیشانمان ئەدەن کە بەرخۆریی تەنها داهێنراوێکی ئایدۆلۆژی نییە، بەڵکو بەشێکە لە ئاکاری کۆمەڵگایەکی گەورەی گەنج و خوێندەوار و بەئاگا لە دونیای دەوروبەر و لە شێوە ژیانی کۆمەڵگا دەوڵەمەندەکانی دونیا. بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان،

بەتایبەتی بوونی ژمارەیەکی گەورەی منداڵ و گەنج لە وڵاتەکەدا، وادەکەن پێویستی بە خۆدروستکردن و پێویستی بە هەبوونی شتومەک و شوێن و جێگەی تایبەت بۆ ژیان و یاری و حەسانەوە و... هتد گەورە و هەمەلایەنبێت. هەموو ئەمانە وادەکەن بەرزبوونەوەی ئاستی بەرخۆریی لە کوردستاندا، جگە لە هۆکارە سیاسییەکان، کۆمەڵێک بنەمای کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی تایبەتی هەبێت و بەشێکبێت لەو پرۆسەی گۆڕانکارییە گەورانەی لەدوای ڕاپەڕینەوە هاتونەتەکایەوە. بەڵام وەک لەخاڵی یەکەمدا نیشانمدا ئەم بەرخۆرییە تەنها ئەم پێداویستییە کۆمەڵایەتییە دروستینەکردوە، بەڵکو سیاسەتێکی دیاریکراوی دەسەڵات و گەڕان بەدوای جۆرێک لە شەرعیەتی سیاسیشدا دروستیکردوە. بوونی بەرخۆری بە ئایدیۆلۆژیا لەپاڵ ئەو نەخشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەدا دروستبووە.

بەرخۆریی وەک ئایدیۆلۆژیا

وەک وتم بەرخۆریی لە کوردستاندا تەنها کردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە و کورتانکرێتەوە بۆ ئاکاری تایبەتی ئەم هێز یان ئەویتر بەتەنها، بەڵکو لەئاستی کردەگیدا بەشێکە لە چالاکی زۆربەی هەرەزۆری هێزە کۆمەڵایەتییەکان و لەئاستی ڕەمزیشدا بەرزبۆتەوە بۆ بوونی بە ئایدیۆلۆژیا، وەک وتم لە بەرخۆریی سادەوە بووە بە بەرخۆرییزم. کە باس لە بەرخۆرییزم دەکەم وشەکە بەمانا هەرە فراوانەکەی بەکاردەهێنم بەجۆرێک هێما بۆ سەرجەمی ئەو فیکر و هەڵسوکەوت و وێنە و زمانانە بکات کە هاریکاری و کۆمەک بە بەرخۆریی دەکەن و هانی گەورەبوون و بڵاوبوونەوەو بەردەوامبوونی ئەدەن، تا ئەو ڕادەیەی وەک بەش یان ڕەهەندێکی سەرەکی شوناسی ئەو کەسانە دەربکەوێت کە بەرخۆریی دەکەن. واتە وادەکەن بەرخۆریی ببێت بەبەشێکی گرنگی شوناس، بەجۆرێک لاوازبوون یان سنووردارببوونی ئاستی بەرخۆریی وەک لاوازبوون و نەمانی هەموو شوناس، یان چەند ڕەهەندێکی گرنگی ئەو شوناسە وێنابکەن. مەبەستم لە شوناس لێرەدا وێنەی ئینسانە لەسەر خۆی، وێنەیەک کە هەڵگری نرخاندنێکی بەهێزی ئینسانە بۆ مانا و نرخ و قورسایی بوونی خۆی وەک تاکەکەس و وەک ئەندامی کۆمەڵگا و گروپێکی دیاریکراو. بەرخۆرییزم بەم مانایە لەزۆر

شوێنی دونیادا ئامادەیە و بەشێوەیەكی قووڵیش بە پرۆسەی تازەبوونەوەی كۆمەڵایەتی و گەشەكردنی شێوازە جیاوازەكانی سەرمایەدارییەوە پابەستە.

كە دەستەواژەی ئایدیۆلۆژیا بەكاردەهێنم مەبەستم لەو مانا ماركسییە تەقلیدییەی ئایدیۆلۆژیا نییە كە یەكسانیدەكات بە وشیارییەكی ناڕاست و هەڵە، یان بە جۆرێك لە" وشیاری ساختە "كە پێیوایە ڕێ لە تێگەیشتنی" زانستیی "و" ڕاستەقینەی "دونیا دەگرێت. لەم نووسینەدا مەبەست لە ئایدیۆلۆژیا شتێكی ئاڵۆزترە لەوەی ئەو دیدە ماركسییە باسیدەكات. با هەر لەسەرەتاوە ئەوەش بڵێم كە ئایدیۆلۆژیا، وەك زۆرێك لە چەمكەكانی تری ناو زانستە كۆمەڵایەتی و ئینسانییەكان، چەمكێكی ئاڵۆزە و پێناسەكردنێكی یەكجاری هێجگار زەحمەتە، بە درێژایی مێژووی بەكارهێنانیشی بە شێواز و مانای جیاواز بەكارهاتووە و خراوەتە پەیوەندیی جیاوازەوە بە ئەفسانە و سیستمی عەقیدە و شێوازی چاوەڕوانی و دیدگای یۆتۆپی جیاوازەوە، هاوكاتیش بەستراوەتەوە بە تیورەی سیاسیی و بە جوڵە و گەشەی فیكرەوە، گرێدراوە بە بیروبۆچوونی نەگۆڕەوە، بە جیهانبینییەوە، بە دیدی ئەخلاقی و بەهایی تایبەتەوە. ئەم فرەبەكارهێنان و فرەمانایەیە وای لە كۆمەڵناسێك كردوە كە بڵێت ئایدۆلۆژیا" چەمكێكی فرەپارچە"بێت (Sartori 1969: 398).

وەک پێشتریش وتم لەم نووسینەدا من ئایدۆلۆژیا بەمانای ڕستێکی زۆری دەستەواژە و چەمک و وێنە بەکاردەهێنم کە لەلایەن خەڵکانێکی زۆری کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە بەکاردەهێنرێن بۆ باسکردنی خۆیان و باسکردنی حەز و ویست و ئارەزووەکانیان و بۆ تێگەیشتنیشیان لە دونیا و کۆمەڵگا و واقیع. ئایدیۆلۆژیادا لێرەدا جگە لە پێناسەکردنی واقیع بەشێوەیەکی دیاریکراو، پەیوەندی گروپ و تاکەکەس و هێزەکانی ناو کۆمەڵگایەکیش بەیەکەوە مەیسەردەکات و ڕۆڵێکی گرنگیش دەبینێت لە ڕەنگرێژکردنی چاوەڕوانییەکانی هەریەکێک لەوانەدا. لەمانەش بترازێت ئایدیۆلۆژیا لەم نووسیەندا وەک ورووژێنەری کۆمەڵێک هەست و سۆزیش بەکاردێت کە وا لە ئینسان دەکەن بەشێوەیەکی تایبەت هەڵسوکەوت بکات و پەیوەندی و هەڵوێستەکانیشی بەشێوەیەکی تایبەت نیشان و بەرجەستەبکات. (Fine & Sandstorm 1993: 21)

بەم مانایە ئایدیۆلۆژیا هەم مانای واقیعی و هەم مانای ڕەمزی و هەم مانای ئەخلاقی هەیە و هاوکاتیش مەیسەرکەری پەیوەندی نێوان تاکەکەس و هێزە کۆمەڵایەتییەکانە لەگەڵیەکدا، وەکچۆن یەکێکە لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی هەست و نەست و سۆزی کۆمەڵایەتی.

کە دەڵێم بەرخۆریی لە دونیای ئێمەدا بووە بە ئایدیۆلۆژیا دەمەوێت بڵێم بەرخۆریی بووە بەو گشتە ئاڵۆزەی سەرەوە، بووە بە بەشێک لەو زمانەی ئینسان بەهۆیەوە باسی خۆی و باسی دونیا و باسی ئەو

واقیعە دەکات کە تیایدا دەژی، بووە بە بەشێک لەو وێنانەی ئینسان لەڕێگایانەوە تەعبیر لە خۆزگە و ئارەزو و حەزەکانی دەکات، هەروەها بووە بە یەکێک لەو بنەما سەرەکییانەی کە پەیوەندی نێوان تاکەکان و گروپەکان بەیەکەوە ڕێکدەخات و هەست و سۆزی خۆشحاڵی و بەدبەختی، هەستکردن بە غەدر و چەوساندنەوە، یان دواکەوتن و پێشکەوتن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، نەک تەنها دەوروژێنێت، بەڵکو دروست و بڵاویشدەکاتەوە. بێگومان هەموو ئەمانە لەسایەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەدا لەو ساتەدا لەئارادان و لەسایەی ئەو ماوکێشانەی دەسەڵاتدا کە ئەو پەیوەندییانە هەم دروستیاندەکەن، هەم لەناویاندا کاردەکەن.

خاڵێک کە بەلامەوە گرنگە لێرەدا جەغتی لێبکەم مەسەلەی بەرهەمهێنەرانی ئەم ئایدیۆلۆژیا تازەیەیە لە کوردستاندا، ڕەنگە ئەوەی بەرخۆرییزم وەک ئایدیۆلۆژیا لە ئایدیۆلۆژیاکانی تر جیابکاتەوە بەرهەمهێنەرانی ئایدیۆلۆژیای بەرخۆریی بێت. ئایدیۆلۆژیاکانی پێشووتری دونیای ئێمە، لەوانە مارکسیزم، ناسیۆنالیزم، لیبرالیزم و تەنانەت ئیسلامیزم، هەموویان پرۆژەی ڕۆشنبیران بوون، واتە هەڵگر و بەرهەمهێنەر و بڵاوکەرەوەی ئەم ئایدیۆلۆژیانە ڕۆشنبیران بوون، لەکاتێکدا بەرمهێنەر و هەڵگر و بڵاوکەرەوەی بەرخۆرییزم دەسەڵاتە، ئەو نوخبە دەسەڵاتگەرەیە کە وڵاتەکە بەڕێوەدەبەن و بەرخۆرییان کردوە بەبەشێک لە ئامرازی بەخشینی ڕەوایەتی بە دەسەڵاتی خۆیان،

نەک ڕۆشنبیران. لە دونیای ئێمەدا بەدەگمەن نەبێت ڕۆشنبیرێک نادۆزینەوە بەرخۆرییزمی وەک فیکر و وەک وێنە و وەک پراکتیک و وەک زمان بە کۆمەڵگا فرۆشتبێت، یان بەرگری لە بەرخۆرییزم وەک ئایدیۆلۆژیا کردبێت، بەپێچەوانەوە وێنەی باڵادەستی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگای ئێمەدا وێنەی زاهیدێکی فیکری و مەعریفییە کە لەپێناوی هەقیقەت و جوانیدا دەژی و دوورە لەهەموو شتێک کە زیان بە کۆمەڵگا بگەیەنێت. بێگومان ئەم وێنەیە بۆ ڕۆشنبیر وێنەیەکی ڕۆمانسی و ناڕاستە، ئەو خاڵەی من دەمەوێت بەرگریلێبکەم ئەوەیە کە بەرهەمهێنەرانی ئایدیۆلۆژیای بەرخۆرییزم ڕۆشنبیران نین. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ڕۆشنبیران خۆشیان بەشێک نین لە پرۆسەی بەرخۆریی لە وڵاتەکەدا.

بەبۆچوونی من ڕۆشنبیران بەشێکی بەرچاوی ئەم دۆخی بەرخۆرییە جەماوەرییەن کە لە کوردستاندا دروستبووە و بەهەمانشێوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لەناو بەرخۆرییدا نووقمن. ئیدی لە کڕین و بەکارهێنانی سەیارەی گرانبەها و دروستکردنی سەیرانگا لەدەرەوەی شاردا و خواردنی قاوە و کاپاچینۆی ڕۆژانەوە بیگرە، بۆ کڕینی سێکس و چوونە ناو پەیوەندی سێکسی قاچاغی دابڕاو لەهەموو مانایەکی ئینسانی. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم نەبوونی پەیوەندی نییە لەنێوان بەرخۆریی و ڕۆشنبیراندا، بەڵکو ئەوەیە کە

ڕۆشنبیران بەرهەمهێنەر و بڵاوکەرەوەی ئەو ئایدۆلۆژیایە نین. بەبۆچوونی من ئەوەی بەرخۆریی بۆ ئاستی ئایدۆلۆژیا بەرزکردۆتەوە دەسەڵات خۆیەتی، دەسەڵاتە لەدۆخی بەگەڕخستنی ئەو ماشێنە گەورەیەدا کە وێنە و خەون و زمان و چاوەڕوانییەکان دروستدەکات، بەڕادەیەک یەکێک لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی دەزگا گەورەکانی دەسەڵات، بەتایبەتی میدیا و دوای ئەویش خۆنمایشکردنی بەردەوامی دەسەڵات خۆی لەناو کۆمەڵگادا، بریتییە لە گۆڕینی بەرخۆریی بۆ ڕەمزی سەرکەوتن و بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵایەتی و بەختەوەریی تاکەکەسی.

واتە کردنی بەردەوامی بە ئایدۆلۆژیا و بڵاوکردنەوەی ئەم ئایدۆلۆژیایە بەناو هەمو کونوقوژبنێکی کۆمەڵگادا. هەر ئەمەیە وادەکات بەرخۆرییزم وەک ئایدیۆلۆژیا زیاتر لەسەر وێنە و وروژاندنی هەست کاربکات، زیاتر لەڕێگای ریکلام و دیمەنی تەلەفیزۆنی و ئاکاری کۆمەڵایەتییەوە خۆی نیشانبدات و ببێت بەبەشێک لە دیمەنە باڵادەستەکانی ناو فەزای گشتی، نەک لە ڕێگای تێکست و نووسین و بەرخوردی فیکری و تیورییەوە. ئەمە وایکردوە ئایدیۆلۆژیای بەرخۆرییزم هەم ئایدۆلۆژیایەکی سادەبێت و بەپلەی یەکەم لەسەر بەرهەمهێنانی وێنە کاربکات، هەم پێویستی بە ڕۆشنبیران نەبێت بۆبەرهەمهێنانی. بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم ئایدۆلۆژیایە ئەوەندەی پێویستی بە فۆتۆگرافەکان و بە ریکلامەسازەکانە، ئەوەندە

پێویستی بە ڕۆشنبیران نییە. ڕەنگە یەکێک لەو هۆکارانەی کە وادەکات ئەمڕۆ فۆتۆگرافی لە کوردستاندا، بەبەراورد بە سەردەمەکانی پێشوتر، برەوێکی بەرچاوی هەبێت، پەیوەندی بە پێویستی ئەم مۆدێلەیە لە دەسەڵاتەوە بە وێنە هەبێت. زمانی سەرەکی ئەم دەسەڵات بەرەو ئەوەدەچێت کەمتر زمانی قسەکردنبێت بە تێکست و زیاتر زمانی خۆنمایشکردنبێت لەڕێگای وێنەوە.

هاوکات ڕەهەندێکی جیهانی و گلۆباڵی بەرخۆرییش هەیە کە ئەم وێنە و ورووژانە ناوەکییانە لەڕێگای وێنە و ورووژانی دەرەکییەوە بەهێز و بارگاوی دەکات و پێگەی ناوەکی بەرخۆرییزم وەک ئایدیۆلۆژیا بەهێزتر و بەرفراوانتر دەکات. تێکەڵبوونی ئایدیۆلۆژیای بەرخۆریی ناوەکی بە وێنە و نمایشەکانی بەرخۆریی دەرەکی بەشێکە لە تێکەڵبوونی دیاردە گەردونییەکان بە دیاردە ناوچەیی و لۆکاڵییەکان کە ئەمڕۆ پرۆسەی بەجیهانیبوون مەیسەری دەکات بەمەش ورژاندنە ناوەکییەکانی بەرخۆریزم بە وێنە و نمایشە دەرەکییەکان بەهێزتر و چڕتر و قووڵتر دەکرێنەوە. وەک کۆمەڵناسێکی گەورەی بریتانی دەڵێت بەرخۆرییزم" چەندەها وێنە و ئاماژە و ڕەمز بەکاردەهێنێت کە دەبنە مایەی دروستبوون و کۆکردنەوەی خەون و حەز و فانتازیا بەیەکەوە. ئەمانەش جۆرێک لە ڕەسەنایەتی ڕۆمانسییانە پێشنیاردەکەن و تێرکردنی هەست و ئارەزووەکانیش بەشێوەیەکی نەرجسییانەی وا

ئەنجامنەدەن کە وادەکەن ئینسان بەخۆی موعجیب ببێت تا بەوانیتر " (Featherstone 1991: 19). بەکورتی بەرخۆرییزم لە دوا دەرەنجامدا لەسەر دروستکردنی تاکێک کاردەکات کە بەخۆی موعجیببێت و لەڕێی بەرخۆرییەوە هەست بەوەدەکات کە کەسایەتی خۆی دروستدەکات و شوناسێکی ڕۆمانسییانە بەخۆینەدات. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بەدرێژی لەسەر ئەم خاڵە دەوەستین.

ئاشکرایە ئایدیۆلۆژیای بەرخۆرییزم بەو مانایانەی لەسەرەوە باسمکرد ئایدیۆلۆژیایەکی نوێیە لە دونیای ئێمەدا، ئەگەرچی دەکرێت ئاستێکی نیمچەبەرزی بەرخۆریی لای ئەم یان ئەو گروپی کۆمەڵایەتی لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا بدۆزینەوە، واتە دەکرێت جۆرێک لە کردە و ئاکاری بەرخۆرییانە لەپێش ئەم دەیەدا بدۆزینەوە، بەڵام بوونی بەرخۆریی بە ئایدیۆلۆژیایەکی جەماوەری بەرفراوان، تەنها لە دونیای دوای کەوتنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەیندا مەیسەربوو، دونیایەک تیایدا پارەی نەوت و کردەی سیاسەت بە توندی بەیەکتری تێکەڵبوون و دەسەڵاتدارانیش بتوانن بەهۆی پارەی نەوتەوە بەرخۆریی هەم وەک پراکتیکی جەماوەری و هەم وەک ئایدیۆلۆژیا دروست و گەشەپێبدەن.

بەکورتی ئەگەر ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژیای باڵادەستی کۆمەڵگای ئێمەی قۆناغی بەر لە کەوتنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەین بێت، ئەوا بەرخۆرییزم ئایدیۆلۆژیای باڵادەستی ئەمڕۆیە. کۆمەڵگای ئێمە لە

سەدەی بیست و یەکەمدا بە پلەی یەکەم لەگەڵ پراکتیک و ئایدیۆلۆژیای بەرخۆرییدا دەرگیرە، تا هەر ئایدیۆلۆژییایەکی تر بە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسیشەوە. بەرخۆریی لەهەمووشێنێک و لەهەموو ئاستێک و لای سەرجەمی هێز و چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئامادەیە. ئەم گۆڕانەش گۆڕانێکی سادە نییە، شتێک نییە بێکاریگەری و بێدەرەنجام تێبپەڕێت، بەپێچەوانەوە ئەم گۆڕانە کاریگەری گەورە لەسەر زیاد لە ئاستێک لە ئاسەتکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی و فەرهەنگی بەجێدەهێڵێت. با سەرەتا سەرنج لە دەرەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەم گۆڕانکارییە بدەین.

بەرخۆریزم وەک دیاردەیەکی نێگەتیف

بەشێکی زۆری ئەو ئەدەبیاتەی لە فیکری کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و فەلسەفیدا لەسەر بەرخۆرییزم نووسراوە وێنەیەکی هێجگار نێگەتیف بۆ ئەم دیاردەیە دەکێشن. من لێرەدا هەوڵئەدەم زۆر بەگشتی هەندێک لە دیمەنەکانی ئەو وێنە نێگەتیڤە بەیەکەوە کۆبکەمەوە.

یەکەم: بەرخۆرییزم جۆرێکی تایبەت لە بەتاکەکەسبوون دروستدەکات کە ئاکاری سەرەکی خودئەڤینیە، واتە نەرجسیەتێکی پەرگیرە، هەروەها جۆرێک لە تاککەگرایی پەرگیر دروستدەکات کە بە عەقڵیەتی" لێمگەڕێ بژیم"،" وازملێبێنە بەرخۆربم "دەژی. ئەم دوو ئاکارەش وادەکەن هەستکردنی ئینسان بە وەفاداری و توانای بۆ تەحەمولکردنی هەندێک زەحمەتی ناو پەیوەندییە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەگی بۆ خەمخواردن بۆ ئەویدی، بەتەواوی لاوازببێت.

دووهەم: ئەم دۆخە نەک تەنها هاریکاری و هاودەمی کۆمەڵایەتی لاوازدەکات، بەڵکو دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی بەشێکی زۆری ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایاتییانەش کە پێکەوەبوونێکی کۆمەڵایەتی پلورال و ئارام پێویستی پێیەتی. لەم ئاستەشدا بەرخۆریی دەسکارییەکی گەورەی ئەخلاقیاتی ژیانی ڕۆژانە دەکات و بە ئاقاری خودویستییەکی

پەرگیر و ترسناکدا دەبیات. وادەکات بیستن و بینینی دەنگی ئەوانەی دۆخیان باشنییە، ئەوانەی ناتوانن بەرخۆربن، ئەوانەی پێویستیان بە هاودەردی و هاریکاری و مشورخواردن هەیە، ئەوانەی لەرووی کۆمەلآیەتییەوە لەدواوەن و پەراوێزن، نەبینرێن و نەبیسترێن و بەویست و بێویست پشتگوێبخرێن. ئەمەش رەچەتەیەکی گەورەی دروستبوونی پشێوی کۆمەلآیەتییە.

سێهەم: ئەم دۆخی بەرخۆرییە وادەکات ئاستی کولتور و هونەر و مۆسیقا و ئەدەبیات و نووسین بەڕادەیەکی ترسناک دابەزێت و ئەوەی "زەوقی گشتی "دەیخوازێت، ئەوە بگوترێت و بنووسرێت و لێبدرێت و نیشانبدرێت. بەمانایەکی دیکە، بەرخۆریزم ڕەهەندی ئیستاتیکی لە کەسایەتی ئینساندا وێران یان بەتەواوی لاوازکردوە. ئەمە جگە لە دروستکردنی هەڕەشەی گەورە و شێلگیر بۆسەر تواناکانی تەحەمولکردنی زەوی بۆ ئەو بەرخۆرییە بێسنوورەی ئەمڕۆ هەیە و لەئارادایە.

چوارەم: ئەم دۆخە وادەکات ڕەهەندی سیاسی لە ئینساندا بکوژرێت و کۆمەڵگا بەتاڵبکرێتەوە لە سیاسەت وەک چالاکییەکی دەستەجەمعی و وەک چالاکییەکی تاکەکەسی کە کار لەسەر گۆڕانی دونیا و باشترکردنی دەکات. لەشوێنی ئەمەدا جۆرێک لە ناچالاکبوون و پەسیڤبوونی کۆمەلآیەتی و سیاسی دروستبکات، کە وەک لەمپەرێکی

گەورە لەبەردەم هەر هەوڵێکی ڕاستەقینەی گۆڕانکاریدا دەوەستێت.

ڕەنگە لەئاستی تیوریدا" قوتابخانەی فرانکفۆرت "یەکێک لەو قوتابخانە و ئاراستە فیکرییە گرنگانە بێت کە ئەو دیدە ڕەخنەییەی سەرەوە بۆ بەرخۆرییزم نیشان و بەرجەستەدەکات. با سەرنجێکی خێرا لە هەندێک لە بۆچوونە گشتییەکانی قوتابخای فرانکفۆرت لەسەر دیاردەی بەرخۆریی لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکاندا بدەین.

ڕەخنەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە بەرخۆریی

ڕەنگە لە فیکری کۆمەڵایەتی و ڕەخنەیی هاوچەرخدا کەس هێندەی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەتایبەتی ئەوەندەی ئەدۆرنۆ و هۆرکهایمەر و هێربەرت مارکۆزە، ڕەخنەیان لە بەرخۆرییزم نەگرتبێت، ترسیان لە پەرەسەندنی کولتوری بەرخۆریی نەبووبێت و بەیەکێک لە سەرچاوە هەرە سەرەکییەکانی هەژاریی فیکری و ئیستاتیکی و ڕۆحی ئینسانی ئەم سەردەمەیان نەزانیبێت. ئاکاری سەرەکی قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕەخنەیەکی هەمەلایەنە لە سەرجەمی دەرکەوتەکانی ژیان و کولتور لە کۆمەگا مۆدێرنەکان، کۆمەڵگایەک کە ئەوان وەک کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری یان پیشەسازی بەرخۆر وێنایدەکەن. ڕەخنەی فرانکفۆرتییەکان لە ڕەخنە لە ڕۆشنگەرییەوە دەستپێدەکات و بەدونیا و کولتوری بەرخۆریی کۆمەڵگا هاوچەرخەکان دەگات (Bottomore 2002)

تێزی سەرەکی ئەم قوتابخانەیە ئەوەیە کە گەشەکردنی دونیای مۆدێرن لەباتی ئەوەی ئینسانی ئازادکردبێت، ئینسانی گەمارۆداوە و هەموو ئازادییەکی ڕاستەقینەی لێسەندۆتەوە، بەڕادەیەک مرۆڤی ئەم کۆمەڵگایانە بوون بە مرۆڤێک لە ئازادی بترسن و لەئازدی ڕابکەن. لەمەش بترازێت فرانکفۆرتییەکان باس لەوەدەکەن ئەو توانای وێرانکاری و ڕوخانەی لە دونیا و زانستی مۆدێرندا ئامادەیە، زۆر لە

توانای ئازادکردنی ئینسانەکان بەهێزتر و هەمەلایەنترە. ئەمەش دونیای کۆمەڵگا پیشەسازییەکانی لەبەردەم ئەگەری وێرانبوونێکی سەرتاسەریدا داناوە. لەدیدی فرانکفۆرتییەکاندا ئەوەی ڕێ لەوەدەگرێت ئینسانی ئاسایی هەست بەم مەترسییانە بکات و وشیارییەکی ڕەخنەیی لادروستببێت، ئەو هەموو فشار و قەیدەش لەسەر ئازادییەکانی ببینێت، بەرخۆرییە. بەرخۆرییە کە بووە بە کولتورێکی جەماوەری بەرفراوان و لەهەموو ئاستێکی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا ئامادەیە. ئەم تێزە ڕەشبینە بەشێوازی جیاواز لە نووسینی زۆربەی هەرەزۆری فرانکفۆرتییەکاندا ئامادەیە، ئەم بەرپرسکردنەی بەرخۆرییش لای زۆربەیان یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی ڕەخنەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییان.

لەڕاستیدا فرانکفۆرتییەکان لە ئاستی ڕەخنەکردنی بەرخۆرییدا بەشێکی زۆری بیروبۆچوونەکانی مارکس لەبارەی" فیتیشیزمی شتومەکەوە "وەردەگرن و گەشەی پێئەدەن. تیورەی" فیتیشیزمی شتومەک "لای مارکس تیورەیەکی سادەیە و دەیەوێت بڵێت ئینسان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئارەزوی شتومەک و کەرەستەکان ناکات لەبەر نەوعیەتی ئەو شتومەکانە، یان لەبەر سودی ناوەکی بەکارهێنانیان، بەڵکو حەز لە بوونیان دەکات چونکە بوونیان بووە بە هێما و ڕەمزی هەندێک بەهای کۆمەڵایەتی بەرز و تایبەت لە کۆمەڵگادا. واتە شتومەکەکان لەوەدەرچوون تەنها شتومەک بن بەڵکو

بوون بە هێما و ڕەمز بۆ کۆمەڵێک شتی تر کە لەدەرەوەی شتومەکان خۆیاندا ئامادەن. بۆنموونە بوون بە هێما بۆ شوێن و جێیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا، بۆ بەختەوەربوونی خاوەنەکانیان... هتد.

لە پەیوەندیدا بەو دیدەی مارکسەوە بۆ" فیتیشیزمی شتومەک "تێزی سەرەکی فرانکفۆرتییەکان بەمجۆرەیە. کۆمەڵگای سەرمایەداری کۆمەڵگای بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێشومار شتومەکە، ئینسان پێویستی بەم شتومەکانە نییە، بەڵام سەرمایەداری دەتوانێت لەڕێگای ریکلامی زۆر و بەرهەمهێنانی جەماوەریی بێشومارەوە، وایان نیشانبدات وەک ئەوەی شتومەکی هێجگار پێویستبن، ئینسان بەبێ بوونی ئەوان نەک نەتوانێت بژی بەڵکو نەتوانێت بەختەوەربێت و بەها و نرخێکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی ئەوتۆشی نەبێت. هاوکات سەرمایەداری بەردەوام خەریکی دروستکردنی" پێداویستی درۆ و ساختەیە "و وا لە ئینسان دەکات هەمیشە خەریکی کارکردنبێت بەمەبەستی دابینکردن و تێرکردنی ئەو پێداویستییە دروستکراو و ساختانە. بەبۆچوونی فرانکفۆرتییەکان گەشەکردنی ئابوریی بەردەوام و سەرقاڵکردنی ئینسان بە بەرخۆریی و بە دەستەبەرکردنی ئاستێکی بەرز لەو بەرخۆرییە، دۆخێک دروستدەکات تیایدا کاری شۆڕشگێڕانە بۆ ژێرەوژوورکردنەوەی سیستمی سەرمایەداری زەحمەت یان مەحاڵبێت و هەموو هێزە کۆمەڵایەتییەکان، بە چینی

کرێکاریشەوە، ببن بەبەشێک لە سیستەمەکە و لەناویدا عاقڵانە و دەستەمۆکراو و بێکردەی شۆڕشگێڕانە، دابنیشن. بەکورتی ئەوەی بەرخۆریی لەدوا دەرەنجامدا لەئاستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکەیدا دروستیدەکات، ئینسان و کۆمەڵگایەکی کۆنترۆڵ و ئاراستەکراوی بێکردە و هەولی ڕاستەقینەی شۆڕشگێڕانەیە .(Marcuse 1992)

لەدیدی فرانکفۆرتییەکاندا ئەو ئامرازە سەرەکییەی ئەم پرۆسەی کۆنترۆڵ و ئاراستەکردنەی کۆمەڵگا ئاسانتر و مەیسەردەکات، میدیای نوێ و کولتوری میلی، یان" پۆپ کولتور"ە. ئەم میدیا و کولتورە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە ئاوساندنی ئارەزوەکانی ئینساندا بۆ بەکارهێنانی شتومەکە بەرهەمهێنراوەکان، کە وەک وتم، فرانکفۆرتییەکان وەک پێداویستییەکی دروستکراوی ساختە وێنایدەکەن و سیستەمەکەش لەپێناوی قازانجی بەردەوامبوونی خۆی و ڕێگرتن لە کردەی شۆڕشگێڕانەی دژ بە سیستمدا دروستیکردون. بەبۆچوونی فرانکفۆرتییەکان مەترسی کاریگەرییەکانی سیستەمەکە لەوەدایە کە توانیویەتی دابەزێت بۆ ئاستی بەجێهێشتنی کاریگەری گەورە لەسەر "بێئاگایی "ئینسان، بەجۆرێک ئینسانەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بێبیرکردنەوە کڕین و هەبوونی ئەو شتانە بەپێویست بزانن و هەبوون و بەکارهێنانیان وەک بەبەشێکی دانەبڕا و سروشتیی ژیان وێنابکەن. بەکڕین و بەکارهێنانی شتومەکەکانیش ئینسان بەشێوەیەکی خۆخەڵەتێنەرانە هەستێکی ساختەی بە بەختەوەری لەلا دروستببێت و

وابزانێت کڕینی ئەو شتومەکانە بەختەوەریکردوە و بەختەوەریدەکات. هەستکردنی ئینسانیش بەم بەختەوەرییە ساختەیە وادەکات نەتوانێت ئەو هەموو نادادپەروەری و خراپەکاری و مەترسییانە ببینێت کە سیستمەکە بەرهەمیاندەهێنێت و بڵاویاندەکاتەوە، یان گەر تەنانەت توانای بینین و هەستپێکردنیشیانی هەبوو، لەباتی ئەوەی بیانگۆڕێت، هەوڵبدات خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێت و وەک بەشێک لە ژیان قبوڵیانبکات.

وەک وتم فرانکفۆرتییەکان ڕۆڵێکی هێجگار گەورە بە کولتور و میدیا دەبەخشن لە پاراستنی ئەم دۆخەدا. بۆیە لەباتی ئەوەی باس لە کولتور بکەن وەک دیاردەیەکی تاکەکەسی، باس لە" پیشەسازی کولتور "دەکەن وەک دیاردەیەکی میکانیکی. لای فرانکفۆرتییەکان کولتور وەک هەموو شتەکانی تر بووە بە پیشەسازی، بووە بە شتومەک و ئامانج لێشی بەدەستهێنانی قازانج و پاراستنی سیستمەکەیە، نەک وشیارکردنەوەی ئینسان و دەوڵەمەندکردنی دونیا ناوەکییەکەی و بەرهەمهێنانی وشیارییەک گۆڕانخواز و شۆڕشگێڕ "پیشەسازی کولتور "و میدیا یارمەتی سیستمەکە ئەدەن دەسەڵاتی ئایدۆیۆلۆژی خۆی و پێداویستییە فیکری و دەروونییەکانی بەردەوامبوونی بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبکاتەوە و وەک پێدراوێکی سروشتی و ئاسایی لەناو ئینسانەکاندا بیانچێنێت. بۆچوونەکانی

ئەدۆرنۆ لەسەر" مۆسیقای پۆپ"، یان" مۆسیقای میلی "ئەمریکیی، بەباشی ئەم خاڵەمان بۆ ڕووناکدەکاتەوە (Adorno 2002).

ئەدۆرنۆ ڕقێکی تایبەتی لە مۆسیقای پۆپە و بەیەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی هەژاربوونی ڕۆحی ئینسانی ناو کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی دەزانێت. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە ئەدۆرنۆ بەراوردێک لەنێوان مۆسیقای میلی ئەمرۆکە و مۆسیقای کلاسیکیدا دەکات و مۆسیقای کلاسیکی زۆر بە بەرزتر و بە مانادارتر دادەنێت و دەنرخێنێت. ئەدۆرنۆ پێوایە مۆسیقای کلاسیکی بۆ نوخبەیەکی بچووک لێئەدرا کە توانای چێژوەرگرتنیان لە هونەری باڵا هەبوو، بەڵام مۆسیقای پۆپ، بەشێکە لە" پیشەسازی مۆسیقا"ی دونیای سەرمایەداری و ئامانجی سەرەکیش لێی چێژوەرگرتنی هونەری نییە، بەڵکو فرۆشتنی زۆرترین کاسێتی ئەو مۆسیقا و گۆرانیانەیە. واتە ئەوەی ئەم مۆسیقایە ئاراستە دەکات ئیستاتیکا نییە، بەڵکو بازرگانییە. بۆیە" پیشەسازی مۆسیقا "بەگشتی و مۆسیقای پۆپ بۆ زۆرترین فرۆش، ڕوودەکەنە زۆرینەی کۆمەڵگا، نەک ئەو نوخبەیەی کە زەوقی مۆسیقییان هەیە. ئەمەش مانای ئەوەی ڕوودەکەنە خەڵکی سەر بە چینەکانی خوارەوە، ئەوانەی، بەبۆچوونی ئەدۆرنۆ، زەوقی هونەریان گەشەینەکردوە و ناتوانن چێژی ڕاستەقینە لە مۆسیقا ببینن. ئەمە وایکردوە مۆسیقای پۆپ پڕبێت لە سۆزفرۆشییەکی ڕووکەش و بێناست و بێناوەرۆک، ئەوەی بە ئینگلیزی پێیدەگوترێت سێنتەمێنتالیزم. واتە ئەم مۆسیقایە لەسەر عاتیفەیەکی سادەی

گەشەنەکردوو کاردەکات کە مۆسیقاکە لە گوێگردا دروستیدەکات و هەستێکی درۆزنانە و بێقوڵایی بەتاکەکەسبوونیشی پێدەبەخشێت. لای ئەدۆرنۆ ئەم مۆسیاقەیە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا ڕۆڵی ئەو" چیمەنتۆ کۆمەڵایەتییە "دەبینێت کە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە گرێئەدات و ناهێڵێت کۆمەڵگای سەرمایەداری لەبەریەک هەڵبوەشێتەوە. لەدیدی ئەدۆرنۆدا هەموو ئەم شتانە وادەکەن هەم ئاستی مۆسیقاکە بەتەواوی بێتەخوارەوە و هەم مۆسیقا ببێت بە ئامرازێکی گرنگی مانەوەی سیستمەکە. ئەدۆرنۆ بەوەوە ناوەستێت تەنها ڕەخنە لە مۆسیقای پۆپ بگرێت، بەڵکو ڕەخنە لەو جەماوەرەش دەگرێت کە گوێ لەم مۆسیقایە دەگرن و بە" منداڵێکی بێزەوق "ناویاندەبات. بەبۆچوونی ئەدۆرنۆ مۆسیاقی پۆپ مێشکی گوێگرەکان دەشواتەوە و بەتاڵیان دەکاتەوە لەهەر وشیارییەکی ڕەخنەیی ڕاستەقینە، بە کوردییەکەی گێل و بێمێشکیان دەکات. ئەدۆرنۆ ئەم مۆسیقایە وەک یەکێک لەسەرچاوە هەرە سەرەکییەکانی ڕێگرتن لە دروستبوونی وشیارییەکی ڕەخنەیی شۆڕشگێڕانە نیشانئەدات. (Adorno 1941).

ئاشکرایە ئەوەی ئەدۆرنۆ لەسەر مۆسیقای میللی، یان مۆسیقای پۆپ، دەیڵێت پڕە لە موبالەغە و ناڕاستی و لەدیدێکی نوخبەوی هێجگار بەرتەسک و لە تێگەیشتنێکی تەواو نوخبەوییەوە بۆ مۆسیقا و بۆ چێژوەرگرتن نووسراوە. ئەدۆرنۆ لێرەدا وەک داوەرێکی بێڕەحم و لەڕاستیدا

دەسەڵاتگەر داوەریدەکات و ئەوەی لەگەڵ زەوقی خۆیدا نەگونجێت، بە ناڕاست و بێئاست و بێزەوقناویدەبات.

لەسەر هەمان نەغمەی ئەدۆرنۆ، هێربێرت مارکۆزە، بەتایبەتی لە کتێبی" مرۆڤی تاکڕەهەند"دا، ڕەخنەیەکی توند و هەمەلایەنی لە کۆمەڵگای بەرخۆریی و خودی بەرخۆریی دەگرێت و دروستبوونیان وەک دیاردەیەکی ترسناک ناودەبات. لەدیدی مارکۆزەدا بەرخۆریی لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکاندا جۆرێکی نوێی لە ئینسان یان تاکەکەس دروستکردوە کە نە توانای ئەنجامدانی کردەی شۆڕشگێڕی و نە توانای چێژوەرگرتنی لە جوانی هەیە. بە مانایەکی تر بەرخۆریی لەیەککاتدا هەم ڕەهەندی سیاسی و هەم ڕەهەندی جوانکاری لە ئینساندا کوشتوە. کۆمەڵگا پیشەسازییەکان لەڕێگای بەرخۆرییەوە چەندەها" پێداویستی ساختە"یان دروستکردوە و کاری ئەم" پێداویستییە ساختانە"ش ئەوەیە ئینسان لەناو سیستمی سەرمایەداریدا نوقم و بێهۆشبکەن. بۆئەمەش هەموو تواناکانی میدیای هاوچەرخ و ریکلام و چەندان تیورەی کارگێڕی و تەکنیکەکانی مێشکشۆرینەوە و ئاراستەکردن بەکاردەهێنن(Marcuse 1992).

مارکۆزە بەرخۆرییزم وەک شێوازێکی بەهێزی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی وێنادەکات و پێیوایە ئەوەی زەوق و حەز و پێداویستییەکانی ئێمە ئاراستەدەکات، کۆمەڵێک کەسانی زۆر کەمن، کە سەرپەرشتی ریکلام بۆ شتومەکەکان دەکەن. بەبۆچونی مارکۆزە ئەم گروپە بچووکە هیچ

توانایەکی هەڵبژاردن لە ئێمەدا ناهێڵێتەوە تەنها توانای هەڵبژاردن نەبێت لەنێوان ئەم یان ئەو شتومەکەدا و یەکسانکردنی کڕینی ئەو شتومەکانەیش بە بەختەوەریی . (Marcuse 1992: 3)

هەڵبەتە من لێرەدا شوێن و جێی ئەوەم نییە سەرجەمی ئەو ڕەخنە زۆر و فرەلایەنانە باسبکەم کە لەم دیدەی فرانکفۆرتییەکان بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری و بۆ مۆسیقا و بۆ کولتوری میلیی و بۆ تاکگەرایی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا باسبکەم. بۆ نموونە دیدی هێجگار نێگەتیڤی و نوخبەوی ئەدۆرنۆ بۆ مۆسیقای پۆپ و بۆ بەجەماوەریبوونی کولتور بە دیدێکی کراوەتر و دیموکراسییانەتری وەک دیدی واڵتەر بنیامن بەراوردبکەم. هاوکات کاتی ئەوەم نییە نیشانیبدەم کە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت گشتگیری و ناکۆنکریتی بەشکی گرنگی تێزەکانی ئەم قوتابخانەیەیە، چونکە ڕەخنەی کۆمەلایەتی کاتێک مانادارەبێت کەی بتوانێت ئەو ئەگەرە مێژوویی و توانا شاراوە و بەرچاوانەی بەرگریکردنیش نیشانبدات کە لە کۆمەڵگادا ئامادەن. بەشێکی گرنگی تێزەکانی قوتابخانەی فراکنفۆرت سەر بەوجۆرە تێزانەیە کە لە زمانی زانستیدا پێیدەڵێن speculative، یان مەزەنەگەریی، لەکاتێکدا ئەوەی لە ڕەخنەی کۆمەلایەتی زانستی چاوەڕواندەکرێت، بوونی تیورەیەکی مێژووییە کە پایەکانی لە پەیوەندییەکی پتەودابن بە نیشاندانی ئەگەرەکانی

گۆڕانکارییەوە لە کۆمەڵگادا. ئەوەی لەلاپەڕەکانی پێشودا بەلامەوە گرنگ بوو نیشانیبدەم، ئەو دیدە نێگەتیڤە گشتگیر و ڕەخنە فرەلایەنەیە کە فرانکفۆرتییەکان بۆ بەرخۆریی و بۆ بەجەماوەریبوونی شتومەکیان هەیە، هاوکات بۆ توانا و کاریگەریی بێوێنە و هەمەلایەنی بەرخۆریی لەسەر وشیاری ئینسان هەیانە. وەک خوێنەر دەبینێت لەدیدی فرانکفۆرتییەکاندا شتێکی پۆزەتیڤ لەسەر دیاردەی بەرخۆریی نادۆزینەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو ئەوان بەرخۆریی بە نەخۆشی هەرە گەورەی دونیای مۆدێرن دەزانن.

ئەوەی لە چەند لاپەڕەی داهاتوودا دەمەوێت نیشانیبدەم ئەوەیە کە ئەم ڕەفزە ڕادیکاڵ و بنەڕەتییەی فرانکفۆرتییەکان بۆ بەرخۆریی و کورتکردنەوەی بۆ دیاردەیەکی نێگەتیڤ و ترسناک، وادەکات هەندێک ئەگەر و ڕەهەندی پۆزەتیڤ نەبینین کە دەشێت بەرخۆریی لە رەوتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و لە سەردەمانێکی مێژوویی تایبەتدا بیانخاتە بەردەستی ئینسان و کۆمەڵگا، بۆ گواستنەوە لە کولتورێکەوە بۆ کولتورێکی دیکە و لەشێوازێکی تایبەتی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتییەوە بۆ شێوازێکی تر. بۆ نموونە دروستبوونی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی نوێ کە یەکەی سەرەکی تیایدا، یان لانیکەم یەکێک لە یەکە سەرەکییەکان، تاکەکەس بێت، نەک بۆ نموونە پێدراوە تەقلیدییە دەستەجەمعییەکانی وەک خێزان و بنەماڵە و حیزب و دروستکراوی دستەجەمعی تری لەم بابەتە. بەبۆچوونی من ئەگەرچی بەشێکی گرنگی

ڕەخنەی فرانکفۆرتییەکان لە کۆمەڵگای بەرخۆریی جەماوەری ڕەخنەی گرنگ و ڕاستەقینەن، بەڵام ئەو حوکم و داوەرییە گشتگیر و ڕەهاییەی لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگای بەرخۆرییەوە گوزارشتی لێدەکەن، داوەری ناڕاست و نازانستییە، لەڕاستیشدا داوەری و حوکمێکی هێجگار سادە و بێقوڵایی و پڕ موبالەغەشە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە دەمەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ هەندێک دیدی فیکری تر ڕابکێشم کە دیاردەی بەرخۆریی بە ڕەهایی بە دیاردەیەکی نێگەتیڤ نازانێت و هەندێک ئەگەری پۆزەتیڤ لەناو ئەم دیاردەیەدا دەبینێت، ئەم دیدانە تا ئەو شوێنە دەڕۆن کە بڵێن هەندێک ڕەهەندی دیموکراسی و تاکگەرایی گرنگ هەن کە بەرخۆریی دەتوانێت ڕۆڵ لەدروستبوون و بەهێزکردنیاندا ببینێت. من بۆ ئەم مەبەستە دەمەوێت زۆر بە کورتی هەندێک لە بۆچوونەکانی فەیلەسوفی هۆڵەندی هاری کونەمان دەربارەی بەرخۆریزم نیشانبدەم کە لە پازدە ساڵی ڕابردوودا لە زیاد لە کتێبێکدا بەوردی دەربیبڕیون و کاری لەسەرکردون (Kunneman 1998, 1996).

بەشێوەیەکی گشتی کارەکانی ئەم فەیلەسوفە هۆڵەندییە دژ بەو "ڕەشبینییە کولتورییە "دەجەنگێت کەبەشێکی بەرچاوی فیکری ڕەخنەیی و فیکری چەپگەریی فرانکفۆرتییەکان و ئەوانی دوای فرانکفۆرتییەکانن. ئەوەی کونەمان دەیەوێت نیشانیبدات، بەبێ نکوڵیکردن لە ڕووە ترسناکەکانی دونیای ئەمڕۆ، ڕەهەند و ئەگەرە

پۆزەتیڤ و گرنگەکانی ناو ئەم دونیایەیە. پەرینەوەیە لە ڕەشبینییەکی هەمەلایەنەوە بۆ بەرگریکردن لەو ڕەهەند و ئەگەرانەی گەشبینی کە لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆدا ئامادەن. لەمەشدا بەردەوام لە فەلسەفەوە دەگوازێتەوە بۆ کۆمەڵناسی و لە کۆمەڵناسیشەوە دەچێتەوە ناو فەلسەفە. لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ دیاردەی بەرخۆریی، تێزی سەرەکی ئەم فەیلەسوفە هۆڵەندییە ئەوەیە کە بەرخۆریی سەرباری ڕەهەندە نێگەتیڤەکانی، هەندێک ڕەهەندی پۆزەتیڤیشی هەیە. ئەم ڕەهەندە پۆزەتیڤانەش لەوەدا بەرجەستەن کە بەرخۆریی دەتوانێت هاریکاری ئینسان بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لەو جەبر و فشارە دەستەجەمعیی و کۆییانە ڕزگاریببێت کە ڕێگرن لەبەردەم گەشەکردنی ئینساندا بۆ تاکەکەسێکی سەربەخۆ و ئازاد، بێگومان سەربەخۆیی و ئازادییەکی ڕێژەیی. هەروەها بەرخۆری لەدیدی ئەم فەیلەسوفەدا دەتوانێت هاریکاری ئینسان بکات بۆئەوەی لە کولتورە" چەترئاسا " دەستەجەمعی و تەقلیدییە ڕزگاریببێت کە دەیەوێت تاکەکەسەکان بهێنێتە ژێر چەترەکەی خۆیەوە و داوەری و نرخاندنیشی هەبێت لەسەر ورد و درشتی ژیانی تاکەکەسییان، کولتورێک وەک کونەمان نیشانماندەدات تا شۆڕشی گەنجانی ساڵی ١٩٦٨ ڕەهەندێکی زۆربەهێزی کولتوری کۆمەڵگا ئەوروپییەکان بووە. کونەمان پێیوایە بەرخۆری دەتوانێت ئەم کولتورە دەستەجەمعییە پڕ فشار و زۆربۆهێنانە بگۆڕێت و لەشوێنی ئەودا کولتورێکی نوێ پایەداربکات کە تاکەکەس تیایدا بتوانێت

خۆی ژیان و حەز و ویستە جیاوازەکانی خۆی دەستنیشانبکات و پارمەتیشی بدات دونیایەکی تایبەت بەخۆی دروستبکات. کونەمان ئەم کولتورە نوێیە ناو دەنێت کولتوری" ۆکمان. (Kunneman 1996) "

لەدیدی ئەم فەیلەسوفە هۆڵەندییەدا گەشەسەندنی ئابوری و گەورەبوونی بازاڕ و زیادبوونی توانای بەرخۆریی ئەگەری بە تاکەکەسبوون گەورەتر و فراوانتر دەکەن و کۆنترۆڵی گروپ و هێزە تەقلیدییەکانی تری کۆمەڵگا، کۆنترۆڵی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ئایدیۆلۆژیا تەقلیدیی و گەورەکان لەسەر ئینسان کەمدەکەنەوە. ئەمەش نەک ڕووداوێکی نێگەتیڤ و بێبایەخ نییە، بەڵکو گۆڕانکارییەکی گرنگیشە. هاری کونەمان ئەوەمان نیشانئەدات کە پرۆسەی بەتاکەکەسبوون تەنها بەهۆی چالاکی فیکرییەوە دروستنابێت، تەنها ڕەخنە لە ئەخلاقیاتی گروپ و لە ئەخلاقیاتی باڵادەست و سیستم بە مانا ئەبستراکتەکەی دروستیناکات، تەنها ڕەخنە لە دین و لە ئایدیۆلۆژیا گشتگیرەکان نایخولقێنێت، پرۆسەکە هەر لە بنەڕەتەوە پرۆسەیەک نییە تەنها فیکر و ئەدەبیات و هونەر و داهێنان و ڕەخنە بخولقێنێت، بەڵکو پرۆسەی بەتاکەسبوون بنەمایەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی گرنگیشی هەیە کە گەشەکردنی ئابوری بۆ ئاستی دروستبوونی" ئابوری بەرخۆریی "ئاراستەیدەکات. لەم دیدەدا گەشەکردنی ئابوری توانای بڕیاردانی ئینسان گەورەتر دەکات و وادەکات ڕووبەر و جوگرافیای دەستپێشخەریەکانیشی گەورەتر ببێت، بتوانێت لەنێوان زیاد لە

ئەگەرێکی کڕین و سەرفکردندا هەڵبژێرێت، بتوانێت دونیایەکی تایبەت، کە شتومەکی تایبەت بەخۆی تێدابێت، بەدەوری خۆیدا دروستبکات (Kunneman 1996).

ئەم فەیلەسوفە لەپاڵ دیدی هەندێک دەروونناسدا باس لەوەدەکات کە کردەی بەرخۆریی دەشێت دووشت ئەنجامبدات. یەکەمیان بەرخۆریی حەز و ئارەزوویەکی تایبەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێ تێریکات. دووهەم پێداگرتن لەسەر ئەو ڕاستییەی ئەوەی کە دەکڕدرێت دەبێت بە موڵکی ئەو" من"ەی کە دەیکڕێت. ئەو" من"ە دەبێت بەخاوەنی ئەو شتە و ئەوەی دەیکڕێت دەچێتە ژێر دەسەڵاتی تەواوەتی ئەو" من"ەوە. ئەو ئۆتۆمۆبێل و خانو و کتێبەی کە تۆ دەیکڕیت، چیدی بە تەنها کتێب و ئۆتۆمۆبێل و خانو نین، بەڵکو کتێبی" تۆ "و ئۆتۆمۆبێلی" تۆ "و خانوی "تۆ"ن. واتە" تۆ "دەتوانیت تەواوی ئەو شتانە بخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە (Kunneman 1996 b) ".

ئەم پرۆسەیە هەستکردنی ئینسان بە خودی خۆی و بە تواناکانی ئەو خودە بەهێز و گەورەدەکات. بە کورتی بەرخۆریی هەم هەستکردن بە خود خۆی بەهێزدەکات، هەم هەستکردن بە حەز و ئارەزووەکانی ئەو خودە و ناسینیان. هەموو ئەمانەش هەنگاوی گرنگن لە دروستبوون و گەشەکردنی هەستکردن بە" من"ی تاکەکەسیدا. کونەمان دەڵێت (بەرخۆریی بەم مانایە

تەنها کڕین و بەکارهێنانی شتومەکە مادییەکان نییە، بەڵکو چالاکییەکە هاریکارە لەدروستکردنی شوناسدا) "هـ. س. پ.

شوناسێک تیایدا تاکەکەس خۆی سنوور و ڕووبەرە سەرەکییەکانی دەستنیشاندەکات، نەک ئەو یەکە کۆمەڵایەتییە دەستەجەمعییانەی کە لەدەرەوەی تاکەکەسدا ئامادەن، یان ئەو یەکانە بەزۆر سنوور و ڕووبەرێکی تایبەتی بەسەردا بسەپێنن. نموونەی ئەو یەکە کۆمەڵایەتیانەش خێزان و دین و حیزب و نەتەوە و سەرجەمی ئەو گروپ و کۆمەڵانەی ترن کە ئینسان لە پاڵیاندا و لەناویاندا دەژی. کونەمان بەرخۆریی بەیەکێک لە هۆکارەکانی گواستنەوە لە باڵادەستی شوناسی کۆیی تەقلیدییەوە بۆ شوناسی تاکەکەسی دەبینێت و ئەمەش وەک گۆڕانێکی پۆزەتیڤ وێنادەکات.

ئەوەی ڕاستیی ئەم دیدەی کونەمان دەسەلمێنێت، مەبەستم ئەو دیدەیە کە پێیوایە بەرخۆریی تەنها کڕین و بەکارهێنانی شتومەکە مادییەکان نییە، ئەوەیە تەنانەت ئەوانەی ئەمڕۆ لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا خاوەنی بژێوێکی مام ناوەندین، لەڕووی مادییەوە دۆخیان لە دۆخی هەندێک لە" دەوڵەمەند"ەکانی ساڵانی هەفتا و هەشتا باشترە. ئەگەر سی ساڵێک لەمەوبەر بوونی ڤیدیۆ لەماڵێکدا هێمابووبێت بۆ دەوڵەمەندی ئەو ماڵە، ئێستا ئەو کەسەش کە توانایەکی ئابوری مامناوەندی هەیە دەتوانێت ڤیدیۆ و تەلەفیزۆنی

ساتالایت و مۆبایل و کۆمپیوتەریشی هەبێت. ئەمەش مانای ئەوەی ئەو کەسە لەڕووی مادییەوە دۆخی وەک دۆخی هەندێک لە کەسە خاوەن پارە و داراکانی سی ساڵێک لەمەوپێشە، یان لانیکەم لەهەندێک ڕووەوە ئەو ئاستەی ژیانی ئەو سەردەمە دەژی، کەچی هاوکات هەستێکی بەهێزی بەهەژاری و نەداری و نەبوونی تێدایە و خۆی وەک کەسێک وێنادەکات کە لە ڕیزی دواوەی کۆمەڵگادا دانیشتوە و نرخێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی نییە. ئەم نموونەیە دەریدەخات مەسەلەکە تەنها بوونی شتومەکە مادییەکان نییە، بەڵکو ئەو دۆخی خۆبەراوردکردنەشە کە تیایدا کەسێک خۆی بەوانیتری دەوروبەری بەراورددەکات، دروستبوونی ئەو هەست و وێنە و تێگەیشتنانەیە کە لەو بەراوردکارییەوە دروستدەبێت. ئەم توانای بەراوردکارییە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دروستکردنی وێنەیەکی تایبەتدا بۆ خود خۆی و بۆ ئەویتر و لەوێشەوە دروستکردن و هەستکردن بەبوونی شوناسێکی تایبەت. بەمانایەکی دیکە ئەگەرچی دۆخی ئابوری و توانای سەرفرکردنی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ئێمە زیادیکردوە، بەڵام هاوکات ئەم توانای سەرفکردنە هەستێکی گەورەی بە غەدری کۆمەڵایەتی و بە شوناسێکی بریندار لای ژمارەیەکی زۆری کەسانی ناو ئەو کۆمەڵگایە دروستکردوە. لەم دۆخەدا بەرخۆریی خۆی بووە بە بنەمای بەرهەمهێنەری جۆرێکی تایبەت لە شوناسی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی. کونەمان پێیوایە ئەو وێنەی فرانکفۆرتییەکان بەگشتی و ئەوەی هێربەرت مارکۆزە بەتایبەتی

بۆ سیستمی سەرمایەداریان هەیە وەک سیستمێکی بەرخۆر، کە گوایە سیستمێکە توانایەکی بێوێنە و بێسنووری ئاراستەکردن و شۆرینەوەی مێشک و دروستکردنی کەسایەتی و ئینسانی یەک مەودا هەیە، نەک تەنها موبالەغەیکی گەورەیە، بەڵکو دیدێکی هێجگار سادەشە بۆ کۆمەڵگا هاوچەرخەکان. ئەم دیدە ئەو ئاڵۆزییانە و ئەو دەرەنجامە جیاوازییانە نابینێت کە لەهەناوی ئەم کۆمەڵگایانەدا دروستدەبن.

ئەگەرچی من تێزەکەی کونەمانم زۆر بە کورتی و زۆر بەخێرایی نیشاندا و هەموو ئاڵۆزییە فیکری و تیورییەکانیم نەگواستۆتەوە، بەڵام ڕاستی ئەم تێزە زیاتر لەئاستی ئەو کارە سۆسیۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژییە کۆنکریتانەدا دەردەکەوێت کە لەسەر هەندێک کۆمەڵگا ئەنجامدراون. لێرەدا دەمەوێت هێما بۆ کارەکانی کۆمەڵناس و ئەنترۆپۆلۆژێکی چینی بکەم کە بەوردی لە کاریگەرییەکانی بەرخۆریی لەسەر دروستبوونی گۆڕانی گەورە لە کولتور و کۆمەڵگای چینی ئەمڕۆدا کۆڵیوەتەوە. ئەم کۆمەڵناسە نیشانماندەدات بەرخۆرییزم ڕۆڵێکی هێجگار سەرەکی و گرنگی بینیوە و دەبینێت لە کۆتاییهێنان بەو ڕۆحە دستەجەمعییە خنکێنەر و بەزۆرسەپاوەی کۆمۆنیزم و خێزانی تەقلیدی لە چیندا دروستیانکردوە. ئەم کۆمەڵناسە بەوردی نیشانماندەدات چۆن بەرخۆریی توانیویەتی هەم ئینسانی چینی و هەم کۆمەڵگای چینی بە ئینسان و کۆمەڵگایەکی بەتاکەکەسیی بوو بگۆڕێت و لەزۆر ڕووەوە کۆتایی

بەو ڕۆحە" ماویی"ە بهێنێت کە عەقڵیەتی ماو تسی تونگ و ئامرازی دەستی ئەو عەقڵیەتە، پارتی کۆمۆنیستی چین، بەسەر ئینسان و کۆمەڵگای چیندا ساڵانێکی درێژە سەپاندوویانە (Yan 2010)

لەم دیدگا تیورییەوە و بەبێئەوەی خاڵە نێگەتیڤەکانی بەرخۆرییزمم لەیادبچێت و بەبێئەوەی ئەوەشم لەیادبچێت کە شێوازێکی تایبەتی دەسەڵاتدارێتی پڕ لە قەیران و هەوڵدان بۆ پاراستنی هەیمەنەی نوخبەیەکی سیاسی و جەردە ئەو دۆخی بەرخۆرییە پەرگیرەی لە کوردستاندا دروستکردوە، دەمەوێت لە لاپەڕەکانی داهاتوودا هەندێک لەو ئەگەر و دەرکەوتانەی بەرخۆرییزم باسبکەم، کە لە ڕەوتی کۆمەڵگای ئێمەدا هەڵگری ئەگەری بەرپاکردنی گۆڕانکاریی پۆزەتیڤن. لەوانەش ئەگەری یارمەتیدانی ئینسانی ئێمە بۆ خۆدەربازکردن لە فشار و جەبرە پرۆکێنەرەکانی خێزان و خێڵ و حیزب ودەربازبوون لە داواکارییە چەپێنەرەکانی ئەخلاقیاتی دینی و داخوازییە زۆرەکانی مۆراڵی ناسیۆنالیزم. بەکورتی دەمەوێت هێما بۆ ئەگەر و سەرەتاکانی لەدایکبوونی جۆرێک لە تاکگەرایی تەندروست بکەم، لەناو چوارچێوە کۆییە چەپێنەرەکانی کۆمەڵگا و خێزان و حیزب و مزگەوت و پێکهاتە دەستەجەمعییە چەپێنەرەکانی تری کۆمەڵگای ئێمەدا. بەڵام بەر لەوەی بێمە سەر باسکردنی ئەم مەسەلەیە با کەمەکێک درێژتر لەسەر هەندێک ڕەهەندی نێگەتیڤ و ترسناکی بەرخۆرییزم لە کوردستاندا بوەستم. چونکە ئەگەر دروستبوونی جۆرێک لە تاکگەرایی تەندروست

تەنها ئەگەرێکی ناو ئەو دونیایە بێت کە ئەمڕۆ لەدروستبووندایە، ئەوا ئەگەرەکانی تری بریتییە لە دروستبوونی خودێکی فوتێکرا و نابەرپرسیار و نارسیستی کە هەموو پەیوەندییەکانی بە دونیاوە کورتکردبێتەوە بۆ پەیوەندی کڕین و فرۆشتن و سوودوەرگرتن و بەکارهێنان. واتە لەدایکبوونی جۆرێک لە خودگەرایی فوتێکراو کە دونیا و دەوروبەر و ئینسانەکان وەک سەحنەیەک بۆدەرکەوتنی ئارەزووە تایبەت و فوتێکراوەکانی خود خۆی و بۆ تێرکردنی نارسیسمێکی ئاوساو ببینێت و مامەڵەبکات.

ڕووکارە ترسناکەکانی بەرخۆریزم لە کوردستاندا

گۆڕانی بەرخۆریی لە کوردستاندا بۆ ئایدیۆلۆژیا، گۆڕانی لە بەرخۆرییەکی ئاسایی و ماقوڵەوە بۆ" بەرخۆریزم"، خاڵێکە پێویستە ڕامانبوەستێنێت. بەر لەهەمووشتێک ئەم گۆڕانکارییە لە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی هێجگار نایەکسان و پڕ لە نادادپەروەری و بێمافیدا ڕوودەدات. وەک نیشانماندا هەندێک بەشی ئەو کۆمەڵگایە ئاستێکی ئەفسانەیی بەرخۆرییان هەیە و بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگاش نوقمی ناو بەرخۆریی کاڵا هەرزان و خراپەکانن و هەندێک گروپی تایبەتیش تەنانەت توانای بەرخۆریی ئەم کاڵا هەرزانەشیان هێجگار سنووردار و دیاریکراوە. ئەمەش بۆشاییەکی هێجگار گەورەی لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستاندا دروستکردوە و دروستدەکات. بە حوکمی ئەوەش نەخشەی چینایەتی کوردستان لە دونیای دوای ڕاپەڕیندا نەخشەیەکی پڕقەیرانە و ئەوەندەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی دروستیکردوە، ئەوەندە گەشەکردنێکی سروشتی و یاسایی ململانێی کۆمەڵایەتی دروستینەکردوە، بۆیە ئەو بۆشاییە کۆمەڵایەتییەی دروستبووە هاوکات بووە بە بۆشاییەکی سیاسی و ئەخلاقی گەورە و کۆتاییمێناوە بەلانی هەرەکەمی هەر شێوازێکی متمانەی سیاسی بەو مۆدێلە دەسەڵاتدارێتییەی کە دروستکراوە. ئەم

دۆخە نایەکسان و بێمتمانەیە لەسایەی بوونی بەرخۆریی بە ئایدۆلۆژیا و کولتوری باڵادەست، وادەکات چاوەڕوانی ئەوە بین ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورە و کۆنترۆڵنەکراو دروستببێت و ئەمەش کۆتایی بەو ئارامییە ڕێژەییە بهێنێت کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە و ئامادەیە.

لە کۆمەڵگایەکدا بەرخۆریی چالاکی هەرەسەرەکیبێت و بۆ ئاستی ئایدیۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی باڵادەستیش بەرزبووبێتەوە، واتە بووبێت بە کۆمەڵێک قەناعەت و باوەڕ و بەڵگەنەویستی قبووڵکراو، گەیشتبێتە ئەو ئاستەی لەناوەوە عەقڵیەت و تێگەیشتنی گشتی ئینسانی ئەو کۆمەڵگایەی دابڕێژێت و کاریگەری گەورە لەسەر خولیا و ئارەزووەکانی بەجێبهێڵێت و بڕێکی زۆر لە وەسوەسە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕەنگڕێژبکات، لە کۆمەڵگایەکی وادا دروستبوونی هەر ڕێگرێک لەبەردەم بەرخۆرییدا، هەر دۆخێک وابکات ئینسان نەتوانێت بەرخۆربێت، دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو مانایەک لە ژیان بەگشتی و لە ئینسانبوون و لە پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی بسێنێتەوە. لە کۆمەڵگایەکی لەو جۆرەدا شتەکان تا ئەو شوێنە مانایان هەیە کە بتوانن بەرخۆریی مەیسەر و دەستەبەربکەن، هەر شتێکیش ڕێگربێت لەبەردەم بەرخۆریدا وەک کردەی دەستدرێژیکردن بۆسەر ئینسان و وەک کردەی بێماناکردنی ژیان دەردەکەوێت. لەدۆخێکی لەو بابەتەدا، بۆ نموونە،

دیاردەی بێئیشی بۆیە دەبێتە مایەی ناڕەزایەتی و تووڕەبوون، چونکە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم بەرخۆرییدا و ئینسانی بێئیش ناتوانێت ئینسانێکی بەرخۆربێت، نەک لەبەرئەوەی بوونی ئیش، یان ئیشکردن خۆی، بەشێکبێت لە بوونی ئینسانی و ئینسانی بێئیش بەهۆی نەبوونی ئیشەوە شتێک لە ئینسانییەتی خۆی دۆڕاندبێت.

لەدۆخێکی لەو بابەتەدا کۆمەڵگا چیدی وەک کۆمەڵگا وێناناکرێت، بەڵکو وەک بازاڕێک وێنادەکرێت کە هەموو کێبەرکێیەک تیایدا لەپێناوی دەوڵەمەندبوونێکی خێرا و دەستبەجێدا ڕەوایە. بازاڕێک نا ئازاد و نا ڕێکخراو لەڕێگای یاسا و بەهای ناوەکی ئینسانی و عەقڵانییەوە، بەڵکو بازاڕێکی بێیاسا و بێبەهای ئەخلاقی کە زیاتر ئاکاری جەنگەڵێکی هەبێت کە تیایدا کۆمەڵێک ڕاوچی بێڕەحم سەرجەمی جوڵە و وەستانەکانی ئەو بازاڕەیان لەژێردەستدابێت. لە ڕاستیدا خەونی دەوڵەمەندبوونی خێرا و خەونی خۆشگوزەرانی لەسەر بنەمای گەشەکردنی بەردەوامی توانای بەرخۆرییەکی نابەرپرسیار بووە بە بەشێک لە سایکۆلۆژیای گشتی بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای ئێمە. ئەمەش ڕەچەتەیەکی ترسناکە بۆ دروستکردنی دونیایەکی تەواو نائارام و پڕ ڕق و بوغز و شەڕ و پێکدادان. ئەوەی مایەی تێڕامانە ئەوەیە کە گەورەبوونی عەقڵیەت و سایکۆلۆژیای بەرخۆریی نەبۆتە هۆی پاڵنان بە ئینسانی ئێمەوە بۆ کارکردنی زیاتر، بۆ هەوڵدانی زۆرتر، بۆ عارەقڕشتنی زیاتر، چونکە ئابوری نەوت و سیاسەتی ڕەیعی دۆخێکیان

دروستکردوە کە بەرخۆریی ئینسانەکان پشت بەکارکردن نەبەستێت، بەڵکو پشت بە پارەی نەوت و بە چۆنیەتی دابەشکردنی ئەو پارەیە ببەستێت. ڕێگاکانی دەوڵەمەندبوون و بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان لە کوردستاندا کەمتر بە توانای کارکردن و بە بڕ و ڕادەی ماندووبوون و ئارەقڕشتنەوە بەستراوەتەوە و زیاتر بەو پەیوەندییانەوە گرێدراوە کە لەنێوان سیاسەت و ئابوریدا دروستبوون. ئەم دۆخەش وایکردوە سیستمی ئابوریی لە کوردستاندا بەهیچ مانایەک سیستمی بازاڕی ئازاد نەبێت، بەڵکو سیستمی بازاڕی کۆنترۆڵ و ئاراستەکراو و سیستمی سەرمایەداری خزم و دۆستان و ناسراوانبێت، سەرمایەدارییەک تیایدا ڕەوڕەوە ئابورییە سەرەکییەکانی وڵات لەدەستی توێژێکی سیاسی و ئەمنی و سەربازی و بازرگانی بچووکدا بێت.

بەرخۆریی لەناو ئەم فەزا تایبەتەدا مەترسی ئەوە دروستدەکات کە پەیوەندییە ئینسانییەکان بگۆڕێت بۆ پەیوەندی شتومەکی و ئەو پەیوەندییانەش والێبکات تا ئەو شوێنە نرخیان هەبێت کە پەیڕەوی لۆژیکی بەدەستهێنانی سود و قازانج و دەسکەوتی تایبەتی بکەن، بەجۆرێک هەر پەیوەندییەک سودێکی مادی کۆنکریتی نەبێت، یان بەشێک نەبێت لە کردەی بەرزبوونەوەی بڕ و ڕادەی بەرخۆریی، ئیتر لاوازببێت و شوێنی خۆی چۆڵبکات بۆ ئەو پەیوەندییانەی کە لۆژیکی مادییانەی بەشتومەکبوون بەڕێوەیاندەبات. کورتبوونەوەی پەیوەندییە

ئینسانی و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کان بۆ ئه‌مجۆره‌ په‌یوه‌ندییه‌ بازرگانییه‌ جگه‌ له‌وه‌ی کۆمه‌ڵگا بۆ بازاڕێکی گه‌وره‌ کورتده‌کاته‌وه‌، هاوکات هه‌موو قولاییه‌کی ئینسانی و ویژدانی و ده‌رونی ڕاسته‌قینه‌ له‌و په‌یوه‌ندییانه‌ ده‌سێنێته‌وه‌. لێره‌دا ئینسانه‌کان له‌وه‌ده‌که‌ون ئینسانبن، به‌ڵکو ده‌بنه‌ کڕیار و فرۆشیار و لۆژیکی کڕین و فرۆشتن ده‌بێته‌ لۆژیکی باڵاده‌ست. هه‌ر لێره‌شدا ئینتیما بۆ حیزب و بۆ گروپه‌ سیاسییه‌ ڕێکخراوه‌کان له‌ کوردستاندا، به‌تایبه‌تی حیزب و گروپه‌ خاوه‌ن توانا و باڵاده‌سته‌کان، هێنده‌ی پابه‌ندی لۆژیکی به‌ده‌ستهێنانی ئه‌و ده‌سکه‌وته‌ ماددییانه‌یه‌ که‌ ئه‌م ئینتیمایه‌ ده‌یبه‌خشێت بۆ به‌رزکردنه‌وه‌ی ئاستی به‌رخۆریی، پابه‌ندی هیچ هۆکارێکی دیکه‌ نییه‌. لێره‌وه‌یه‌ ئاوسانی گه‌وره‌ی له‌شی حیزبه‌ باڵاده‌سته‌کانی کوردستان، هاوشانی ئاوسانی ئاره‌زو و حه‌ز و ویستی به‌رخۆرییه‌ له‌ کۆمه‌ڵگای ئێمه‌دا، هه‌ردووکیشیان هاوشانی درستبوونی جۆرێک له‌" منی فوتێکراو"ی به‌رخۆر که‌ له‌ زۆر ئاستی ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تی کۆمه‌ڵگای ئێمه‌دا تێبینی دروستبوون و گه‌وره‌بوونی ده‌کرێت. چه‌مکی" منی فوتێکراو"، یان" منی ئاوساو "چه‌مکێکه‌ فه‌یله‌سوفی هۆڵه‌ندی هاری کونه‌مان به‌کاریده‌هێنێت بۆ قسه‌کردن له‌سه‌ شێوازێکی هێجکار په‌رگیر و نارسیستی تاککه‌رایی له‌دونیای ئه‌مڕۆدا. ئه‌م پیاوه‌ له‌ کتێبێکی گرنگدا به‌ناوی" کۆمه‌ڵگای منی فوتێکراو "باسی ئه‌و مه‌ترسییانه‌ ده‌کات که‌ ده‌شێت له‌ کۆمه‌ڵگایه‌کی له‌و بابه‌ته‌دا دروستببن، مه‌ترسی تێکچوونی په‌یوه‌ندییه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی و ئینسانییه‌کان

و جێگرتنەوەیان بە پەیوەندی بێپەیوەندی و بێباک و بێئینتیمای ڕاستەقینە (Kunneman 2009).

ئەوەی لێرەدا پێویستە لای خوێنەر ئاشکرابێت ڕەخنەکردنی" منی فوتێکراو "مانای ڕەخنەکردنی" من "نییە، واتە ڕەخنەکردنی پرۆسەی تاکگەرایی ئاسایی نییە، بەڵکو ڕەخنەیە لەو شێوازە لە تاکگەرایی کە تیایدا ئینسان بووە بە تاکەکەسێکی نارسیسی نیمچەنەخۆش، بووە بە منێکی ئاوسا و فوتێکراو کە نەک تەنها خۆی بە سێنتەری هەموو بوون دەزانێت، بەڵکو دەرەوەی خۆی، بە ئینسان و شتەکانی ناوییەوە، وەک پانتاییەک بۆ بەرخۆریی وێنادەکات. دروستبوونی "من"ی ئاسایی و سەربەخۆ لەبەرامبەر شێوازە چەپێنەر و بێدەنگکەر و پڕوکێنەرەکانی" ئێمە "کۆمەڵایەتییەکاندا، پرۆسە و گۆڕانێکی هێجگار گرنگ و تەندروستە، بەڵام" منی فوتێکراو "منێکە بێ هیچ مەعقولیەتێکی کۆمەڵایەتی و ئینسانی، تیایدا جۆرێکی هێجگار نەخۆش و پەرگیری تاکگەرایی دروستدەبێت کە ئامادەیە پێ بە هەموو پەیوەندییە ئینسانییەکاندا بنێت، ئیتر لە تێکدانی پەیوەندی هاوڕێیەتییەوە بیگرە، بۆ تێکدانی پەیوەندی خێزانی تا بە تێکدانی پەیوەندییە سیاسی و کولتورییەکانیش دەگات. ئەم جۆرە تاکگەراییە نەک تەنها توشی نەزیف و عوسابی بەرخۆریی بووە، بەڵکو هەژارکردنێکی بێوێنە و بەرفراوانی کەسایەتی ئینسانیشی

لێدەکەوێتەوە، هەژارکەوتنێکی وجودی قووڵیش لەڕێگای پەراوێزخستنی پرسیاری ئەخلاقی و هەوڵدان بۆ خۆ دورخستنەوە لەهەر ئەرکێک بکرێت برێک ماندووبوون و زەحمەتی و ئازارچەشتنی پێویستبێت، تەنانەت گەر جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە مانایەکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ڕەمزی گەورەشی هەبێت (Kunneman 2009).

لای هاری کونەمان" کۆمەڵگای منی فوتێکراو "دیاردەیەکی جیهانییە، تەنها لەم بەش یان ئەو بەشی دونیادا دروستنەبووە، بەڵکو لەبەش و پارچە جیاوزەکانی دونیادا دروستبووە و لەدروستبووندایە. بەبۆچوونی من ئەم شێوازە لە کۆمەڵگا و لە ئینسان لە کوردستاندا لەدۆخی دروستبوونێکی خێرادایە. یان لانیکەم وەک مۆدێلی ئینسان و کۆمەڵگای حەزلێکراو و خەونپێوەبینراو و بە ئایدیالکراو نیشانەدرێت.

وەک دەبینین ئەم گۆڕانانە گۆڕانی ترسناکن، تیایدا ئینسان لەپێناوی بەهێزکردن و قووڵکردنەوەی ڕەهەندی بەرخۆرییدا، لە زۆربەی ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان دادەماڵرێت، جۆرێک لە" خودسازی "دێتەکایەوە کە تیایدا ئەو خودە، بۆ پاراستنی ئەو ئاستە لە بەرخۆریی و بۆ پاراستنی ئەو شوێن و جێ کۆمەڵایەتییە کە ئاستێکی تایبەتی بەرخۆریی دەستەبەر و مسۆگەردەکات، ئامادەیە پشتبکاتە هەموو ئەو ڕەهەندانەی تری بوونی ئینسانی کە ئینسان دەکەنە بوونەوەرێکی چالاک و بەرپرسایر و ئەخلاقی ناو دونیای خۆی.

ئەم شێوازە لە خودسازی وەفا لە ئینساندا دەکوژێت، دەیکاتە گەڕۆکێک بەدوای ژیانێکی سوک و پڕچێژ و نابەرپرسیاردا، سەرقاڵی ئەوەی دەکات هەموو دەوروبەرەکەی بەخۆی موعجیب بکات بەبێ ئەوەی خۆی بەهیچ شتێک موعجیببێت. ئەم شێوازە لە خودسازی هاوکات ڕەهەندی سیاسی لە ئینساندا بەشێوەیەکی ترسناک دەکوژێت و لەناودەبات. ئەم خودسازییە کە ئینسان کورتدەکاتەوە بۆ تاکەکەسێکی بەرخۆر، ئیدی هەموو هەوڵێکیش حەلاڵ ئەکات کە بتوانێت ئاو بە ئاشی ئەو ماشێنە گەورەیەدا بکات کە بەرخۆریی بەهێزتر و فراوانتر دەکات.

بەرخۆریزم و پشێوی کۆمەڵایەتی

لە لاپەڕەکانی پێشوودا سێ ئاستی زۆر جیاوازی بەرخۆرییم لە کوردستاندا لەیەکتری جیاکردەوە و وتم یەکەمیان ئاستێکی هێجگار بەرزی بەرخۆرییە کە لەسەر مۆدێلی بەرخۆریی شێخەکانی خەلیج و بۆرژوازییە دەوڵەمەندەکانی ئەورووپا و بنەماڵە مافیاییەکانی دونیا دامەزراوە. ئاستی دووهەمیان ئاستێکی مامناوەندی بەرخۆرییە کە لەئاستی یەکەمیان نزمترە و ئاستی سێهەمیش ئاستێکی لاوزە بەڵام ئاستێکی بەرفراوانی بەرخۆرییە و ڕووی لە بەکارهێنانی شتومەکی هەرزان و خراپە. ئەم سێ ئاستە جیاوازە هێما بۆ جۆرێک لە دابەشبوونی چینایەتی و کۆمەڵایەتی هێجگار ترسناک و نایەکسان دەکەن. هێما بۆ دروستبوونی چەندان دونیا و چەندان گروپی ناکۆک و بێ پەیوەندی و نامۆ و ناتەبا بەیەکتری دەکەن، بەڵام هەموویان لە یەک ڕووبەری کۆمەڵایەتی و جوگرافی بچووکدا کۆبوونەتەوە.

گەورەبوونی ژمارەی دانیشتوان و گەنجبوونی ئەم دانیشتوانە بە خوێندەواربوونی بەردەوامی ئەو دۆخە نایەکسان و نالەبارە لەئاستی مامناوەندی و دووردا قەیراناویتر و مەترسیدارتر دەکات. ناکۆکییەکان و جیاوازییەکان و هەستکردنەکان بە غەدر و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی بە ئاستێک دەگەیەنێت گۆڕینی بەرخۆریی بە ئایدیۆلۆژیا دەرەقەتی

تەحەداکانی نەیەت و دۆخێکی پڕ لە تەقینەوەی کۆمەڵایەتی قابیلی کۆنترۆڵ و ئاراستە نەکردن دێنێتەکایەوە. بەکورتی کردنی بەرخۆریی بە ئایدیۆلۆژیا بۆ ڕاگرتنی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ناهاوسەنگ و پڕ کێشە و ناڕێکی و قەیراناوییە، وەڵامێکی هێجگار هەڵە و پڕ مەترسیی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورەیە بەو دۆخەی دروستکراوە.

ڕاستە بەرخۆریی تا ئێستا توانیویەتی ئەو نەخشە کۆمەڵایەتییە ناهاوسەنگەی لە کوردستاندا دروستبووە، بەبێ کێشەی زۆر گەورە بپارێزێت، خۆپیشاندانەکانی ساڵی پاری لێدەرچێت، بەرخۆرییزم لەوەدا سەرکەوتووە جۆرێک لە هێمنی و بێدەنگبوونی کۆمەڵایەتی بسەپێنێت، لێنەگەڕێت ناڕازیبوونەکان بگەنە ئاستی تەقینەوەی بەرفراوان. بەرخۆری لەوەدا سەرکەوتوە وابکات چەندان هێزی کۆمەڵایەتی جیاواز بە دید و چاوەڕوانی و هەستکردنی ناکۆک و جیاوازەوە تا ئێستاش لەو کۆمەڵگایەدا بەبێ کێشەی زۆر گەورە لەپاڵیەکدا ئامادەبن. ڕاستە ئەم دۆخە وایکردوە سەرەڕای ئەوەی بڕێکی زۆر لە ناڕازیبوونی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە سیاسەت و دەسەڵاتداران هەبێت، بەڵام نەتوانرێت ئەو ناڕازیبوونانە کۆبکرێنەوە و بگۆڕدرێن بۆ بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بەهێزی وا داوای هەڵوەشاندنەوەی هاوکێشە کۆمەڵایەتییە نایەکسان و ناهاوسەنگە باڵادەستەکان بکەن. بە مانایەکی دیکە بەرخۆرییزم وەک ئایدیۆلۆژیا تا ئێستاش توانیویەتی ببێت بە یەکێک

لە پایە سەرەکییەکانی مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا، سەرباری ئەو هەموو گەندەڵی و جەردەیی و ئاکارە خراپانەی تر کە دەسەڵات لە کوردستاندا هەیەتی. دروستبوونی ئەو سێ شێوازە جیاوازەی بەرخۆریی کە باسمکرد، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی بەردەوامی ئەو مۆدێلە سیاسی و ئەو شێوازی حوکمڕانییەی کە هەیە و دروستکراوە.

وەک وتم ئەو توانا تایبەتانەی بەرخۆریی دۆخێکی دروستکردوە تیایدا نەک تەنها سیستمە سیاسییەکە بتوانێت خۆی بپارێزێت، بەڵکو واشیانکردوە هاوکێشە کۆمەڵایەتییە ناهاوسەنگەکانیش توانای مانەوەیان هەبێت و بتوانن خۆیان بەرهەمبهێننەوە و بپارێزن. بەڵام پاراستنی ئەم هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایتییە ناهاوسەنگانە لەمەودای دووردا کارێکی هێجگار زەحمەتە، ئەگەر نەکردە و تەواو مەحاڵیش نەبێت. نەک تەنها لەبەرئەوەی کە ئاست و ڕادەی بەرخۆریی پابەستی نرخی نەوتە لە بازاڕەکانی جیهاندا و دابەزینی نرخی نەوت گۆڕانی گەورە و ڕیشەیی بەسەر ئاستەکانی بەرخۆرییدا دەهێنێت و تاڕادەیەکی زۆر ئاست و توانای بەرخۆریی بێهێز و لاوازدەکات، بەتایبەتی ئاستی دووهەم و سێهەمی بەرخۆریی، بەڵکو لەبەرئەوەی کە بەرخۆریی خۆشی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تایبەت میکانیزمی ناوەکی خۆی هەیە. بۆ نموونە ئەوانەی ئەمڕۆ ڕازین و ئامادەن قۆناغە سەرەتاییەکانی بەرخۆریی خۆیان بە کڕین و بەکارهێنانی شتومەکە

هەرزانەکان تێریکەن، ئەوانەی ئەمڕۆ بە ئاستی بەرخۆریی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگا ڕازین، سبەینێ چیتر بەم ئاستە نزمە ڕازینابن. بەردەوامی بەرخۆریی وەک کولتور و وەک ئایدیۆلۆژیا کارێک دەکات لە ساتێکی دیاریکراودا بەرخۆریی هەرزان و خراپ ئەوەندەی وەک ئیهانەکردن و بێنرخیی و بێحورمەتی دەربکەوێت، ئەوەندە وەک ئاستێک لە بەرخۆریی قبووڵکراو دەرنەکەوێت. چین و توێژەکانی خوارەوە ناتوانن لەناو کولتور و ئایدیۆلۆژیای بەرخۆرییدا تاسەر بەو ئاستە ساکار و نزمەی بەرخۆریی ڕازیبن. کەی بەرخۆریی بوو بە کولتور و بە ئایدیۆلۆژیای باڵادەست، واتە بوو بەبەشێکی گرنگ لە شوناس، ئیتر شێوازی بەرخۆریی چینەکانی سەرەوە دەبێت بە مۆدێل بۆ هەموو ئەو هێزانەی تر کە بەرخۆریی بەشێکی سەرەکی شوناسیان دەستنیشاندەکات. ئەمەش مانای ئەوەی هەمووان هەمان ئەو شتانەیان دەوێت کە ئاستی سەرەوەی بەرخۆریی مەیسەریدەکات و بەمەش ئەو نەخشە و ڕیزبەستنە کۆمەڵایەتییە تێکدەچێت و دەشێوێت کە بەرخۆریی وەک وەڵامێک بە قەیرانەکانی پێشنیاریکردووە.

بەمانایەکی تر بەرخۆریی چەندە ببێتە دیاردەیەکی جەماوەریی بەرفراوان و چەندە ببێتە کولتور و ئایدیۆلۆیا ئەوەندە زیاتر دەبێتە بەشێکی گرنگی ژیانی تاکەکەسی و دەستەجەمعی، لە ڕاستیدا بەردەوامبوونی بەرخۆریی وەک کولتور و ئایدیۆلۆژیا لە قۆناغێکی

دیاریکراودا لەوە دەردەچێت تەنها کڕینی شتومەک بێت، بەڵکو وەک کۆمەڵناسێک دەڵێت" دەبێت بە بەشێک لە شوناس ."بۆیە ئەوەی کەسێک یان گروپێک هەست بە بێبەشبوون لە بەرخۆریی بکات، یان هەستبکات هەژارە و ناتوانێت بەرخۆربێت، هەستکردنەکەی تەنها لەسنووری هەستکردن بە نەبوونی شتومەکەکاندا نامێنێتەوە" بەڵکو دەبێتە هەستکردن بە نەبوونی ئەو شوناسەی کە ئەو شتومەکانە بە کەسەکانی دەبەخشن (Hayward 2004: 150).

بەمانایەکی تر کەی بەرخۆریی بوو بە بەشێکی گرنگ و قووڵی شوناس، ئیتر لەوەدەکەوێت تەنها لە هەبوونی شتومەکدا کورتببێتەوە، بەڵکو دەبێت بە پێداویستییەکی سەرەکی، دەبێت بە شوناس و هەندێکجاریش گەشەدەکات بۆئەوەی ببێت بە ماف. لەم حاڵەدا کۆمەڵگا بە مافی خۆی دەزانێت بەرخۆربێت، بۆیە دابینەکردنی بەرخۆریی، لەبەر هەر هۆکارێک بێت، دەبێتە سەرەتای قەیران و لێکترازانی کۆمەلایەتی گەورە و توندوتیژ.

بڕێکی زۆری ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی لەسەر پەلاماردانی بازاڕ و مۆڵ و سێنتەرە گەورەکانی بازرگانی لە شاری لەندەندا لە ساڵی ٢٠١١ ئەنجامدراون، ئەوەیان سەلماندوە کە یەکێک لە پاڵنەرە هەرە سەرەکییەکانی پەلاماردان و سوتاندن و وێرانکردن و دزینی ئەو شوێنانە، بالادەستی کولتوری بەرخۆریی خۆیەتی. لێکۆڵینەوە

زانستییەکان نیشانیانداوە خەڵکە تووڕەکە پەلاماری ئەو دوکان و کۆگا و مۆڵ و شتومەکانەیان داوە کە ڕێک بە مەوقیعی کۆمەڵایەتی و بە ئاستە بەرزەکانی بەرخۆرییەوە گرێدراون، ئەو شتومەکانەی هێما بۆ شوناس و شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرز لە ناو کۆمەڵگادا دەکەن (Hall 2008: 58).

لەڕێگای دزینی ئەو شتومەکانە و دواتر بەکارهێنانیانەوە، پەلاماردەرەکان دەیانەوێت بەشداربن لەو ئاستەی بەرخۆرییدا کە ئاستی بەرخۆریی هێزە دەوڵەمەندەکانی ناو کۆمەڵگان. لەم دۆخەدا بەرخۆریی لەوە کەوتووە تەنها هەبوونی شتومەکەکان بێت، بەڵکو بووە بەو سیستمە ڕەمزییە باڵادەستەی کۆمەڵگا بۆ ناساندنی خۆی و ناساندنی هێزە جیاوازەکانی ناوی دروستیکردوە. بەشدارینەکردن لەم سیستمە ڕەمزییەدا وەک بەشدارینەکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و وەک نیهانە و سوکایەتییەکی گەورە و دەستدرێژیکردنێکی ڕاستەوخۆ بۆسەر کەسایەتی ئینسانەکان دەردەکەوێت. لۆژیکی ئەو جۆرە ژینگانەی بەرخۆریی تیایاندا بووە بە کولتور و ئایدیۆلۆژیای باڵادەست ئەوەیە گەر بەرخۆر نەبیت ئینسان نیت، گەر بەرخۆرییت نەکرد پیادەی ئینسانیەتی خۆت ناکەیت، گەر نەتوانیت شتومک بکڕیت و بەکاریبهێنیت، درزێکی قووڵ لە ئینسانیەتدا دروستبووە. لەم دۆخانەدا بەشداریکردن لە بەرخۆرییدا لەباتی ئەوەی هۆکاری دروستکردنی

ئاسایش و هێمنی كۆمەڵایەتی بێت، لە ئاستی دووردا، هۆكاری بەهێزی تێكچوونی هێمنی و وێرانبوونی ئاسایشی كۆمەڵایەتییە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم ڕاستییانەی لەسەرەوە باسمكرد، ئەو ڕەهەندە نێگەتیڤ و ترسناكانەی بەرخۆریی كە نیشانمدان هەموو حیكایەتەكانی بەرخۆرییە نییە، بەتایبەتی لە شوێنێكی وەك كوردستاندا، وەك پێشتریش وتم بەرخۆریی هەڵگری هەندێك ڕەهەند و ئەگەری باش و پۆزەتیڤە. ئێستا با هەوڵبدەین ئەو ڕووە پۆزەتیڤانە ببینین و لێكبدەینەوە.

ڕووە پۆزەتیفەکانی بەرخۆریزم

بڕ و ئاستێکی دیاریکراوی بەرخۆریی دەشێت هێمابێت بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان بەگشتی و پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی تایبەت، دەشێت هێمابێت بۆ تێپەڕاندنی شێوازە خراپەکانی هەژاری و دروستبوونی جۆرێک لە دەوڵەمەندبوونی کۆمەڵایەتی بەگشتی. هاوکات بەرخۆریی دەشێت هێما بۆ ئەوە بکات کە بەختەوەری تاکەکەسی بووبێتە خاڵێکی سەرەکی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی، هێمابێت بۆ پێداگرتن لەسەر گەڕان بەدوای ئەو بەختەوەرییە تاکەکەسیدا، گەرچی ئەم بەختەوەرییە زۆرجاریش کورتکرابێتەوە بۆ هەبوونی شتومەکی مادی کۆنکریت و بۆ بوونی توانای کڕین و سەرفکردن بەتەنها. هاوکات دەشێت ڕۆحیەتی بەرخۆریی گرێدراوبێت بە چەمکی مافی تاکەکەسی و مافی دەستەجەمعییەوە، واتە دەکرێت داوای دابینکردنی ئاستێکی دیاریکراوی بەرخۆریی وەک دابینکردنی هەندێک مافی ئینسانی و کۆمەڵایەتی ببینرێت. هاوکات ڕۆحیەتی بەرخۆریی دەشێت هەندێک فەزا و شوێن و ڕووبەری کۆمەڵایەتیش دروستبکات کە ببنە مایەی دروستبوونی پەیوەندی کراوەتر و ئینسانیتر لەنێوان تاکەکەسەکاندا بەگشتی و لەنێوان نێر و مێ و نەوە جیاوازەکاندا بەتایبەتی. ئەمەش، بۆ نموونە، لە ڕەوتی کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا ببێتە

هۆکارێک لەو هۆکارانەی کە ڕووبەر و فەزا عیلمانییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە گەورەتر و فراوانتر بکات.

ئاشکرایە گەورەبوونی دیاردەی بەرخۆریی لە دونیای ئێمەدا هاوشانە بە دیاردەی دروستبوونی شاری گەورە، شارێک تاکەکەس تیایدا بتوانێت ونببێت و نەناسرێتەوە، ببێتە شوێنی بەرهەمهێنانی"نەناسینەوە"، بە ئینگلیزی ئانۆمی. نەناسینەوە بەزۆر مانا، لەسەرێکەوە نەناسینەوەی تاکەکەسەکان بۆ یەکتری، بەهۆی گەورەبوونی شار و گەورەبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە، بەڵام هاوکات بەهۆی نەناسینەوە و لاوازبوونی بەها و نۆرمە ئەخلاقی و کولتورییە باڵادەستەکان. نەناسینەوە بەمانا دۆرکهایمییەکەی، واتە ئەو دۆخە کە تیایدا ئەخلاقیات و بەها و نۆرمی باڵادەست لە قەیرانی گەورەدان و چیدی شتگەلێکن نین بەشێکی زۆری تاکەکەس و گروپەکان ڕێزیبگرن، بەڵام هاوکات نەبوونی ئەخلاقیات و بەها و نۆرمی ئەلتەرناتیڤی جێگیر و پتەو، بەکورتی ئەو دۆخی نەناسینەوەیە کە تاکەکەس تیایدا نازانێت چ جۆرە هەڵسوکەوتێک هەڵسوکەتی ڕاستەقینەیە و دەبێت پەیرەوی چ جۆرە ڕستێک یاسا و بەها و نرخی کۆمەڵایەتی بکات. لای دۆرکهایم ئەم دۆخە دۆخی پارچەپارچەبوونی شوناس و لاوازبوونی پەیوەندی توندوتۆڵی ئامێزانبوونی کۆمەڵایەتییە، ئەوەی لە دۆخێکی لەم شێوەیەدا تاکەکەس و گروپەکان باوەڕیانپێیەتی و لەژیانی خۆیاندا ئەنجامیئەدەن، تەواو

ناکۆکە بەوەی لەئاستی گشتی کۆمەڵگادا وەک نۆرم و ئەخلاقی بالادەست دەخوات (Rowman & Littlefield, 1993)

بەبۆچوونی من ئەمڕۆ ئەم دۆخە ئەخلاقییە دۆخی بالادەستە لە کوردستاندا، گەورەبوونی شارەکانی کوردستان و دروستبوونی ڕووبەری تازەی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەگەڵیەکدا، دۆخێکی دروستکردوە ناکۆکییەکی گەورە دروستببێت لەنێوان ئەوەی ئەو کەسانە بە نهێنی یان بە نیمچە ئاشکرایی دەیکەن و ئەنجامیئەدەن، لەگەڵ ئەو سیستمە ئەخلاقی و بەهایی و ویژدانییەدا کە وەک سیستمی ڕەسمی و بالادەست لە کۆمەڵگادا ئامادەیە. ئەم ناکۆکییە لەهەموو شوێنێکدا بەرچاوە، لە پەیوەندی سێکسییەکانەوە بیگرە بۆ پەیوەندییە سیاسییەکان، بەتێپەڕین بەناو بەشێکی زۆری پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی تردا.

پێموایە ئەمە یەکەمینجارە کۆمەڵگای ئێمە شار بەو مانایە ئەزموون دەکات کە واڵتەر بنیامین بەشاری ئەدات. شار نەک تەنها وەک شوێنی شتومەک و کەلوپەلی زۆر و بێشومار، وەک فەزایەکی گەورەی پڕ بازاڕ و کۆگای فرەجۆر و فرەڕەنگ، بەڵکو وەک شوێنی دروستبوونی ئەو گەڕۆکانەش کە بە پاڵ ئەم گشتە گەورەیە لە دوکان و بازاڕ و شتومەکدا تێدەپەڕن و سەرسامانە تەماشای قەرەباڵغییەکانی دونیای دەورووبەریان دەکەن، بەلام بەبێئەوەی ئەو قەرەباڵغییە ئەوان ببینن و

بە بێئەوەی ئەوانیش ئەو قەرەباڵغییە ببینن. بنیامین ئەم کەسانە بە دەستەواژەی Flâneur ناودەبات، فلانور وەک گەڕۆکێکی بەردەوامی بێمەبەست بەناو شاردا دەسوڕێتەوە. بنیامین بەو کەسە کە بەبێ هیچ مەبەستێکی دیاریکراو بەناو دوکان و بازاڕ و مۆڵ و کۆگاکاندا دەسوڕێتەوە و لەڕێگای تەماشاکردنەوە ئەزموونی ئەو فەزا تازانە دەکات، ئاکاری سەرەکیشی بەرهەمهێنانی ئەزموونێکی تایبەت و گۆشەنیگایەکی تایبەتە بۆ تەماشاکردن،ئەمەش دوورکەوتنەوە و لادانە لە مانا و ئەخلاقیاتە باڵادەستەکان (Savage, 2000) .

ئەم فەزا تازەیە کە بەرخۆریی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دروستیکردوە بەبێ بەجێهێشتنی کاریگەری گەورە و بەرچاو لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەسەر پەیوەندی ئینسان بەخۆی و بە دەووبەرەکەیەوە تێناپەڕێت. ئەمڕۆ شارەکانی کوردستان سەرلەنوێ دروستدەبنەوە، شارێک لەناودەچێت و شارێکی تر جێگەکەی دەگرێتەوە، من لێرەدا قسەم لەسەر بێزەوقی و پشێویی ئیستاتیکی و دابەشکرنی ناعەقڵانیانەی ڕووبەرەکانی ناو ئەو شارانە نییە، هاوکات باس لە دڵنەسووتان بە زەوق و ئیستاتیکای نەوەکانی ڕابردوو ناکەم، کە لەگەڵ ڕوخاندنی کەرتە کۆنەکانی شاردا ئەوانیش دەڕوخێنرێن و لەناودەبرێن، واتە قسەم لەسەر وێرانکردنی ڕابردوو و کەلەپور و شوێنپەنجەی دێرنی نەوەکانی بەر لە ئێمە نییە بەسەر ئەو شارانەوە، ئەمانە هەموویان دیاردەی هێجگار نێگەتیڤ و ترسناکن و

هەندێکیشیان دەچنە خانەی تاوانەوە. ئەوەی من دەمەوێت لەسەری بوەستم ئەوەیە کە دروستبوونی ئەم شارە تازانە لەسەر سڕینەوەی شارەکانی ڕابردوو، لەگەڵ خۆیاندا دیاردە و تەحەدا و گرفت و مژدەی نوێ دەهێنن. لەم شارانەدا ڕووە چینایەتییە نایەکسانەکانی کۆمەڵگای ئێمە زیاد لەهەمووکات ئاشکراتر دەردەکەوێت و بەرجەستەدەبێت، شوێنی نوێ دروستدەبێت بەمانای نوێوە، جوگرافیای ڕادیکاڵی تورەبوون و چێژ و لەزەت دروستدەبێت، فەزای دین و خواپەرستی نوێ و جوگرافیای دانیشتن و پشوودان و حەسانەوەی تازە دروستدەبێت. فەزایەکی تایبەتی تەلارسازی و ئابوری و مەدەنی دروستدەبێت کە هێما بۆ ڕیزبەستنی کۆمەڵایەتی نوێ و جێگۆڕکێی چینایەتی بەرچاو و دروستبوونی تاکەکەسی نوێ دەکات، تاکە کەسێک دەکرێت هەم بەمانا دۆرکهایمییەکەی" نەناسین "یان بە مانا" گەڕۆک " واتە فلانورەکەی واڵتەر بنیامین ببینین و لە جوڵە و کردە کۆمەڵایەتی و کولتوری و تاکەکەسییەکانی تێبگەین.

گومانم لەوە نییە لەناو ئەم فەزا تازەیەدا ئەزموونی ئینسانی نوێ و زمانی نوێ و خەونی نوێ و تێکشکان و نەهامەتی نوێ دروستدەبێت. لەگەڵ دروستبوونی شاری نوێدا لەشوێنی شارە کۆنەکان، پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ و توێژی کۆمەڵایەتی نوێ و ئەخلاقیاتی کۆمەڵایەتی نوێ و خەون و پەژارەی نوێ دروست و پەروەردەئەبێت. گومانم لەوە نییە کە

تێکەڵبوونی نایاسایی و بەدڕەوشتانەی سیاسەت و سەرمایە و نەخوێندەواری و بێپلانی هێزە باڵادەسەکانی کوردستان کێشەی گەورە و هەمەلایەن لەم فەزا تازانەدا بۆ ئینسان و کۆمەڵگای ئێمە دروستدەکەن، بەڵام هاوکات گومانم لەوەش نییە ئەم دۆخە کۆمەڵێک ئەگەری تازە دەخاتە بەردەم ئینسانی ئێمە بۆئەوەی ڕوویەری هەڵبژاردنەکانی گەورەتر و فراوانتر بکاتەوە و پەیوەندییەکی نوێ نەک تەنها لەگەڵ کولتور و ئەخلاق و بەهاو نۆرمە باڵادەستەکان دروستبکات، بەڵام لەگەڵ خۆی و حەز و ئارەزووەکانیشیدا. بێگومان ئەم دۆخە نوێیە کۆمەڵێک فشار و پاڵەپەستۆی نوێش دروستدەکات، لە فشار و پاڵەپەستۆی گواستنەوە و ماندبوونی جەستەیی و دەروونییەوە بیگرە، بۆ فشاری پیسبوونی ژینگە و زیادبوونی بڕ و ڕادەی توندوتیژی و دزی و بێکاری و... هتد.

هەموو ئەم گۆڕانانە لە دەیەی داهاتوودا پێداویستی کۆمەڵگای ئێمە بە سۆسیۆلۆژیای شار و سۆسیۆلۆژیای تازەبوونەوە و بەو بەشەی فیکر و مەعریفە زیاددەکات کە بە" ئوربانیزم"، واتە بە پرۆسەی بەشاربوون، ناودەبرێت، و پێداویستیش بە زانیاری و مەعریفەیەک کە شار و ژیانی شار وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مەدەنی و فەرهەنگی و ئینسانیی نوێ، زۆر زیاتر دەکات.

وەک وتم ئاستێکی تایبەتی کولتوری بەرخۆریی هێمایە بۆ گرنگیدانێکی زیاتر و تایبەت بە چێژ و لەزەت و ئارەزووەکان و دەشێت

هێما بێت بۆ تازەبوونەوەی زەوق و حەز و چێژی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی. وەک نووسەرێک دەنووسێت ئەوەی گرنگە ئاگامانلێبێت ئەوەیە بەسوک و ئاسانی کەسی بەرخۆر کورتنەکەینەوە بۆ ئینسانێکی بێمێشکی ناو کۆمەڵگایەکی جەماوەری" (Yan 2010: 209)

کردەیەک کە ئەمڕۆ کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و خوێندەوار بەناوی فیکر و فەلسەفە و پرسیاری نەمرەوە دەیکەن و ئەنجامیئەدەن. وازهێنان لەو جۆرە قسە گشتگیر و ناکۆنکریت و نامێژووییانە سەرەتای بەرهەمهێنانی زانیارییەکی قابیلی باوەڕپێکردنە لەسەر ئەو کۆمەڵگایەی ئینسانی ئێمە تیایدا دەژی. ئێستا ئیتر لەم دیدە تایبەتەوە هەوڵئەدەم لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ڕووکارە پۆزەتیڤەکانی دیاردەی بەرخۆریی لە کوردستاندا لە پەیوەندیدا بە هەندێک لە دەرکەوتە بەهێز و باڵادەستەکانی دونیای ئێمەوە بخوێنمەوە و نیشانیبدەم چۆن بەرخۆریی دەشێت ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ لە تازەکردنەوەی هەندێک ڕەهەندی سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دونیای ئێمەدا ببینێت.

مۆراڵی بەرخۆریزم و مۆراڵی ناسیۆنالیزم

ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا و وەک بزوتنەوەی سیاسی، بەتایبەتی ناسیۆنالیزمێک ڕووکارە مەدەنی و دیموکراسییەکانی لاوازبێت، بەردەوام پێ لەسەر کۆمەڵێک بەها و نرخی تایبەت دادەگرێت کە ئینسان و کۆمەڵگا بە ئاقاری تەقەشوفگەرایی و زوهدی سیاسی و بەهێزکردنی ڕۆحی قوربانیدان و فراوانکردنی ڕووبەری ئینکارکردنی خود لەپێناوی مەبەستە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکاندا، دادەگرێت. ناسیۆنالیزم هەمیشە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە مەسەلەیەک هەیە گەورەترە لە تاکەکەس، نرخ و بەهاکەی بەرزتر و گرانبەهاترە لە ژیانی تاکەکان. بۆیە داوا لە تاکەکەس دەکات بێدوودڵی ژیانی خۆی بخاتە ژێر دەستی پێداویستییەکانی ئەو مەسەلە گشتییەوە. هاوکات ناسیۆنالیزم مژدەی جۆرێک لە نەمری ئەدات کە لەدەرەوەی ژیانی تاکەکەسیدایە، نەمرییەک لە دڵی میللەت و لە ویژدانی مێژووییدا. بەکورتی ناسیۆنالیزم سڵ لەوە ناکاتەوە بە ئاسانی تا ئەو شوێنە بڕوات داوای گیانفیدایی و قوربانیدانی بەردەوام بە ژیانی تاکەکەسەکان بکات لەپێناوی مانەوە و پاراستن و ڕزگارکردنی داواکارییە هەمەجۆرەکانی ناسیۆنالیزمدا. لەڕاستیدا ناسیۆنالیزم تەنها ئایدیۆلۆژیایەک نییە ئەم داواکارییانەی هەیە، هەموو ئایدیۆلۆژییە گەورەکانی دونیای ئەمڕۆ ئەم

داواکارییەیان هەیە، هەم سۆسیالیزم و هەم لیبرالیزم و هەم ئیسلامیزمیش داوای ئەمە دەکەن، بەڵام هەریەکەیان بەشێوازی جیاواز و لەپێناوی مەسەلەی دەستەجەمعی جیاوازدا. لێرەدا مەودای ئەوەم نییە بە درێژیی لەسەر ئەم مەسەلانە بوەستم، ئەوەی دەمەوێت جەغتی لێبکەم ئەو ڕاستییەیە کە ناسیۆنالیزم ڕەهەندێکی دەستەجەمعیی هێجگار بەهێزی هەیە کە تیایدا تاکەکس دەکرێتە خزمەتکاری مەسەلە گشتییەکان، تا ئاستی قوربانیدان بە ژیانی ئەو تاکەکەسە لە پێناوی ئەو مەسەلە گشتییانەدا. ناسیۆنالیزم داوای ئەوە دەکات تاکەکەس ژیانی خۆی بخاتە خزمەتی ژیانی نەتەوەوە، کە زۆرجار لەڕووی کردەگی، واتە عەمەلییەوە، مانای ئەوەی ژیانی خۆی بخاتە خزمەتی ئەو سەرکردە و هێز و لایەنانەوە کە بەناوی نەتەوەوە قسەدەکەن و بە ناوی نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەوە ئەدوێن. ئەدەبیاتی سیاسی و ئەخلاقی و ئەدەبی ئێمە پڕە لە دەرکەوتە جیاوازەکانی ئەم ئەخلاقیاتە ناسیۆنالیستییە.

لەم گۆشەنیگایەوە بەرخۆرییزم ئایدیۆلۆژیایەکە تەواو ناکۆک بە ناسیۆنالیزم، یەکەی هەرە سەرەکی و بەردی بناغەی بەرخۆرییزم وەک ئایدیۆلۆژیا تاکەکەسە، نەک بوونی دەستەجەمعی و کۆیی، ئینسانە وەک تاکەکەس، نەک وەک ئەندامی گروپێکی دینی و ئەتنی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو. ئەم تاکەکەسەش کەسێکە دەتوانێت حەز و

ئارەزووی تایبەتی هەبێت و دەشیەوێت بەدەم داخوازییەکانی ئەم حەز و ئارەزووانەوە بچێت، هاوکات بەدیهێنانی ئەم حەز و ئارەزوانە وەک مەسەلەی سەرەکی ژیانی خۆی وێنابکات. لەکاتێکدا ناسیۆنالیزم داوای تەقەشوف دەکات، بەرخۆرییزم دژ بە تەقەشوفە، ناسیۆنالیزم داوای قوربانیدان بە حەز و ئارەزووە کەسییەکان دەکات، بەرخۆرییزم داوادەکات ئەو حەز و ئارەزوانە لەژێر هیچ بەهانەیەکدا دوانەخرێن، ناسیۆنالیزم داوای خۆشویستنی نەتەوە و داخوازییە نەتەوەییە گشتییەکان دەکات، بەرخۆرییزم داوای خۆشویستنی خود و خۆشویستنی ژیانی تاکەکەسی و بەدەمەوەچوونی حەز و ئارەزووەکانی ئەو ژیانە تاکەکەسییە دەکات. ناسیۆنالیزم داوای تاکەکەسێک دەکاتە کە خۆی وەک یەکەیەکی بچووکی ناو گشتێکی گەورە ببینێت و ئەو گشتەش لەخۆی و لە ئارەزووەکانی خۆی بەگرنگتر بزانێت، بەڵام بەرخۆرییزم تاکەکەس دەکاتە سێنتەری ژیان خۆی و وەک گەردونێکی قابیلی نەگۆڕینەوە و پارچەپارچەنەکردن وێنایدەکات. ناسیۆنالیزم داوای بەپاڵەوانبوون و بەقارەمانبوون لە تاکەکەس دەکات لەپێناوی نەتەوە یان داخوازییەکی نەتەوەییدا، بەڵام بەرخۆرییزم هەر لە بنەڕەتەوە بە دەستەواژەکانی قارەمان و پاڵەوان لەسەر ئینسان قسەناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەرخۆریزم ئینسان وەک بوونەوەرێکی خاوەن حەز و ئارەزو و چێژ وێنادەکات و جیاوازی ئەم یان ئەو ئینسانیش بە جیاوازی ڕووبەر و شێواز و ڕەنگی حەز و ئارەزووەکانی

دەناسێتەوە. لەکاتێکدا ناسیۆنالیزم بەردەوام داوا لە ئینسان دەکات چاوی لەسەرخۆیبێت، خۆی خۆی کۆنترۆڵ و دیسپلینبکات، ڕۆحی فیدایبون لەخۆیدا بچێنێت و گەورەبکات، ئامادەبێت لەپێناوی نەتەوەدا پشتبکاتە خۆی» بەرخۆرییزم داوا لە ئینسان دەکات تەماشای دونیا بکات، بچێتە ناو بازاڕەکانەوە، بکڕێت و بخوات و چێژببینێت و کۆنترۆڵی حەز و ئارەزووەکانی نەکات، بەڵکو تێرکردنیان بکاتە مەسەلەی سەرەکی ژیانی خۆی. لە بەرخۆرییزمدا ئینسان دەبێتە بوونەوەرێک حەز و ئارەزووەکانی دواناخات، واتە حەزی ئەمڕۆی ناخاتە سبەی، ئارەزووەکانی ئەمڕۆ لە ئێستا و لێرەدا تێردەکات، قوربانی بە حەزە تایبەتەکانی نادات لە پێناوی حەزە گشتییەکاندا. لە بەرخۆرییزمدا ئینسان باوەشێکی توند بەم ساتەوەختە و بە شتەکانی ناو ئەم ساتەوەختەدا دەکات. لەدەرەوەی ژیانی تایبەتی تاکەکەس و لەدەرەوەی حەز و ئارەزووەکانی تاکەکەسدا مەسەلەیەکی گەورەتر و گرنگتر نابینێت. بەکورتی بەرخۆرییزم داوای ئەوەدەکات ئینسان ژیانی خۆی نەخاتە ژێر ڕەحمەت و سێبەری هیچ ئایدیۆلۆژیایەکەوە کە داوای تەقەشوف و دواخستن و کۆنترۆڵ و پەراوێزخستنی خواست و حەز و ئارەزووەکان لە ئینسان بکات. وەک دەبینین ناسیۆنالیزم و بەرخۆرییزم دوو جۆری تەواو جیاواز لە خودسازی و خۆدروستکردن و خۆداهێنانی ئینسانی پێشنیاردەکەن، کە کۆکردنەوەیان بەیەکەوە زەحمەتە.

ئەو خاڵەی دەمەوێت لێرەدا جەغتی لێبکەم ئەوەیە کە بەرخۆریی دەتوانێت وەک ڕێگرێک لە بەردەم مۆراڵی ئاوساو و فوتێکراوی ناسیۆنالیزمدا بووەستێت و ببێتە یەکێک لەو پەناگایانەی تاکەکەس بتوانێت تیایدا بەرگری لەخۆی و لە ویست و حەز و ئارەزووەکانی بکات. ئەگەر ئەخلاقی ناسیۆنالیزم بەردەوام داوای مردن و گیانفیدایی لە ئینسان بکات، کارێکی خراپ نییە جۆرێکی تر لە ئەخلاقیات دروستببێت کە نەک تەنها ئەو داوایانە نەکات بەڵکو سنوورێکیش بۆ ئەو داوایانە دابنێت، ئەخلاقیاتێک ئەوە وەبیری ئینسان بهێنێتەوە کە پێویستە بتوانێت تاکەکەسبوونی خۆی بژی و ڕێزی حەز و ئارەزوە شەخسییەکانی خۆی بگرێت. خاڵێکی تر کە دەکرێت لێرەدا باسیبکەین ئەوەیە کە بەگژاچوونەوەی ڕەهەندە نێگەتیڤەکانی بەرخۆرییزم، ئەو ڕەهەندانەی بەدرێژایی ئەم نووسینە تیشکمان خستەسەر، بەگەڕانەوە بۆ ئەخلاق و مۆراڵی ناسیۆنالیزم نابێت، بەوە نابێت تاکەکەس پەراوێزبخرێت و بەبێمەرج داوای قوربانی و گیانفیدایی و خۆنەویستی لێبکرێت. بەرەنگاربوونەوەی ڕووە خراپەکانی ئەخلاقیاتی بەرخۆرییزم لەڕێگای گەڕاندنەوە بۆ ئەخلاقیاتی پڕوکێنەری گروپگەرا، گەڕانەوەیەکی ترسناکە بەرەودواوە. دەرچوون لە داواکاری و فشار و خواستی نادیموکراسی و پاتریارکییانەی سەرجەمی ئایدیۆلۆژیا گەورەکانی دونیای ئێمە، یەکێکە لە پێداویستییە هەرە سەرەکییەکانی داهێنانی جۆرێکی نوێ لە ئەخلاقیات و جۆرێکی نوێی لە

بەتاکەکەسبوون. دەشێت بەرخۆریی ببێتە هۆکارێک بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ بۆ دروستکردنی شێوازێکی نوێ لە" من "کە بوێرێت تەماشای خۆی و ئارەزوو و حەزەکانی بکات و بشوێرێت لەبەردەم ئەخلاقی بالادەست و ئەخلاقی ئایدیۆلۆژیا گەورەکاندا بڵێت نا. بەڵام هاوکات منێک کە مشورخواردنی بۆخۆی بەشێکبێت لە مشورخواردنی بۆ ژیانی گشتی و کارکردنی لەسەر خودی خۆی کارکردنبێت لەسەر دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی ژیانی گشتی. بەبۆچونی من بەرخۆری ناتوانێت ئەمجۆرە خودە دروستبکات، بەڵام دەتوانێت لانیکەم وەک لەمپەرێکی گرنگ لەبەردەم مۆراڵی پڕوکێنەری ناسیۆنالیزمدا بوەستێت و سنوورێک بۆ داخوازییە زۆرەکانی دابنێت.

بەرخۆریزم و مۆراڵی دینی

شێوازەی هەرە دیار و باڵادەستی دین لە کوردستاندا دینێکە لەسەر ترساندنی ئینسان کاردەکات، ترساندنی بە ئاگری جەهەنەم و ئەشکەنجەدانێکی گەورە و بێوێنە بە دڵڕەقی خودا بەرامبەر بە "بێباوەڕەکان." ئەم شێوازە لە دین ئینسانی ئێمە وەک بوونەوەرێکی بچووک و ژیان خۆشی وەک سەفەرێکی کورت و بێنرخ نمایشدەکات. زوهدی دینی، بەشێوازیی جیاواز، بەشێکە لەزۆربەی دەرکەوتەکانی دین لە کوردستاندا، زوهدێک داوای ژیانێکی پڕ تەقەشوف و دەستپێوەگر لە ئینسان دەکات. لەبەرامبەر پیادەکردنی ئەم جۆرە ژیانەدا و وەک پاداشتیش بەرامبەر گوێڕایەڵی بۆ ئەم ئەخلاقە دینییە، دین مژدەی ژیانێکی جاویدانەی پڕ چێژ و لەزەت لە بەهەشتدا بە ئینسان دەبەخشێت. بەزمانی بەرخۆریی بدوێم ئەم شێوازە لە دین دژ بە بەرخۆریی سەرزەمینی و لەقازانجی بەرخۆریی ئاسمانی کاردەکات، بەرخۆریی نەفی ناکات، بەڵکو دوایدەخات بۆ ڕۆژی دوای ڕۆژی لێپرسینەوە و حیساب. کە ئەمە دەڵێم هاوکات دەبێت ئەوەمان لەیادبێت کە ئەم ئەخلاقیاتە دینییە باڵادەستە لە کوردستاندا خۆی جۆرێکی تایبەت لەبەرخۆریی دروستکردوە، کە هاریکاری ئەم تێگەیشتنە بۆ دین ئەکات بۆئەوەی بتوانێت خۆی وەک داڕێژەری

ئەخلاقیاتی باڵادەست بەرهەمبهێنێتەوە، لەوانەش کڕین و پۆشینی جلوبەرگی دینی، کۆمەککردن و هاندانی سەفەر و سیاحەتی دینی، گوێگرتن لە مۆسیقا و ئامۆژگاری و وتاری دینی، بڵاوکردنەوەی کتێب و ئەدەبیاتی دینی...هتد.

ئەوەی بەرخۆرییزم بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامینەدات پێشنیارکردنی ئەخلاقیاتێکی ترە ناکۆک بەم ئەخلاقیاتە دینییە، ئەخلاقیاتێک لەسەر چێژ وەرگرتنێکی گەورە لە ژیانی دونیا و لەو ساڵە کەمانە دروستبووە، کە ئینسان لەسەر ئەم ئەستێرەیە پیایاندا تێدەپەڕێت. بەرخۆریی لەڕێگای دروستکردن و گەورەکردنی ڕووبەری عەلمانییانەی نادینییەوە، واتە لەڕێگای دروستکردنی شوێنی پشودان و سەیران و کەیف و سەفا و یاریکردن و کۆبوونەوەوە، دونیایەکی تەریب بەو دونیا دینییە دروستدەکات کە ئامادەیە. ڕەنگە باشترین نموونەیەک بکرێت لێرەدا باسیبکەین دروستبوونی ژیانی شەوانە لە بەشێکی زۆری شارە گەورە و مامناوەندییەکانی کوردستاندا. بەدرێژایی ساڵانێکی درێژ کۆمەڵگای ئێمە یەکێک لەو کۆمەڵگایانەبووە کە ژیانی شەوی تێدا نەبووە، یان زۆر لاوازبووە. لەسەردەمی حوکمڕانی بەعسدا و بەهۆی نائارامی دۆخی سیاسییەوە، ئینسانی ئێمە فێری ئەوەبووبوو هەر لەدوای خۆرئاوابوونەوە بخزێنە ناو ماڵەکانیان و بۆ کاری زۆر گرنگ و بەناچاری نەبووایە، بەشەودا ئەو ماڵانە بەجێنەهێڵن. ئەمە بەشێکبوو

له ئاکاری دەستەجەمعی بەشێکی هێجگار گەورەی کۆمەڵگای ئێمە. شتێکی قابیلی باسکردن بەناوی ژیانی شەوەوە بوونی نەبوو. بەڵام ئەمڕۆ بەشێکی زۆری بازاڕە گەورەکان و مۆڵەکان بوونەتە شوێنگەلێک خەڵکان لە شەودا سەریان لێئەدەن و تیایاندا کۆدەبنەوە و دەجوڵێن. ئەمڕۆکە لە شارە گەورەکانی کوردستاندا شەوانە خەڵکانێکی زۆر لە ماڵەکانی خۆیان دێنەدەرەوە و دەڕژێنە ناو ئەو مۆڵ و بازاڕە تازانەوە کە دروستکراون، هاتنەدەرەوەی ئافرەتان لە ماڵ و چوونیان بۆ ئەو شوێنانە دیاردەیەکی بەرچاو و ئاشکرایە. ئەم دۆخە شێوازێکی نوێی ژیانی پێکەوەیی و خێزانیی و جۆرێکی تازەی دەرکەوتنی ئینسانی ئێمەی لە فەزای گشتیدا مەیسەرکردوە. بەمانایەکی دیکە ئەو فەزا بەرخۆرییەی کە دروستبووە وایکردوە کۆمەڵگای ئێمە، بەتایبەتی ئافرەتانی ئەو کۆمەڵگایە، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان و ڕەها بێبەشبوون لە ژیانی شەو، بکەونە ناو دونیایەکی تازەوە کە تیایدا مەجالی جوڵە و دەرکەوتنیان لە فەزای گشتیدا زیاد و فرەجۆربووە. ئێستا زووە دەرەنجامە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ئەم دیاردە تازانە بزانین، بەڵام یەک شت ئاشکرایە، کە ئەم گۆڕانە نەک تەنها دژ بە مۆراڵی دینی تەقلیدی و مۆراڵی پاتریارکیەتە، بەڵکو فراوانبوونێکی بەرچاوی ڕووبەر و جوگرافییای عەلمانیانەیە لە دونیای ئێمەدا.

مۆراڵی بەرخۆریزم و دروستبوونی شوێنی گشتی نوێ

ئەوەی ئەمڕۆ شارە گەورەکانی کوردستان ببینێت بوونی چەندان شوێنی تایبەت بۆ دانیشتن و پشوودان دەبینێت. چەندان گازینۆ و چاخانە و قاوەخانە و شوێنی تر هەن کە فەزایەک بۆ پشوودان و یەکتربینین دەڕەخسێنن. بەشێوەیەکی گشتی دیاردەی پشودان بەشێکی گرنگی کردەی بەرخۆرییە، ئەوەی لەشوێنێکدا پشووئەدات پشودانەکەی هاوشانە بە ئەنجامدانی هەندێک کاری بەرخۆرییانە. یەکێک لە ماناکانی بوونی ئەم شوێنانە ئەوەیە کە خەڵک کاتی ئازادی هەیە، کاتێک دەتوانێت لەو شوێنانەدا بەسەریانبەرێت. وەکو شوێنی پشوودان، بوونی کاتی ئازادیش بۆ بەسەربردن بەشێکی گرنگی دونیای بەرخۆرییە، بوونی کات بۆ چوون بۆ بازاڕەکان، بۆ شتکڕین، بۆ سوڕانەوە لەناو مۆڵەکاندا، بۆ تەماشاکردنی جامخانەکان...هتد. دەرکەوتێکی گرنگی بەرخۆرییە. بەحوکمی ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن نییە و لێوان لێوە لە بێئیشی داپۆشراو، بۆیە دۆزینەوەی کات بۆ بەرخۆریی مەسەلەیەکی زەحمەت نییە، ئەوەی تا ماوەیەک لەمەوپێش زەحمەتبوو بوونی شوێنی ماقوڵ بوو بۆ پشوودان. یەکێک لە ئاکارە تازەکانی ئەمڕۆکەی شارەکانی کوردستان دروستکردنی شوێنە بۆ ئەو کاتە ئازاد و بۆ ئەو کردەی بەرخۆرییەی لە بوونی ئەو کاتە ئازادەوە دروستدەبێت.

بەمجۆرە دروستکردنی شوێنی تایبەت بۆ پشوودان و کاتبەسەربردن، دروستکردنی شوێنی گشتی بۆ یەکدیبینین و گفتوگۆ، بوونەتە پیشەسازییەکی گەورە لە کوردستاندا. ئەم شوێنە گشتییانە فرەجۆرن و بۆ هەریەکێکیشیان خەڵکی جیاواز دەچێت. ئەو شوێنانەی کەس و خێزان و گروپە دەوڵەمەندەکانی بۆدەچێت جیابوونەتەوە لەو شوێنانەی کەسانی کەم دەرامەت و دەرامەت مامناوەندەکانی بۆدەچێت. ئەوەی گەنجان ڕوویتێدەکەن جیابۆتەوە لەوەی کە بەتەمەنان بۆیدەچن، شوێنی هونەرمەندان و نووسەران و ڕۆشنبیران جیابۆتەوە لە شوێنی گروپەکانی تر. بەڵام ئەوەی ئاکاری هەموو ئەم شوێنانە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە بەرخۆرییە، دروستبوونی ئەم ڕووبەرە گشتییە جیاوازانە بەشێکی گرنگی ئەم دونیا بەرخۆرەیە کە دروستبووە.

ئەم شوێنانەش هەم وەک ئەگەرێک لەبەردەم دروستبوونی تاکگەراییدا ئامادەن، هەم هانیشیئەدەن. لەڕاستیشدا گەورەبوونی ئەم پیشەسازی پشوودانە بە پلەی یەکەم ڕووی لە تاکەکەسە، تاکەکەسێک بیەوێت پشوو بدات و پارە سەرفبکات. ئەم شوێنانە کەمتر ئەو ڕۆحە دەستەجەمعییە هانئەدەن کە لە چاخانە تەقلیدییەکانی جاراندا هەبوو. لە چاخانەی تەقلیدیدا سنووری نێوان کەسەکان دیارنییە، یان لاوازە، نزیکی کورسییەکان لەیەکەوە کەسەکان بەیەکتری تێکەڵدەکەن، ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووان دەتوانن لەپاڵیەکدا و لە گەڵیەکدا

دانیشن، بەڵام لەم شوێنە گشتییە نوێیانەدا سنوورەکان ئاشکران، شوێنەکان لەیەکتری جیاکراونەتەوە، ئینسانەکان دەتوانن جۆرێک لە تایبەتکاری خۆیان هەبێت. ئەم شوێنانە زۆرجار بەجۆرێک دروستکراون لە دوو کەس یان لە باشترین دۆخدا لە ٤ کەس زیاتر پێکەوە نەتوانن بەیەکەوە دابنیشن. واتە تاکبوون و تاکگەرایی بەشێکی گرنگی تەلارسازی و ڕێکخستن و دیکۆری ناوەکی ئەو شوێنانەیە. ئەوانەش کە دەچنە ئەو شوێنانە نەهاتوون بۆ یاریکردن لەگەڵیەکدا، بەڵکو زۆرجار بۆ یەکتربینین و قسەکردن و گفتگۆکردن هاتوون. وەک وتم ئەمجۆرە پێکەوەبوونە کۆمەڵایەتییە کەمتر دەستەجەمعی و ڕێکخراوە و زۆرتر تاکەکەسی و نارێکخراوە، تەنها ئەوانە تیایدا بەشداردەبن کە یەکتری دەبینن و دەدوێنن. ئەمجۆرە یەکدیبین و پێکەوەبوون و دواندنە، یەکدیبینین و پێکەوەبوونێکی تایبەتی ناو شوێنێکی گشتییە، واتە پێکەوەبوونەکان جۆرێک لە ئاشکرایی ئاراستەیاندەکات، بەبێئەوەی ئەو ئاشکراییە سنووری پێکەوەبوونە تایبەتەکان تێپەڕێنێت و بەیەکتریان تێکەڵبکات. لۆژیکی ئەم شوێنە گشتییە تازانە لۆژیکی ماندان و بەرگریکردن و بەرفراوانکردنی دیاردەی تاکگەرایی و تایبەتبوونە. ڕاستە ئەم لۆژیکە لۆژیکێکی بازرگانییە و قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایە ئاراستەیدەکات، بەڵام هاوکات بەخشینی ڕووبەرێکی گشتیشە بە پێکەوەبوونی تایبەت، بە چێژ و زەوقی تایبەت، بە ئارەزووی تایبەت.

بە کورتی بەتاکەکەس. یەکێک لە دیاردە هەرە بەرچاوەکانی دروستبوونی ئەم فەزا تایبەتە بریتییە لە ئامادەگی ئافرەت لەناویدا. لەم ڕووبەرە تایبەتانەدا، نێر و مێ ئاسنتر بەیەکدەگەن و ئاسانتر دەتوانن سنوورێکی تا ڕادەیک پارێزراو بەدەوری خۆیاندا بکێشن. ئەگەر لە شەقام و گۆڕەپانە گشتییەکاندا ڕۆحی دەستەجەمعی بەسەر کردەی پێکەوەبوونی نێر و مێ لە دونیای ئێمەدا زاڵبێت، ئەوا لەم شوێنە تازانەدا ڕۆحی تاکایەتی و تاکگەرایی باڵادەستە.

بەکورتی ئەم شوێنە گشتییە تازانە مەودای دروستبوونی جۆرێکی نوێی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی دەڕەخسێنن جیاواز لە شوێن و ڕووبەرە تەقلیدییەکانی یەکتربینین و پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی لە دونیای ئێمەدا. لەم شوێنە تازانەدا ئەوەی لە ئامێزدەگیرێت بەختەوەریی تاکەکەسییە، کە لە زۆر ڕووەوە دژ بەو مۆراڵ و ئەخلاقە دەستەجەمعییەیە کە ئاین و ناسیۆنالیزم و پاتریارکییەت لەدونیای ئێمەدا سەپاندوویانە. هاوکات دەرچوونیشە لەو ڕۆحی تەقەشوف و دەستپێوەگرتنەی هەم ناسیۆنالیم و هەم دین و هەم ئەخلاقیاتی سونەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا داوایدەکەن. لەزۆر ڕووەوە ئەم شوێنە تازانە بڕ و ڕادەی ئازادی تاکەکەسیش زیاد دەکەن و مەودای بەیەکگەیشتن و یەکدیبینین و گفتوگۆ و ڕاگۆڕکێ زیاددەکەن. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم پشودان و ئازادییە تاکەکەسییە کە بەرخۆریی دەیبەخشێت دەتوانێت لەمەودای دووردا ببێتە سەرەتایەک بۆ

لەدایکبوونی وشیارییەکی نوێ تیایدا تاکەکەس خۆی وەک بوونێکی سەربەخۆ و ئازاد و بەختەوەریی و دابینکردنی ئارەزووەکانی ئەو تاکەکەسە خۆشی، پایە سەرەکییەکانی ئەو وشیارییە بن، ئایا ئەم وشیارییە دەتوانێت بپەڕێتەوە بۆ ئاستەکان و ڕووبەرەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی؟ یانی ئەم جۆرە لە وشیاری بچێتە ناو تێگەیشتنەوە بۆ سیاسەت، بۆ دین، بۆ پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی..هتد؟ پێموایە یەکێک لە تەحەدا گەورەکانی ساڵانی داهاتوو وەڵامدانەوەی کۆمەڵگای ئێمەیە بەم پرسیارانە.

مۆراڵی بەرخۆریزم و گۆڕانی ماناکانی پیاوەتی

یەکێک لەو بوارانەی کە دەشێت بەرخۆریی کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر بەجێبهێڵێت بواری پیاوەتییە، مەبەستم بواری تێگەیشتنی کۆمەڵگای ئێمەیە بۆ ماناکانی پیاوبوون و پیاوەتی. بەشێوەیەکی گشتی کە باس لە بەرخۆریی دەکرێت ڕاستەوخۆ وێنەی بەرخۆریی ئافرەتان دێتەبەرچاو و چالاکی بەرخۆریی وەک چالاکییەکی ژنانە، یان چالاکی ژنان وێنادەکرێت، بەشێوەیەک وەک ئەوەی بەرخۆریی بەشێوەیەکی سەرەکی ڕووی لە ئافرەتان بێت، یان بازاڕی بەرخۆریی بە پلەی یەکەم بازاڕی ژنان بێت. وردبوونەوە لە چالاکی بەرخۆریی لە کۆمەڵگای ئێمە و دەرەوەی ئێمەشدا ئەوەمان بۆدەردەخات ئەم دیدە تەواو ناڕاستە. ئەمڕۆ بەشێکی گەورە و گرنگی بەرخۆریی ڕووی لە پیاوانە، بازاڕی بەرخۆریی پیاوانە بازاڕێکی گەورەیە، ئیتر لەدەیان جۆر و مارکەی بۆیاخی قژ و سمێڵەوە بیگرە، بۆ بازاڕی جل و جوانپۆشی، بۆ بازاڕی بۆن و گەنجدەرکەوتن و قۆزبوون و ناسکدەرکەوتن و سەرنجڕاکێشیی...هتد.

ئەمە جگە لە بازاڕی سەیارە و خواردنەوە و چەک و سەفەر و سیاحەت، کە بەپلەی یەکەم بازاڕێکی پیاوانەن. ئەو ئاستی بازاڕەی من لێرەدا باسیدەکەم ئاستی یەکەمیانە، واتە ئەو ئاستەیە کە پەیوەندی

بەدەرکەوتنی وێنە جەستەییەکانی پیاوەتییەوە هەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا. بەبۆچوونی من لەم ئاستەدا کۆمەڵێک وێنەی نوێ بۆ پیاوەتی لەدروستبووندایە کە ناکۆک و نەگونجاون لەگەڵ ئەو وێنە تەقلیدی و باڵادەستانەی پیاوەتیدا کە ئەخلاقیاتی تەقلیدی و دین و ناسیۆنالیزم بۆ پیاوەتییان هەیە.

ناسیۆنالیزم وێنەیەک بۆ پیاوبوون دروستدەکات کە وێنەی پاڵەوانێکی نادونیایی و لەخۆبوردوە کە ئامادەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان خۆی بەکوشتبدات، پیاوێکی سادە و بێتەماحی دونیایی، مامناوەندی لەهەموو بوارەکاندا، لە جنس و چێژەوە بیگرە، بۆ قسە و گوفتار و ڕەفتار، جل و بەرگ و سەرو ڕوخساریشی بەجۆرێک نمایشدەکات بەرجەستەکەری خۆشویستنی نیشتیمان و ڕۆحی پاڵەوانێتیی و قوربانیدانی نەتەوایەتی بێت. ئەمجۆرە پیاوەتییە لەگەڵ پیاوەتییەک کە گرنگییەکی گەورە بە چێژ و تێرکردنی ئارەزووەکانی دەدات ناگونجێت. لەکتێبێکی هێجگار گرنگیدا کۆمەڵناسی ئەڵمانی جۆرج مۆسە بەوردی لەو دۆخی تەقەشوفە جنسییە ئەدوێت کە ناسیۆنالیزم و سێکس بەیەکدییەوە گرێئەدات. ناسیۆنالیزم یەکێکە لەو ئایدۆلۆژییانە کە سێکس، وەک سیمبۆلی حەزکردن لە ژیان و ئامادەگی بۆ چێژوەرگرتن، کورتدەکاتەوە بۆ کردەی دروستکردنی ئەو منداڵانەی کە دەواتر دەبێت پاڵەوانانە بەرگری

لەنەتەوە بکەن، پیاوانێکی تەندروست و بەهێز کە لەباتی عاشقی هەرشتێکی تر بن، عاشقی نەتەوەن (Mosse 1988).

ئەو وێنەی ناسیۆنالیزم بۆ پیاوەتی دروستدەکات، هیچی ئەوتۆی لەو وێنەیە جیاواز نییە کە دین بۆ پیاوەتی دروستیدەکات، بەتایبەتی دینێکی سیاسی کە وەک ناسیۆنالیزم کە لە هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودابێت تیایدا دین سەرچاوە سەرەکییەکانی ژیان بێت. ئەو وێنە دینیانەی ئەمڕۆکە شێوازە جیاوازەکانی ئیسلامی سیاسی و سەلەفییەتی دینی بە فەزای گشتیدا بڵاویدەکەنەوە وێنەی پیاوەتییەکی خەمبار و توڕە و نادنیاییە. دیارترین دەرکەوتی پیاوەتییەکی ڕیشدارە، ڕیشی درێژ یان کورت بەپێی بڕ و ڕادەی دینداری و ئاراستە سیاسییە دینییەکە دەگۆڕێت، بە جلێکی نائامادە و سەرنج ڕانەکێشەوە. بەشێوەیەکی گشتی پیاوەتییەکی چڵکن، کە تەماشاتکرد ئەو خاڵەت لابچەسپێت ئەم کەسە هەم دینییە و هەم لەپێناوی قیامەتدا دەستی لە دونیا شتووە، یان لانیکەم کەسێکە دونیای ئەمڕۆی بە قیامەتی بەیانی گۆڕیوەتەوە.

بەبۆچوونی من ئەو شێوازە تازانەی پیاوەتی کە ئەمڕۆ لەپاڵ بەرخۆریدا دروستدەبن، شێوازێکە گرنگییەکی هێجگار گەورە بە لەش و بەدەرکەوتەکانی لەش لە فەزای گشتیدا ئەدات، لەزۆر ڕووەوە ناکۆکە بەم دوو وێنە باڵادەستەی پیاوەتی لە دونیای ئێمەدا.

ئەو نرخەی بەرخۆریی ئەمڕۆکە بە پیاوەتی ئەدات، نرخێکە لەپاڵ بەهاکانی قۆزبوون و گەنجبوون و ناسکبوون و سەرنجڕاکێشبووندا بەرجەستەیە، پیاوەتییەک ئەو مەرجانەی تێدانەبێت، وەک پیاوەتی مامەڵەناکرێت، یانِ لانیکەم وەک پیاوەتییەکی تەقلدیدی دواکەوتوو نمیاشدەکرێت. بەرخۆریی بەهاکانی قۆزبوون و ناسکبوون و گەنجبوون و سەرنجڕاکێشبوونی کردوە بە بەهای گرنگ و بە ڕووبەرێکی هێجگار گەورەی جوگرافیای کۆمەڵایەتی ئێمەدا بڵاویکردۆتەوە. ئەو نرخەی ئەمڕۆ بە نمایشکردنی لەشێکی پیاوانەی ناسک و سەرنجڕاکێش ئەدرێت، لە سەردەمەکانی تری کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەنەبووە. مەبەستم لە نمایشکرنی ئەم لەشەش نمایشکردنیەتی وەک لەشێکی گەنج، جوان، ناسک، سەرنجڕاکێش و جنسی. لەڕاستیدا ئەم گرنگیدانە بە نمایشکردنی جەستە و ئەم گرنگیدانە بە ڕووکاری دەرەوەی ئینسان، چ لای ژن چ لای پیاو، خەریکە وەک عوسابێی لێدێت، عوسابێک لەسەرێکەوە ژیانی ئینسان بەڕادەیەکی گەورە ڕووکەش دەکات، بەڵام هاوکات هەستکردن بە جەستە و گرنگیدان بە دەرکەوتنی لەناو فەزای گشتیدا بەهێز و گرنگ دەکات (Featherstone 1991).

وەک وتم ئەم دۆخە تازەیە مانا و شێوازی نوێی پیاوەتی دروست و بڵاودەکاتەوە و دەشیانخاتە پەیوەندییەکی نوێوە بە شێوازی نمایشکردن و دەرخستنی جەستەوە لە فەزای گشتی کۆمەڵگادا. بۆ نموونە ئەمڕۆکە

بەشێکی بەرچاوی گەنجان لەڕێگای ستایەڵێکی تایبەتی قژبڕین و جلوبەرگەوە خۆیان نمایشدەکەن زۆر جیاواز لەوەی پازدە یان بیستساڵێک لەمەوبەر ئامادەبوو، ئەمڕۆ شێوازەکانی قژبڕین تەواو فرەجۆرن و لەگەنجێکەوە بۆ گەنجێک دەگۆڕێت، واتە ئەو دۆخی لێکچوونەی ساڵانی پێشووی بەجێهێشتوە و فرەجۆربووە. بەشێکی زۆری ئەم فرەجۆرییەش پێ لەسەر شوناسی تاکەکەسی هەریەکێک لەو گەنجانە دادەگرێت وەک کەسایەتی جیاواز و خاوەن شوناسی جیاواز. ئەمە جگە لە پەنابردنیژمارەیەکی تادێت زۆرتر لە پیاوان بۆ" پیشەسازی جوانسازی و گەنجسازی ."زۆربوونی ژمارەی ئەوانەی کە سمێڵ و ڕیشیان ئەتاشن و بۆنی فرەشێوە بەکاردەهێنن و دەستکاری قەبارە و درێژی و کورتی لووتیان دەکەن و شێوەی دەموپلیان دەسکاریدەکەن و دەگۆڕن، تا دێت ڕوو لەزیادبوونە. ئەمەش زۆر ناکۆکە بە وێنە تەقلیدییەکانی پیاوەتی، یان بەو وێنە سەلەفییە دینییەی پیاوەتی کە تێکەڵێکی سەرنجڕاکێشە لە چڵکنی و پشتگوێخستنی لەش و ناشیرینکردنی ڕوخسار لەڕێگای ڕیشهێشتنەوەیەکی نارێکەوە. ئەگەر ئەوەی باسمکرد دۆخی بەشێک لە پیاوانی گەنج بێت، ئەوا پیاوانی بەساڵاچوو دەستەیەک نین لەدەرەوەی ئەم پیشەسازییە نوێییەدا بن. ئەم دەستەیەش لەپیاوان لەڕێگای بۆیاخکردنی قژ و سمێڵ و پۆشینی جلوبەرگی تایبەتەوە دەیانەوێت گەنجبوون و چوست و چالاکبوونی خۆیان نیشانبدەن. بە کورتی بەرخۆریی دۆخێکی دروستکردوە خەریکە

وادەکات لەش، وەک ئانتۆنی گیدنز ئەڵێت، ببێت بە" پرۆژە "و وەک پرۆژەش لەلایەن تاکەکەسەوە ببینرێت (Giddns 1991).

هەموو ئەم شتانە وادەکات جەستە چیدی تەنها لە مانا بایۆلۆژییەکەیدا کورتنەبێتەوە، مانا کۆمەڵایەتی و ڕەمزی و تاکەکەسییەکانیشی لەپاڵ بازارێکی گەورەی نمایشکردنی جەستەدا گەورەببن و گرنگییەکی زۆر پەیدابکەن. جەستە وردە وردە ببێتە دروستکراوێکی کۆمەڵایەتی و کولتوری گرنگ و ببێتە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی تەعبیرکردنی ئینسان لە خۆی و لە حەز و ئارەزووەکانی، تەنانەت لە وشیاری و تێڕوانینەکانیشی. ئەمەش بەبۆچوونی من دەشێت سەرەتایەک بێت بۆ دروستبوونی گۆڕان لەماناکانی پیاوەتیدا و هاوکات تەحەدایەکی گەورەشبێت بەڕووی مانا باڵادەستەکانی پیاوەتی تەقلیدیدا. ئەم گۆڕانە لە ماناکانی پیاوەتیدا سەیر نییە، چونکە چەمکی پیاوەتی چەمکێکی بگۆڕە و بەپێی سەردەمە مێژووییە جیاوازەکان دەرکەوتی جیاواز و ناوەرۆکی جیاواز دەگرێتە خۆی (Connel 1995).

بە بۆچوونی من ئەمڕۆ دۆخێک لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەدروستبووندایە کە تیایدا شێوازە جیاوازەکانی پیاوەتی چیدی تەنها لەڕێگای خۆبەراوردکردن و چوونە پەیوەندییەوە لەگەڵ ژنبووندا دروستنابن، بەڵکو لەپاڵ خۆبەراوردکردن و ململانێی نێوان شێوازە جیاوازەکانی پیاوەتی خۆشییەوە

دروستدەبێت. چۆن شێوازە جیاوازەکانی پیاوەتی خۆیان ڕیزدەکەنەوە و کام هەرەمیەتی نوێ دروستدەکەن، واتە کام شێوازی پیاوەتی دەبێتە پیاوەتی خاوەن هەیمەنە و کامیان دەگۆڕێن بۆ پیاوەتی لاواز و لاوەکی، ئەمەیان پرسیارێکی کراوەیە، بەڵام لەهەموو دۆخەکاندا بەرخۆریی، بێگومان لەپاڵ زۆر هۆکاری تردا، دەشێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە بەلاداخستنی ئەم ململانێیەدا. لەم ئاستەشدا گرەوی سەرەکی کۆمەڵگای ئێمە لەوەدایە تا چەند دەتوانێت کراوەبێت بەڕووی ئەو شێوازە جیاواز و هەندێکجار ناکۆکانەی پیاوەتیدا بەیەکتری. بەکورتی ئەوەی کەدەشێت لە ئایندەدا چاوەڕوانبین ڕووبدات ململانێ و بەریەککەوتنی زیاتری شێوە جیاوازەکانی پیاوەتییە لەسەر" هەیمەنە "لە کۆمەڵگای ئێمەدا. پرسیارەکە ئەوەیە ئەم ململانێیە بە کوێ دەگات و کام شێوازی پیاوەتی دەبێتە شێوازی باڵادەست؟ ئایا ئەو شێوازە نەرمەی پیاوەتی کە لای زۆرێک لە گەنجان، لەپاڵ جلوبەرگی نوێ و قژبڕینی تایبەت و بێسمێڵی و هێمنییەوە دروستدەبێت و گرنگیدان بە لەش تیایدا خاڵێکی هێجگار گرنگە، باڵادەستدەبێت، یاخود جۆرە تەقلیدییەکانی پیاوەتی باڵادەستی خۆیان دەپارێزن کە پیاوەتییەکە لەسەر فەرامۆشکردنی لەش و تووڕە بوون و بەرزڕاگرتنی بەهاکانی قارەمانێتی و گیانفیدایی و پشتکردنە دونیا کاردەکەن؟

دەرەنجام

بوونی بەرخۆریی بە ئایدیۆلۆژیا کۆتایی قۆناغێکی گرنگە لە مێژووی کۆمەلایەتی و سیاسی ئێمەدا ,دەتوانم پێدابگرم و بلێم ئەمرۆ شێوازێکی نوێی" خودسازی "لە کۆمەلگای ئێمەدا لەدروستبووندایە، خودسازییەک بە پلەی یەکەم دەست و پەنجەکانی دەسەلات لەڕێگای بەرخۆرییەوە ئاراستەی دەکات، بەلام بێگومان ناتوانێت هەموو دەرەنجامەکانی کۆنترۆلبکات. ئێمە لە فەیلەسوفی فەرەنسی میشێل فۆکۆوە ئەو ڕاستییە فێربووین کە دەسەلات سیاسەتێکی تایبەت لە بە تاکەکەسبوون مەیسەردەکات، جۆرێکی تایبەت لە کردە و گوتاری "خودسازی "دەسەپێنێت.

پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەم خودە بەرخۆرە یەکێکە لە ئامرازە هەرەسەرەکییەکانی ئەو مۆدێلەی لە دەسەلات کە ئەمرۆ بالادەستە، دروستکردنی ئەم خودەش بەشێکە لە ستراتیژی بەگژاچوونەوەی ئەو قەیرانە گەورانەی کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە. بەرپرسە پێشمەرگەکانی شاخ کە دواتر بوونە سەرمایەدارە گەورەکانی ولات، ئەوانەی کە وەک دەلێن لە ڕاپەڕینی سالی ١٩٩١دا بە پێلاوی لاستیکەوە گەڕانەوە شارەکان ئەمرۆ هەندێکیان بوونەتە خاوەنی فرۆکەی شەخسی خۆیان، ئەمانە ئەو هێزەن کە لەپشتی ستراتیژە فراوانەکانی بەرخۆرییەوەن لە

کوردستاندا. وەک لەم نووسینەدا نیشانمدا ئەم ستراتیژە دەتوانێت زۆر کاریگەریی نێگەتیڤ و خراپ لەسەر تاکەکەس و کۆمەڵگای ئێمە جێهێڵێت، دەیەوێت دونیای ڕۆحی ئینسانی ئێمە بەڕادەیەکی ترسناک بچووک و بەرتەسک بکاتەوە، ڕەهەندی سیاسی لەم ئینسانەدا بچووک یان تەواو وێرانبکات، بەڕادەیەک وا لەم ئینسانە بکات لە لووتی خۆی دوورتر و لە گیرفانی خۆی دوورتر نەڕوانێت. بەڵام ئەم ستراتیژە وەک هەموو ستراتیژێکی کۆمەڵایەتی دەسەڵات، ستراتیژیەتێکی فرەسەرە، ئەگەر ئەوەی دەسەڵات دەیەوێت ئەگەرێک بێت لە ئەگەرەکانی ئەو ستراتیژە، ئەوا ئەگەرەکانی تری ئەم ستراتیژە ڕێک پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی دەسەڵات دەبن. وەک نیشانمدا بەرخۆریی میکانیزمی ناوەکی تایبەت بەخۆی هەیە و بوونیشی بە ئایدۆلۆژیای باڵادەست، تەنها ئینسانی گوێڕایەڵ و بێباک بەرهەمناهێنێت، وەک دەسەڵات دەیەوێت، بەڵکو ئینسانی ناڕازی و تووڕەش دروستدەکات. بەرخۆریی دەتوانێت بۆماوەیەکی کەم کۆمەڵگا بێدەنگبکات، بەڵام لەمەودای دووردا دەبێتە سەرزەمینی دروستبوونی دەنگی تووڕە و ناڕازی زۆر. ئەوانەی ئەمڕۆ ئاستی بەرخۆرییان نزمە و ئەو کاڵانەی بەکاریدەهێنن هەرزان و خراپن، سبەینێ بەم ئاست و شێوازە بەرخۆرییە ڕازینابن. کردەی گەشەکردنی دابینکردنی ئاستێکی ماقوڵی بەرخۆریی بۆ هەمووان دەکرێت بە ئاسانی ببێتەهۆی دروستبوونی وشیارییەک کە بەناوی مافەوە قسەبکات، مافی تاکەکەس و گروپەکان لەوەدا کە

ئاستێکی ماقوڵی بەرخۆریان بۆدابینبکرێت. بە حوکمی ئەوەش لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئاستی هێجگار نایەکسان و پەرگیری بەرخۆریی لەتەنیشت یەکەوە ئامادەن، بۆیە دەشێت خودی بەرخۆریی خۆی ببێتە ڕووبەرێکی گرنگی دروستبوونی ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەوەی وابزانرێت بەرخۆریی ئەمڕۆ و سبەینێ و دووسبەیش ئینسانەکان بێدەنگدەکات و بە پاسیڤی دەیانهێڵێتەوە بەهەڵە لە چۆنیەتی کارکردنی بەرخۆریی وەک چالاکییەکی ئینسانی تێگەیشتوە.

شتێکی دیکە کە من لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمداوە نیشانیبدەم وازهێنانە لەو لۆژیکە ڕۆشنبیرییەی لە دونیای ئێمەدا تەنها لەڕێگای ڕەنگی ڕەش و ڕەنگی سپییەوە بیردەکاتەوە، شتەکان تەنها بەسەر یان باش و یان خراپدا دابەشدەکات. لەباتی ئەوە هەوڵێکی میتۆدی و تیوری تایبەتم داوە بۆ ئەوەی بتوانین دیاردەکان لە ئاڵۆزبوونە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکانی خۆیاندا ببینین. بۆ نموونە کە باسمان لە" بەرخۆریی "و" تاکگەرایی "کرد کورتیاننەکەینەوە بۆ دوو خراپەی ڕەها و خۆشمان بە دژایەتیکردنیانەوە سەرقاڵکەین لەڕێگای ناونانی ئەو زۆرایەتیە بەرخۆرەوە بە گێل و گەمژە و نەزان و ئەحمەق و گاگەل و زۆرێکی تر لەم دەستەواژانە کە هێما بۆ ڕۆحێکی نوخبەراگەیی توندڕەوی نیمچە فاشی دەکەن. لەڕاستیدا ئەم لۆژیکە ڕۆشنبیرییە نەک تەنها هەڵگری ڕەگەزێکی فاشییانەی ترسناکە، بەڵکو

هاوکات لۆژیکی بەرگریکردنە لە سوفیزمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەڵگری داواکاری ئەوەیە ئینسانی ئێمە وەک زاهیدی سەردەمە دێرینەکان بژی، وەک سوفییەکی دژەدونیایی لەناو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەدا ئامادەبێت کە تیایدا دەژی.

لەم گۆشەنیگایەوە ئەم نووسینە چەند سەرقاڵی ئەوەیە لە ڕەهەندە خراپ و نێگەتیڤەکانی بەرخۆریی لە دونیای ئێمەدا بدوێ، ئاواش سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕەهەند و ئەگەرە پۆزەتیڤەکانی ئەم دیاردەیەیە، هەوڵی بینین و دۆزینەوەی ئەو ڕەهەندانە ئەدات و ئەگەرە پۆزەتیڤەکانی نیشانئەدات. لەوانەش، بۆ نموونە، ڕۆڵی بەرخۆریی لە دروستبوونی" من "و" خود"ێکی تاکەکەسانی سەربەخۆدا، بەتایبەتی سەربەخۆ لە پەیوەندیدا بەو" من"انەوە کە دین و ناسیۆنالیزم و بەها دەستەجەمعییە خنکێنەرەکانی تری دونیای ئێمە، دەیانەوێت بیانپارێزن و بێهیچ گۆڕانکارییەک درێژە بەبوونیان بدەن. کاتێ ئەمە دەڵێم ئەو ڕاستییەش دەزانم کە دەشێت بەرخۆرییزم و ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی چەپێنەر و شێوازی کۆمەڵایەتیبوونی خنکێەر بەیەکەوە بڕۆن، کۆمەڵگای سعودی نموونەیەکی بەرچاوی تێکەڵبوونی بەرخۆرییەکی بەرفراوانە بە دەسەڵاتێکی دینی و سیاسی هێجگار چەپێنەر. وڵاتێکە لەسەرێکەوە تەواو نووقمە لەناو بەرخۆرییدا، بەڵام لەسەرێکی دیکەوە خاوەنی دەسەڵات و کۆمەڵگایەکی چەپێنەر و دیسپلینکەری بێوێنە. سەرەڕای ئەم ڕاستییانە خاڵێک کە گرنگە ببینین و ئاگامانلێبێت و

کاری لەسەربکەین ئەم ئەگەرەیە: بەرخۆریی وەکچۆن دەشێت تاکەکەسی نەرجسی و پەرگیر و دوژمن بە کۆمەڵگا و ناحەز بە شێوازە جیاوازەکانی پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتی دروستبکات، واتە خود و منێکی فوتێکراو و هەڵئاوساو و نەخۆش دروستبکات کە بێباک بەپاڵ هەموو شتەکان و دیاردەکاندا تێپەڕێت، وەکچۆن دەشتوانێت کۆمەڵگایەکی دیسپلینکراو و گەمارۆدراو و خەڵەتێنراو لەناو بەرخۆریدا دروستبکات، ئاواش دەتوانێت وەک سەرەتایەک بۆ دروستبوونی منێکی بەرپرسیار و خاوەن حەز و ویست و ئارەزو و ئەخلاقی تایبەت کاربکات، منێک فشارە ئەخلاقی و کولتوری و ڕەمزییە پرۆکێنەرەکانی کۆمەڵگا و سیاسەت قبووڵنەکات و بەشێوەیەکی وشیارانە خەریکی دروستکردنی خۆی و دروستکردنی ئەو ژینگە ئینسانییەبێت کە تییادا دەژی. وەک ووتم ئەمە ئەگەرێکە و پێویستە بتوانین بیبینین و بەرجەستەبوونە واقیعییەکانی بخوێنینەوە و ناوبنێین. گۆڕانکاری بە داواکرنی مەحاڵ دروستنابێت، بەڵکو بەناونانی ئەگەرە نوێکان و ناونانی بەرجەستەبوونەکانیان لەناو واقیعدا دروستدەبێت.

دواهەمین دەرەنجامێک بکرێت لە کۆتایی ئەم نووسینەدا جەغتی لێبکەین ئەوەیە تێپەڕاندنی ڕووکارە خراپەکانی ئەخلاقیاتی بەرخۆرییزم بە گەڕاندنەوە بۆ ئەخلاقیاتی دین و ئەخلاقیاتی ناسیۆنالیزم مەیسەرنابێت، بەوە نابێت ئینسانی ئێمە ناچاربکرێت بچێتەوە باوەشی

ئەخلاقی چەپێنەری دینی و داوا پڕوکێنەرەکانی ناسیۆنالیزم لە دونیای ئێمەدا، یەکێکیان داوای زوهدی دونیایی و ئەویتریان داوای زوهدی سیاسی دەکات، واتە تێپەڕاندنی ڕووکارە خراپەکانی ئەخلاقیاتی بەرخۆریزم لەڕێگای کوشتنی نەفس و کۆنترۆڵکردنێکی پەرگیری ڕۆح و ئاراستەکردنی ویستی تاکەکەسی نابێت. تێپەڕین لە ئەخلاقیاتی بەرخۆرییزم بە گواستنەوە دەبێت بۆ هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی شێلگیرتر و کراوەتر، بەدروستکردنی فەزایەکی نوێ بۆ خودسازییەکی نوێ، خودسازییەک تیایدا تاکەکەسێک بکرێت دروستببێت کە خەم و مشووری خۆی خوارد، خەم و مشورری ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی خۆشی و خەمی پەیوەندییەکانی خۆی بە دەوروبەریشییەوە بخوات.

تیبینی: هەموو ئەو ڕێژە و ژمارە و ئامارانەی لەم نووسینەدا بەکارهاتوون، لە ئاماری ڕەسمی.... .لە سلێمانی وەرگیراون.

سەرچاوەکان:

1-Adorno, Theodor (2002). The Culture Industry:Selected Essays on Mass Culture. Routledge, New York.

2-Adorno, Theodor (1941). "On Popular Music," Studies in Philosophy and Social Sciences (1941), Vol. IX, No. 1.

3-Beblawi & Luciani 1987. The Rentier State. London, Routledge.

4-Bottomore, Tom (2002). The Frankfurt School and Its Critics. Routledge, London and New York.

5-Fine, Alan and Sandstrom, Kent (1993. Ideology in Action: A Pragmatic Approach to a Contested Concept. Sociological Theory, Vol. 11, No. 1, (Mar., 1993), pp. 21-38.

6-Hall, S., Winlow, S. and Ancrum, C., (2008). Criminal Identities and Consumer Culture. Cullompton: Willan.

7-Hayward, K., (2004). Consumer Culture and

Crime in Late Modernity. In Summer, C. (ed.) The Blackwell Companion to Criminology. Oxford: Blackwell.

8-Kunneman, H.P. (1996). Van theemutscultuur naar walkman-ego: Contouren van postmoderne individualiteit. Amsterdam/Meppel: Boom.

9-Kunneman (1996 b).Een interview met Harry Kunneman. Groene Amsterdammer, nummer 51, 18-21-1966.

10-Kunneman, H.P. (1998). Postmoderne moraliteit. Amsterdam: Boom.

11-Kunneman, Harry (2009). "Voorbij het dikke-ik. Bouwstenen voor een kritisch humanisme – Deel 1", Amsterdam, Uitgeverij SWP, 3e druk

12-Marcuse, Herbert (1991). "Introduction to the Second Edition". One-dimensional Man: studies in ideology of advanced industrial society. London: Routledge. pp. xi

13-Mosse, G. L. (1988). Nationalism and sexuality: middle-class morality and sexual norms in modern Europe. Madison, University of Wisconsin

Press.

14-Rowman & Littlefield (1993). Emile Durkheim and the Reformation of Sociology, STJEPAN G. MESTROVIC. To-towa, NJ: . 156 pp.

15-Sartori, Giovanni. 1969. "Politics, Ideology, and Belief Systems." American Political Science Review 63:398-411.

16-Savage, M., (2000). Walter Benjamin's urban thought: a critical analysis, in: Crang &

Thrift (red.), Thinking space in de serie Critical Geography, p. 33-49.

17-Van Koppen, Kris (2002). Echte natuur. een sociaaltheoretisch onderzoek naar natuurwaarering en natuurbescherming in de moderne samenleving. Proefschrift wageningen Universiteit.

18-Yan, Yunxiang (2010). The Individualization of Chinese Society. Berg, Oxford.

بەشی دووەم

ئیسلامی ئیخوانی و ئیسلامی سەلەفی

دوو پرۆژەی دینی لەکوردستاندا

کۆمەڵگای ئێمە لەبەردەم دوو پرۆژەی دینی گەورەدا وەستاوە کە هەریەکێکیان خەونی ئەوە دەبینێت سەرجەمی فەزای ئاینی لە کۆمەڵگای ئێمەدا داگیربکات و بۆچون و لێکدانەوە و ئاکاری دینی خۆی بکاتە بۆچون و لێکدانەوەو ئاکاری باڵادەست لەوڵاتەکەدا. هاوکات دەیانەوێت هەم لەڕێگای لێکدانەوەکانیانەوە بۆ دین لەئاستی فیکریدا و هەم لەڕێگای هەڵسوکەوتو پراکتیکی دینییانەوە" هەیمەنەیەکی دینی و کولتوری "پەیدابکەن و هەموو لێکدانەوەکانی تریْ دین و هەموو دەرکەوتە کولتورییە نادینییەکان، یان یاساغ بکەن، یان بێنرخ، یان لەباشترین دۆخدا لەهەندێکیان بێدەنگبن و کێشەی ڕۆژانە و بەردەوامیش بۆ ئەوانیتریان دروستبکەن. ئەم دوو پرۆژەیە بەدەستهێنانی" هەیمەنەی دینی "وەک بنەما و پێشمەرجی پەیداکردنی "هەیمەنەی سیاسی "دەبینن‌و لەم ڕێگەیەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان باڵادەستیی دینی و باڵادەستیی سیاسییدا دروستدەکەن. پرۆژەی یەکەمیان پرۆژەی بە سیاسیکردنی بەردەوامی ئاینە، کە لەبنەڕەتدا پرۆژەی ئیخوانی موسلمینە و ئەمڕۆ لەبەشێکی گەورەی

ناوچەکەو لەدونیای ئێمەدا بە سەختی ئامادەیە. ئەویتریان پرۆژەی سەلەفییەتی دینییە، کە ئەویش لەدۆخی گەشەکردن و بەهێزبووندایە و لەسەر نیشاندان و نمایشکردنی بەردەوام و ئاشکرای دین لەفەزای گشتیدا کاردەکات. ئەم سەلەفیەتە ئاکارێکی شانۆییانە و ئیستیعرازی بە دین ئەبەخشێتو لەڕێگای دروستکردنی کۆمەڵێک وێنەی دینییەوە بە فەزای گشتی کۆمەڵگادا بڵاویدەکاتەوە. هەردوو پرۆژەکەش دین لەوە دەردەکەن شتێکبێت پەیوەست بە دونیای ناوەکی و ویژدانیو رۆحی ئینسانەوە، یان لانیکەم ئەم ڕەهەندە ڕەهەندی هەرە لاواز و پشتگوێخراوی ئەم دوو پرۆژەیەیە. هاوکات هەردوو پرۆژەکە جۆرێک لەدینداری دروستو گەورەدەکەن کە بێبەشە لەهەر قوڵاییەکی رۆحی راستەقینەو بەتاڵە لەهەر هەستێکی ئەخلاقی تەندروست و دابڕاوە لەهەر پرسیارێکی وجودییانە کە تام و چێژێکی دینی قووڵ بە ژیان و بە ئینسانبوون ببەخشن. لەڕاستیدا لەو کاتەدا ئەم دوو پرۆژەیە دین لە ڕەهەندە ئەخلاقیی و ئینسانییە قووڵەکانی دادەبڕن، لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ گرێیئەدەنەوە بە وێناکردنێکی فوتێکراو و نەرجسییانەوە بۆ" خودی دینی "خۆی، لەمەدا کەسی دیندار وەک کەسێکی پاکژ و بێگەرد و وەک بوونەوەرێکی نمونەیی نمایشدەکرێت و هاوکات دەکرێتە ئەلتەرناتیڤی هەموو جۆرەکانی تری بەکەسبوون و بەئینسانبوون[١].

ئەم نەرجسیەتە دینییە لەدوو ئاستی سەرەکیدا دەردەکەوێت.

یەکەمیان لە ئاستی تەماشاکردنی ئەو خودە دینییەدا بۆ خۆی وەک هەڵگری یەکەمین و دواهەمین هەقیقەت، خۆی لەسەر ڕێی ڕاست و هەموو دونیای دەرەوەی خۆی گومڕا. دووهەمیان ئاستی وێناکردنی ئەو خودە دینییەیە بۆ ئیسلام وەک" چارەسەری "هەموو کێشە تاکەکەسیو دەستەجەمعییەکانی دونیای مۆدێرن. هەردوو ئاستەکەش دوو ئاستی پڕکێشە و قەیرانن و لە ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دونیای ئێمەدا هەڵگری ئاکارێکی نادیموکراس و دەسەڵاتگەرن.

خودسازییەکی نەرجسییانە

پیشەسازی بەرهەمهێنانی خودێکی نەرجسی، یەکێکە لەو پیشەسازییە سەرەکییانەی ئیسلامی سیاسی بەدرێژایی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم کاری تێداکردوە و کاری تێدادەکات. لەم پیشەسازییەدا ئیخوانەکان بەرهەمهێنەری سەرەکین، ئەگەر سەرەکیترین بەرهەمهێنەر و خاوەنی پیشەسازییەکەش نەبن. لەم پیشەسازییە تایبەتەدا خودێکی ئیسلامی خەیاڵی بەرهەمدەهێنرێت کە لەهەموو ڕوویەکەوە بێهەڵە و بێنموونەیە، نەرجسیەتێکی پەرگیر ئاراستەی پرۆسەکانی ئەم بەرهەمهێنانە دەکات و پارچە جیاوازەکانی بەیەکەوە گرێئەدات و وێنەیەکی گشتی لێدروستدەکات. لەم پرۆژەیەدا نوو بەو تێگەیشتنە نەرجسییانەدا دەکرێت کە ئەم خودە ئیسلامییە خەیاڵی و گریمانکراوە دەکاتە خاوەنی تاکە دین و تاکە ئەخلاق و تاکە تێگەیشتنو تاکە لێکدانەوەی ڕاستەقینەی دونیا. ئیسلامیش دەکات دینێک بۆ هەموو وەرزەکان و دەیخاتە شوێن و بری هەموو ئەگەرە شارستانییەتییەکانی تر. ئەم دونیابینییە نەرجسییە پەیوندییەکی پتەو و بنەڕەتی لەنێوان دین و پێشکەوتن و دین و دەرکەوتە جیاوازەکانی

دونیادا پێشنیاردەکات، بەشێوەیەکی هەمەلایەن دینداری و ئەخلاق بەیەکەوە گرێئەدات و لەدەرەوەی ئەخلاقیاتی دینیدا، کەزۆرجار کورتکراوتەوە بۆ پەیرەویکردنی هەندێک ئەمر و نەهی و حەلاڵ و حەرامی دینی دابڕاو لەهەر قوڵاییەکی ویژدانی و ڕۆحی، دونیا وەک بیابانێکی پڕ گوناه و لێوانلێو لە خراپەکاری دەبینێت و مامەڵەدەکات. ئەم خودە دینییە خۆی وەک خودێکی نەگۆڕی ئەبەدی نمایشدەکات و پێیوایە لەسەرەتای مێژووەوە و بەبێ هیچ گۆڕانێک بۆ ئەمڕۆ هاتووەو تا کۆتایی مێژووش بەهەمان شێوەو بەبێ هیچ گۆڕانێکی قابیلی باسکردن دەمێنێتەوە. ئەم دیدە دان بەوەدا دەنێت کە کۆمەڵگا موسڵمانەکانی ئەمڕۆ کۆمەڵگای دواکەوتو و نادیموکراس و بێدادپەروەرین، کۆمەڵگایەکن تیایاندا بەهێز لاواز و گەورە بچووک و دەوڵەمەند هەژار و نێر مێ، بێڕێزو بێمافو بچووک و گرنگن دەکات، بەڵام هەمیشە هۆکاری گەیشتن بەم دۆخە نالەبارە بۆ تێکەڵبوونی "فیکری ئیسلامی ڕەسەن"ی ئەم کۆمەڵگایانە بە خڵتەی فیکر و بیروبۆچونە" ناڕەسەن"و" هاوردە"کانەوە گرێئەدات. هەموو کارەسات و دواکەوتنەکان ئەداتە پاڵ هێنانی ئەو شتەی بەهۆ و بێهۆ بە "عەلمانیەت "ناویدەبەن و دەیکەنە سەرچاوەی هەموو ناشیرینییەکانی دونیای ئێمە. ئەم دیدە کە وێنەیەکی شەیتانی و جەهەنەمییانەی عەلمانەیت، دەکێشێت. هاوکات وێنەیەکی زێڕینی رابردوویەکی دینی پێشکەوتووی گریمانکراو دروستدەکات و گەڕانەوە بۆ ئەو رابردووە وەک

چارەسەری کێشەکانی دونیای ئەمڕۆ دەبینێت. یان لانیکەم ئەو رابردووە بۆ ئاستی مۆدێلێکی گەردونی بەرزدەکاتەوە و هەوڵی سەرلەنوێ دروستکردنەوە و ژیاندنەوەیلەدونیای ئەمڕۆدا ئەدات(٢)

بەکورتی ئەم دیدە نەرجسییە هۆکاری دواکەوتنەکان بۆ دوورکەوتنەوە لەو خودە دێرینە پاکژەو دوورکەوتنەوە لەدیدو تێڕوانین و" سەوابیتەکانی "ئەو خودە دێرینە دەبینێت و مامەڵەدەکات. لەبەرامبەر وێنەی ئەم خودە نەگۆڕو ئەبەدیەشدا وێنەی" ئەویتر"ێکی ناحەزو جیاوازو بەخیل دروستدەکات کە گوایە ئەم خودە دینییە رەسەنە کەوتۆتە پەیوەندییەکی گرفتئامێزو هەڕەشەکارەوە لەگەڵیدا. ئەم" ئەویتر"ە کە ڕقێکی شارستانی و سیاسی و فەرهەنگی لەم خودە ئیسلامییە پاکژەیە هەندێکجار رۆژئاوایە کە جارێک بە مەسیحیەتی سەلیبی و جارێک بە داهێنەری عەلمانیەت و جارێک بە سەرمایەداریو جارێک بە ئیمپریالیزم، یەکساندەکرێت. هەندێکجاری تریش ئەم "ئەویتر"ە ئەو هێز و گروپ و رۆشنبیرە ناوخۆییانەن، کە گوایە بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لەدین" رەسەنایەتی "خۆیان دۆڕاندوە و شتێک دەڵێن و دەنووسن و بڵاودەکەنەوە لەگەڵ" جەوهەر"ی گریمانکراوی کۆمەڵگاکەیاندا ناگونجێت. لەمڕووەوە لەسەرەتای شەستەکانەوە ئەدەبیاتێکی ڕۆمانسییانەی زۆر و زەبەند نووسراوە کە باس لە "غەریزەدەکی"و" خۆدفرۆشی"فیکری و کولتوریو رەمزی دەکات و داوای ئاشتبوونەوە و" گەڕاندنەوە بۆ خود "دەکات وەک هەنگاوی

یەکەمی دەرچوون لەو" نامۆبوونە کولتوری "و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە گوایە ئەم کۆمەڵگایانەی تێکەوتوە"[٣]

ئەمە جگە لەدووبارەکردنەوەی بەردەوامی ئەو قەوانانەی کە باس لەوە دەکەن ئەم نوخبە" غەربزەدە"یە لەقسەکردن و نووسین و شێوەژیانیاندا بەردەوام هێرش دەکەن و پەلامار دەبەنە سەر موقەدەساتی کۆمەڵگاو هەوڵئەدەن لەڕێگای تێکدانی ئەو موقەدەساتانەوە کۆمەڵگا" لەیەک بترازێنن "و" هەڵیبوەشێننەوە"، واتە بیکەن بە" تیکەیەکی ئاسان "بۆ دوژمنان. بەکورتی هەردوو دیوەکەی ئەم دوو پرۆژە دینییە وێنەی خودێکی ئیسلامی وەک خودێکی بێگەردو پاکژ و پێشکەوتوو دروستدەکەن‌و خۆرئاوا و تۆکەرە عەلمانییە ناوەکییەکانی، بە هۆکاری کێشە و گرفت و دواکەوتنی کۆمەڵگاکانیان دەزانن و ئەوانن وایانکردوە ئەم خودە ئیسلامییە پاکژو بێگەردە پڕبێت لەخڵتەی کولتوریو ئەخلاقیو سیاسی و رەمزی بێگانە.

بێگومان حیکایەتی ئەم دیدە نەرجسییە لەوەی لەسەرەوەدا باسمانکرد کۆتاییناییەت، بەڵکو هاوکات دونیا لەسەر بنەمای ئەوەی چی لەگەڵ دیندا دەگونجێت و چی لەگەڵ دیندا ناگونجێت، دابەشدەکات. ئەوەی لەدیدی ئەواندا لەگەڵ دیندا ناگونجێت حەرام و ئەوەی پێیان وایە دین دەیسەلمێنێت، بەبێ بیرکردنەوە لەناوەرۆکەکەی حەلاڵ دەکەن. لەدوا دەرەنجامدا ئەم لۆژیکە دوولایەنە کارێک دەکات

ڕووبەرێکی هێجگار گەورەی چالاکی ئینسانی، بەتایبەتی برێکی هێجگار زۆری چالاکییە عەقڵیی و گومانکەر و ئازادەکانی ئینسان و سەرجەمی ئەو پرسیارو پرس و تێڕوانینانەی ئینسان کە لەگەڵ حیکایەت و ڕاڤەکردنو گریمانە دینییەکاندا ناگونجێن، حەرامبکرێن، یان وەک هێرش و پەلامار و فشار بۆسەر موقەدەساتی دینی وێنابکرێن. پەنابردن بۆ بە موقەدەسکردنی کۆمەڵێک دەرکەوتی دینی بۆ پاراستنی ئەم جیاکارییە، بۆ جیاکردنەوەی ڕووبەری دین لەنادین و کردنی ڕووبەری دین بە ڕووبەرێکی موقەدەس و ڕووبەری نادینیش بە حەرامێکی کولتوریو کۆمەڵایەتیو سیاسی، کۆڵەکە سەرەکییەکانی پاراستنی ئەم نەرجسیەتە دینییەیە.

بەبۆچوونی من ئەوەی دەبێت جێی ئەم دابەشکردنە دینییە بەرتەسکە بگرێتەوە دابەشکردنێکی دیکەیە لەباتی ئەوەی بپرسێت کامە دین و کامە نادینە، بپرسێت چی بۆ ئینسان باشەو چی خراپە؟ ژیانی باش کامەیەو ژیانی خراپ کامەیە؟ کۆمەڵگا چی پێشیدەخات و چی پاشیدەخات؟ لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەشدا ئەوەی گرنگە جەغتی لێبکەین بەخشینی ئازادییە بە ئینسان بتوانێت هەم باشە بکاتو هەم خراپە، هەم هەڵە بکات و هەم ناهەڵە، جارێک خۆی بە خاوەنی هەقیقەت بزانێت و جارێکی تر ئەویتر. ئەم دابەشکردنە تازەیە لەباتی دین، ئینسان دەکاتە سێنتەری بیرکردنەوە و ئاکارەکان و هەوڵی دروستکردنی ئینسانێکی عەقڵانی خاوەن ویژدان و خاوەن

بڕیاری سەربەخۆ و خاوەن هەستکردن بە بەرپرسیارێتیو خاوەن ئازادی ئەدات. بێگومان دین دەتوانێت بەشێک بێت لەکردەی دروستبوونی ئەم ئینسان و کۆمەڵگا ئازاد و کراوەیە، بەڵام ناتوانێت هەموو کردەکە بێت، دەشێت خشتێکبێت لەنەخشەیەکی شارساتانی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی گەورەدا، بەڵام ناتوانێت هەموو نەخشەکە و تاکە نەخشەبێت.

ئیسلام وەک تاکە چارەسەر

وەک پێشتر هێمامانپێکرد دیوێکی تری ئەو دیدە نەرجسیەی سەرەوە بینینی دینە وەک چارەسەرێک بۆ هەموو کێشەکانی ئینسان و هەموو نەهامەتییەکانی کۆمەڵگا. بینینی ئیسلامە وەک وەڵامێک بۆ هەموو قەیرانەکان لەهەموو سەردەمەکاندا، ئیتر لەقەیرانی دواکەوتن و هەژاری و لاوازیی و نەبوونی ئازادی و نەبوونی دیموکراسییەت و نەبوونی مافەوە بیگرە، تا بە قەیرانی وێرانبوونی پەیوەندی نێوان نێر و مێ و گەورە و بچووکو دیندار و بێدین و کێشەی جنسو گەنج و منداڵ و پیر و دەیان کێشەی گەورەی تری لەو بابەتە دەکات. لێرەدا هێزێکی سیحری گەورە و فوتێکراو بە ئیسلام دەبەخشرێت و وەک سەرەتا و کۆتایی هەموو چارەسەرێک وێنادەکرێت. دروشمی" گەڕاندنەوە بۆ ئیسلام "یان" ئیسلام چارەسەرە " لە دروستکردنی ئەم وێنە ئەفسانەییەوە بۆ تواناکانی دین بەگشتی و بۆ تواناکنی ئیسلام بەتایبەتی، هاتووە. ئەم دیدە هێزێک بە دین دەبەخشێت کە نییەتی، دین بەکۆمەڵێک ئەرک باردەکات کە ناتوانێت جێبەجێیان بکات، چاوەڕوانییەکی لە دین هەیە کە ناماقوڵ و نامێژوویی و ناعەقڵانییە. هاوکات ئەم دیدە هەوڵێکی بێبڕانەوە ئەدات بۆ بێنرخکردنی

هەموو ئەو چالاکی و بیرکردنەوە نادینیانەی کە دەکرێت هەڵگری وەڵامی راستەقینەبن بەبەشێکی زۆری ئەو کێشانە.

بەبۆچونی من دیندارێک رێزی تواناو سنووری دینەکەی خۆی بگرێت، تێگەیشتنێکی دروستی بۆ ئەرک و توانا و رۆڵی دین هەبێت، چارەسەری ئەو هەموو قەیرانە قووڵانە بە دین نابەخشێت، لەدیندا بەدوای وەڵامدانەوەی تەحەدا مێژووییەکاندا ناگەڕێت، چونکە دین نەک ئەمەی پێناکرێت، بەڵکو چارەسەری هەریەکێک لەو کێشانە پێویستی بە دەیان چالاکی عەقڵی و سیاسی و رەمزی نادینی و هەندێک دژەدین هەیە. پێویستی بە وەڵامی کولتوری و سیاسی و رەمزی نوێ هەیە کە بەشی هەرەزۆریان دەکەونە دەرەوەی دین‌و هەندێکیشیان نارێک و نەگونجاون لەگەڵ دیندا و هەندێکیشیان دەشێت دژ بە بیرکردنەوەی دینی بن.

ئەو کێشانەی ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێمە و کۆمەڵگاکانی دەورووبەرمان ڕووبەڕوویان بوونەتەوە ئەو کێشانەن کە تازەبوونەی دونیا لەگەڵخۆیاندا دەیهێنن، کێشەی کۆمەڵگا و ئینسان و سەردەمە مۆدێرنەکانە. بەخشینی چارەسەری کێشەو تەحەداکانی مۆدێرنە بە دین، بەتایبەتی تەحەدای دروستبوونی بەردەوامی جیاوازیی لەبوارە جیاوازەکانی ژیانی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و دینی‌و زانستی و سیاسیدا، کارێکی نەکردەیە. چاوەڕوانیی ئەوەی کە دین بتوانێت کێشەی دروستبوونی دیدی جیاواز لەناو خۆیداو دروستبوونی دیدی جیاواز لەدەرەوەی دينداو دروستبوونی دیدی دژەدینیش

بەشێوەیەکی دیموکراسییانەو ئینسانییانە رێکو چارەسەریکات، چاوەڕوانییەکی ناماقوڵو ناڕاستە.

با لەسەرەتاوە ئەو بۆچوونە ئاشکرابێت کە مۆدێرنە دینی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک بنەمای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی و فەرهەنگی تایبەتی هەیە. ئەوەی مۆدێرنە لەئاستی سیاسیدا دروستیدەکات، هاتنەکایە و دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن و دەزگا تازەکانی حوکمڕانیو ئەو دید و تێڕوانین و بیروبۆچوون و تیورانەیە کە لەگەڵ هاتن و دروستبوونی ئەم دەوڵەتدا دێنەکایەوە. لەوانەش بۆ نموونە مەسەلەی پەیمانی کۆمەڵایەتی، لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، مافی لێپرسینەوەی سیاسی، هاوڵاتیبوونی یاسایی و مافپەروەریی دەستووریی و لێبوردنی سیاسی و دینیو کۆمەڵایەتی...هتد. دەشێت دین رۆڵێک لەدروستبوونی بەشێکی بچووک یان گەورەی دروستبوونی ئەم دەوڵەتە مۆدێرنەدا ببینێت، بەڵام خودی پرۆژەکە خۆی، ناوەرۆکەکەی، مەبەست و ئیشکردنەکانی، یاسا و پرنسیپەکانی دینی نیین.

گەر تەماشای ئاستە کۆمەڵایەتییەکەی مۆدێرنە بکەین، دەبینین لەوێشدا هاتنی مۆدێرنە مانای هاتنەکایەی کۆمەڵێک هێزو گروپو چین و توێژی جیاوازە کە بەهەموو ناکۆکییەکانی نێوانییانەوە هێشتا سودو قازانجیان لەتازەکردنەوەی دونیادایە، لەوانەش چینی بۆرژوازی، چینی ناوەند و تەنانەت بەشێکی بەرچاوی چینەکانی خوارەوە، ئەمە جگە

لەڕۆشنبیرانو کەرتە خوێندەوارەکانی کۆمەڵگا، جگە لەدروستبوونی ئەو ژمارە زۆرە لە کەسانی میهەنی و لێزانی بوارەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی. هەموو ئەمانە لەڕێگای تازەکردنەوەی دونیاوە، لەڕێگای بەرهەمهێنانی کایەی کۆمەلایەتی و پیشەییو زانستی جیاوازەوە، لەڕێگای داهێنانی شێوە ژیانی نوێوە، شوێنو جێی کۆمەلایەتیو سیاسی و فەرهەنگی خۆیان بەهێزدەکەنو لەگەڵخۆیاندا دونیای دەوروبەر و ژینگەکەیان تازەدەکەنەوە. لێرەشدا دین دەتوانێت بەشێکبێت لەدروستبوونی ئەو شتانەدا، بەلام پرۆسەی دروستبوونەکە خۆی و پرۆسەی دروستبوون و ناوەرۆکی بەهاو نۆرمەکانی ئەو گۆڕانکارییانە و چۆنیەتی دروستبوون و کارکردنی یاسا ناوەکییەکانی ناو کایەکان، پرۆسەیەکی دینی نییە. ئەوەی دین لێرەدا دەتوانێت ئەنجامیبدات خۆگونجاندنە لەگەڵ دروستبوونی ئەو دونیا پلوراڵەدا و وازهێنانە لەتەماحی ئەوەی سەرجەمی یاسا و بەهاکانی ئەو دونیا پلوراڵەدەستنیشانبکات.

ئاستێکی تری هاتنی مۆدێرنە ئاستە فیکریو ئایدیۆلۆژییەکەیەتی، لێرەشدا بیرۆکەیەک کە سەرجەمی ئایدیۆلۆژیا مۆدێرنەکان بەرگریلێدەکەن ئەو راستییەیە کە ئینسان چ وەک تاکەکەس و چ وەک ئەندامی گروپ یان نەتەوە یان تەنانەت دەستەیەکی دینی دیاریکراو، خۆی بکەری سەرەکی ژیانی خۆیو خۆی دروستکەری دونیای خۆیەتی.

بەشی هەرەزۆری ئەم ئایدیۆلۆژیایانە پێ لەسەر ڕۆڵی عەقڵو زانست و بیرکردنەوەی ئازاد و ڕەخنەیی لەکردەی تازەکردنەوەی دونیادا دادەگرن. ئەمانەش فرەجۆرن، هەندێک لەو ئایدیۆلۆژیایانە پێ لەسەر رۆڵی گرنگی تاکەکەسی ئازاد دادەگرن، هەندێکیان جەغت لەڕۆڵی زانست دەکەن، ئەوانیتریان رۆڵی ئەم چین یان ئەو چینی کۆمەڵایەتی بەگرنگ دەزانن، ئەویتریان رۆڵی نەتەوە و سەرکردەی بەهێز بەگرنگ دەزانێت...هتد. ئەوەی لەم ئایدیۆلۆژیانەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە دەشێت دین وەک رەگەزێک لەناویاندا ئامادەبێت، بەڵام هیچیان ئایدیۆلۆژیای دینی نین و لە دیندا بەدوای رەوایەتی و ناوەرۆکدا ناگەڕێن. بەمانایەکی تر پرۆژە ئایدۆلۆژییەکان دەشێت ڕەهەندی دینیان هەبێت، بەڵام خۆیان پرۆژەی دینی نین.

جگە لەهەموو ئەمانە مۆدێرنە هەندێک بنەمای فەرهەنگی و کولتوریی گشتیشی هەیە کە تیایاندا بیرۆکەی سەرەکی بیرۆکەی لێبوردنی دینی و سیاسی و فەرهەنگییە، پێداگرتنە لەسەر ئینسان وەک بوونەوەرێکی خاوەن ماف، وەک کەسێک خۆی نووسەر و بکەری ژیانی خۆیەتی، نەک لەدەرەوەڕا نەخشەی ئەو ژیانەی بۆبکێشن و کاری ئەو تەنها جێبەجێکردنی ئەو نەخشانەبێت. مرۆڤی ناو ئەم ژینگە مۆدێرنە کەسێکە دەتوانێت لەدونیایەکی ئاڵۆزو پلورالدا بژی، لەپاڵ ئینسان و گروپ و دیدە جیاوازەکاندا بژی، بەبێئەوەی حەز و ویستی ئەوەی هەبێت ئەوەی خۆی بەڕاستی دەزانێت بەسەر هەمووواندا

بیسەپێنێت، یان ناچاربێت ئەوەی کەسانی تر بە هەقیقەتی دەزانن ئەمیش بە هەقیقەتی بزانێت. جۆرێک لە رێژەگەرایی تەندروست سەرجەمی پەیوەندییەکان و بەرخوردەکان و بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەیەکەوە گرێئەدات. وەک دەبینین مۆدێرنە لەم ئاستەشدا دیسانەوە پرۆژەیەکی دینی نییە، بەڵام دەشێت دین لەم ئاستەشدا ئامادەبێت و رۆڵێکی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ، لە دروستبوونی ئەو رۆحیەتە دیموکراسی و رێژەگەراییە تەندروستەدا ببینێت.

بەکورتی لەهەموو ئەو دۆخانەدا دین دەتوانێت ببێت بە یەکێک لەئامرازەکانی دروستکردنی دونیایەکی تازەی دیموکراس و دادپەروەرو رێزگری ماف و جیاوازی، بەڵام ناتوانێت تاقە هۆکار و تاقە ئامرازی دروستکردنی ئەو دونیایەبێت، ناتوانێت ببێت بە داگیرکەری سەرجەمی بوارەکان، ناتوانێت لۆژیک و خواست و حەڵاڵ و حەرامەکانی خۆی بەسەر هەموو ئەو رووبەرانەدا بسەپێنێت کە دروستدەبن و تازەدەبنەوە و دەگۆرێن. گەر دین هەوڵی ئەوەی دا ئەودەم دەبێت بە ئایدۆلۆژیایەکی تۆتالیتاری و دەبێت بەهەڵگری پرۆژەیەکی سیاسی نادیموکراسی دژ بە جیاوازیو فرەدەنگی. دەبێت بە دینێکی بن لادنی و تاڵەبانی و سعودی و ئێرانی و لەوەدەکەوێت دینێکبێت لەناو مۆدێرنەدا ئامادەبێت و بەشێکبێت لە پرۆسەی دروستکردن و بەهێزکردنی دونیایەکی نوێی کراوە و دیموکراس و رێزبەخش و

مافدۆست. کە ئەمانەشی نەکرد دینێک دروستدەبێت کە دەبێت بە دوژمنی لۆژیکە سەرەکییەکەی مۆدێرنە. بەمانایەکی تر دین بۆئەوەی بتوانێت ببێت بە بەشێک لەپرۆژەی دروستکردنی دونیایەکی پڕ لەجیاوازی و پلورال و فرەمافی وەک دونیای مۆدێرنە، دەبێت واز لەسەرجەمی ئەو تەماحە تۆتالیتاریانە بهێنێت کە وایلێدەکات بەناوی موقەدەسێکی گەردوونی نەگۆڕەوە قسەبکات و هەمووان ناچاربکات ئەو موقەدەسە قبوولبکەن. دین لەم ئاستە سیاسییە گشتییەدا، دەبێت خۆی وەک" ڕا"یەک لەپاڵ ڕاکانی تردا ببینێت و چ مافێک بەخۆی ئەدات بۆئەوەی وەکو ڕا ئامادەبێت، دەبێت هەمان مافیش بە نادینو دژەدینیش بدات کە هەبنو ئامادەبن. بەکورتی چارەسەری کێشەکانی مۆدێرنە و تەحەداکانی بە دین ناکرێت، بەڵکو بە ئینسان دەکرێت، مۆدێرنە دین دروستینەکردوە، بەڵکو ئینسان دروستیکردوە، ئینسانیش تەنها بوونەوەرێکی دینی نییە، بەڵکو بونەوەرێکی بێدینیشە، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دونیای مۆدێرن، تەنها فیکری دینی بەس نییە، بەڵکو سەرجەمی ئەو فیکرە نادینی و دژەدینییانەش پێویستن کە مۆدێرنە لەگەڵ هاتنی خۆیدا دروستیاندەکات.

دوو پرۆژەی پڕتەماح

ئەگەرچی دین لەئێستای کوردستاندا فرەجۆر و فرەدەرکەوتە، بەڵام هێدی هێدی بەرەو ئەوە دەڕوات لەدوو جۆری سەرەکیدا نیشتەجێبکرێت[٤] جۆری یەکەمیان بەسیاسیکردنی زیاتر و زیاتری دین و گەورەکردنی ئەو لەشکرەیە لەچالاکەوانی سیاسی دۆگمایی توندڕەو و نیمچەتوندڕەو کە بەناوی دینو موقەدەساتی دینییەوە سیاسەت دەکەن. دووەمیان ئەو جۆرەی دینە کە هەڵگری رۆحێکی ئیستیعرازی، خۆنمایشەکاری، رووکەشە و خۆی لەکۆمەڵێک سروتو شێوازی تایبەتی جلپۆشیو دەرکەوتنی تایبەتی جەستەوە لە ناو فەزای گشتیدا، بەرجەستەدەکات. بۆ مەبەستی سادەکردنەوە دەکرێت ئەم دوو دەرکەوتەی دین لەمڕۆکەی کوردستاندا بە دوو پرۆژەی دینی سیاسی سەرەکی ئەمڕۆکەی ناوچەکەوە ببەستینەوە. یەکەمیان پرۆژەی ئیخوانی موسلیمینە، دووەمیان پرۆژەی سەلەفیەتە لەناوچەکەدا. یەکەمیان لەسەر بە سیاسیکردنێکی رەهاو هەمەلایەنی دین کاردەکات، دووەمیان لاوازکردنی هەموو قوڵاییە رۆحی و ئەخلاقیو ویژدانییەکانی

دین ئاراستەیدەكات. با كەمەكێک وردتر لەسەر هەردوو پرۆژەكە قسەبكەین.

بەسیاسیكردنی رەهای دین

ئەمرۆ پرۆسەیەكی بەرفراوانی بە سیاسیكردنی دین لەناوچەكە و لە كوردستاندا ئامادەیە. ئەم پرۆسەیەش لەلایەن زیاد لەهێز و گروپێكی كۆمەڵایەتییەوە ئاراستەدەكرێت، ئەوانەی لەدەسەڵاتدان ئەم كارە ئەنجامئەدەن و ئەوانەشی لەدەرەوەی دەسەڵاتدان هەمان كار ئەنجامئەدەن. وەک پێشتریش وتم هەردوولا لەشكرێكی گەورەیان لەكادرو چالاكەوانی دینی دروستكردوە كە ئاكاری سەرەكیو شێوازی كاركردنیان ئەوەیە بەناوی موقەدەسو هەقیقەتێكی دینی رەهاوە سیاسەت دەكەن و بێهیچ گومان و دوودڵییەک خۆیان بە نوێنەری ئەو موقەدەسانە دەزانن. ئەم لەشكرە لەكادری سیاسی و دینی لانیكەمی ئامادەیی ئەوەیان تێدانییە تێڕوانینیان بۆ دین و تێگەیشتنیان بۆ موقەدەسی دینی، وەک مەسەلەیەكی رێژەیی ببین و ئەوەی ئەوان بە موقەدەسی دەزانن و بە ناوی موقەدەسەوە دەیڵێن، وەک "را"یەكی تایبەتی ناو چەندان رای جیاوازی ناو فەزای گشتی كۆمەڵگا، وێنابكەن. ئەمانە گەمەیەكی ترسناک لەگەڵ موقەدەسدا دەكەن و

سەمایەکی قەیراناوی لەگەڵ موقەدەسەکانیاندا دەکەن، ئەمانە موقەدەسی دینی دەکەن بە موقەدەسی سیاسی و موقەدەسی سیاسیش دەکەن بە موقەدەسی دینی. بەم تێکەڵکردنەشیان فەزایەکی دینیو سیاسی هێجگار چەپێنەر و ترسناک دروستدەکەن و ڕووبەرێکی هێجگار گەورەی کۆمەڵگا و ژیانی ئینسانی بەناوی موقەدەسەوە تاریک و بێلێپرسینەوە دەکەن. ئەمانە فەزای کۆمەڵایەتی پڕدەکەن لەحەڵاڵ و حەرامی دینی و سیاسی موتڵەق بەجۆرێک هەموو چالاکەوانێکی گەنجی ناو ئەم فەزایە دەتوانێت لەوکاتەدا کە باسی حیزب و دیدەکانی حیزبەکەی خۆی دەکات، باس لەخوداو پێغەمبەرو ئەسحابە و سەرجەمی کەلەپوری دینی بە موقەدەسکراو بکاتو لەوکاتەشدا باس لەمێژووی دین و چییەتی موقەدەسەکانی دەکات، باس لەحیزب و گروپە سیاسیەکەی خۆی و سەرکردەکانی بکات. بەمەش ئەگەری تەکفیرکردنی ڕای جیاوازو دیدی جیاواز، بەتایبەتی دیدی نادینی، گەورەتر و فراوانتر دەکاتەوە و فەزایەک دروستدەکات تیایدا بۆ قسەکردن پێویستبێت ڕوخسەت لەهەڵگران و نوێنەرانی ئەو موقەدەسانە وەربگیرێت. لەچەند ساڵی ڕابردوودا چەندانجار دەرکەوتە جیاوازەکانی ئەم دۆخەمان لەکوردستاندا بینی و ئەو مەترسییانەمان بۆدەرکەوت چۆن ئەم پرۆسەی بە سیاسیکردنە بەرفراوانەی دین و چۆن پرۆسەی دروستکردنی ئەو لەشکرە لەکادرو چالاکەوانی دینی گەنج و دروستکردنی ئەو فەزا دینییە پڕ توندوتیژیو فشارە ڕەمزی و ناڕەمزییە، دۆخێکی دروستکردوە خەریکە خودی کۆمەڵگا

خۆی لەفەزایەکەوە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونو ئەرگومێنتی جیاواز، دەگۆڕێت بۆ ئامرازێکی گەورەی سانسۆرکردن

- شتێک لە عەقڵیەتی ئەم هێزە دینییانەدا بەناوی ڕێژەگراییەوە بوونی نییە، هیچجۆرە پەیوەندیەک لەنێوان" هەقیقەت "و" ڕا"دا نابینن، توانای جیاکردنەوەی فەزای گشتیان لە فەزای تایبەتی و موتڵەقەکانی ناو ژیانی تاکەکەسی و لە ژیانی گشتی نییە. مەترسی ئەم ستراتیژیەتە ئیخوانییەی بە دینیکردنی سیاسەت و بە سیاسیکردنی دین لەم خاڵەدایە، واتە لەوەدایە هەوڵی ئەوەئەدات کۆمەڵگا خۆی بکات بە هێزێکی سانسۆرکەر بەسەر هەموو دەنگێکەوە جیاواز لە دەنگە دینییەکانی ئەوان و هەڵگری موقەدەسێک جیاواز لە موقەدەساتی ئەوان. بەمەش پانتایی ئازاد بۆ گۆڕینەوەی ئەرگومێنتو بیر و بۆچوونی جیاواز بەڕادەیەکی ترسناک بچووک و بەرتەسک دەکەنەوەو لەشکرێک لەچالەکەوان دروستدەکەن کە لەڕێگای بڵاوبوونەوەیان بەناو کۆمەڵگادا و چاندنیان لەهەموو شوێنێکدا، کاریان گۆڕینی کۆمەڵگابێت بۆ ماشێنێکی گەورەی سانسۆرکردن.

بەبۆچونی من مەترسی دۆخێکی لەو بابەتە لەوەدا نییە کە دین بە سیاسی کراوە، مەسەلەکە هەر لەبنەڕەتەوە پەیوەندی بە بەسیاسیبوونی دین خۆیەوە نییە، چونکە دین دەتوانێت بەسیاسیبێت و ببێت بە یەکێک لە گەمەکەرەکانی ناو کایەی سیاسەت، بەڵکو پەیوەندی بەوەوە هەیە ئاخۆ دین چ سیاسەتێک دەکات، دەبێت بە کام سیاسەت، بە چ شێوەیەک

و لەکام رێگاوە دەبێت بە سیاسەت؟ چۆن لەناو کایەی دەرەوەی سیاسەت و لەناو فەزای گشتیدا وەک هێزێکی سیاسی دەجولێتەوە؟ بەناوی چییەوە سیاسەت دەکات و چ پەیوەندییەک لەنێوان سیاسەت و موقەدەسدا پێشنیاردەکات؟ بەکورتی مەسەلەکە هەر لە بنەڕەتەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە داخۆ هێزە دینیە سیاسییەکان چۆن مامەڵەی موقەدەسەکانی خۆیان دەکەن، چۆن مامەڵە لەگەڵ هەقیقەتدا دەکەن، کاتێک ئەم هەقیقەت و موقەدەسانە لەڕێی چالاکی سیاسییەوە لە"مەجالی تایبەت"ەوە دەگوازێتەوە بۆ" مەجالی گشتی "کۆمەڵگا. تا ئەم ساتەی ئێستاشمان بە سیاسیبوونی دین لەکوردستاندا لەهەموو ئەو ئاستانەدا کە لەسەرەوە هێمامپێکردن، کێشەی گەورەگەورەی دروستکردوە. لەسەرێکەوە ئەو دینە بەسیاسیکراوە دینێک نییە بیەوێت راوبۆچوونو دیدی جیاواز قبووڵبکات، بەتایبەتی دیدی نادینی و دژەدینی، ئەو دینە بە سیاسیکراوە کە دەچێتە ناو فەزای گشتییەوە وەک مرتڵەقێک دەچێت بەهێزێکی گەورەی ناچارکردن و بە کۆمەڵێک ئەحکامی ڕەها و پێشوەخت دانراوەوە، نەک هەر خۆی وەک ڕایەک لەپاڵ ڕاکانی تردا نابینێت، بەڵکو دەیەوێت ڕۆڵی ئەو چوارچێوە گشتییە گەورە و بەزۆر سەپێنراوە ببینێت کە هەموو ڕایەک ناچاربێت لەهەناویدا دروستببێت و بەپێی خواستەکانی ئەو و لەڕێگای بە گشتیکردن و قبووڵکردنی حەڵاڵ و حەرامەکانی ئەوەوە بدوێت.

ئەم هێزانە گەر لەئاستی میدیاکانیاندا بانگەشەی قبووڵکردنی

جیاوازیش بكەن، ئەوا بەشێوەیەكی كردەگی ئەم بانگێشەیەی خۆیان قبووڵنەكردوە و شتێک دەكەن ڕێک پێچەوانەی ئەمە. ئەم هێزانە هەردەم نادەمێک بەناوی پاراستنی موقەدەساتی دینی و بەناوی ئەوەی گوایە زۆرینەی كۆمەڵگا موسڵمانە، داوای بێدەنگكردنی هەموو ئەو دەنگانە دەكەن كە ئەم دیدەیان قبووڵنییە، داوای داگاییكردنی ئەوانە دەكەن كە لەدیدی ئەواندا موقەدەساتیان بریندارکردوە. بەمەش داوای پاراستنی هەموو ئەو بنەما سیاسییە نادیموكراسییانە دەكەن كە ئەم شێوازە لەبەسیاسیكردنی دین دەیەوێت دروستیبكات. لەمەش بترازێت تا ئێستا هیچ هێزێكی دینی لەكوردستاندا دینیبوونی دونیابینییەكەی خۆی وەک دیاردەیەكی ڕێژەیی نەناساندوەو هەموو دەركەوتنەكانی دیدی خۆی لەناو فەزای گشتی كۆمەڵگای ئێمەدا، وەک دەركەوتنی موقەدەسێكی ئاسمانی نیشانداوە و بەناوی كۆمەڵێک" سەوابیتی دینی " نەگۆڕەوە دواوە." كۆمەڵێک سەوابیت "گوایە ناكرێت بگۆڕدرێنو نابێت دەستیان بۆ ببرێت و نابێت ڕەخنەبكرێن. بەكورتی دینی بە سیاسیكراو لەكوردستاندا دینێكە بە زۆربەی پێداویستییە گرنگەكانی ژیانی دیموكراسی ناكۆكە، دینێكە سیاسەتێكی نادیموكراس بەرهەمدەهێنێت و دەیپارێزێت، لەسەر بە موتڵەقكردنی موقەدەسەكانی كاردەكات و لەشكرێكیش لە چالاكەوانی تورە دروستدەكات هەموو ڕەخنەیەک لە دین وەک كوفر و وێرانكردنی موقەدەس وێنادەكات. تاقەشتێک ئەم شێوازە لەدینی سیاسی ناڕێژەیی و نادیموكراس لەدیموكراسیەتدا

دەبیینێت" حوکمی زۆرینە"یە، چونکە پێیانوایە زۆرینەی کۆمەڵگا موسڵمانەو ئەوانیش هەڵگری ویستو خواستی ئەو زۆرینە موسڵمانانەن. بۆیە دەتوانن و دەیانەوێت بەناوی خواست و ویستی ئەم زۆرینەیەوە هەم بدوێن و قسەبکەن، هەم دەزگاکانی دەوڵەتو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەڕێوەبەرنو ئاراستەبکەن. هاوکات هەموو رێکەوتنێکی کۆمەڵایەتی لەوڵاتەکەدا لەسەر بنەمای سەپاندنی دیدی ئەو" زۆرینە "گریمانکراوە دەبینن و پێیانوایە رێکەوتنی کۆمەڵایەتی بەگشتی و دیموکراسییەت بەتایبەتی مانای سەپاندنی دیدی ئەو زۆرینەیەیە بەسەر هەموو کۆمەڵگادا. بۆ نیشاندانی مەترسییە گەورەکانی ئەم دیدە دەمەوێت کەمەکێک لەسەر شوێنو جێی" حوکمی زۆرینە "لەدیموکراسییەتدا بدوێم و ئەو راستییە سادەیە نیشانبدەم کە کورتکردنەوەی دیموکراسییەت بۆ" حوکمی زۆرینە"، نەک تەنها بەدحاڵیبوون و تێنەگەیشتنێکی خراپ و ناڕاستە لەدیموکراسییەت، بەڵکو ئەم دیدە دەربڕی تێگەیشتنێکی فاشییانەیە بۆ دیموکراسییەت.

دیموکراسییەت و ستەمگەریی زۆرینە

ئەوەی زۆرێک لەئیسلامییەکانی کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام بەر گوێی کۆمەڵگای ئێمەی دەخەن ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە ٩٥%ی موسڵمانە، بۆیە دەبێت رێز لەویستی ئەم زۆرینە گەورەیەی کۆمەڵگا بگیرێت. وەستانێکی رەخنەگرانە لەسەر ئەم رێژەیەو لێکدانەوە و راڤەکردنی کارێکی هێجگار پێویست و گرنگە. تێبینی یەکەم لەسەر ئەم رێژەیە ئەوەیە کە رێژەیەکی مەزەندەکراوە، گشتگیرییەکە پشتی بەهیچ لێکۆڵینەوەو زانیارییەکی کۆنکریت نەبەستوە. تا ئەو شوێنەی من ئاگاداریم هیچ کەس و لایەنێک لە کوردستاندا راپرسی لەسەر برو رادەی دینداریو بێدینی لە کوردستاندا نەکردوە، تا بزانین خەڵک چەندی ئیمانداره و چەندیش بێئیمان. گەر شتێکی لەو بابەتەش روویدات دەبێت حیساب بۆ ترسی خەڵک لەوەلامدانەوەیەکی ئاشکراو راستەوخۆی پرسیاری دینداریو بێدینی، بکەین. بەتایبەتی لەپاڵ بەهێزبوونی پرۆژەی ئیخوانی و سەلەفی لە کوردستاندا و لەپاڵ

گەورەبوون و بەرفراوانبوونی ژمارەی ئەو کەس و لایەن و دەزگایانەدا کە ئامادەن زۆر بە ئاسانی حوکمی تەکفیرکردنی ئینسان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بدەن.

ڕەنگە ئەم ڕێژەی موسڵمانبوونە کۆمەڵگای ئێمەدا لەوەدا ڕاستبێت کە لەسەر تەسکەرەو دەفتەر نفوس و دۆکۆمێنتە ڕەسمییەکانی تری وڵاتی ئێمە نووسراوە کە ئیسلام دینی هەڵگرەکەیانە، بەڵام کەسێک خۆیو دەوروبەرەکەی نەخڵەتێنێت، ئەو ڕاستییە سادەیە دەزانێت کەس بە تەسکەرەو دەفتەرنفوس و دۆکۆمێنتی ڕەسمی نابێت بە ئیماندار و بێئیمان. دینداری بە بوون و نەبوونی دۆکۆمێنت ناسەلەمێندرێت، بەڵکو بە دڵ و دەرون و هەستکردن دەسەلمێت، هەرهێزێک پەنا بۆ تەسکەرە و ناسنامە ببات بۆ باسکردنی دین هەم فێڵ لەخۆی و هەم فێڵ لە کۆمەڵگا و هەم فێڵ لەو دینەش دەکات کە گوایە بەرگریلێدەکات. لەمەش بترازێت گەر تەنانەت وایدابنێین ئەو ڕێژەیە کە تەسکەرە و دەفتەرنفووسەکان باسیدەکەن ڕاستە و وایدابنێین مادام لەوێدا نووسراوە خەڵک موسڵمانە، کەواتە هەموویان موسڵمانن. ئەودەم لەدۆخێکی وادا ئەو پرسیارەی دەبێت لە خۆمانی بکەین ئەوەیە :ئایا ئەم زۆرینەیە چۆنو بە چ مانایەک موسڵمانن؟ دین چ مانایەکی بۆ هەریەکێک لەوان هەیە و چ شوێنو جێیەک لەژیانیاندا

داگیردەکات؟ ئایا دین چ ڕۆڵێک دەبینێت لەتێڕوانینیاندا بۆ خۆیان و بۆ کۆمەڵگا و بۆ دونیا؟ تاچەند دەیانەوێت ژیانیان لەپاڵ دیندا ڕێکبخەنو تاچەند نایانەوێت دین ڕێکخەری ژیانیان بێت؟

کە ئەو پرسیارانە دەکەم دەزانم بەشێکی گەورە و بەرچاوی کۆمەڵگای ئێمە دینی نین بەو مانایەی هەڵگرانی ئەو دوو پرۆژە گەورەیە بە دینی ئەدەن. هەر کەسێک، بۆ نموونە، لەکاتی بانگداندا بە شارەکانی کوردستاندا تێپەڕێت، ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک نوێژ ناکەن، ئەوەی تەماشای یانە و سەیرانگە و مەیخانەکانی کوردستان بکات، دەزانێت ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لەسەر تەسکەرەکانیان نووسراوە موسڵمان، بە ئاشکرا ژیانێکی نادینی بەسەردەبەن، یان ئەو تێگەیشتنەیان بۆ دین نییە کە هێزە ئیخوانی و سەلەفییەکانی کوردستان بۆ دینیان هەیە. خۆ ئەوەشی تەماشای ڕێژەی هەوادارانی هێزە ئیسلامییەکان خۆیان بکات، بۆی دەردەکەوێت ژمارەی ئەوانەی بەدوای ئەم هێزانەوەن زۆر کەمترە لەژمارەی ئەوانەی لەدەوری هێزە عەلمانییەکانی کوردستان کۆبوونەتەوە، بەشێک لە هۆکاری کۆبوونەوەی ئەم ژمارە بەرچاوی خەڵکی کوردستان لەدەوری ئەو هێزە عەلمانییە گەندەڵ و نادیموکراسانە پەیوەندی بە ترسی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە لەو پرۆژە ئیخوانی و سەلەفییەی لە وڵاتەکەدایە.

بەکورتی ئەو خاڵەی من دەمەوێت نیشانیبدەم و بەرگریلێبکەم ئەوەیە کە گەر راستیشبێت ٩٥%ی خەڵکی کوردستان موسڵمانبن، ئەمە مانای ئەوە نییە ٩٥ %خەڵک دەیانەوێت لەکۆمەڵگایەکی دینیدا بژینو سیستمێکی کۆمەڵایەتیو سیاسی دینیان هەبێت و یاساکان و پەیوەندییەکان و شێوازە جیاوازەکانی ژیان دین بیانبات بەڕێوە و بەها و نرخە کۆمەڵایەتییەکانیش بەها و نرخی دینی بن. ئەم رێژەیە مانای ئەوە نییە هەموو کۆمەڵگا دەیەوێت ئەو جلوبەرگە دینییە بپۆشن کە ئیخوانی و سەلەفییەکان بە جلوبەرگی شەرعی دەزانن، یان ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە دینین و سەیری ئەو کەناڵە تەلەفیزۆنە بکەن کە باسی دینیان بۆدەکات.

خۆ گەر هەنگاوێک زیاتر بچینە پێشەوەو رێژەکە کەمەکێک وردتربکەینەوە، ئەوکات دەکرێت بڵێین ژمارەی ئەوانەی لەناو ئەو ٩٥%ـەی خەڵکدا کە دیندارن، هەموویان هەڵگری یەک تێگەیشتن بۆ دین نین و هەموویان هەمان داواکاری و هەمان چاوەڕوانییان لەدین نییەو هەمان رۆڵیش بە دین لەژیانی خۆیاندا نابەخشن. بەکورتی قسەکردن لەو رێژەیە بەو رەهاییە نەک تەنها قسەکردنێکی بێمانایە، بەڵکو حیساباتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی زۆر تایبەتی لەپشتە بۆ سەپاندنی پرۆژەیەکی سیاسی و دینی کە" زۆرینەی "بەرچاوی کۆمەڵگا نایەوێت بسەپێنرێت. ئەم تەعمیمو گشتگیرییە سادە و هەڵەیە

ئەوەندەی هەندێک راستی گرنگمان لەسەر تەماحی سیاسی هێزە ئیسلامی و خوێندەوارەکانیان پێدەڵێت، ئەوەندە راستییەکی سۆسیۆلۆژیمان پێناڵێت کە لەپاڵیدا بزانین کۆمەڵگای ئێمە چی دەوێت و چ تێڕوانین و چاوەڕوانییەکی لەدین هەیە؟ لەڕاستیدا تاقە شتێک ئەم گریمانەی ٩٥ %بسەلمێنێت، خودی گریمانەکە خۆیەتی، نەک لێکۆڵینەوەو تێڕامانێکی ورد لەو رێژەیە و وردکردنەوەی ڕێژەکە بۆ زانیاری سۆسیۆلۆژیانەی زانستی لەسەر کۆمەڵگای ئێمە.

خاڵێکی تر لە پەیوەندیدا بەم ڕێژەیەوە ببینینی ئەو ڕاستییەیە ئەوانەی بەردەوام باس لەم رێژەیە دەکەن کۆمەڵێک کۆمەڵناس و سیاسەتناسرو زانای بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەلایەتی نین، بەڵکو کادیرە سیاسییەکانی ئیسلامی سیاس و هەندێک لەخوێندەوارەکانیانن، ئەو چالاکەوانانەن کە دینیان بەشێوەیەکی خراپ کردۆتە بنەمای سیاسەتکردن و نیازیان وایە کۆمەڵگای ئێمە بکەن بە ئامرازێکی گەورەی سانسۆرکردن بەسەر خۆی و بەسەر دەنگە نادینی و دژەدینییەکانەوە. لەهەموو ئەمانەش بترازێت ئەوەی دەڵێت کۆمەڵگای ئێمە ٩٥%ی موسڵمانە، دەیەوێت بەناوی زۆرایەتییەکی رەهاوە قسەبکات، قسەکردنیش بەناوی زۆرایەتییەکی رەهاوە قسەکردنێکە لەفاشییەتەوە نزیکە نەک لەدیموکراسییەتەوە.

دیموکراسییەت شێوازێکە لەحوکمڕانی کورتناکرێتەوە بۆ حوکمی

زۆرینە بەتەنها. لەتیورەی دیموکراسییەتدا، بۆ نموونە، لای جۆن ستیوارت، یەکێک لەو خاڵە سەرەکیو گرنگانەی لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە باسدەکرێت مەترسی دروستبوونی" ستەمگەری زۆرینە"یە، واتە مەترسی گۆڕانی" زۆرایەتی دیموکراسییانەیە "بۆ "زۆرایەتییەکی ستەمگەر ."لەسەردەمی جۆن ستیوارت میلەوە هەست بە مەترسی ئەوە کراوە کە شێوازی دیموکراسییانەی حوکمڕانی ئەگەری دروستبوونی جۆرێک لەستەمگەری نوێ لەگەڵخۆیدا دەهێنێت کە مەترسی" ستەمگەری زۆرینە"یە. بۆیە هەر لەسەردەمی ئەم نووسەرەوە داوای کۆمەڵێک میکانیزم و رێگری دەستووریی کراوە کە نەهێڵێت دەسەڵاتی زۆرینە ببێت بە دەسەڵاتێکی ستەمگەر، یان ببێتە هۆکاری دروستبوونی" دیکتاتۆریەتێکی نوێ "لەژێر چەتری دیموکراسییدا. ئەمە وایکردوە تیورەی دیموکراسییەت لەسەردەمی جۆن ستیوارت میلەوە سەرقاڵی ئەوەبێت سنوورەکانی دەسەڵاتی زۆرینە دەستنیشانبکاتو ئەو بەندو خاڵ و پرنسیپانە بە ئاشکرا بناسێنێت کە زۆرینە بۆی نییە بیانگۆڕێت و دەسکاریانبکات. لەهەموو دۆخێکدا دەسەڵاتی زۆرینە نابێت بێڕێزی بەرامبەر بە کەمینە بکاتو نابێت راو بۆچوونەکانی کەمینە بەهەند وەرنەگرێت، زۆرینە بۆی نییە ئەوەی دەیەوێت بەبێ حیسابکردن بۆ ماف و ویست و ئازادی کەمینەکان بیسەپێنێتو خۆی چی بەڕاست زانی ئەوەبکات. ئەوەشی کە نابێت هیچ زۆرینەیەک بەهیچ جۆرێک دەستی بۆببات مەسەلەی مافە

دەستورییەکانی تاکەکەس و گروپەکانە، مافی ئازادی بەهەموو شێوەکانییەوە، بە مافی بوون یان نەبوونی دینەوە، مافی سەربەخۆبوونو مافی بوونی ژیانی تاکەکەسی تایبەتو پارێزراو و دەستبۆنەبراو. ئەمە جگە لەمافی یەکسانبوون لەبەردەمی یاسادا بۆ هەمووان، دیندار و بێدینو هەژارو دەوڵەمەند ، نێر و مێ...هتد.

پاراستنی ئەم مافانە و رێگرتن لەدیکاتۆریەت و ستەمگەری زۆرینە وایکردوە هەموو سیستمێکی دیموکراسی پێویستی بە دەستور یان رێکەوتننێکی کۆمەڵایەتی هەبێت، مافەکانی هەمووانی پێشوەخت رێکخستبێت، بۆئەوەی مەودا بە زۆرینە نەدرێت چۆنی ویست وا دەسکاریانبکات و چۆنی ویست وا حوکمڕانیبکات.

لەڕاستیدا جۆن ستیوارت میل و زۆر نووسەری تری بواری تیورەی دیموکراسییەت تەنها کێشەیان لەگەڵ" زۆرینەی سیاسیدا "نییە، واتە تەنها لەدروستبوونی ستەمگەری سیاسی زۆرینە ناترسن، بەڵکو ترسێکی زۆرتر و گەورەتریشیان لە"زۆرینەی ئەخلاقی "هەیە. واتە ترسیان لەو ستەمگەرییە هەیە کە دەشێت زۆرینە بەناوی پاراستنی ئەخلاقی کۆمەڵگاوە لەسەر تاکەکەسەکان پیادەیبکات. جۆن ستیوارت میل لەم رووەوە دەنووسێت" :پاراستنی ئینسان لەزۆرینەی سیاسی بەتەنها بەس نییە، بەڵکو پێویستە ئینسان لەبیروبۆچوون و هەستو نەستە باڵادەستەکانیش بپارێزرێت. پێویستە ئینسان لەو مەیلەی

کۆمەڵگا بپارێزێت کە دەیەوێت بیروبۆچوون و کردەوەکانی کۆمەڵگا وەک یاسای ئەخلاقی بەسەر ئەوانەدا بسەپێنێت کە نایانەوێت پەیڕەویانبکەن، کۆمەڵگا بۆیە ئەمە دەکات بۆئەوەی ڕێبگرێت لەدروستبوونی هەر جۆرێک لەتاکەکەس و هەرشێوازێک لەبە تاکەکەسبوون کە لەگەڵ راوبۆچوونی ئەخلاقی زۆرینەدا نەگونجێت ."بە کورتی میل پێیوایە ئەرکی دیموکراسییەت بریتییە لەڕێگرتن لە "سەپاندنی ئەو مۆدێلە ئەخلاقییەی کە زۆرینە باوەڕیان پێیەتی بەسەر هەمووواندا" (٥)

لێرەوە ئەوەی پێویستە ئیسلامییەکانی کوردستان وازلێبهێنن مەسەلەی قسەکردنە بەناوی هەموو یان زۆرینەی کۆمەڵگاوە، قسەکردنە بەناوی" موقەدەساتی زۆرینە" "ڕا و بۆچوونی زۆرینە "و "ئەلاقی زۆرینە "و... هتد. هەموو قسەکردنێکی رەها بەناوی ئەو زۆرینانە ستەمگەرییەکی نوێمان بۆدروستدەکات، بەڵام ستەمگەرییەک لەڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە. ئیسلامییەکان دەبێت لەهەمووان زیاتر ڕێزی ئەو پرنسیپە بگرن کە نابێت زۆرینە هەموو بڕیارەکان بدات، ئەوان گەر تەنها سەیری پەرلەمانی کوردستان خۆی و سەیری شوێن و جێی خۆیان و بزوتنەوەی گۆڕان لەو پەرلەماندا وەک کەمینە بکەن و شوێن و جێی پارتی و یەکێتییش وەک زۆرینەیەکی پەرلەمانی ببینن، دەبێت لەوە تێبگەن دەشێت چ جۆرە ستەمگەرییەکی گەورە

لەپشتی حوکمی ڕەهای زۆرینەوە ئامادەبێت.

دینی خۆنمایشکەر

پێشتر وتم دین لەکوردستاندا بەرەو ئەوە دەڕوات لەدوو جۆری سەرەکیدا دەربکەوێت. جۆری یەکەمیان ئەو بەسیاسیکردنە نادیموکراسییەی بەردەوامی دینە کە لاپەڕەکانی پێشوودا باسمکردو ئەمەشم وەک پرۆژەیەکی ئیخوانی ناساند، ئێستا دەمەوێت باس لەپرۆژەی دووهەمیان بکەم کە پرۆژەی" نمایشکردن و نیشاندانێکی بەرچاو زەقی دینداریییە لەفەزای گشتی"دا. مەبەستم لەمەش پرۆژەی سەلەفییەتی دینییە لەکوردستاندا. بەشێوەیەکی گشتی ئەم پرۆژەیە پرۆژەی بەرجەستەکردن و نیشاندانی ئاشکرای تێگەیشتنێکی دۆگمایی و داخراوی دینە لەناو فەزای گشتیدا و هەوڵدانە بۆ سەپاندنی ئەم تێگەیشتنە دینیە بەسەر ئاستە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. لەڕاستیدا سەلەفیەتی دینی بەو شێوازە وەهابییەی ئەمڕۆ گرتویەتییە

خۆی، دژ بە بەشێکی هێجگار گەورە و گرنگی مێژووی ئیسلام خۆشیەتی، دژ بەو مێژووەیە کە ئیسلامی لەگەڵ فیکر و فەلسەفە و شیعر و جوانی و داهێنان و ڕۆحانییەتێکی قووڵدا کۆکردۆتەوە و گونجاندوە. ئەم سەلەفیەتە لە شەڕێکی دەستەویەخە و هەمەلایەندایە لەگەڵ هەموو ئەو ڕووکارانەی ئیسلامدا کە دین تەنها بۆ کۆمەڵێک ئەحکامی دینی سادە و کۆمەڵێک لێکدانەوەی حەرفی تێکستە دینییەکان کورتناکاتەوە، بەڵکو وەک شارستانیەتێکی فرەدەموچا و فرەدەرکەوت دەیبینێت. لەڕاستیدا ئەم سەلەفیەتە پرۆژەی گرگنکردن و بێرۆحکردن و تەحنیتکردنی دینە.

ئەگەرچی سەلەفییەکان خۆیان وەک بزوتنەوەو کەسایەتی و ڕێبازی ناسیاسی دەناسێنن‌و دین لە شێوازی مۆدێلێکی ئیستیعرازی تایبەتی دینداریدا نمایشدەکەن، بەڵام لەهەر هەلومەرجێکدا توانای ئەوەیان هەبێت ئەو دیندارییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەی بڵاویدەکەنەوە، بگۆڕن بۆ پرۆژەیەکی سیاسی، درێغی ناکەن‌و درێغیشیان نەکردوە. لەم ڕووەوە ئەزموونی سەلەفییەکانی میسر باشترین نموونەی ئامادەگی هێزە سەلەفییەکانن بۆ ئەمجۆرە وەرچەرخانە. بەدرێژایی قۆناغی حوکمڕانی حوسنی موبارەک سەلەفیەکانی میسر خۆیان وەک هێزێکی ناسیاسی دەناساند و وەک هێزی ناسیاسی کە خەریکی بڵاوکردنەوەی دینداراین کاریاندەکرد، بەڵام کە موبارەک لە کەوتن نزیکبووەوە لەماوەیەکی کەمدا خۆیان گۆڕی بۆ هێزێکی سیاسی ڕێکخراو و نزیکەی

٢٠ لەسەدی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو وڵاتەیان برد.

بەهەرحاڵ ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت نیشانبدەم رەهەندە سیاسییەکانی سەلەفیەت نییە، بەڵکو ئەو رۆحە ئیستیعرازی و خۆنمایشکارەیە کە سەلەفییەکان بە دین و دینداری دەبەخشن. خاڵی سەرەکی لەم رۆحە خۆنمایشکار و ئیستیعرازییەدا ئەوەیە کە دینداری لێرەدا پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ناوەوەی ئینسان و بە دۆخێکی رۆحیو ویژدانی پێگەیشتو و بە قوڵاییەکی دەرونی تاکەکەسیی تایبەتەوە نییە، بەڵکو، بەپلەی یەکەم، چالاکی خۆدەرخستن و خۆنمایشکردنێکی نەرجسییانەیە لەناو فەزای گشتی کۆمەڵگادا. سەلەفیەت ئەوەندەی سەرقاڵی رووکاری دەرەوەی دینە و ئەوەندەی دەیەوێت دینداری ببینرێت و نمایشبکرێت، ئەوەندە لەخەمی ئەوەدا نییە دین لەناوەوەڕا ئینسان دروستبکاتەوە و قوڵایی و دەوڵەمەندییەکی رۆحی بە ئینسان ببەخشێت. بەم کارەشیان سەلەفیەت دین کورتدەکەنەوە بۆ توێکڵێکی دەرەکیو بۆ شێوازێکی دەرکەوتن و خۆنمایشکردن و خۆنیشاندان لەناو پێکەوەبوونی کۆمەڵایەتیدا. ئەرکی سەرەکی ئەم توێکڵکاری و رووکەشییە دەرەکییە جیاکردنەوەی ئینسانی بەناو ئیماندارە لەئینسانی بێئیمان، دروستکردنی سنوورێکی بینراوە لەنێوان دین و نادیندا، جیاکردنەوەی ئەوەی دەشێت و دەبێت هەبێت، لەوەی کە ناشێت و نابێتهەبێت.

سەلەفییەت هەوڵی گۆڕینی دین بۆ دیوارێک ئەدات کە بتوانێت دین

لە نادین جیابکاتەوە، ئەم دیوارەش دەبێت ببینرێت و هەستیپێبکرێت. بەمەش لەڕاستیدا دین کورتدەکاتەوە بۆ دەرکەوتەکانی لەناو فەزای گشتیدا. ئەم ستراتیژەیە وادەکات ئەم جۆرە لەدینداری سەلەفییانە ئەو گرنگییە گەورەیە بە جلوبەرگی دینی و حیجابو ریش و سمێڵ و خۆداپۆشین و سەرجەمی شتە رووکەشەکانی تری ئیمانداری بدات، کە رۆژانە وەک بەشێک لە دیمەنە گشتییەکانی ناو فەزای گشتی شارەکانی کوردستان دەیانبینین. ڕاستیش ئەوەیە چەندە دین کورتببێتەوە بۆ رووە رووکەشەکانی دین، لە کاکڵەوە ببێت بە توێکڵ، ئەوەندە لەڕووی رۆحیو دەرونی و ویژدانییەوە لاوازو بێهێز دەبێت و هەموو مانا قووڵەکانی دینداری لەدەستئەدات. ئەمەیە وایکردوە یەکێک لەدوژمنە هەرە گەورەکانی سەلەفیەتی دینی، ئەو رێبازە دینییانەی تربێت کە گرنگی بە رەهەندە رۆحییەکانی دین دەدەن تا بە رووکارە دەرەکی و رووکەشەکانی دین و خەریکی ناوەوەی مرۆڤن نەک دەرەوەی مرۆڤ.

ئەو هەڵە گەورەیەی سەلەفییەت دەیکات ئەوەیە کە پێیانوایە دەرکەوتنی دین لەفەزای گشتیداو نیشاندنی دینداری لەڕێگای توێکڵە رووکەش و دەرەکییەکانی دینەوە، کۆتایی بەکێشە گەورەکانی کۆمەڵگا دەهێنێت. بۆ نموونە زۆرێک لە سەلەفییەکان پێیانوایە گەر ئافرەت حیجابی لەسەرکرد، ئیتر کێشەی پەیوەندی نێوان نێر و مێ، مەسەلەی شوێن و جێی ئافرەت لەکۆمەڵگادا، یەکسانی نێوان پیاوو ئافرەت، چارەسەرکراوە یان چارەسەردەکرێت. پێیانوایە کە حیجابپۆشی کۆتایی

بە قەیرانی دروستکردن و تێکدانو بە قەیرانی بونیادی دەسەڵاتگەر و پاتریارکییانەی خێزان دەهێنێت، ئەو قاتو قڕییە جنسییەی کە هەیە و ئەو دواکەوتنە ترسناکەی تەمەنو توانای شوکردن و ژنهێنان و لەوێشەوە دواکەوتنی دەستپێکردنی ژیانێکی سێکسی رێکخراو، بە داپۆشینی قژ و بە ریشهێشتنەوە و بە بەهێزکردنی ڕۆحیەتی ئیستیعرازی دین لە کۆمەڵگادا، کۆتاییپێدێت. ئەمانە پێیانوایە گەر منالانی قوتابخانەی سەرەتاییان فێری ئەوەکرد قورئان دەرخبکەن، ئیدی ئەو منالانە رێگای خۆیان لەناو دونیای ئاڵۆزی ئەمڕۆدا دۆزیوەتەوە و دەشتوانن وەک بوونەوەری سەربەخۆو ئازاد ژیانی خۆیان رێکبخەن. ئەمانە لەباتی ئەوەی منداڵان فێری زمانە زیندووەکانی دونیاو فێری پەروەردەیەکی دیموکراسییانەیان بکەن، فێریانکەن دونیا لەگەڵ کەسان و بیروبۆچوونە جیاوازەکانی ناو ژینگە کۆمەلایەتییەکەی خۆیدا دابەشبکەن، دیندارییەکی بێقوولاییان پێئەدەن دابڕاو لەپێداویستییە هەرە سادەکانی ژیانیان و داخراو بەڕووی هەر کرانەوەیەکی ئینسانی و کولتوریدا.

سەلەفیەتی دینی بانگەشەی بوونی یەک شێواز لەدینی راستەقینەو یەک شێواز لەدینداریو یەک جۆر لێکدانەوەی دروست بۆ دین دەکات، ئەویش دینداری نەوە کۆنەکانی سەرەتای ئیسلامە لە کۆمەڵگای بەدەوی ئەو ڕۆژگارە دێرینەدا. ئەم پێداگرتنە لەسەر بوونی یەک دینی ڕاستەقینە و یەک لێکدانەوە و یەک شێوازی دروستی دینداری، لەزۆر

رووەوە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەو کولتورە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەیە کە لەگەڵ ئەزموونی تاکە حیزبی و تاکە سەرۆکی و تاکە ئایدیۆلۆژیادا لەم ناوچەیەدا باڵادەستبوو، تاکچێتییەک لە نیو سەدەی ڕابردوودا ئەو هەموو زیانە گەورانەی بە مێژووی میلەتانو کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیە گەیاند و بەردەوامیش دەیگەیەنێت. بەم مانایە، بەتایبەتی لە ڕووە سیاسی و فەرهەنگییەکەیدا، سەلەفیەتی دینی گەڕانەوە نییە بۆ دینی ڕاستەقینە، یان بۆ" سەلەفی سالح "وەک خۆیان دەڵێن، بەڵکو دیوی ئەودیوی سەرجەمی ئەو دید و تێڕوانین و ئاکارە تۆتالیتارییانەیە کە بەشێکی ناشیرینی مێژووی سەدەی بیستەمی ئەم ناوچەیەیە. لەڕووی مێژووییەوە ناکرێت بەهێزبوونی سەلەفیەتی دینی لەم ناوچەیەدا لەئابوری نەوت و لەتێکەڵبوونی دۆلاری نەوتی سعودی بە وەهابیزم، واتە بە دیدێکی دینی گشتگیری نادیموکراس و داخراو و دۆگمایی داببڕین. ڕۆڵی ڕێبازی وەهابیزمی سعودی و ڕۆڵی دۆلارەکانی نەوتی سعودییە لەمڕووەوە هێجگار ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاوە.

بەبۆچوونی من کێشەی سەلەفیەتی دینی، وەک کێشەی تێڕوانینی ئیخوانەکان بۆ دین، لەسیاسیبوونو ناسیاسیبوونیدا نییە، چونکە من باوەڕم وایە هەموو گروپێکی دینی پێویستە ئەگەر و توانای ئەوەی لەبەردەمدابێت خۆی وەک گروپێکی سیاسیش نمایشبکات، کێشەکە

وەک وتم لە بەسیاسیبوونی دیندا نییە، کێشەکە لەوەدایە سەلەفیەتی دینی ئەو شێوازە میللییەی دین، واتە ئەو دینە شەعبییە، وێراندەکات کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیە. دینێکی میللی کە بەحوکمی میلیبوونی کراوەتر و پەیوەندیدارتر و ئینسانیتر و لەڕاستیشدا عەقلانیترە لەو دینەی کە سەرقاڵی خۆنمایشکردن و خۆ ئیستعرازکردنە لەناو فەزای گشتی کۆمەڵگادا. بەدرێژایی چەندان سەدە چەندان گروپ و هێزی دینی جیاواز، چەندان گروپی نادینی و تەنانەت دژەدین، توانیویانە لەپاڵیەکدا و لەپاڵ ئەم دینە میللیەدا بژین، بەڵام باڵادەستبوونی سەلەفیەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕێگای ژیان لەبەردەمی هەموو ئەو گروپانەدا دادەخات کە هەمان تێگەیشتنی ئەوانیان بۆ دین نییە. لەمڕووەوە ئەزموونی بێمافکردن و بێڕێزیکردن بەرامبەر بە هەموو ڕێبازە دینییەکانی تر، جیاواز لە ڕێبازی وەهابی، لە وڵاتێکی وەک سعودیەدا، ئەزموونێکی هێجگار تاڵە و شایانی دووبارەکردنەوە نییە لەهیچ شوێنێکی دونیادا. بەکورتی دەسکاریکردنی دینی میللی بە ئاراستەی کردنی بە دینێکی سەلەفی ئەو مەترسییە گەورەیەیە کە سەلەفیەت ئەمڕۆ لەسەر کۆمەڵگای ئێمە هەیەتی.

کێشەی تر

له کوردساتندا ئەم دوو شێوازەی دین کە باسمانکردن کۆمەڵێک کێشەی گەورەیان هەیە، لەپێش هەمووشیانەوە کێشەی ئەوەیە کە ناتوانن لەگەڵ ئازادیدا بژین، ناتوانن ئینسان وەک گەورەترین بەها تەماشابکەن، ناتوانن لەگەڵ داهێناندا تەبابن، ناتوانن دەستنەبەن بۆ ژیانی تاکەکەسی ئینسان، لەوە تێناگەن دینی راستەقینە لەڕابردووەوە ناهێنرێت، تەماحی ئەوەیان نەبێت هەموو کێشەکانی بوونی ئینسان لەکۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا بە دین چارەسەربکەن. بەکورتی کێشەی سەرەکی ئەم دوو شێوازە لە دین لە کوردستاندا لەوەدایە کا ناتوانن دین وەک پارچە و بەشێو رەهەندێک لەڕەهەندەکانی ژیان، نەک وەک هەموو ژیان، وێنابکەن. ناتوانن ئەوە قبووڵبکەن کە نادین وەک دین

بەشێکە لە خولیای ئینسان و بەشێکە لەمێژووی کۆمەڵگاکانی دونیا.

ئەم شێوازە لەدینی سیاسی و لەسەلەفیەت لەکوردستاندا نایانەوێت ئەو راستییە ببینن کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دونیای ئەمڕۆ فیکری ترو دیدی تر و بیرکردنەوەی تر و شێوازی بەرخوردی تر و عەقلانیەتی تر پێویستن، کە هەموویان یان زۆربەیان لەدەرەوەی دینو لەدەرەوەی دینداریدا دروستدەبن و دەژین. نایانەوێت ئەوە ببینن هەموو ئەم شتانە نەک تەنها بۆ چارەسەرکردنی بەشێکی هێجگار زۆری کێشەو گرفتەکانی ئینسانو کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ پێویستن، بەڵکو بۆ تازەکردنەوەی دین خۆشی پێویستن، بۆ کردنی دین بەبەشێکی گرنگی رەهەندی ناوەکی مرۆڤی ئیماندار خۆشی پێویستن، بۆ بەخشینی قوڵاییەکی دەرونی و ویژدانیو ئەخلاقیو رەمزی بە دینداری پێویستن، هەروەکچۆن بۆ کردنی دینی سیاسی بە دینێکی سیاسی دیموکراس پێویستن. هەموو ئەوانە بۆ دروستکردنی باوەڕێک پێویستن بتوانێت ئینسان لەڕووی رۆحییەوە دەوڵەمەندبکات، نەک هەژاربکات، بیکات بە مرۆڤێکی ئازادترو لێبوردوتر، نەک بە کادرێکی سیاسیو دینی وا سڵ لەوە نەکاتەوە بەناوی خودا و پێغەمبەرەکانەوە بدوێت و کێی ویست و چۆنی ویست وا کەسانی دەوروبەری تەکفیربکات. ئەوەی ئەمڕۆ لەدونیای ئێمەدا پێویستە بێدینی نییە، بەڵکو ئەو جۆرەیە لەدین و دینداری کە تەماحی ئەوەیان نییە لەڕێگای دروستکردنی وێنەیەکی ناشیرن و ناقوڵای دینەکانی تر و شێوازەکانی

تری بیرکردنەوەو داهێنان و ژیانەوە، وێنەیەکی جوان و فریشتەیی و موقەدەس بۆخۆیان دروستبکەن. بەکورتی جۆرێک لە تێگەیشتن بۆ دین و جۆرێک لە دینداری پێویستن کە موقەدەسبوونی خۆی لەسەر لەعنەتکردن لەوانی تر دروستنەکات.

دەرەنجام

ئەو شێوازە تازانەی دین و دینداری کە لەدونیای ئێمەدا خەریکە باڵادەستدەبن تێکەڵێکە لەئیسلامی ئیخوانی و ئیسلامی سەلەفی. ئیسلامی ئیخوانی دەیەوێت تا سەرئێسقان سیاسی بێت و ئیسلامی سەلەفیش دەیەوێت رۆحێکی شانۆیی و خۆنمایشکەری ئیستیعرازی بە دین ببەخشێت. ترسناکی ئەم دوو شێوەیە لەئیسلام لەبوونی خۆیاندا نییە، چونکە تا ئەمڕۆش بەشێکی کەمی کۆمەڵگای ئێمە باوەڕی سیاسی و فەرهەنگی دینی و کۆمەڵایەتی خۆی بەم دووشێوە تایبەتەی بەگەڕخستنی دین لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەخشیوە. ترسناکی ئەم دوو شێوەیە دین ئەو کات دەستپێدەکات کە ئیسلامی میللی، ئیسلامی ناو دڵی ئیماندار و خوداناسە سادەو ئاساییەکانی دونیای ئێمە، دەکەوێتە

ژێر کاریگەریی ئەو دوو تێگەیشتنەی ترەوە بۆ ئیسلام. ئەوکاتەی ئیسلامی میلیی، کە تاڕادەیەکی زۆر ئیسلامێکی هێمنو کراوەو لێبوردەیە، لەگەڵ ئەم دوو پرۆژە ئیسلامییەدا تەماهی دەکات و دەبێتە هەڵگری هەمان ڕۆحیەتی سیاسی و هەمان ڕۆحیەتی خۆسەپاندن و توڕەبوون و دروستکردنی گرژی و قیرەقیڕ و هات و هاوار و نەفرەتکردن لەنادینو دژەدین. ئیسلامی میللی ئیسلامێکە بەشێکە لەپەیوەندی هاوسێیەتی و بەدەمەوەچون و مشورخواردنی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو دوو ئیسلامەی تر هەڵگری پرۆژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەتن کە تا ئەم ساتەش ناکۆکن بە سەرەتا هەرە سەرەتاییەکانی دیموکراسییەت و قبوڵکردنی جیاوازی و بەدەمیەکەوەچوونی کۆمەڵایەتی. دەڵێم ئەو کاتەی ئەم دوو شێوازەی ئیسلام لەوەدا سەردەکەون ئیسلامی میللی وێرانبکەن، یان وەک ئیسلامی خۆیانی لێبکەن، واتە هەم بیکەن بە ئیسلامێکی سیاسی و هەم بە ئیسلامێکی خۆنمایشکەر و رووکەشی ئیستیعرازی کۆنەپارێز، ئەودەم دین لەدونیای ئێمەدا دەبێتە دیاردەیەکی مەترسیدار، دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە لە هێمنی و ئارامی کۆمەڵایەتی، دەبێتە مەترسی لەسەر ئاسایشی گشتی ئەو کۆمەڵگایە.

ئیسلامی ئیخوانی و ئیسلامی سەلەفی تەنها ئیسلامی میللی وێرانناکەن لەڕێگای سەپاندنی لێکدانەوە و بۆچوونەکانی خۆیانەوە بەسەر ئەو ئیسلامییە میللییەدا، بەڵکو لەڕێگای بە موقەدەسکردنی

دینەوە هەموو وزەیەکی ڕەخنەیی و هەموو ئازادییەکی ڕاستەقینە لەبیرکردنەوەدا دەکوژن. ئەم دوو جۆرە لە ئیسلام کێشەیان لەگەڵ ئەوەدا نییە ڕۆژانە دەیەها نیوەخوێندەواری دینی دونیای ئێمە پڕ لە ئەفسانە و جەهل و خورافەت بکەن، بەڵام گەر هاوشێوە عەلمانییەکانیان، واتە نیوە خوێندەوارێکی عەلمانی، شتێکی خراپی لەسەر دین ووت ئیتر شوتی ئینزار لێئەدەن و هێزی ڕێکخراوەیی و میدیایی خۆیان وا جۆشئەدەن وەک ئەوەی دۆخی ناکاو هاتبێتەکایەوە. لەباتی ئەوەی خۆیان لەگەڵ هەلومەرج و ژینگەیەکی فرەدەنگ و فرەئارا و فرەبیرکردنەوەدا بگونجێنن، پەلاماری هەموو ئەو دەنگانە ئەدەن کە بەزەوق و ویستی ئەوان باسی دین ناکات. سبینۆزا لە کتێبی" نامەیەک دەربارەی لاهوت و سیاسەت "بەرگری لە تێزێکی سادە بەڵام هێجگار گرنگ دەکات کە پێموایە هێزە ئیسلامییەکانی دونیای ئێمە پێویستیان بەوەیە گوێلێبگرن. بەبۆچوونی سپینۆزا تەندروستی و پێشکەوتن و رزگاربوونی کۆمەڵگاکان لەوەدایە ئازادی بیرکردنەوەیان تیادا پیادەبکرێت، ڕووبەری ئەم پیادەکردنەش نابێت گەورەتر بکرێت و بەهەموو شوێنێکدا بڵاوبکرێتەوە. چونکە کوشتنی ئەم ئازادییە بەناوی پاراستنی موقەدەساتەوە، کوشتنی توانای داهێنان و تازەکردنەوە و پێشکەوتنە لە ئینساندا.

ئەگەرچی لەیەکەمین تەماشاکردندا جۆرێک لەناکۆکی لەنێوان ئیسلامی

ئیخوانی و ئیخوانی سەلەفیدا دەردەکەوێت، بەڵام دواجار بەو پێکهاتە و عەقڵیەت و خەیاڵە سیاسی و فەرهەنگییەی ئەمڕۆکە ئەم دوو هێزە هەیانە، ئەوان لە ئاستی قووڵدا نەک بەیەکتری ناکۆک نینو نابن، بەڵکو کاری یەکتری تەواودەکەن. لای هەردوو هێزەکە ئیسلامی سیاسی، یان دینی بەسیاسیکراو، لەسەر عەرشی ئیسلامێکی کۆمەڵایەتی کۆنەپارێز و داخراوو ئیستیعرازی دادەنیشێت و بە هەردووکیشیان دینێکی پڕ تەماحی تۆتالیتاریانەی گشتگیر و نادیموکراسو دەسەڵاتگەر دروستدەکەن.

لەڕاستیدا ئەو ئیسلامەی ئەم دوو هێزە بەجیا لەیەکتر و بەیەکەوە بەرهەمیدەهێنن، ئیسلامێکە دابڕاو لەسەرجەمی ئەو پێشمەرجانەی کە دین دەکەنە ئامرازێک بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی کراوە و دیموکراس و ڕێزگر لەجیاوازی و بەرگریکەر لە مافی لەویترنەچوون. بەم عەقڵیەتو تێگەیشتنەوەی ئەمڕۆیانەوە تێکەڵکردنی پڕۆژەی ئیخوانی و پڕۆژەی سەلەفیەت بەیەکتری جگە لەمەبەستە سیاسییەکانیان، مەبەستێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ترسناکیشیان هەیە :مەبەستی گۆڕینی کۆمەڵگا بۆ دەزگایەکی گەورەی سانسۆری دینی و کردنی ئەم سانسۆرەش بە سانسۆری باڵادەست لە وڵاتدا. لێرەدا سانسۆر چیتر کردەیەک نییە ئەم یان ئەو دەزگا، یان ئەم یان ئەو هێزی سیاسی بەتەنها پێیهەڵسێت، بەڵکو دەیانەوێت کۆمەڵگا خۆی پێیهەڵبستێت و کۆمەڵگا خۆی سنووری ئازادییەکانو مافەکان و جیاوازییەکان بەسنوورەکانی دین تەسکبکاتەوە. ئەمەش کۆمەڵگا لەفەزایەکی پڕ دید و بۆچوون و خەون و چاوەڕوانی

جیاوازەوە دەگۆڕێت بۆ رووبەرێکی گەورە و هەمەلایەنی دیسپلین و سانسۆرکردن. ئەمجۆرە شێوازەی دینی بە سیاسیکراو ڕووبەرە مەدەنییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگۆڕن بۆ ڕووبەری دینی و بەمەش دایدەخەن بەڕووی دینی تر و نادین و دژە دیندا.

سەرچاوەکان

١-دەربارەی نارسیسمی دینی بڕوانە:

Marjorie J. Cooper and Chris Pullig (2012). INumber One! Does Narcissism Impair Ethical Judgment Even for the Highly Religious?. Journal of Business Ethics2012.

٢-دەربارەی پەیوەندییەکی کەلەپوری بە رابردووەوە بڕوانە:

محمد عابد الجابری) ١٩٩٣ .(نحن والتراث، قراءات معاصرة في تراثنا الفلسفي. المركز الثقافي العربي. الطبعه .6 :بيروت، لبنان

٣-رەنگە بەناوبانگترین کتێبێک لەسەدەی بیستەمدا لەم بارەیەوە نووسرابێت کتێبی" غەرب زەدەیی "جەلای ئال ئەحمەد بێت. ئەم کتێبەی ئالی ئەحمەد کتێبێکی ئایدیۆلۆژیی بێپەردەیە، زیاتر لەبەیاننامەی هێزێکی سیاسی دەچێت کە بڕیاریدابێت بەگژ هەموو شتێکی خۆرئاواییدا بچێتەوە، تا کتێبی ڕۆشنبیرێک بیەوێت داوەرییەکی هێمن و لەسەرخۆی فیکر بکات. کتێبەکە هێرشێکی گەورەیە

بۆسەر هەموو ئەو رۆشنبیرانەی بێگرێی دەرونی فیکری خۆرئاوا وەک مەرجەع دەبینن، ئالی ئەحمەد ئەم بینینە لەدیدێکی ناسیۆنالیستی کولتورگەراوە وەک نەخۆشی و بیماری وێنادەکات.

٤-بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەرکەوتە جیاوازەکانی دین لەمرۆکەی کوردستاندا بڕوانە کتێبی " دینو دونیا"ی من کە ساڵی پار کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

٥-بڕوانە:

بەشی سێیەم

کورد و پرۆژە گەورەکان

سەرەتا: چوار پرۆژەی سەر

کۆمەڵگای ئێمە هاوسێ و هاوسنووری کۆمەڵێک دەوڵەتی گەورەی ناوچەکەیە، ئەوەی لەو دەوڵەتانەدا ڕوودەدات و ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە دەیەوێت و داوایدەکات، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە. "ئێستای "ئێمە و" ئێستای "ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگا دراوسێیانەمان بە سەدان شێوەی جیاواز بەیەکدییەوە گرێدراون. بۆیە زۆرجار بۆ تێگەیشتن لە بەشێک لە دیاردە و ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە، تێگەیشتن لە ویست و پلان و ستراتیژییەتی ئیشکردنی دەوڵەتە دراوسێکانمان پێویستە. لەفیکری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئەدەبیاتێکی گەورە هەیە پێ لەسەر گرنگی شوێن و جێی و هەڵکەوتی جیۆسیاسی

و جیۆ کولتوریی کۆمەڵگاکان دادەگرێت لە بەدەستهێنانی ئەم یان ئەو داخوازی و پیادەکردنی ئەم یان ئەو مۆدێلی سیاسیدا. هەموو خوێنەرێکی سادە ئەو ڕاستییە دەزانێت کۆمەڵگایەک دراوسێی وەک سعودییە و ئێرانی هەبێت، لەدۆخێکی جیاوازدا دەبێت لەوەی سویسرا و فەرەنسای وەک دراوسێ هەبێت. میللەتێک لەناو فەزایەکی سیاسی و کولتوری وەک" ئەورووپای یەککگرتوو"دا بژی، جیاوازە لەوەی لەناو ئەو فەزا دینی و تائیفی و توندوتیژەدا بژی کە بۆ نموونە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئامادەیە. ئەم ئاستەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی ئاستێکی گرنگە و زۆرجار بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵێک دیاردەی ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەبێت تەماشای ئەم ئاستە ناوچەییە بکرێت و لەو ئێستا تایبەتانە بڕوانرێت کە لەو ناوچەیەدا لەئارادان.

هەموو کۆمەڵگاکانی دونیا، بە کۆمەڵگای ئێمەوە، بەشێکن لە ژینگەیەکی نەتەوەیی و ناوچەیی و جیهانی فراوان. بوونیشیان لەناو ئەم ژینگەیەدا مانای لەناو زیاد لە ئاستێکی بوونی کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگایانەدا. ئاستێکیان ئەو ئاستە ناوەکییەیە، کە بۆ نموونە لە ووتاری یەکەم و دووهەمی ئەم کتێبەدا باسملێکردن، واتە ئاستی ئامادەگی بەرخۆریی و دین وەکا ئایدیۆلۆژیا یان دیاردەیەکی جەماوەری و سیاسی بەرفراوان، بەڵام ئاستی دووهەمیان ئەو ئاستە ناوچەییە، واتە ئیقلیمییە، کە ئەم کۆمەڵگایە تیایدا ئامادەیە و بەشێکە لە گرفت و تەحەدا و ئەگەر و مژدەکانی. وەکچۆن ئەو سیستمە ئیقلیمیەش بەشێکە لەیەکەیەکی

گەورەتردا کە لە زمانی زانستە سیاسییەکاندا پێیدەگوترێت" نیزامی نێودەوڵەتیwoird order " . من لەم وتارەدا هەوڵئەدەم لەئاستە ناوچەییەکە بدوێم و بۆ ئەم مەبەستەش لە چوار لەو پرۆژە سیاسییە ناوچەییە گەورانە ئەدوێم کە لە ناوچەکەدا ئامادەن و هەریەکێکیشیان پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە کۆمەڵگای ئێمەوە و بەهەندێک لە دیاردەکانی ناوییەوە هەیە.

ئەگەرچی هۆکاری سەرەکی پشتی نووسینی ئەم وتارە ئەو دەنگە دەنگ و هات و هاوارە زۆرەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو لەسەر مژدەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و ئەو هەڕەشانەی بەشێوەی وەرزی و بێ هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیف، بە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە دەیکات، دەڵێم ئەگەرچی ئەمە هۆکارە ڕاستەوخۆکەی نووسینی ئەم ووتارەیە، بەڵام مەبەستی وتارەکە شیکردنەوەی ئەم هۆکارە سەرەتاییە تێدەپەڕێنێت و دەیەوێت وێنەیەکی ئێستایی ئەو ناوچەیە بکێشێت کە کۆمەڵگای ئێمە لەناو هاوکێشە ئاڵۆزەکانیدا ئامادەیە.

هەر چاودێرێکی ڕاستەقینە لە ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست رابمێنێت، ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت کە کۆمەڵێک پرۆژەی سیاسی گەورە لەناوچەکەدا ئامادەن و هەریەکێکیش لەو پرۆژانە بکەرێکی بەهێز یان چەند بکەرێکی بەهێز هەڵگریانە. من لێرەدا چوار پرۆژەی سەرەکی لەو پرۆژانە لەیەکتری جیادەکەمەوە :پرۆژەی تورکی، پرۆژەی ئێرانی،

پرۆژەی سعودیو خەلیجیو پرۆژەی ئەمریکیو ئیسرائیلی. دەکرێت پرۆژەی" بەهاری عەرەبی"ش بخەینەپاڵ ئەم پرۆژانە، بەلام لەبەرئەوەی پرۆژەی ئەم بەهارە تا ئێستا قوڵاییە ئیقلیمیو لەهەندێک دۆخیشدا تەنانەت شوناسە ناوەکییەکەشیان رۆشن نییە، بۆیە بە پێویستمان نەزانی لێرەدا باسیبکەین. سەرەتا باس لەپرۆژەی تورکی دەکەم پاشان لە لاپەڕەکانی دیکەدا باس لەسێ پرۆژەکەی تریش دکەم.

پرۆژەی یەکەم:

تورکیا و خەونی سەرلەنوێ بە ئیمپراتۆرییەت بوون

تورکیا دەوڵەتێکی گەورە و بەهێزی ناوچەکەیە و تا دێت رۆڵێکی گەورەترو فرەلایەنتریش لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەگێڕێت. ئەوەی لەسیاسەتی تورکیای دە ساڵی رابردوو رابمێنێت، گۆڕانێکی بەرچاو لەپەیوەندی نێوان تورکیاو وڵاتەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا تێبینیدەکات، بەتایبەتی لەگەڵ دراوسێکانیدا. تورکیا لەم دەیەی دواییدا، بەپێچەوانەی ساڵانی هەشتاو نەوەدەوە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران و عێراق و سوریادا بەهێزکردوە، بەشێوەیەکی چالاکترو فراوانتر بە مەسەلەی فەلەستینەوە خەریکە، پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ سعودیە

و ولاتانی کەنداودا هەیە، هەوڵی نزیککردنەوەی ولاتە عەرەبییەکانو ئیسرائیل لەیەکتری ئەدات و سەرقاڵی دروستکردنی پەیوەندییە لەنێوان لایەنە ناکۆکەکانی ناو لوبنان و ئەو دەوڵەتانەی پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە کێشەکانی ناو لوبنانەوە هەیە. لەساڵی ٢٠٠٧یشەوە پەیوەندییەکانی هەم بە هەرێمی کوردستانەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و هەم مەسەلەی کورد لەناوخۆی تورکیاشدا لەگۆڕاندایە. بەشی هەرەزۆری ئەم گۆڕانکارییانەش پەیوەندییان بە بەدەسەڵاتگەیشتنی "پارتی عەدالەتو پێشکەوتن"ەوە هەیە کە لەساڵی ٢٠٠٢ لەتورکیادا دەسەڵاتی بەدەستە. شارەزایانی تورکیا ئەم سیاسەتە نوێیەی حکومەتی تورکیا بەرامبەر بەناوچەکە بە سێ هۆکاری سەرەکییەوە گرێئەدەن. یەکەمیان گەڕانی تورکیایە بەدوای سەرچاوەی وزەدا بۆ بەهێزکردنی ئابوورییەکەی و بەردەوامیدان بە گەشە و پەرەسەندنی ئەو ئابوورییە. دووهەمیان هەوڵدانی تورکیایە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی مەسەلەی کورد و پاراستنی تورکیا لەدەرەنجامە چاوەڕواننەکراوەکانی گەشەکردنی ئەم مەسەلەیە. سێهەمیش هەوڵدانی تورکیایە بۆ بوونی بە زلهێزێکی ناوچەیی و بەهێزێکی جیهانی بەهێز و یەکێک لەگەمەکەرە گەورەکانی دونیا[1]

ئەم سێ رەهەندە گرنگە بە قووڵی دەستنیشانی سیاسەتی تورکیا لەناوچەکەدا دەکەن و هێڵە گشتییەکانی پرۆژەی تورکیا بۆ ناوچەکە

دەستنیشانئەکەن.

لەهێزی زبرەوە و بۆ هێزی نەرم

بەدرێژایی مێژووی خۆی پەیوەندییەکانی تورکیا بە ناوچەکەوە پەیوەندییەکی ئالۆز بووە، لەم پەیوەندییانەدا تورکیا هەم پەنای بۆ "هێزی رووت "بردووە، ئەوەی بە ئینگلیزی پێیدەگوترێت" هارد پاوەر"، بۆ نموونە لەمەسەلەی قوبرسو لەهەڕەشەی سەربازی لەسوریا لەسالی ١٩٩٨و ناچارکردنی ئەو ولاتە بۆ دەرکردنی عەبدولا ئۆچ ئالانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە.

لەڕاستیدا یەکەم فشاری گەورەی تورکیا بۆسەر سوریا سالی ١٩٨٧ دەستیپێکرد، ئەودەم تورگوت ئۆزالی سەرۆک وەزیرانی تورکیا هەولیدا

لەڕێگای کەمکردنەوەی بەشی سوریا لەئاوی دیجلە و فورات فشاربخاتە سەر سوریاو ڕێگە لەوە بگرێت سوریا ڕێ بە چالاکی پەکەکە لەسوریا و لوبناندا بدات، بەڵام ئەم سیاسەتەی ئۆزال سەری نەگرت، ئەوەبوو تورکیا دواجار لەسالّی ١٩٩٨دا هێزێکی سەربازی گەورەی هێنایە سەر سنوورەکانی سوریا و ئەو وڵاتەی ناچارکرد دەست لەیارمەتیدانی پارتی کرێکارانی کوردستان، پەکەکە، هەڵبگرێت. سوریا عەبدوڵا ئۆچ ئالانی ناچارکرد سوریا بەجێبهێڵێت و دواتر لەشاری نایروبی پایتەختی کینیا لەشوباتی ساڵی ١٩٩٩دا لەلایەن تورکیاوە دەستگیربکرێت و بە فڕۆکە بیفڕێننەوە بۆ تورکیا[٢]

لەئێستادا تورکیا وازی لەبەکارهێنانی هێزی ڕووت" هێزی زبر " هێناوە لەپەیوەندیدا بە دراوسێکانییەوە ئەو شێوازە لەهێز بەکاردەهێنێت کە لەزانستە سیاسییەکاندا پێیدەگوترێت" هێزی نەرم"، بە ئینگلیزیەکەی" سۆفت پاوەر". بە پلەی یەکەم سەردەمی حوکمڕانیی پارتی عەدالەت و پێشکەوتن بە سەردەمی بەکارهێنانی "هێزی نەرم " لەپەیوەندییەکانی تورکیادا بەدەرەوەی خۆیەوە، ناودەبرێت. ئەم هێزە نەرمەش بریتییە لەهێزی بازرگانی و پەیوەندی ئاڵوگۆڕی پارەوپول، بڵاوکردنەوەی کولتور، بەکارهێنانی پەیوەندی دینیو ئەتنی و خستنەگەڕی پەیوەندی دیپلۆماسی لەباتی هەڕەشەو پەلاماری سەربازیی. بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییەتە نوێیە لەسەر

پرنسیپێکی سیاسی نوێ دامەزراوە کە تورکیا ناوی ناوە: " پلەی سفری کێشە لەگەڵ دراوسێکاندا"(٣)

پیادەکردنی ئەم سیاسەتە ستراتیژیەتی سەرەکی وەدیهێنانی ئەو سێ مەبەستە سەرەکییەیە کە لەسەرەوە هێمامانپێکرد، یانی بە مەبەستی گەیشتن بە وزە، پاراستنی تورکیا لەدەرەنجامەکانی مەسەلەی کوردو هەوڵی تورکیا بۆ بوونی بە گەمەکەرێکی ناوچەیی و جیهانی گرنگ.

تورکیا و عوسمانیزمی نوێ

"عوسمانیزمی نوێ "ئەو ناوەیە کە زۆرجار لەسیاسەتی ئەمڕۆکەی تورکیا دەنرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو سێ مەبەستەی باسمانکرد. لەدیدی تورکەکاندا" عوسمانیزمی نوێ "هەم ڕەهەندی ناوەکی و هەم ڕەهەندەی دەرەکیشی هەیە. ڕەهەندە ناوەکییەکەی لەناو تورکیا خۆیدا لەسەر دروستکردنی" ڕێککەوتنێکی نەتەوەیی "نوێ کاردەکات کە تیایدا تورکیا خۆی وەک دەوڵەتێکی فرەکولتوری و فرەنەتەوە، بەڵام یەکگرتوو، ببینێت و وێنابکات. ڕەهەندە دەرەکییەکەشی هەوڵی

ئەوەئەدات تورکیا وەک هێزێکی گەورەو بەهێز لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا دەربکەوێت و ببینرێت[٤]

عوسمانیزمی نوێ سێ ڕەهەندی سەرەکی هەیە. یەکەم : ئاشتبوونەوەی تورکیا لەگەڵ رابردووی ئیسلامیو عوسمانی تورکیادا، چ لەناوخۆی تورکیا خۆیداو چ لەپەیوەندی تورکیادا بەدونیای دەرەوەوە. ئەمەش مانای پێشنیارکردنی شێوازێکی هێمنو نەرم لەعەلمانیەت، ناکۆک بەو شێوە توندڕەوەی کە تورکیای کەمالیزم هەڵگریبو. هاوکات هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ پیادەکردنەوەی کاریگەریی لەسەر ئەو بەشانەی دونیا کە پێشتر بەشێکبوون لەئیمپراتۆریەتی عوسمانی. ئەمەش مانای دوورکەوتنەوە لەو پێداگرتنە پەرگیرەی کەمالیزم لەسەر تورکبوون دایدەگرت و کرانەوەی تورکیا بەڕووی فرەشوناسیو فرەکولتوریدا. ڕەهەندی دووهەمی عوسمانیزمی نوێ باوەڕبوونە بە خۆو گەورەکردنی ئەو هەستەیە کە تورکیا وڵاتێکی گەورەو گرنگە لەناوچەکەدا، لەم ڕووەوە عوسمانیزمی نوێ خەونی ئەوەی هەیە تورکیا وەک زلهێزێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی وێنابکرێتو واشینیشانبدات تورکیا دەتوانێت ڕۆڵی ئەم زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییە لەئاستی دیپلۆماسی و کولتوری و ئابوری و سیاسیدا ببینێت. ڕەهەندی سێهەمی ئەم سیاسەتە تازەیە باوەشکردنی تورکیایە هەم بە خۆرئاوادا و هەم بەدونیای ئیسلامیدا لەیەککاتدا، لەمەشدا

تورکیا دەیەوێت خۆی وەک" ئەستەمبوڵێکی گەورە "نیشانبدات. وەکچۆن ئەستەمبوڵ پردێکە لەنێوان خۆرهەڵاتو خۆرئاوادا، بەهەمانشێوە تورکیا وەک گشتێک دەیەوێت ببێتە ئەستەمبوڵێکی گەورە لەناوچەکەدا، ئەمەش لەدیدی دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆکەی تورکیادا مانای دوورکەوتنەوە لەدۆگما ئایدیۆلۆژی و سیاسییە تەقلیدییەکانی تورکیای کەمالیزم و کرانەوە بەڕووی بەشە جیاوازەکانی دونیادا[٥]

بۆ پیادەکردنی ئەم پرۆژەیە تورکیا دەیەوێت نەک تەنها سوود لەشوێنی ستراتیژی خۆی وەک پردێک لەنێوان ئەورووپاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای دووردا وەربگرێت، بەڵکو دەیەوێت سوود لەڕابردووی عوسمانییانەی خۆی وەربگرێت و ئەو رابردووە وەک سەردەمی برایەتی و دۆستایەتیو هاوسێیەتی میللەتانی ناوچەکە لەژێر سەرکردایەتی ئالی عوسمانی توركدا، نیشانبدات. ئاشکرایە ئەم سیاسەتەی تورکیا بە مەبەستی بەهێزکردنی پێگەی ناوچەیی تورکیایە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەڕاستیشدا گەورەکردنو بەهێزکردنی تورکیایە بۆ ئاستی گەمەکەرێکی جیهانی بەهێز.

بازرگانیو بازاڕو ئاسایش لەناوچەکەدا

یەکێک لەدەرکەوتە سەرەکییەکانی سیاسەتی عوسمانیزمی نوێی تورکیا بریتییە لەبەهێزکردنی پەیوەندی بازرگانی لەناوچەکەدا و هەوڵدان بۆ بەستنەوەی قووڵی ئابووری دەوڵەتەکانی ناوچەکە بە ئابوری تورکیاوە. لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە ئابوری تورکیا بە پرۆسەیەکی بەرفراوانی بەلیبرالکردندا تێدەپەڕێتو لەمرۆدا تورکیا پێویستی بە بازاڕی دەرەکی هەیە بۆ گەورەکردن و گەشەپێدانی ئەو ئابورییە. ئابوری تورکیا هەندێکجار بە ئابوری" پڵنگەکانی ئەنادۆڵ "

ناودەبرێت. لەدەساڵی رابردوودا گەڕان بەدوای بازاڕی نوێدا یەکێک بووە لەکۆڵەکە هەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی تورکیا لەناوچەکەدا. لەو ماوەیەدا تورکیا پەیوەندییە ئابورییەکانی خۆی لەهەموو بوارەکاندا لەگەڵ زۆربەی کۆمەڵگاکانی ناوچەکەدا فراونکردووە، کۆمپانیا تورکییەکان، بزنسمانە تورکەکان و وەبەرهێنە تورکییەکان بوون بە بەشێکی گرنگی ئابووری ناوچەکە. هاوکات تورکیا سنوورەکانی خۆی زیاد لەهەرکاتێک بۆ گەشتیاری ناوچەکە کردۆتەوە و خەڵکانێکی زۆر لەم ناوچەیەدا دەتوانن بەبێ وەرگرتنی ڤیزا، یان بە وەرگرتنی ڤیزا بەشێوەیەکی ئاسان، سەردانی تورکیا بکەن.

ئامادەگی ئابورییانەی تورکیا تەنها دراوسێ هاوسنوورەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لەباکوری ئەفریقادا لە تونس و لیبیادا و لەناوچەکەشدا وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بەشێکی گرنگی ئەو بازاڕانەن کە تورکیا بە خەستی تیایاندا ئامادەیە. بۆ نموونە، لەناوچەی کەنداوی عەرەبیدا، تورکیا هەم بڕی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەڕادەیەکی زۆر گەشەیکردووە، هەم بڕی وەبەرهێنانی راستەوخۆش لەو وڵاتانەدا. بڕی بازرگانی تورکیا لەساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا تەنها ١.٦ ملیار دۆلار بووە، بەڵام لە ٢٠٠٩ بەرزبۆتەوە بۆ ١٧.٥ ملیار دۆلار. بە دیوی ئەودیویشدا وڵاتانی کەنداو گەشەیان بە توانای وەبەرهێنانی خۆیان

لەتورکیادا داوە و لەساڵی ٢٠٠٦دا ئەم وڵاتانە بڕی ١.٧ ملیار دۆلاریان لەتورکیادا خستۆتەگەڕ، بەتایبەتی لەکەرتی کشتوکاڵدا، بۆ بەهێزکردنی توانا ستراتیژیەکانی تورکیا لەبواری بەرهەمهێنانی خۆراکدا. ئەمە جگە لەوەبەرهێنانی سەرمایەی کوێتی لەمەجالی کۆمپانیای تەلەفۆنو بواری خانوبەرەدا لەناو تورکیا خۆیدا. پەیوەندی نێوان تورکیا و وڵاتانی کەنداو بەڕادەیەک گەشەیکردووە تورکیا لەساڵی ٢٠٠٨دا" بەیاننامەی هاریکاری و پێکەوەکارکردن"ی لەگەڵ وڵاتەکانی کەنداودا ئیمزاکردوە و لەم رێگەیەشەوە تورکیا یەکەمین وڵاتێکی دەرەوەی کەنداو خۆیەتی کە ناونیشانی" شەریکی ستراتیژی "لەکەنداودا پێبەخشراوە. بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە وڵاتانی کەنداو و تورکیا لەئاڵوگۆڕ و گفتوگۆی بەردەوامدادەبن لەسەر ئاستی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتانە(٦)

ئەم سیاسەتە نوێیە تورکیای لەوە دەرکردووە تەنها شەریکێکی ئابوری سەرەکیبێت لەناوچەی کەنداودا، بەڵکو کردوشیەتی بە شەریکێکی سیاسی ستراتیژی گرنگی وڵاتەکانی کەنداو. ئەم شەراکەتە سیاسییە تەنها هۆکاری ئابووری لەپشتەوە نییە، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکاری" ئاسایشی ناوچەیی"شی لەپشتە. سەردانی پادشای سعودیە لەساڵی ٢٠٠٦دا بۆ تورکیا، یەکەمین سەردانی پادشای ئەو وڵاتەیە بۆ تورکیا بەدرێژایی ٤٠ ساڵی ڕابردوو، دووبارەکردنەوەی هەمان سەردان لەساڵی ٢٠٠٧دا رەهەندە ئاسایشییەکانی ئەم پەیوەندییە نوێییەی

نێوان تورکیا و وڵاتانی کەنداومان بۆ ڕووندەکاتەوە. شارەزایەکی بواری سیاسەتی تورکیو سعودی دەڵێت، مەبەست لەو سەردانانە مسۆگەرکردنی هاریکاریو یارمەتی تورکیایە بۆ" تەوەرەی دەوڵەتەسونە مەزهەبەکان لەناوچەکەدا بەرامبەر بە ئێران. وڵاتانی کەنداو بەگشتی و شانشینی سعودیە بەتایبەتی، تورکیا وەک هێزێکی گەورە دەبینن کە توانای ئەوەی هەیە لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئێران لەناوچەکەدا ئامادەبێت و هاوسەنگییەک دروستبکات لەململانێی تائیفی نێوان دەسەڵاتی شیعە و سونە لەناوچەکەدا.

بەڵام ئەم پەیوەندییە تایبەتەی نێوان تورکیاو وڵاتانی کەنداو تورکیای نەکردۆتە دوژمنی ئێران. ڕاستە ململانێیەکی گەورە لەنێوان ئێرانو تورکیادا لەناوچەکەدا لەسەر نفوزی سیاسی هەیە، ڕاستە تورکیا پرۆژە ئەتۆمییەکەی ئێران وەک هەڕەشەیەکی گەورە وێنادەکات، بەڵام تورکیا کارێکی نەکردووە ئێران بکات بە دوژمنی خۆی. ئێران تا ئێستاش ٢٠ لەسەدی پێداویستی تورکیا بۆ گازی سروشتی دابیندەکات. لەساڵانی داهاتووشدا پێداویستی تورکیا بە وزەی گاز بۆ گەشەدان بە ئابوورییە بەهێزەکەی زیاددەکات و ئەمەش وادەکات پێداویستی تورکیا بە ئێران زیادبکات و کەمنەکات. ئەمە جگە لەوەی هەم تورکیاو هەم ئێران پێویستیان بەهاریکاری یەکترییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی مەسەلەی کورد لەو دوو وڵاتەدا. هاوکات هەم تورکیا و هەم وڵاتانی کەنداو لەگەورەبوونی دەسەڵاتو

تواناکانی ئێران لەسوریاو لوبنانو بەتایبەتی لەعێراقی دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا دەترسن[٧]

بەشێوەیەکی گشتی گەڕان بەدوای بازاڕی نوێدا بەشێکە لەهەوڵی تورکیا بۆ دۆزینەوەی بازاڕی جیاواز و خۆڕزگارکردن لەوەی کە تەنها پشت بە بازاڕی ئەورووپا ببەستێت، ئەگەرچی تا ئێستا بازاڕی ئەورووپا هێشتا گەورەترین بازاڕە کە تورکیا هەناردەکانی خۆی بۆ ڕەوانەدەکات[٨]

کولتور وەک هێزێکی نەرم

تا ناوەڕاستی سالانی هەشتا بەهێزترین دەوڵەت لەڕووی کاریگەری کولتورییەوە لەسەر کۆمەڵگاکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست میسر بوو، میسر سەرچاوەی گۆرانی و مۆسیقا و فیلم و کتێب و نووسین بوو، بەلام لەپازدە ساڵی رابردوودا، بەتایبەتی لەپاڵ سیاسەتی "عوسمانیزمی نوێ"دا، رۆڵی کولتوری تورکیا لەناوچەکەدا گەشەیەکی

گەورە و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. سینەمای تورکی، مۆسیقای تورکی و بەتایبەتی تەلەفیزۆنی تورکی، بوون بە سینەما و مۆسیقا و تەلەفیزۆنی باڵادەست لەناوچەکەدا. ئەمەش سیاسەتێکی بەئاگاو ئاراستەکراوی تورکیایەو بەشێکە لەستراتیژیەتی بەهێزکردنی کاریگەرییەکانی تورکیا لەناوچەکەدا. لەماوەی دەساڵی رابردوودا، بۆ نموونە، لانیکەم چل زنجیرەی تەلەفیزۆنی درێژی تورکی لەجیهانی عەرەبیدا بڵاوکراوەتەوە. زنجیرەی تەلەفیزۆنی" نور "لانیکەم لەلایەن ٢١ ملیۆن تەماشاکەرەوە لەجیهانی عەرەبیدا بینراوە[(٩)]

زۆر هۆ هەیە وادەکات ئەم زنجیرە تەلەفیزیۆنانە ئەو هەموو تەماشاکەرەی هەبێت، یەکێک لەوانە ئەو رۆڵە پێشکەوتو ئەو برە ئازادییەیە کە ئافرەت و گەنجان لەم زنجیرانەدا دەیگێڕن، بەبەراورد بە وڵاتانی تری ناوچەکە.

لەوتارێکی گرنگیدا بیریاری سوری سادق جەلال ئەلعەزم باس لەگرنگی ئەزموونی ئەمڕۆکەی تورکیا بۆ سەرجەمی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دونیای ئیسلامی دەکات و گرنگی ئەم ئەزموونە دەبەستێتەوە بە دروستبوونی کولتورێکی سیاسی نوێ و جۆرێکی تر لەهەڵسوکەوتو پراکتیکی سیاسی لەتورکیادا. سادق ئەلعەزم باس لەوە دەکات چۆن هێزێکی ئیسلامی بەشێوەیەکی دیموکراسییانە، لەرێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە، بەهێمنی و بێخوێنڕشتن،

بێوێرانکردنی سیستمە سیاسییەکە وەک لەجەزائیردا روویداو، بێسەپاندنی دین و دینداریش بەسەر هەمووانداو، حوکمڕانی گرتەدەست. چۆن ئەم سیستمە قۆناغی دیکتاتۆریەت و پاوانکردنی دەسەڵات و بەسەربازیکردنی دەسەڵاتی تێپەڕاندوە و گەشەی بە پرۆژەی کۆمەڵگای مەدەنی داوە و لەڕێی ئابورییەوە لیبراڵ و کەمترگەندەڵو لەڕووی سیاسییشەوە کراوەیە. ئەلعەزم ئەزموونی ئەمڕۆکەی گۆڕانکاری سیاسی لەتورکیادا، بە ئەزموونی گواستنەوەی وڵاتانی وەک ئیسپانیا و یۆنان و پورتوگالو ئیرلەندا بەراورد دەکات، وڵاتانێک کە توانییان پشتبکەنە رابووردوی فاشی و سەربازی خۆیان و بگوازنەوە بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسی پێشکەوتوو[10]

بەبۆچوونی ئەلعەزم ئەزموونی سیاسی تورکی هێما بۆجۆرێکی نوێی کولتور و پراکتیکی سیاسی لەناوچەکەدا دەکات.

تورکیاو عێراق

لەئاستی ئابوریدا تورکیا وڵاتی عێراق وەک دەروازەیەکی گرنگ بۆ پەلکێشان بۆ بازاڕە گەورەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینێت، ئەمە جگە لەوەی عێراق خۆشی بازاڕێکی گەورەیە بۆ تورکیا و ٢٤ لەسەدی هاوردەی عێراق لەتورکیاوە دێت، ٢٦ لەسەدی هەناردەی

تورکیاش بۆ رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە خاکی عێراقدا تێدەپەڕێت[11]

عێراق هاوکات سەرچاوەیەکی گرنگی وزەیە بۆ ئابوری تورکیا. لەئاستی سیاسی و ئەمنیشدا عێراق یەکێکە لەو گەمەکەرە ناوچەییانەی کە لەچۆنیەتی مامەڵەکردنی مەسەلەی کورد و لەسنووردارکردنی خەون و تەماحەکانی کوردستاندا، دەتوانێت هاوڕا و هاریکاری تورکیابێت. هیچ شتێک بەڕادەی سەردانەکەی ئەردۆگان بۆ بەغدا لەمانگی ئازاری ساڵی ٢٠١١دا دەریڕی گۆڕانی سیاسەتی تورکیا نییە بەرامبەر بە عێراق. لەو سەفەرەدا ئەردۆگان یەکەم سەرۆک دەوڵەتی بیانی بوو سەردانی پەرلەمانی عێراق بکات، یەکەمین سەرۆکی سونی بوو سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی شیعە بکات، یەکەمین سەرۆک وەزیرانی تورکیا بوو سەردانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بکات. هەموو ئەمانەش وەک نووسەرێک دەڵێت" پەیامێک بوو تورکیا ناردی بۆ ئەوەی نیشانیبدات کە لەخەمی یەکپارچەیی عێراقدایە و هاوپەیمانە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی عێراقدا[12]

جگە لەو هۆکارانەی سەرەوە، شتێکی نیکە کە وادەکات تورکیا گرنگی بە عێراق بدات بریتییە لەهەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی و تواناکانی ئێران لەعێراقدا. بەم مەبەستە تورکیا لەهەموو ئەو هێزانە نزیکدەکەوێتەوە کە دژایەتی سیاسەتی ئێرانی لەعێراقدا دەکەن، یان ناکۆکن بە حیساباتی سیاسەتی ئێران لەعێراقدا. نزیکبوونەوەی تورکیا لە لیستەکەی ئەیاد عەلاوی و لەسیاسییە سونییەکان بەگشتی بەشێکە لەپیادەکردنی ئەم

ستراتیژە. هەر ئەمەبوو وای لە تورکیا کرد لەساڵی ٢٠٠٥ هانی سونەکانی عێراقی دا بەشداربن لەهەڵبژاردنەکاندا و بایکۆتی نەکەن. هاوکات هاریکاریکردنی تورکیا بۆ سەرۆکی هەرێم و بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەمان مەبەستە، واتە بەشێکە لە ستراتیژیەتی بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتی ئێران لە عێراقدا و هەوڵدانە بۆرێگرتن لە بەهێزبوونی زۆری ئەو کاریگەرییە. لەئاستی ناوچەییشدا تورکیا و وڵاتانی کەنداوو سعودیە بەیەکەوە لەیەک هاوکێشەی سووننیدا کۆبوونەتەوە بۆ رێگرتن لەفراوانبوونی دەسەڵاتی ناوچەیی ئێران. لەسەرێکی دیکەشەوە هەموو ئەم دەوڵەتە سونییانە بەستراونەتەوە بە سیاسەتی ئەمریکاوە لەعێراقدا، ئەمریکاش وەک ئەو هێزە سونییانە نایەوێت عێراق ببێتە ئێرانێکی تر لەناوچەکەدا. لەم وێنە گشتییەدا پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەشێکە لەم ستراتیژە و بەتوندی گرێدراوە بەسیاسەتی تورکیاوە لەعێراقدا.

تورکیا و کوردی باکور

کورد لەتورکیادا لەدۆخێکی سەخت و لەبێمافییەکی گەورە و ترسناکدا دەژی، زیندانەکانی تورکیا پڕن لەمنداڵ و گەنجان و ئافرەتانی کورد، رۆژنامەنووسانو پەرلەمانتارانی کورد دەگیرێنو پەلامارئەدرێن، هێرشی

سەریازی بۆسەر ناوچە جیاوازەکانی ئەو بەشەی کوردستان هەمەلایەن و رۆژانەییە. بەڵام هاوکات خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان لەڕاپەڕینێکی رۆژانەی بێبڕانەوەدان، لەزۆر رووەوە دۆخی ئەمڕۆکەی کوردستانی باکور لەدۆخی راپەڕینی فەلەستینییەکانی سالآنی نەوەد و دووهەزار دەچێت. تورکیا لەسەرکوتکردنی کورد و هەوڵدان بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە سڵ لەپەنابردن بۆ هێزی رووت ناکاتەوەو سڵ لەوەش ناکاتەوە سنوورەکان ببەزێنێتو لەکوردستانی باشوریشدا ناوچە کوردنشینەکان بۆمباران بکاتو دانیشتوانەکانیان ئاوارەبکات. بە کورتی لەئاستێک لەئاستەکاندا دەوڵەتی تورکی لەشەڕێکی دەستەویەخەی رۆژانەدایە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا. ئەوەی شوێنی گومان نییە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی لەدە ساڵی رابردوودا پارتی عەدالەتو پێشکەوتن لەسەر دەسەڵاتە و عەبدوڵا ئۆج ئالانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لەزینداندایە، ناسیۆنالیزمی کوردی لەو بەشەی کوردستانداو لەدەرەوەی کوردستاندا لەناو کۆچبەرانی ئەو بەشەی کوردستاندا بەهێزبووە، لاوازنەبووە[١٣]

ئەمڕۆ وزەیەکی سیاسی گەورە و گرنگ لەو بەشەی کوردستاندا ئامادەیە و ئیرادەیەکی سیاسی گەورە و کۆڵنەدەر، کاردەکات. خاڵێک کە ئەمڕۆ نە دەوڵەت و نە کۆمەڵگای تورکی ناتوانن نکوڵی لێبکەن مەسەلەی بوونی ناسیۆنالیزمی کوردیو بوونی" مەسەلەی کورد"ە لەتورکیادا بەیەکێک لەکێشە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە و بەیەکێک لەو تەحەدا گەورانەی رووبەڕووی تورکیا بووەتەوە. نووسەری ئیسرائیلی ئۆفرا بینگیۆ شارەزا

لەبواری عێراق و کورد و تورکیادا، باس لەوەدەکات تەنانەت تا ساڵی ١٩٩٦ تورکیا نکوڵی لەبوونی شتێک بەناوی مەسەلەی کورد لەتورکیادا دەکرد، تا ئەوکاتەش کەسێکی وەک نەجمەدین ئەربەکانی سەرۆک وەزیران دەیگوت تورکیا کێشەی کوردی نییە، بەڵکو کێشەی تیرۆریزمی هەیە[١٤]

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بە ڕێبوراییش ڕێبکەوێتە تورکیاوە، دەزانێت کێشەی کورد گەورەترین کێشەی ئەو وڵاتەیە، تا ئەو رادەیەی عەبدوڵا گولی سەرۆکی تورکیا چەند ساڵێک لەمەوبەر دانی بەوەدا نا کە لەڕۆژی دروستبوونی دەوڵەتی تورکییەوە، مەسەلەی کورد گەورەترین کێشەی تورکیا بووە[١٥]

هاوکات لەسەردەمی تورگوت ئوزالەوە لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەوە گۆڕانێک لەسیاسەتی تورکیدا بەرامبەر بە کورد بەدیدەکرێت، ئەم گۆڕانە لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی پارتی عەدالەتو پێشکەوتندا زیاتر دەبینرێت. یەکێک لەدیارترین ئاماژەکانی ئەو گۆڕانە ئەوەیە ئەردۆگان نەک تەنها ئینکاری بوونی کێشەی کورد لەتورکیادا ناکات، بەڵکو لەسەفەرێکیدا بۆ دیاربەکر لەساڵی ٢٠٠٥دا وتی تورکیا دەبێت دان بە هەڵەکانی رابردوویدا بنێت و ئەو راستییە ببینێت کە" کێشەی کورد کێشەی هەموو کەسێکە. کێشەی منیشە". لەساڵی ٢٠٠٨ تا ٢٠١٠ دەسەڵاتدارانی تورکیا باسیان لە "کرانەوە بەڕووی کوردا "کردووە. لەم ماوەیەدا هەندێک گۆڕانکاری بچووک روویاندا، بەڵام هاوکات ئەردۆگان لەدوای ٢٠١٠ خۆی زیاترو زیاتر

لەچارەسەری کێشەی کورد لەتورکیادا ئەدزێتەوەو تا ئەو رادەیەی لەو پێشنیارانەدا کە لەئازاری ساڵی ٢٠١٠دا ناردی بۆ پەرلەمانی تورکیا بۆ داڕشتنەوەو دەسکاریکردنی دەستوری تورکیا، کە نکوڵی لەبوونی کورد ئەکات، ئەردۆگان هیچی لەسەر کورد نەووت. لەپڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١١شدا ئەردۆگان هەڵوێستێکی توندی بەرامبەر بە کورد نیشاندا[١٦]

بەکورتی تورکیا تا ئێستا نەیتوانیوە مەسەلەی کورد لەو وڵاتەدا بەشێوەیەکی قابیلی قبووڵکردن چارەسەریکات، جگە لەبە دوژمنکردنی پەکەکە، لەساڵی ١٩٩٠ تا ساڵی ٢٠١٠ تورکیا پێنج پارتی سیاسی تری یاساغکردوە کە لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیادا بەشدارییان کردووە.

تورکیاو هەرێمی کوردستان

ئەوەی لەچەند ساڵی رابردوودا تێبینیدەکرێت گۆڕانی سیاسەتی تورکیایە بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم، تورکیا لەم چەند ساڵەدا وازی لەدوژمنایەتیکردنی حکومەتی هەرێم هێناوەو هەوڵێکی گەورەی داوە بۆ

نزیکبوونە لەدەسەڵاتدارانی کوردستان، بەتایبەتی لەپارتی دیموکراتی کوردستان،، ئەگەرچی زۆربەیجار ئەم نزیکبوونەوەیە وادەردەکەوێت وەک ئەوەی پەیوەندییەکی شەخسی نێوان ئەردۆگان و بنەماڵەی بارزانی بێت. بەهەرحاڵ تێگەیشتن لەم پەیوەندییە تایبەتە دەبێت لەناو سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا، واتە دروستنەکردنی کێشە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، ببینرێت. بەبۆچوونی من تورکیا سێ وێنەی سەرەکی لەسەر هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی هەیە کە ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم: تورکیا هەرێم وەک بازاڕێکی گەورە بۆ ساغکردنەوەی شتومەکو بەگەڕخستنی سەرمایەی تورکی دەبینێت، مەبەستی لەمەش بەستنەوەیەکی توندی ئابوری کوردستانە بە ئابوری تورکیاوە، تا ئەو شوێنەی ئابوری کوردستان نەتوانێت بەبێ تورکیا هەناسەبدات.

دووهەم: تەماشاکردنی کوردستان وەک چاڵە غاز و نەوتێکی گەورە و سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ وزە. من پێشتر هێمام بەوەکرد کە تورکیا لەدەیەکانی داهاتوودا پێویستییەکی زۆری بە وزە دەبێت بۆ گەشەکردنی ئابوریی، ئەوەشم وت تورکیا لەمڕووەوە پێویستییەکی گەورەی بە غازە سروشتییەکەی ئێران هەیە. لەسەر هەمان هێڵ تورکیا لەدەیەکانی داهاتوودا پێویستی بە نەوت و غازی کوردستان دەبێتو دەیەوێت سودی تەواو لەم سەرچاوە نزیکە وەربگرێت. بۆ ئەم مەبەستەش چەندان کۆمپانیای تورکی لەبواری گەڕانو دۆزینەوەی

نەوتو غازدا لە کوردستاندا ئامادەنو کاردەکەن. بەستنەوەی غاز و نەوتی کوردستان بە ئابوریی تورکیاوە و کردنی ئەو غاز و نەوتە بەیەکێک لەسەرچاوەکانی وزە بۆخۆی، یەکێکە لەپلانەکانی تورکیا لەکوردستاندا.

سێهەم: ئەوەیە تورکیا چاوەڕوانی ئەوەی لەحوکمڕانانی کوردستان هەیە هاریکاربن لەلەناوبردنی هێزە چەکدارییەکەی پەکەکەدا و لەمڕووەوە کارئاسانی بۆ تورکیا بکەن.

بەبۆچوونی من هەر سێ مەبەستەکەی تورکیا لەڕووی ستراتیژییەوە شوێنگەی کوردستان لاوازدەکەن و دەیکەنە پاشکۆیەکی ئابوری و سەربازیو سیاسی و کولتوری تورکیا.

دەرەنجام

پرۆژەی تورکیا بۆ رۆژهەلاتی ناوەڕاست خەونی تورکیا بۆ بوونی بە زلهێزێکی ناوچەیی و جیهانی ئاراستەیدەکات، لەمەشدا هەم هەوڵی

دروستکردنی پەیوەندییەکی هێمنو ئارام لەگەڵ دراوسێکان و ناوچەکەدا ئەدات، لەڕێگای پەنابردنی بۆ هێزی نەرم. هەم بەهەموو شێوەیەک بەرگری لەئاسایشی نەتەوەیی و بەرگری لەقازانج و دەسکەوتەکانی خۆی لەناوچەکەدا دەکات. ئەم خەونە وای لە تورکیا کردوە لەسەرێکەوە دەستی هاریکاری بۆ وڵاتێکی وەک ئێران درێژبکاتو بەڵام لەسەرێکی دیکەوە لەململانێ و کێشمەکێشیشدابێت لەگەڵیدا لەسەر رووبەری نفوز و دەسەڵات لەناوچەکەدا. گەرچی تورکیا بۆ پیادەکردنی ئەم خەونە سیاسییە گەورەیە کۆمەڵێک گۆڕانی ناوەکیو دەرەکی بەسەردا هاتووە، بەڵام تا ئێستاش بەگژاچوونەوەی مەسەلەی کورد و رێگرتن لەوەی ئەم مەسەلەیە گەشەبکات، یەکێکە لە خاڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی تورکی لەناوچەکەدا. نەک هەر ئەمە، بەڵکو تورکیا تا ئێستاش توانای کۆکردنەوەی ئێرانو سوریا و عێراقیشی هەیە بۆ رێگرتن لەگەشەکردنی مەسەلەی کورد و وەڵامدانەوەی پێکەوەیی بە تەحەداکانی ئەم مەسەلەیە. لە پەیوەندیدا بە ئەگەری دروستکردنی دوڵەتی کوردییەوە، گۆڕانی تورکیا لەپەنابردن لە هێزی زبرەوە بۆ هێزی نەرم لەسیاسەتی تورکیدا مانای قبووڵکردنی دەوڵەتی کوردی نییە لەلایەن تورکیاوە. هاوکات تا ئێستاش تورکیا نە ئیرادە و نەتوانای چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی لەباشووری کوردستاندا نیشاننەداوە، چ جای بێدەنگبوون یان هاریکاریکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لەبەشەکانی تری کوردستاندا.

لەپەیوەندیدا بە هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەیەوە تورکیا تەنها دەستی لەناو ئابوری هەرێمدا نییە، بەڵکو دەستی لەناو کولتورو سیستمی خوێندنو پەروەردەی هەرێمیشدایە. تەنها لەشارێکی وەک هەولێردا نزیکەی ١٥ هەزار تورک کاردەکەن و زیاد لە٧٠٠ کۆمپانیای تورکی لەهەرێمدا دەستبەکارن، ئەمەش دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەو کۆمپانیا بیانیانەن کە لەهەرێمدا کاردەکەن. هاوکات تورکیا زانکۆی تایبەتی لەهەولێر کردۆتەوە و بزوتنەوە دینییەکانی تورکیاش خاوەنی ١٩ نۆزدە قوتابخانەن لەهەرێمدا کە ٥٥٠٠ قوتابی تیایاندا دەخوێنن. ئەمە جگە لە ئامادەگی ژمارەیەک سەربازی تورکی لەهەرێمدا بەناوی بەگژاچوونەوەی پەکەکەوە[١٧]

هەموو ئەمانە ئەوە نیشانی ئەدەن کە تورکیا خەریکی بە تورکیاکردنی هەرێمە، خەریکی داڕشتنەوەی ئابووری و کولتور و سیستمی خوێندنی هەرێم و بڵاوکردنەوەی جۆرێکی تایبەتە لەهەستی ئاینی، کە هەرێم بەتوندی بە تورکیاوە ببەستێتەوە. بەم مانایە تورکیا نەک هەڵگری پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە هەرێمدا نییە، بەڵکو یەکێکە لەڕێگرە هەرە گەورەو سەرەکییەکانی بەردەمی دروستبوونی دەوڵەتێکی لەم بابەتە، تورکیا تا ئەم ساتەش رێکەوتنی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر خەونێکی بەدەوڵەتبوونی کوردستان.

سەرچاوەکان

١ -بڕوانە:

Damla Aras and Mustafa Aydin, "Political Conditionality of Economic Relations between

Paternalist States: Turkey>s Interaction with Iran, Iraq and Syria," Arab Studies Quarterly, Winter/Spring, 2005, pp 21-43.

٢ -بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو سوریا بڕوانە ئەم وتارە گرنگەی دەملەئاراس:

Damla Aras. <Turkish-Syrian Relations Go Downhill The Syrian Uprising>, The Middle East Quarterly, Spring 2012, pp. 41-50.

٢-بڕوانە:

Damla Aras and Mustafa Aydin, "Political Conditionality of Economic Relations between Paternalist States: Turkey>s Interaction with Iran, Iraq and Syria," Arab Studies Quarterly, Winter/Spring, 2005, pp. 21-43.

٣-بڕوانە سەرچاوەی دووهەم.

٤-بڕوانە:

MER TAŞPINAR. <Neo-Ottomanism and Kemalist foreign policy>, Today>s Zaman, 22 September 2008.

هەروەها بڕوانە:

Omer Taspinar, "Turkey>s Middle East Policies: Between Neo-Ottomanism And Kemalism," Carnegie Endowment for International Peace, Washington, D.C., Sept. 2008.

٥-بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦-بۆ وردەکاری ئەو ژمارەو زانیارییانە دەربارەی پەیوەندی نێوان تورکیاو وڵاتانی کەنداو بڕوانە:

Larrabee, F. Stephen. <Turkey and the Gulf Cooperation Council>. Turkish Studies, 12:4, 689-698.

٧-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٨-هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٦٩٣.

٩-بڕوانە:

-Damla Aras. <Turkish-Syrian Relations Go Downhill The Syrian Uprising>, The Middle East Quarterly, Spring 2012, pp. 41-50.

١٠-بڕوانە:

Al-azm, Sadik J.>The "Turkish Model": A View from damascus>. Turkish Studies, 12:4, 633-641.

١١-بڕوانە:

Barkey, Henri J. <Turkey and Iraq: The making of a partnership>. Turkish Studies, 12:4, p. 670.

١٢-هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٦٦٣.

١٣-بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە ئەم وتارە گرنگەی ڕۆبرت ئۆلسۆن:

Olson, Robert.>Turkish-Kurdish Relations: A Year of Significant Developments, >.

Insight Turkey, Vol. 10, No. 3 (2008), p, 24.

١٤-بڕوانە:

-Bengio, Ofra.>The "Kurish Spring" in Turkey and its Impact on Turkish Foreign Re

lations in the Middle East>. Turkish Studies, 12:4, p .

١٥-بڕوانە :هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٦٣١.

١٦-هەمان سەرچاوەی پێشو ل.٦٢٣

١٧-هەمان سەرچاوەی پێشو ل٦٢٨-٦٢٧

پرۆژەی دووەم:

پرۆژەی ئێران و خەونی بوونی ئێران بە هێزێکی ئەتۆمی

سەرەتا

ئێران یەکێکە لەوڵاتە گەورەو دەوڵەمەندەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست. هەم خاوەنی ژمارەیەکی گەورەی دانیشتوانە، هەم خاوەنی نەوت و غازێکی زۆرە، هەم شوێنە جوگرافییەکەی شوێنێکی ستراتیژییە، هەم جۆرێک لەحوکمڕانی دینی و مەزهەبی هەیە کە خەونی بە زلهێزبوون لەناوچەکە و جیهاندا، دەبینێت. ئەم وڵاتە بەدرێژایی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم یەکێک بووە لەهێزە ناوچەییە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەردەمێک شای ئێران رۆڵی پۆلیسی خاوەن بڕیاری لەناوچەکەدا دەبینی، ئەمڕۆش رژێمەکەی ئەحمەدی نەژاد و خامەنەئی هەمان خەون دەبینن.

لەدوای شۆڕشی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ ئێران بووە بە دەوڵەتێکی دینی و بەناوی شیعەکانی دونیاوە قسەدەکات. لەمڕووەوە وەکچۆن ئیسرائیل خۆی وەک دەوڵەتی جولەکەکانی دونیا نیشانئەدات، ئێرانیش خۆی وەک دەوڵەتی هەموو شیعەکانی دونیا نمایشدەکات، یان لانیکەم هەوڵئەدات ئەم وێنەیە بەخۆیبدات. شۆڕشی ئێرانی دۆخێکی نوێی بۆ هێزە دینییەکانی ناوچەکە بەگشتی و بۆ شیعەکان بەتایبەتی دروستکرد. لەدوای ئەم شۆڕشەوە بەشێکی زۆری شیعەکانی ناوچەکە هەستیان بە هێز و گوڕێکی تازە کرد و زیاتر لەجاران کەوتنە داواکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی و فەرهەنگییەکانیان. لەهەندێک شوێنیشدا سڵیان لەوەنەکردەوە، بەهاریکاری ئێران، پەلاماری چەکبدەنو داوای روخانی رژێمەکانی ناوچەکە بکەن. ئەم دۆخە لەسەرەتای هەشتاکانەوە پرۆسەی بە سیاسیکردنی شیعیزمی

لەسەرجەمی ناوچەکەدا چالاککرد و چەندان گروپی شیعی چەکدار لەعێراق و لوبنان و سعودیە و بەحرێندا دروستبوون. ئەمڕۆش شیعەکان لەعێراقدا بەشێکی زۆری دەسەلاتی ئەو ولاتەیان بەدەستەوەیە و لەلوبناندا ژمارەیەکی سیاسی و سەربازی بەهێزن و لەبەحرێنیشدا هەڕەشەیەکی گەورەن بۆسەر ئەو سیستمە پاشایەتییە سونییە کەمینەییەی لەسەرکارە، لەسعودیەشدا هێزێکی ناڕازین و تووڕەن، ئەمە جگە لەهێزی شیعەکانی ئەفغانستان و پاکستان و شوێنەکانی تری ناوچەکە کە ئێران وەک هەوادارانی خۆی تەماشایاندەکات و هەوڵی ئەوەئەدات کاریگەرییەکی گەورەیان لسەر بەجێبهێڵێت. ئێرانی ئەمڕۆ، بەپشتبەستن بە ژمارەو توانای هێزە شیعییەکان لەناوچەکەدا، خەون و پرۆژەی ئەوەی هەیە ببێت بە یەکێک لەزلهێزە گەورەکانی ناوچەکە، ببێت بەیەکێک لەو گەمەکەرە سیاسییانەی ولاتانی ناوچەکە ناچاربکات گوێ لەخواست و ویست و چاوەڕوانیەکانی بگرن. ئەوەشی رۆڵی ئێران لەناوچەکەدا چالاک و کاریگەردەکات ئەو ناکۆکییە سیاسیو کۆمەلایەتی و سەربازییە گەورەیەیە کە لەچاند سالی ڕابردوودا لەنێوان شیعەو سوننە لە ناوچەکەدا دروستبووە.

ململانێی شیعە و سوننە

ژمارەی شیعە لەدونیادا لەنێوان ١٣٠ تا ١٩٥ ملیۆنە، ئەمەش رێژەی ١٠ تا ١٥ لەسەدی رێژەی سەرجەمی مسوڵمانانە لەدونیادا کە بەسەریەکەوە نزیکەی ملیارێک و سێ سەد ملیۆنە. چڕی ئامادەگی شیعەکان لەناوچە جیاوازەکانی دونیادا جیاوازە، لەو شوێنەدا کە بە ناوجەرگەی دونیای ئیسلامی دادەنرێت، واتە لەو رووبەرەدا کە دەکەوێتە نێوان لوبنان و پاکستانەوە، ژمارەی شیعە و سوننە لەیەک

نزیکن، بەلام لەناوچەی کەنداوی عەرەبی یان فارسیدا، ڕێژەی شیعە ٨٠ لەسەدی ڕێژەی دانیشتوانی ولاتەکانی ئەو ناوچەیەیە. لەسێ ولاتی ئەم ناوچەیەدا، لەعێراق، لوبنان و بەحرێندا، شیعە زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن، لەسعودیە و سوریا و ولاتانی تری کەنداودا کەمایەتییەکی گەورەی شیعە هەن. ئەمانە هەموویان هێزی مرۆیی گرنگن‌و ناکرێت لەحیساباتی سیاسی لەئاستی ناوچەکەدا وەلابنرێن و حیسابیان بۆنەکرێت. ئەم ژمارە زۆرەی شیعە لەناوچەی کەنداودا وادەکات شیعەکانی ئەم ناوچەیە خاوەنی هێز و توانایەکی گەورەبن‌و بەشێکی سەرەکیبن لەهەر هاوکێشەیەکی سیاسی لەم ناوچەیەدا دروستببێت(١)

لەپاڵ بەهێزبوونی ململانێی تائفیی‌و مەزهەبی لەناوچەکەدا، ئێران وەک دەوڵەتێکی شیعی، بووەتە خاوەنی قولاییەکی مرۆیی‌و ستراتیژی گەورە. ململانێی نێوان شیعە و سوننە ململانێیەکی دێرینە‌و ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام خۆی. ئەم ململانێیە گەرچی لەدەرەوەڕا وەک ململانێ لەسەر موسوڵمانبوون و ئیمانداربوونی ڕاستەقینە دەردەکەوێت، لەقولاییدا ململانێیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەتنییە. ململانێیەکە لەسەر ئەوەی کێ دەسەلاتی دینی و دونیایی بەدەستەوەبێت‌و کێ مافی ئەوەی هەبێت پێناسی ئەوەبکات ئیسلامی ڕاستەقینە کامەیە،...هتد.

لەمێژووی ئیسلامدا ململانێی نێوان شیعە و سوننە بە قازانجی

سوننە کۆتاییهات. لەدوای کوشتنی ئیمام حوسەینی کوڕی ئیمامی عەلییەوە، شیعەکان، هەوڵیاندا لەئاستی سیاسیدا بێدەنگیی هەڵبژێرنو پشتبکەنە دەسەڵاتی دونیایی، تا ئەو شوێنەی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی وەک دەسەڵاتێکی گوناهبار و ناڕەوا ببینن و ئامادەنەبن بەشداربن تیایدا. بەحوکمی ئەوەش لەناو ئیسلامدا کەمینە بوون، هەوڵی سەرەکییان بۆنەوەبووە لەناونەچن. ئەمە وایکرد بەدرێژایی مێژووی ئیسلام ستراتیژیەتی سەرەکی شیعەکان بەشێوەیەکی گشتی بریتیبێت لە دوورکەوتنەوەو خۆپاراستن لەململانێ سیاسییەکان لەسەر دەسەڵات و خۆخەریکردن بە مەسەلە دینیو مەزهەبیو فەرهەنگییەکانەوە. ئەم ململانێ مێژووییە درێژە وایکردووە تا ئەمڕۆش ئیسلامی سونی بەچاوێکی هێجگار نزمو دوژمنکارانەوە تەماشای شیعەکان بکەن و لەپاکستان، بۆ نموونە، پێیانبگوترێت" مێشولە"و لەسعودیە وەک" کافر "وێنابکرێن و لەزۆر شوێنی تردا پێیان بگوترێت "ڕافیزە "و تەوقەکردن لەگەڵیاندا وەک کارێکی گڵاو بنرخێنرێت. لەهیچ شوێنێکی دونیای سوننیدا شیعەکان وەک هاوولاتی و هاونیشتیمانی یەکسان و خاوەن ماف وێنا و مامەڵەناکرێن. لەمێژووی هاوچەرخدا ئێران یەکەم دەوڵەتی دینی شیعەیەو بوونی شیعیزم خۆشی بە "ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی "شۆڕشگێڕ لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دەستپێدەکاتو لەسەردەستی خومەینیدا بەتەواوی بەرجەستەدەبێت[2]

لەدونیای نوێدا خومەینی یەکەمین پیاوی ئاینی شیعییە کە تێزی

"دەسەڵاتی فەقیە "بە بەرفراوانی تیوریزەدەکات و داوای ئەوەدەکات پیاوانی دین ببنە دەسەڵاتدارنی سیاسی. ئەگەرچی تا ئێستاش برێک لەئایەتوڵا گەورەکانی شیعە ئەم دیدەی خومەینییان بۆ رۆڵی پیاوانی دین قبووڵ نییە، لەوانە ئایەتوڵا سیستانی لەعێراقدا، بەڵام ئەم دیدەی خومەینی لەمرۆدا دیدی باڵادەستە لەناو هێزە شیعە سیاسییەکانداو بەشێکە لەو دۆخی گەشەکردنو بەهێزبوونە سیاسییەی شیعیزم لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەخۆیەوە بینیوە. ئەم بەسیاسیبوونە نوێیەی شیعیزم ململانێی نێوان شیعەو سوننەی لەناوچەکەدا کردووە بەیەکێک لەململانێ گەورەکان و هەندێک کەس قسە لەدروستبوونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی نوێ دەکەن کە شوناسی شیعیزم رۆڵێکی گرنگ و سەرەکی تێدادەبینێت"[٢]

بە کورتی ململانێی نێوان شیعە و سوننە گەرچی وەک ململانێیەکی تائیفی دینی دێرین دەردەکەوێتو وانیشانئەدرێت وەک ئەوەی دووبارەکردنەوەی ململانێکانی رابردووی ئیسلام بێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەم ململانێیە لەمرۆدا ململانێیەکی نوێیەو تێکەڵێکی ئاڵۆز لەناسیۆنالیزم و پێداگرتن لەسەر شوناسی ئەتنیو ناوچەیی و حیساباتی جیۆپۆلەتیکی و هەیمەنەی سیاسی و پرۆژەی جیهانی لەناوچەکەدا، بەڕێوەیدەبات. وەک نووسەرێک دەڵێت ئەم ململانێیە لەیەککاتدا" هەم ململانێیەکی زۆر زۆر کۆنە، هەم ململانێیەکی نۆد نۆد

تازەیە"[٤]

ئێرانی دوای کەوتنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەین

بەر لەهێرشی ئەمەریکا بۆسەر عێراق و بەر لەڕوخاندنی رژێمەکەی سەدام حوسەین، ئێران بە کۆمەڵێک دەوڵەتی سونی ناحەز چواردەوری گیرابوو، لەدیوی رۆژهەڵاتییەوە پاکستان و ئەفگانستانی تاڵەبان، دوو دەوڵەت کە سەلەفیەتی دینی دژ بە شیعە تیایاندا هێجگار بەهێز بوون، لەرۆژئاواشییەوە * عێراقی سەدام حوسەین هەبوو، کە ئەمیش تێکەڵێکبوو لەدەسەلاتێکی خێڵەکی سونە و ناسیۆنالیستی عەرەب کە

خۆی بەنوێنەری مێژوویی ئەو دەسەڵاتە عەرەبییانە دەزانی کە هەم لە ململانێدابوون لەگەڵ ئێراندا و هەم لەڕێگای جەنگ و پێکدادانیشەوە بەگژیشیدا چوونەتەوە. بەڵام لەدونیای دوای ١١ی سێپتێمبەردا، بەتایبەتی دوای روخاندنی دەوڵەتەکەی تاڵەبان لەئەفگانستان و دوای خستنی رژێمەکەی سەدام حوسەین لەعێراقدا، ژینگەیەکی نوێ دروستبوو تیایدا ئێران لەو دوو دوژمنە گەورەو سەرەکییەی خۆی رزگاریبوو، نەک هەر ئەمە، بەڵکو ئەو هێزانەی کە دۆستی ئێرانن لەو دوو وڵاتەدا بوون بە دەسەڵاتدار یان بەبەشێکی هێجگار گرنگی دەسەڵات تیایاندا. ئەم ژینگە نوێیە خەونی بە زلهێزبوونی ئێرانی لەناوچەکەدا گەورەتر کرد. هەوڵدانی ئێران بۆدروستکردنی بۆمبایەکی ئەتۆمی هەم دەربڕی ئەم خەونەیە و هەم بەشێکە لەو خەونە. ئەمە جگە لەو راستییەی کە یەکێک لەوڵاتە سونییە ناحەزەکانی ئێران، مەبەستم پاکستانە، خاوەنی بۆمبای ئەتۆمییە. زانایەکی سیاسی شارەزا لەکاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەباسی پاکستاندا دەڵێت، کاتێک زولفەقار عەلی بۆتۆی سەرۆکی پاکستان بۆمبا ئەتۆمییەکەی پاکستانی دروستکرد، ناوی نا" بۆمبای ئیسلامی"، ئەم بۆمبایەش بۆمبایەک بوو دژ بە" بۆمبای هیندوس"ی لەهیندستاندا، بەڵام ئەم "بۆمبا ئیسلامی"یەی پاکستان لەسالآنی نەوەدا و بەدروستبوونی بەرەیەکی سیاسی بەهێز لەنێوان" سعودییەو پاکستان و تاڵەباندا "و بە قووڵبوونەوەی زیاتری ململانێی نێوان سوننە و شیعە لەناوچەکەدا،

لەبۆمبایەکی ئیسلامییەوە گۆڕا بۆ "بۆمبایەکی سونی"[٥]

یەکێک لەدوژمن و ناحەزە سەرەکییەکانی ئەم بەرە تازەیە لەناوچەکەدا ئێران و دەسەلاتی شیعەیە. ئەم گۆڕانە لەتەرەفگیرییە تازەکانی ناوچەکەدا ئێرانی بەشێوەیەکی قووڵ ترساندووە. بیرکردنەوەی ئێران لەدروستکردنی بۆمبای ئەتۆمی، وەک ئەو نووسەرە دەڵێت، پەیوەندی بە ترسی ئێرانەوە لەم بەرە سونییە بەهێزە هەیە[٦]

نەک بۆ نموونە ترس لەئیسرائیل یان ویستی دوژمنایەتیکردنی ئیسرائیل لەلایەن ئێرانەوە. بۆمبای ئەتۆمی ئێرانی گەر لەناوچەکەدا دروستبێت، بۆمبایەکی ئیسلامی نابێت، بەڵکو بۆمبایەکی شیعی دەبێت. بێگومان هێزی ئێران لەناوچەکەدا تەنها پابەستی هەوڵدانی دروستکردنی بۆمبایەکی ئەتۆمی نییە، بەڵکو پابەندی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەن کە دوای ١١ سێپتێمبەر لەناوچەکەدا ڕوویانداوە. بۆ نموونە روخاندنی رژێمەکەی سەدام حوسەین نەک تەنها کۆتایی بە دەسەلاتی یەکێک لەدوژمنە دینی و نەتەوەییەکانی ئێران هێنا، بەڵکو ئەو هێزە شیعییانەشی گەیاندە دەسەلات کە دۆستی نزیکی ئێرانن. ئەمڕۆ قولایی کاریگەرییەکانی ئێران لەسەر ناوچەکە بەگشتیو لەسەر عێراق بەتایبەتی لەمێژووی خۆیدا بێوێنەیە. ئێران ئەمڕۆ دەستی لەناو بڕیارە گەورەو گرنگەکانی حکومەتی عێراقیدایە. بەشێوەیەکی گشتی ئێران لەعێراقدا سێ مەبەستی سەرەکی هەیە. یەکەمیان ڕێگرتن لەوەی

سونەی عەرەب لەژێر هەرناوێکدابێت جارێکیتر دەسەڵات لەو وڵاتەدا بگرنەوەدەست. دووهەم کردنی عێراق بە رێگایەک بۆ گەیشتن بە سوریا و لوبنان و شیعەکانی سعودیەو کوەیت، سێهەم رێگرتن لەدروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی و هەوڵدان بۆ رێگەگرتن لەگەڵاڵەبوونی پرۆژەیەکی لەوبابەتە. بەشیعەکردنی دەسەڵات لەعێراقدا یەکێکە لەستراتیژە هەرەسەرەکییەکانی ئێران بۆ پیادەکردنی ئەم پلانە سێ مەبەستە.

جگە لەمانە ئێران ئەمڕۆ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر حوکمەتەکەی بەشار ئەل ئەسەد هەیە، لەڕێگای حیزبوڵای لوبنانییەوە گەمەکەرێکی گەورەیە لەسیاسەتی لوبنانیدا، لەڕێگای حەماسی فەلەستینییەوە ژمارەیەکی گرنگە لەململانێی نێوان فەلەستینیو ئیسرائیلییەکاندا، لەڕێگای ئەو کەمایەتییە شیعییانەی کەنداوەوە کاریگەری بەرچاوی لەسەر سیاسەتی بەشێکی زۆر لەکۆمەڵگاو دەوڵەتەکانی کەنداو هەیە. بەکورتی ئێران ئەمڕۆ بە هەزاران هەزار چەکداری ئایدیۆلۆژی و مەزهەبی لەناوچەکەدا هەیە، لەلوبناندا ئامادەگی حیزبوڵای لوبنانی بۆ گوێگرتن لەئێران جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئامادەگی سوپای پاسدارانی ئێران خۆیدا، ئەمە جگە لەهێزی فەیلەقی بەدرو جەیشی مەهدیو هێزە چەکدارییەکانی تری شیعە عێراقدا، هەروەها بێجگە لەهێزی" سوپای موحەمەد "لەپاکستاندا کە هێزێکی زۆر نزیکە لەئێرانەوە. زۆربەی هەرەزۆری ئەم هێزە شیعییە

چەكدارانە لەناوچەكەدا لەئێراندا رێكخراون‌و لەو وڵاتەدا مەشقیان پێكراوە و كۆمەكی مادی كراون[٧]

بەكورتی دۆستەكانی ئێران لەمڕۆدا بریتین لەشیعەی عێراق، سوریای حافز ئەسەد، حیزبوڵای لوبنانی، كەمایەتییە شیعەكانی كەنداوو شیعەكانی ئاسیای دوور. لەئاستی جیهانیشدا چین و روسیا و تەنانەت ئەوروپاش ئەو پەیوەندییە دوژمنكارانەیان بەرامبەر بە ئێران نییە، كە بۆنموونە، ئەمەریكییەكان هەیانە.

ئێران و هێزی نەرم

لەپاڵ ئەو توانا مرۆیی و سەربازییانەی ئێران لەناوچەكەدا هەیەتی، ئەم وڵاتە خاوەنی" هێزێكی نەرم"ی گەورەشە. مۆسیقای ئێرانی مێژوویەكی درێژی بڵاوبوونەوەی لەناوچەكەدا هەیە، ئەدەبیات و هونەری سینەمای ئێرانیش لەدوو دەیەی رابرووَدا بەناوچەكەداو بە بەشێكی گەورەی دونیادا بڵاوبۆتەوە، بەڵام لەهەموو ئەمانە گرنگتر پەیوەندییە مەزهەبی و دینییەكانی ئێرانە لەناوچەكەدا. شاری قوم، بۆ

نموونە، شارێک نییە کە تەنها دینی تیادا بەرهەمدێت بۆ ئێران خۆی، شارێک نییە شیعیزم تییایدا تەنها خۆی تازەدەکاتەوە، بەڵکو شوێنێکە دین هەناردەی دەرەوە دەکات، هەناردەی پاکستان و ئەفغانستان، وڵاتانی کەنداو، کەمایەتییە شیعییەکانی ناوچەکە، عێراق و بەشێکی زۆری شیعەکانی تری دونیا دەکات...هتد.

وەک شارەزایەکی ئەم بوارە دەڵێت قوم ئەمڕۆ شوێنی نزیکەی ٣٠٠ قوتابخانەو پەیمانگای دینییە و بەردەوام زیاد لەپەنجا هەزار خوێندکاری دینی لەشارەکەدا هەن کە زۆربەیان لەشوێنی جیاوازەوە هاتوون، بۆ نموونە شەش هەزاریان لەپاکستانەوە هاتوون. هاوکات لەو شارەدا چەندان قوتابخانەو بنکەی دینی هەن بۆ ئافرەتان، ئەمانە کاریان ئەوەیە پرنسیپەکانی شیعیزم و مێژووی ئیسلام بە خانمان بڵێن. بڕێکی زۆر لەقوتابیانی ئەم فێرگە دینییانە لەدونیای عەرەبەوە هاتوون، ئەمانە لەقومدا دەرسدادەرێنو دەڕۆنەوە بۆئەوەی گەنجانی شیعەی وڵاتانی دەوروبەرو سەرکردە دینییە گەنجەکانی نەوەی نوێی شیعە، لەناوچەکەدا پەروەردەبەکەن[٨]

بەکورتی ئەم فێرگە دینییانە رۆڵێکی ئایدیۆلۆژی گرنگ دەبینن لەبەرگریکردن لەشیعیزمی دینیو سیاسیدا.

جگە لەدین ئێران لەڕێگای چەندان رێکخراوی خێرخوازی حکومیو ناحکومییەوە لەناوچەکەدا ئامادەیەو ئەم رێکخراوانەش سەرچاوەیەکی

تری هێزی نەرمی ئێرانن لەناوچەکەدا. ئەمە جگە لەبوونی چەندان کەناڵی تەلەفیزۆنی ئێرانی یان لەلایەن ئێرانەوە ئاراستەکراو، وەک کەناڵی عالەم و کەناڵی ئەل مەناری حیزبوڵا لەلوبنان، کە سەرچاوەیەکی گرنگی بڵاوکردنەوەی دید و بۆچوون و چاوەڕوانییەکانی ئێرانن و کۆمەکێکی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی ئێران لەناوچەکەدا دەکەن.

بێگومان مەرجنییە ئەم هێزە نەرمەی ئێران هەمیشە ئامانجی خۆی بپێکێت. بۆ نموونە جیاوازی سەرەکی هێزی نەرمی ئێران لەهێزی نەرمی تورکیا لەوەدایە ئەوەی ئێران ئاکارێکی دینی بەهێزی هەیە، لەکاتێکدا ئەوەی تورکیا ئاکارێکی عەلمانی و دونیایی بەهێزی هەیە. بەحوکمی ئەوەی خەڵکی ناوچەکە لەهەموو ئاراستەیەکەوە بە دین، بە حیجاب و ریش، بە گریان و قوڕپێوانی دینی، بە گەورەکردن و قووڵکردنەوەی هەستکردن بە گوناهباری، گەمارۆدراون، بۆیە خەڵک بۆ هەڵاتن لەو دونیا رەشپۆشە، زیاتر بەدەم ئەو دونیا رەنگاورەنگەوە دەچن کە هێزی نەرمی تورکیا پێشنیاریدەکات. سینەماو مۆسیقا و زنجیرە تەلەفیزۆنییە تورکییەکان دونیایەکی سادەی پڕ رەنگ و نەرمی و قەشەنگیی نمایشدەکەن، کە تەواو ناکۆکە بەو دونیا تاریکە دینییە پڕ گوناه و فرمێسکەی هێزی نەرمی ئێران بەناوچەکەدا بڵاویدەکاتەوە.

ڕێگرەکانی بەردەم پرۆژەی ئێرانی

ئەگەرچی ئێران خاوەنی هێزێکی تایبەتە لەناوچەکەدا و ئەو گۆڕانکارییانەی لەدونیای دوای ١١ی سێپتێمبەردا ڕوویانداوە تا ئێستاش لەقازانجی ئێراندان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە پرۆژەی ئێرانی لەناوچەکەدا ڕووی بە کۆمەڵێک ڕێگرو تەحەدای گەورەدا نەتەقیوەتەوە. ڕێگرەکانی بەردەم پرۆژەی ئێرانی لەڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا زۆرن، هەندێکیان ڕێگری ناوەکینو پەیوەندییان بە کۆمەڵگای ئێرانی خۆیەوە هەیە، هەندێکی تریان ڕێگری ناوچەیینو پەیوەندییان بە پەیوەندی ئێران بە وڵاتانی ناوچەکەوە هەیەو ئەوانیتریشیان ڕێگری جیهانین و پەیوەندییان بەتایبەتی بە پەیوەندی نێوان ئێرانو ئەمەریکاوە هەیە.

کۆمەڵگای ئێرانی وەک ڕێگرێکی گەورە

زانای سیاسی ئێرانی، موجابەت مەهداوی، مێژووی کۆمەڵگای ئێرانی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ بەسەر چوار قۆناغدا دابەشدەکات[٩]

قۆناغی یەکەمیان بە" قۆناغی شۆڕشگێڕی "ناودەبات و لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨٩ دەخایەنێت. ئەمە قۆناغی بەرپاکردنی شۆڕشی ئێرانی و دامەزراندنی دەوڵەتی دینییە شیعییەکەیە لە ئێراندا بەسەرۆکایەتی خومەینی، وەکچۆن قۆناغی جەنگو پێکدادانە ناوەکیو دەرەکییە خوێناوییەکانی ئەو وڵاتەیە لەگەڵ هێزە ناوخۆییەکان و لەگەڵ ڕژێمەکەی سەدام حوسەین لە دەرەوەدا. قۆناغی دووهەم قۆناغی ١٩٨٩-١٩٩٧، ئەم قۆناغە" قۆناغی بونیادنانەوە"ی دونیای وێرانبووی دوای جەنگە، هەروەها قۆناغی دروستبوونی نوخبەیەکی سیاسی و ئابوری نوێیە لەوڵاتەکدا، لەژێر دەسەڵاتی هاشمی ڕەفسەنجانیدا. قۆناغی سێهەم، قۆناغی ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠٥،" قۆناغی چاکسازی"یە،

تیایدا رووبەرێکی گەورەتر بۆ ئازادی رادەربڕین و ئازادی نووسینو ئازادی رێکخراوەیی، لەسێبەری حوکمڕانی محەمەد خاتەمیدا دروستدەبێت. قۆناغی چوارەمیش قۆناغی ئێرانی ئەمڕۆکەی ئەحمەدی نەژادە، کە ئەو نووسەرە بە" قۆناغی پۆپۆلیسم "ناویدەبات، تیایدا پاشەکشێیەکی بەرچاو بەدیدەکرێت لەهەموو ئاستەکانی ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا، رووبەری ئازادیو کرانەوەو دیالۆگ بەرادەیەکی ترسناک بچووککراوەتەوەو وڵاتەکە نووقمی ناو پرۆسەیەکی بەرفراوانی بەسەربازیکردنێکی فرەلایەنی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوری کراوە. بڕی فشارو پەلامار و سیاسەتی سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی کۆمەڵگای ئێرانی لەئاستێکی هێجگار بەرز و بەهێزدایە.

لەهەریەکێ لەو چوار قۆناغەدا کۆمەڵگای ئێرانی کێشەی گەورەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێراندا هەبووە. رەنگە گەورەترین هێمایەک کۆمەڵگای ئێرانی بۆ رەفزکردنی دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەدوای شۆڕشی ئێرانییەوە نیشاندابێت، هەڵبژاردنی محەمەد خاتەمی بێت لەساڵی ١٩٩٧دا. لەو هەڵبژاردنەدا خاتەمی زیاد لە ٧٠ لەسەدی دەنگەکانی بردەوە و دژ بە ویستی بازنە سەرەکییەکانی دەسەڵات و هێزە کۆنەپارێزەکان، بوو بە سەرۆکی ئێران. لەگەڵ هەموو کەموکوڕیو کورتهێنانەکانی ئەزموونی خاتەمیدا، بە بەراورد بەوانەی پێش و دوای

خۆی ئەم ئەزموونە، کراوەترو دیموکراسیترو لیبرالتر بوو، پەراوێزی گرنگی بۆ ئازادی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کولتوری کردەوەو پێشنیاری ئەوەشی دەکرد کە دەشێت خوێندنەوەیەکی تر بۆ ئیسلام ئەنجامبدرێت کە بکرێت لەگەڵ بەها لیبرال و دیموکراسییەکاندا بگونجێت[١٠]

ئەگەرچی خاتەمی چوار ساڵ دواترو لەدەورەی دووهەمی هەڵبژاردنەکەیدا بە رێژەیەکی زیاتری دەنگ، ٧٧ لەسەدی دەنگەکان، سەرلەنوێ بە سەرۆکی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرایەوە، بەڵام لەدوا دەرەنجامدا نەیتوانی ئەو دەزگا و بونیاد و کۆڵەکە سەرەکییانەی دەسەڵات بگۆڕێت، کە کۆی سیستمە سیاسییە دینییەکەی لەسەر دروستکراوە. بەزۆر مانا کەوتنی خاتەمی و هاتنی ئەحمەدی نەژاد مانای گەڕانەوەبوو بۆ هەموو بەها کۆنەپارێزو داخراوو نادیموکراسەکانی شۆڕشی ئیسلامی. ئەوەی خاتەمی لەماوەی هەشت ساڵی سەرۆکایەتیدا دروستیکردبوو ئەحمەدی نەژاد لەدەورەی یەکەمی هەڵبژاردنەکەیدا وێرانیکرد. ئەم پیاوە کۆنزەرڤاتیڤو کورتبینە، زۆربەی رۆژنامە لیبرالو رەخنەییەکانی داخست، یان فشارێکی گەورەی خستەسەریان، دەستیکرد بە" پاکسازیکردن "لەزانکۆکاندا، ژمارەیەکی زۆری ئەو دەنگە رەخنەیی و چاکسازیخوازانەی ئێرانی گرت و راونا و کوشت کە داوای گۆڕانکاری و ریفۆرمکردنیان دەکرد. دەسەڵاتدارێتییەکەی ئەحمەدی نەژاد بەئاشکرا گاڵتە بە مافەکانی مرۆڤ دەکات و بەرۆحێکی پۆپۆلیستییەوە وادە و مژدەی گەورە بە کۆمەڵگایەک ئەدات

کە لەهەموو سەرێکەوە گەمارۆدراوە. لەناوچە کوردییەکاندا ژمارەیەکی زۆری چالاکەوانی سیاسیو کۆمەڵایەتی گرتو کوشت و کوردستانی ڕۆژهەڵات لەزۆرر ڕووەوە گەڕاوەتەوە بۆ ساڵە خوێناوییەکانی سەرەتای هەشتاکان و تودنوتیژییە تۆقێنەرەکانی سوپاسی پاسداران لە کوردستاندا. بەکورتی هاتنی ئەحمەدی نەژاد بزوتنەوەی گۆڕانخواز و چاکسازیخوازی وڵاتەکەی گەڕاندەوە بۆ قۆناغی بەر لەهاتنی خاتەمی، بەسەربازیکردنی ئابوری و کۆمەڵگاکەشی گەڕاندەوە بۆ ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشو ئیسلامییەکەی ئێران خۆی[11]

دەسەڵاتدارێتی ئەحمەدی نەژاد تەنها دەستێکی شێوێنەرانەی بەناو ژیانو خواستی چاکسازی سیاسی لەوڵاتەکەدا نەهێنا، بەڵکو هەمان دەستی شێوێنەرانەی بەناو ژیانی شەخسیو تاکەکەسی ئینسانی ئێرانیشدا هێنا. لەسەردەمی ئەم پیاوەدا سێنتەرەکانی ئینتەرنێت، شوێنی یەکتربینینی گەنجان، بەتایبەتی شوێنی یەکتربینینی کوڕانو کچان، دەرکەوتنی ئینسان لە فەزای گشتی شارەکاندا خرانە ژێر فشارو سانسۆر و چاودێرییەکی توندتر و فراوانترەوە. لەبەرامبەر ئافرەتاندا سیاسەتێکی کۆنەپارێزتر و خنکێنەرتری پیادەکرد، لەوانەش سەپاندنی حیجابێکی "ئیسلامیتر "واتە" ئەستورتر"، و بەهێزکردنێکی بەرچاوی زیاتری "پۆلیسی ئەخلاق ."هاوکات داخستن و زەحمەتکردنو بەمەحاڵکردنی کاری بەشێکی زۆری ئەو ئۆرگانو ڕێکخراوانەی بەرگرییان لەمافی ژنو

زیادکردنی پانتایی ئازادییە تاکەکەسییەکان دەکرد[١٢]

ئەمە جگە لەزیادکردنی بڕی چەوساندنەوەی کەمایەتییە دینی و ئەتنییەکانی ناو ئێران و کوشتن و لەسێدارەدانی چالاکەوانەکانیان، لەوانەش کوردەکانی ئەو وڵاتە.

بوونی ئەحمەدی نەژاد بە سەرکۆماری جمهوری ئیسلامی ئێران هاوکاتبوو بە دروستبوونی بزوتنەویەکی ناڕەزایی گەورە لەئێراندا، ساڵی ٢٠٠٩ ساڵی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگبوو کە بەشە جیاوازەکانی لەژێر ناوی" بزوتنەوەی سەوز"دا کۆبوونەوە. ململانێی ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ دەسەڵاتدارێتییەکەی ئەحمەدی نەژاد دا بەتەواوی لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ تەقییەوە. هێشتا ٢٤ سەعات بەسەر داخستنی سندوقەکانی هەڵبژاردندا تێنەپەڕیبوو، حکومەتی ئێران ئاشکرایکرد کە ٤٠ ملیۆن دەنگیان جیاکردۆتەوەو ڕێژەی ٦٢ لەسەدی ئەو دەنگانەش بەر ئەحمەدی نەژاد کەوتووە، ئیتر دوای ئەمە سەدان هەزار، بگرە ملیۆنان ئینسان ڕژانە سەرشەقامەکان و حوکمەتی ئێرانیان بە تەزویرکردنێکی بێوێنە و خراپبەکارهێنانێکی بەرفراوانی دەسەڵات تاوانبارکرد. دروشمی" کوا دەنگەکەم؟"، ئەو دروشمە سەرەکییە بوو کە خەڵک لەخۆپیشاندانە گەورەکاندا هەڵیانگرتبوو. ئەم خۆپیشاندانە کە سەرەتا وەک کاردانەوە بەڕووی تەزویرکردنی هەڵبژاردنەکاندا دەستیپێکرد، لەهەفتە و مانگەکانی دواتردا گۆڕا بۆ داواکردنی ڕوخاندنی

حکومەتە دینییەکەی ئێرانو کۆتاییهێنان بەو سیستمە سیاسییەی لەدوای شۆڕشی ئێرانییەوە دروستکراوەو بەسەر کۆمەڵگای ئێرانیدا سەپێنراوە. خۆپیشاندانەکانی مانگی شەش و مانگەکانی دواتریساڵی ٢٠٠٩، کە دوو ساڵ بەر لەبەهاری عەرەبی دروستبوو، کەشو هەوایەکی شۆڕشگێڕانەو گۆڕانخوازی لەوڵاتەکەدا دروستکرد.

هەم بەشێکی زۆری کۆمەڵگای ئێرانی و هەم دونیای دەرەوە چاوەڕوانی گەورەیان لەو بزوتنەوە تازەیە هەبوو، بەڵام رژێمەکەی ئەحمەدی نەژاد لەڕێگای بەکارهێنانێکی گەورە و بەرفراوانی توندوتیژییەوە توانی کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنێتو خەڵکانێکی زۆر بگرێت و بکوژێت و لە دوادەرەنجامیشدا کۆمەڵگای ئێرانی جارێکی تر و بۆ ماوەیەکی تر ناچار بە بێدەنگی بکات(١٣).

سەپاندنی ئەم بێدەنگییە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیەو بۆ درێژەدانیش بەم بێدەنگییە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە بەڕادەیەکی گەورە بەسەربازیکراوە. یەکێک لەڕێگرە گەورەکانی بەردەم بەهێزبوونی ئێران لە ناوچەکەدا پەیوەندی بەم دۆخە ناوەکییەوە هەیە، ئەو دوژمنایەتییە ناوەکییەی کە ئەحمەدی نەژاد جارێکی تر و بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لەهەمووکات لەنێوان کۆمەڵگای ئێرانی و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەدا دروستیکردوە. ئەمڕۆ ئەم کۆمەڵگایە داواکاری و خواستێکی هەیە تەواو ناکۆک بەوەی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە هەیانە، لەڕاستیدا ڕوخاندنی ئەو

دەسەڵاتدارێتییە یەکێکە لە خەون و چاوەڕوانییەکانی ئەو کۆمەڵگایە.

ناکۆکی لەگەڵ دراوسێکاندا

ترسی وڵاتانی ناوچەکە لەئێران ترسێکی گەورەیە، بەتایبەتی ترسی سعودیە و وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل. بوونی ئێران بە هێزێکی خاوەن بۆمبای ئەتۆمی هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر ئەو وڵاتانە و لەسەر ئاسایش و هاوکێشەی هێزو دەسەڵات لەناوچەکەدا. بۆیە یەکێک لەکۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەوڵەتانی ئەو ناوچەیە، ئیدی لەدراوسێکانی ئێرانەوە بیگرە، تا ئەو وڵاتانەی تر کە" بۆمبا شیعی"یەکەی ئێران وەک

هەرەشە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەییان دەبینن، هەوڵدانە بۆ ڕێگەگرتن لەبەهێزبوونی ئێران و بوونی بە هێزێکی ئەتۆمی لەناوچەکەدا. دروستکردنی ڕێگری گەورە لەبەردەم ئێراندا بۆ بوونی بەهێزێکی ناوچەیی ئەتۆمی بەشێکی گرنگی لە سیاسەتی تورکیا و سعودیە و ئیسرائیل و ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەورووپایە. لەم ڕووەوە سەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری بەسەر ئێراندا تەعبیر لەویستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەکات بۆڕێگرتن لەوەی ئێران ببێت بە هێزێکی ئەتۆمی.

وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد دونیای دوای روخاندنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەین و تاڵەبان لە ئەفگانستاندا دونیایەکە تیایدا ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو بەهێزبووە، عێراق لەدوژمنێکی سەرسەختی ئێرانەوە گۆڕاوە بۆ دەسەڵاتدارێتییەکی شیعی دۆستی ئێران. ئەمە وایکردوە بەشێکی زۆری دەوڵەتانی ناوچەکە لەبە" عێراقیبوونی "وڵاتانی ناوچەکە بترسن، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە هێزی شیعەی بەهێزیان تێدایە، وەک لوبنانو بەحرێن و تەنانەت سوریا. لەڕاستیدا سەرجەمی وڵاتانی کەنداو، عێراقی ئەمڕۆ وەک بەشێک لەئێران وێنادەکەن. بۆیە بەهەرشێوەیەک بووە هەوڵئەدەن لەڕێگای دروستکردنی کێشەوە لە عێراقدا بۆ ئێران نەهێڵن ئێران کاتی ئەوەی هەبێت خەریکی بەشەکانی تری ناوچەکەبێت. لەساڵانی رابردوودا فیدائییە سونییەکانی ئەردەن و سعودیەو وڵاتانی کەنداو دەهاتنو خۆیان بە شوێن و کەسو دەزگا شیعییەکاندا دەتەقاندەوە. بەشێکی زۆری

ئەو خوێنەی لەساڵانی رابردوودا لەعێراقدا رژا، خوێنێکە دەست و پەنجەی وڵاتان و هێزە سوننییەکانی دراوسێی عێراق لێیبەرپرسیارن. ئەم دۆخە تا ئەمرۆش چارەسەرنەکراوە، ئەوەی ئەمڕۆکە بڕ و رادەی توندوتیژی لەعێراقدا کەمیکردوە پەیوەندی بە دروستبوونی پەیوەندییەکی تەندروستەوە نییە لەنێوان شیعە و سوننەی عێراق و شیعە و سوننەی ناوچەکەوە، هەروەها پەیوەندی بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیوەندی نێوان ئێران و ناوچەکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە سەرکەوتنی شیعەکانی عێراقەوە هەیە لەدروستکردنی دەزگای مەحکەمی هەواڵگری و پۆلیس و سوپا و هێزی ترەوە بۆ دۆزینەوەو بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندوتیژییە، لەمەشدا پێناچێت رۆڵی ئێران بچووک بووبێت.

ئێرانو کورد

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان ئێرانو کورد پەیوەندییەکی نابەرابەر و پڕ فشار و توندوتیژی و کوشتن و برین و پەلاماردانە. کوردەکانی رۆژهەڵات ئەمڕۆ لەبەردەم هەڕەشەو پەلاماری سەربازی بەردەوامدان، رۆژانە خەڵکیان لێدەگیرێتو دەکوژرێت، ژمارەیەکی زۆریان راونەنرێن و ئاوارەی وڵاتانی تر دەکرێن، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە دەسەڵاتدارانی ئێرانی بەشێوەیەکی بەردەوام نکوڵی لەمافە

سیاسیو کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کوردەکانی ئەو وڵاتە دەکات.

لەپەیوەندیدا بە بەشەکانی تری کوردستانەوە، ئێران بە درێژایی بیست ساڵی رابردوو زۆر لەنزیکەوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقو تورکیاو سوریادا کاریکردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی خواست و ویستی خەڵکی ئەو پارچانەی کوردستان. لەدوای کەوتنی رژێمەکەی سەدامحوسەین و دروستبوونی هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆوە لەکوردستانی باشوردا، ئێران ئەو هەرێمەی هەم وەک بازارێکی گرنگ بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی بینیوەو مامەڵەکردووە، هەم وەک شوێنێک تیایدا کاریگەری گەورەی هەبێت و بەکاریبهێنێت بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەعێراقدا، هەروەها وەک شوێنێک تیایدا هێزە سیاسییەکانی کوردستانی خۆرهەڵاتی تێدا لاواز بکات و سڵیش لەوە نەکاتەوە بە ریز کادر و کەسایەتییە چالاک و ناسراوەکانیان تێرۆر بکات. ئەگەر کاریگەری تورکیا لەسەر پارتیدیموکراتی کوردستان و لەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی گەورەبێت، ئەوا کاریگەری ئێران لەسەر یەکێتینیشتیمانی و لەسەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی یەکێتیدا گەورەیە. ئەگەر پارتی ئەمڕۆ لەبەرەی تورکیا و سونەی عەرەبی عێراقیدا خۆیبینێتەوە، ئەوا یەکێتی خۆی لەبەرەی ئێران و شیعەی عەرەبی عێراقدا دەبینێتەوە. ئەم دابەشبوونەی دوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم بەسەر ئەو دوو هێزە ئیقلیمیە گەورەیەدا، نەک ئەگەری

دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی باشوردا بەهێزناکات، بەڵکو ئەگەری تەقینەوەی زیاتر و دابەشبوونی ناوەکی گەورەتر لە ناو هەرێمدا زیاتر و گەورەتردەکات.

•

سەرچاوەکان:

١-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Nasr, Vali (2006). The Shia Revival: How Conflicts within Islam Will Shape the Future .New York, W. W. Norton.p. 34.

٢-بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەو داڕشتنەوەی شیعیزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکی

شۆڕشگێڕ بڕوانە ئەم کتێبە گرنگەی حەمیدی عینایەت:

Enayat, Hamid. (2004). Modern Islamic political thought: the response of the Sh > and Sunn Muslims to the twenthieth century. London ; New York, I.B. Tauris. p 180-188.

٣-بڕوانە سەرچاوەی یەکەم لەپەڕەکانی ٢١و ٢٢و ٢٣.

٤-بڕوانە هەمان سەرچاوە ل ٢٠.

٥-هەمان سەرچاوە ل ٢٢٢

٦-هەمان سەرچاوە ل ٢٢٢

٧-هەمان سەرچاوە ل ٢٢٣

٨-هەمان سەرچاوە ل ٢١٧

٩-بڕوانە:

Dries, Tim (2010). De groene beweging en haar strijd voor politieke en sociale hervormingen: een nieuwe revolutie voor Iran?. UGent. Faculteit Politieke en Sociale Wetenschappen. p. 15.

١٠-بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:

Ahmadi, S. (2010). Not their parents revolution. [29.03.2010, Le Monde Diplomatique:

http://www.wsws.org/articles/2010/feb2010/pers-f20.shtml].

Jafari, P. (2009). The Resilient Republic: can civil society bring change? Symposium

Facing the Future: 30 years of the Islamic Republic of Iran. Amsterdam: University of

Amsterdam

١١-بڕوانە:

Takeyh, R. (2007). Hidden Iran: Paradox and Power in the Islamic Republic. New York: Holt Paperbacks.

١٢ :بڕوانە:

Hoodfar, S. en Sadr. (2009). Can women act as agents of a democratization of theocracy in Iran?. Gen ve: United Nations Research Institute For Social Development.

Siamdoust, N. (15.06.2009). Tehran>s Rallying Cry: <We Are the People of Iran>". [20.06.209, Time Magazine:
http://www.time.com/time/world/article/0, 8599, 1904 764, 00.html?xid=rsstopstories].

١٣-بڕوانە:

Dries, Tim (2010). De groene beweging en haar strijd voor politieke en sociale hervormingen: een nieuwe revolutie voor Iran?. UGent. Faculteit Politieke en Sociale Wetenschappen.

***

پڕۆژەی سێیەم:

پڕۆژەی عەرەبستانی سعودیەو خەونی بە سەلەفیکردنی ناوچەکە

سەرەتا

عەرەبستانی سعودیە یەکێکە لەوڵاتە هەرە دەوڵەمەند و هەرە دینی و هەرە داخراوەکانی دونیا، هەم کۆمێکی گەورەی نەوتە و هەم بیابانێکە پڕ لەدین. لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا یەکێکە لەگەمەکەرە سیاسییە گەورەکان، لەئاستی جیهانیشدا ئەندامە لەیانەی بیست وڵاتە دەوڵەمەندەکەی دونیادا. عەرەبستانی سعودیە لەدوای شۆڕشی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ لەململانێیەکی تونددایە لەگەڵ ڕژێمە ئیسلامییەکەی ئێراندا. سعودیە ئەمڕۆکە لەزۆر شوێنی ناوچەکەدا، بۆنموونە، لەمیرنشینەکانی کەنداو و لەعێراق و سوریا و لوبنان و یەمەندا، لەبەگژاچوونەوە و ململانێیەکی سەرسەختدایە لەگەڵ دەسەڵاتی ئێراندا. جگە لەمە عەرەبستانی سعودیە خەریکی بەگژاچوونەوەیەکی ڕۆژانەی دەرەنجامەکانی بەهاری عەرەبی و پاراستنی خۆی و پاراستنی ڕژێمە پادشایی و میرنشینییەکانی کەنداوە لەو شەپۆلی گۆڕانکارییەی لەگەڵ بەهاری عەرەبیدا ناوچەکەی گرتۆتەوە.

نەوتو دین و دەسەڵات

سیتسمی سیاسی عەرەبستانی سعودیە سیستمێکی پاشایەتی دەسەڵاتگەر و ستەمگەرە، وڵاتەکە نەدەستووری هەیە، نە پارتی سیاسی مۆڵەتدراوی تێدایە، نە سەندیکای یاسایی‌و ڕێپێدراوی هەیە، نە دەسەڵاتەکان تیایدا لەیەکتری جیاکراونەتەوە، نەدەزگا و یاساو لایەنێک

هەیە بتوانێت لەچۆنیەتی پیادەکردنی دەسەڵات و لەکارو کردەوەی دەسەڵاتداران بپرسێتەوە. هەروەها هیچ ڕێکخراو و ئۆرگانێکی سیاسی و ناسیاسی بۆیان نییە هەبن گەر دەسەڵاتداران پێشوەخت ڕێگەیان بە دروستبوونیان نەدابێت[1]

دەسەڵات لەعەرەبستانی سعودیەدا دەسەڵاتێکی بنەماڵەییە. لەڕۆژی دروستکردنی دەوڵەتی سعودیەوە لەساڵی ١٩٣٢ەوە، بنەماڵەی ئال سعود دەستیان بەسەر هەموو بازنە سەرەکییەکانی دەسەڵاتدا گرتووە. ئەندامانی ئەم بنەماڵە دەسەڵاتدارە لەمڕۆدا هێجگار زیادیکردوە، ژمارەی ئەو ئەمیرە و ئەمیرانەی سەر بەم خانەوادەیەن لەنێوان ٣ تا ٥ هەزارن و چاوەڕوان دەکرێت لەچەند ساڵی داهاتوودا بەهۆی ژنخوازی و منداڵبوونی زۆرەوە ئەم ژمارەیە دووقات ببێت. زۆربەی هەرەزۆری ئەم شازادانە هیچ ئیش و کارێکی ڕەسمییان نییە، بەڵام هەریەکێکیان مانگانە دەیان هەزار دۆلار موچە وەردەگرێت، بەئارەزووی خۆیان و بە خۆڕایی بۆ کوێ بیانەوێت بە فڕۆکەکانی سعودیە بێپارەدان سەفەردەکەن و، چۆنیشیان بوێت ئاوا زەوی‌و زاری وڵاتەکە بەنرخێکی زۆر هەرزان بەسەر خۆیاندا دابەشدەکەن[2]

هەموو پۆستە سیاسی‌و ئەمنی و سەربازی و ئیدارییەکانی وڵاتیش بەسەر ئەندامانی ئەم بنەماڵەیەدا دابەشکراون. سەرەڕای زۆری ژمارەی ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە هاوکات هیچ وڵاتێک لەدونیادا ئەوەندەی

سعودیه دەسەڵاتداری پیری تیادا نییه، ئەم وڵاتە كۆمەڵێك پادشاو ئەمیر حوكمی دەكەن كە زۆربەیان پیر و پەككەوتەو نەخۆشن. لەم ساڵانەی دواییاشدا بەشێك لەگەنجانی بنەماڵەكە دەستیانگرتووە بەسەر ئەو كەرتە ئابوورییانەدا كە قازانجی زۆرو ئاسان دەكەن، خۆكردن بەشەریكی ئەو بازرگانو خاوەن كۆمپانیایانەش كە سەركەوتوون و قازانجی زۆرو گەورە دەكەن، بەشێكە لەم سیاسەتە(٣)

بەپێی هەندێك سەرچاوە رێژەیەكی سەدی گەورەی پارەی نەوتی ئەو وڵاتە ناچێتە حیساباتی رەسمی دەوڵەتەوەو نابێت بەبەشێك لە بودجەی ڕەسمی وڵاتەكە، بەڵكو راستەوخۆ دەچێتە گیرفانی ئەم لەشكرە لەشازادەی كچ و كوڕەوە. لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە نەوت پایە هەرە سەرەكییەكەی دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە بنەماڵەییە دەستنیشاندەكات، ئەم پارەیەش پارەیەكی بێشومارە. عەرەبستانی سعودیە تەنها لەنێوان ساڵی ٢٠٠٨و ٢٠١٠ بایی ٥٠٠ ملیار دۆلار نەوتی لەبازاڕەكانی دونیادا فرۆشتوە، ئەم پارەیەش لەقاسەیەكی مەركەزیدا كۆكراوەتەوە كە لەژێر دەستی بنەماڵەی ئال سعود دایە. سعودیە نزیكەی ٢١ لەسەدی وزەی بەكارهاتووی هەموو دونیا بەرهەمدەهێنێت و نزیكەی ٢٥ لەسەدی یەدەگی نەوتی ئەم ئەستێرەیەش لەو وڵاتەدایە. ئەمریكا گەورەترین وڵاتی دونیایە كە نەوتی سعودیە دەكڕێتو بەكاردەهێنێت(٤)

سەرەڕای ئەو هەموو پارەیەی لەو وڵاتەدا هەیە، كەچی هێشتا زیاد لە٢٠

لەسەدی کۆمەڵگای سعودی نەخوێندەوارە، نزیکەی ٣٠ لەسەدی بێئیشە، رێژەی بێئیشی لەناو ئافرەتاندا هێجگار بەرزترە و لەهەندێک شوێندا ٧٠ تا ٨٠ لەسەدە. هاوکات نزیکەی ٥ ملیۆن کرێکاری کۆچکرد و لەو وڵاتەدا کاردەکاتو زۆربەی هەرەزۆریان وەک کۆیلە مامەڵەدەکرێن. ئەم کرێکارانە زۆربەیان خەڵکی هەژارو نەداری پاکستان و ئەندەنوسیا و فلیپینو وڵاتانی تری ئاسیای دوورن و ئەو کارانەی سعودیەکان خۆیان نایکەن بەپارەیەکی کەم بەم کرێکارە کۆچکردوانە ئەنجامیئەدەن. خانمێکی هۆڵەندی دۆستی من ساڵی پار نامەیەکی دکتۆرای هێجگار گرنگی لەسەر دۆخی کرێکاری کۆچکرد و بۆ سعودیە نووسی، ئەو کتێبە پرپەتی لەحیکایەتی تۆقێنەری مامەڵەی نائینسانی سعودیەکان بۆ ئەو کرێکارانەو ئەو لێکۆڵەرەوەیە هەلومەرجی ژیانی ئەو کرێکارە کۆچکردووانە بە هەلومەرجی" کۆیلایەتی نویێ "ناودەبات[٥]

بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئال سعود بۆ پاراستنی ئەم دۆخە هەموو دەسەڵاتەکانیان لەدەستی خۆیاندا کۆکردۆتەوە، هێزێکی گەورەی سەربازی و پۆلیس و ئاسایشی نهێنیو ئاشکرایان دروستکردوە، هیچ رێکخراوێک، چەند بچووک و کەمکاریگەریش بێت، بۆی نییە بەبێ پرس و وەرگرتنی مۆڵەتی رەسمی لەدەسەڵاتداران، دروستببێت. مافی خۆپیشاندان و نارەزاییدەربڕین قەدەغە و یاساغکراوە و تێکەیشتنی رەسمی بۆ دەسەڵات لەوڵاتەکەدا بریتییە لەگوێڕایەڵی تەواوی کۆمەڵگا بۆ پادشا و بنەماڵەی دەسەڵاتدار. ئەم

ستەمگەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە وڵاتەکەدا لە ڕێگای لێکدانەوەیەکی تایبەتی ئیسلامەوە ڕەواکراوەو دەسەڵاتدارانی سعودیە ژمارەیەکی زۆری پیاوانی ئاینی وەهابییان لەبەردەستدایە کە ئەرکی سەرەکییان بەخشینی ڕەوایەتییە بەو سیستمە. بوونی قەبری پێغەمبەری ئیسلامو شوێنەوار و ڕەمزە دینییەکانی تری ئیسلام لەو وڵاتەدا، وایکردوە سعودییە دەسەڵاتێکی دینی گەورەی هەبێت، واتە خاوەنی" دەسەڵاتێکی نەرم"ی گەورەبێتو ئەم دەسەڵاتەش بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی عەرەبستانی سعودیە لەناوچەکەو لەدونیادا بەکاریهێنێت. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەدۆخی ئەمڕۆکەی سعودیە سەرنجێکی کورت و خێرا لەمێژووی ئەو وڵاتە پێویستە.

سێ دەوڵەت

لەمێژووی سعودیەدا باس لەسێ قۆناغی دروستبوونی دەوڵەتی سعودی دەکرێت. حیکایەتی دروستبوونەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٤٤، کاتێک محەمەدی کوڕی سعود، سەرۆکی خێڵی ئال سعود، لەگەڵ محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب ١٧٠٣ -١٧٩٢، دامەزرێنەری ڕێبازی وەهابیزم، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ناوچە جیاوازەکانی جەزیرەی عەرەبی داگیر و یەکیبخەن. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە ئەرکە سیاسی و دینییەکان لەنێوان ئەو دوو کەسەدا بەمشێوەیە دابەشکرا. محەمەدی کوڕی سعود لەڕووی سیاسییەوە ببێت بە سەرۆکی دەوڵەتەکە و

لەڕووی دینیشەوە محەمەد عەبدوەلوەهاب ببێت بە سەرۆکی ئاینی[٦]

ئەم دابەشکردنە تایبەتەی دەسەڵات و ئەم کارە پێکەوەییە بووە هۆی دروستبوونی"یەکەم دەوڵەتی سعودیە". بەڵام ئەم دەوڵەتە زۆری نەخایاند، بەهۆی یاخیبوون و پەلاماردانی ناوچەکانی دەوروبەر و ترساندنی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، عوسمانییەکان لەساڵی ١٨١٨دا پەلاماری ئەم دەوڵەتەیان داو روخاندیان، بەڵام هەم نەوەکانی ئال سعود و هەم پیاوە دینییە وەهابییەکان توانییان جارێکی تر خۆیان کۆبکەنەوەو بەیەکەوە" دووهەم دەوڵەت"ی سعودی لەساڵی ١٨٢٤ دروستبکەن. ئەم دەوڵەتەش جارێکی تر لەلایەن عوسمانییەکانەوە پەلاماردراو لەساڵی ١٨٩١ روخێنرا. " دەوڵەتی سێهەم"ی سعودی، ئەو دەوڵەتەی ئەمڕۆ هەیە، لەساڵی ١٩٣٢ بە یارمەتی بەریتانیا دروستکرا.

لەهەموو ئەو قۆناغانەی سەرەوەدا و تا ئەمڕۆکەش ئەو رێککەوتنە سیاسییەی نێوان ئالی سعود و رێبازی وەهابیزم پارێزراوبووە. ئەم رێککەوتنە لەزۆر رووەوە رۆڵێکی گرنگی بینیوە و دەبینێت لەدەستنیشانکردنی سیاسەتی سعودیە لەناوخۆی وڵاتەکەو لەناوچەکە و لەئاستی جیهانیشدا. لەپاڵ ئەم رێککەوتنەدا دەوڵەت و کۆمەڵگای سعودی لەپشتی بەهێزکردن و قەڵەوکردنی بڕی هەرەزۆری بزوتنەوە سەلەفییە سونییەکانی ئەمڕۆکەی ناوچەکە و دونیاوەن، مێژووی ئیسلامی سیاسی سونی لەنیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا

لەسیاسەتی سعودیە و توانا مادیو مەعنەوییەکانی ئەو وڵاتە جیاناکرێتەوە. هاوکات رۆڵی سعودیە لەدروستبوونو بەهێزبوونی ئیسلامی جیهادی و توندوتیژدا رۆڵێکی بەرچاوە و بەشێکی زۆری گروپە چەکدارە توندڕەوە ئیسلامییەکانی ساڵانی هەشتا و نەوەدی سەدەی بیستەم، لەلایەن سعودیەوە هاریکاریکراون، ئیتر لەموجاهیدینی ئەفگانییەوە بیگرە تا بە گروپەکەی تاڵەبانو هێزە دینییە سونییەکانی ناو پاکستانو شوێنەکانی تر دەگات. ئەلقاعیدە خۆشی بەرهەمێکی سعودییە و بەڕادەیەکی زۆر هەم ئەو فەزا دینییە وەهابییە دروستیکرد کە لەسعودیەدا ئامادەیە، هەم ئەو دۆلاری نەوتەی کە دەچێتە ناو قاسەکانی ئەو وڵاتەو سەر حیسابی بانکی خێزانە دەوڵەمەندەکانی وەک خێزانەکەی بن لادن.

وەهابیزم وەک ئایدیۆلۆژیا

وەک وتم ئیسلامی وەهابی، یان وەهابیزم، یەکێکە لەپایە سەرەکییەکانی دەسەڵات لەشانشینی سعودیەدا. وەهابیزم جۆرێکی هێجگار داخراوی سەلەفیەتی دینییە و لەسەر لێکدانەوەیەکی حەرفی

قورئان و گوتەکانی پێغەمبەر و هاوەڵەکانی دروستبووە، هاوکات لاساییکردنەوەی کار و کردەوەی نەوەی یەکەمی مسوڵمانەکان بە تاقە شێوازی راستەقینەی ئیسلام دەزانن. وەهابییەکان پێیانوایە ئەوان خاوەنی تاقە لێکدانەوەیەکی راستەقینەی ئیسلامن‌و هەموو شێوازەکانی تری ئیسلام هەڵە و لادانن لەدینی خودا، تا ئەو شوێنەش دەڕۆن کە پەیرەویکەرانی ڕێبازەکانی تر بە کوفر تۆمەتباربکەن و تەکفیریان بکەن. ئیسلام لای وەهابییەکان دەبێت هەموو رەهەندەکانی ژیانی تاکەکەسی‌و ژیانی دەستەجەمعی بگرێتەوە و ئامۆژگارییەکان چۆن ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر نووسراون، بێهیچ لێلادان و زیاد و کەمییەک و بێهیچ لێکدانەوەو دەسکاریکردنێک، وەک خۆی چۆنبووە ئاوا پەیرەوبکرێن. لەمێژووی ئیسلامدا کەم گروپ هەبووە بەڕادەی وەهابییەکان ئامادەبن مسوڵمانەکانی تر تەکفیربکەن‌و بەئاسانی بکوژن‌و لەناویبەن. وەهابییەکان هەموو لێکدانەوەیەک لەدەرەوەی تێڕوانینی خۆیاندا بۆ ئیسلام بە" بیدعە "دادەنێن و بەگژیدادەچنەوە. دوژمنە سەرەکییەکانی وەهابیزم ئیسلامی شیعە و ئیسلامی سۆفییەکانە، ئەوان ئەم دووانە وەک کوفر و بێدینی وێنادەکەن. شوێنی دروستبوونی ئەم سەلەفیەتە دینییە دۆگمایی‌و داخراوە ناوچەی نەجدی سعودیەیە، کە یەکێکە لەناوچە هەرە دواکەوتو و خێڵەکی‌و داخراوەکانی ئەو وڵاتە[٧]

پارەی نەوتی سعودیە وایکردووە ئەم دیدە داخراو و دۆگمایی‌و کۆنەپارێزە بۆ ئیسلام بە بەشێکی زۆر گەورەی دونیادا بڵاوببێتەوە و ببێت بە یەکێک لەتێڕوانینە هەرە سەرەکییەکان بۆ ئیسلام لەمڕۆدا. ئەم دیدە بۆ ئیسلام لەناو سعودیە خۆیدا نەوەیەکی توندڕەوی دروستکرد، بەڕادەیەکی وا ١٥ کەس لەو ١٩ کەسەی خۆیان لە١١ی سێپتێمبەردا لەئەمریکا تەقاندەوە، سعودیبوون.

ئەگەرچی وەهابییەکان بەردەوام رەوایەتییەکی دینی بە کاروکردەوەو شێوازی حوکمڕانی دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودیە دەبەخشن، بەڵام داخرانیان بەڕادەیەکە تەنانەت دەسەڵاتدارانی سعودیە خۆشیان چەندینجار لەگەڵ باڵە رادیکاڵ و پەڕگیرەکانی ئەم قوتابخانەیەدا تووشی بەرەنگاربوونەوە بوونەتەوە. یەکەم بەرەنگاربوونەوەی گەورەی نێوان ئال سعودو وەهابییەکان لەساڵی ١٩٢٩دا روویدا. ئەوکات پادشای سعودییە ژمارەیەکی زۆری لەوەهابییەکان گرتو کوشت و راونان و زیندانیکرد. بەرەنگاربوونەوەی دووهەم لەساڵی ١٩٧٩ روویدا، لەوساڵەداو لەژێر کاریگەری شۆڕشی ئێرانیدا گروپێکی رادیکاڵی وەهابی مزگەوتە گەورەکەی "مەکە"کە کەعبەی تێدای داگیرکرد، سعودیەکان بە هاریکاری هێزێکی کۆماندۆی تایبەتی مەشقپێکراوی فەرەنسی توانییان کۆتایی بەو داگیرکردنە بهێنن و کەعبەی لەژێر چنگ دەربهێنن و زۆربەی هەرەزۆری یاخیبووەکانیش لەناو مزگەوتەکەدا بکوژن.

بەرەنگاربوونەوەی سێهەمیش بەرەنگاربوونەوەی نێوان ئالی سعود و ئەو وەهابیانەیە کە لەدوای داگیرکردنی سەدام حوسەینەوە بۆ کوەیت و دوای پەنابردنی پادشای سعودیە بۆ ئەمریکییەکان بۆ پاراستنی سعودیە لەسەدام حوسەین، رەخنەی تونديان لەپادشای سعودیە گرت و تاوانباریانکرد بە هێنانی لەشکری کافران بۆ سەرزەمینی ئیسلام. ئەم گروپە زۆربەیان سەر بە رێکخراوی ئەلقاعیدەی بن لادن بوون و لەدوای سالّی دوو هەزارەوە گلەیی و گازەندەکانیان لەدەسەلاّتدارانی سعودی گواستەوە بۆ ئاستی کەوتنە چالاکی خۆتەقاندنەوە و پەلاماردانی دەولّەت خۆی. لە ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤دا ژمارەیەک لەو وەهابییە جیهادییانە پەلاماری کۆمەڵێک بنکەی ناو سعودییە خۆیان دا و دەولّەتی سعودیش کەوتە گرتن و ڕاونان و قەلاچۆکردنیان.

دەسەلاّتی پیاوانی دینی وەهابی لەسعودیەدا هێجگار بەهێزە، وەهابییەکان لەهەموو شوێنێکی کۆمەلّگای سعودیدا ئامادەن و تێڕوانینەکانی وەهابیزم بووە بە بەشێکی گەورە لەیاساکانی ئەو ولاّتە، سیستمی خوێندن و پەروەردە لەژێر چاودێرییەکی بەردەوامی وەهابیەکاندایە، تا چەند سالّێک لەمەوبەر بەشێکی زۆری میدیاو تەلەفیزۆن و رادیۆکانی ئەو ولاّتە تەرخان بوون بۆ بلاّوکردنەوەی بیروبۆچوونی ئەم گروپە، چالاکی فەتوادەرکردن، کە کردەیەکی رۆژانەیە، لەژێر دەستی ئەماندایە. هەموو سیستمی داوەری سعودییە لەژێر دەستی داوەرو پارێزەرە وەهابییەکاندایە. ئەمە جگە لەدەسەلاّتی پۆلیسی ئەخلاق، کە لەسعودیە

ناوی" هەیئەی ئەمر بە مەعروف و نەهی لەمونکەر"ی لێنراوە و دەسەڵاتێکی هێجگار گەورەیان هەیە، بەتەواوی لەژێر دەستی وەهابییەکاندایە. لەڕووی مێژووییەوە ئالی سعود و وەهابییەکان لەسەر ئەوە رێککەوتن کە ئالی سعود خەریکی کاروباری دەوڵەت و حوکمڕانی بێت و شوێن و پێگە دەوڵەتییە گرنگەکانیان لەژێردەستدابێت، وەهابییەکانیش کۆمەڵگایان لەژێردەستدابێت. ئەگەرچی ئەمڕۆ ئەم دابەشکردنە هەندێک گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، بەڵام تا ئێستاش دابەشکردنی سەرەکی کارکردنە لەنێوان دەوڵەت و هێزە دینییەکەی وڵاتەکەدا. وەک پێشتریش وتم بەخشینی ئەم هێزە زۆرە بە ئیسلامی وەهابی و کردنی بە تاقە شێوازێکی خاوەن دەسەڵات، بەشێکە لەسیاسەتی ناوەکی و ناوچەیی و دەرەکی ئەم دەوڵەتە.

ماف و ئازادی

وەک وتم دەوڵەتی سعودی دەستورێکی نییە کە ماف و ئەرکەکانی هاوولاتیانو حوکمڕانانی تیادا دەستنیشانکرابێت، دەسەڵاتەکەشی دەسەڵاتێکی سیاسی و دینی ستەمگەرو دەسەڵاتگەرە. تا ئێستا

شێوازی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارانو کۆمەڵگا لەم وڵاتەدا شێوازی پەیوەندی نێوان ئاغا و رەعیەتە. پادشای وڵات وەک" وەلی عەهد "و ئەندامانی کۆمەڵگاش وەک منداڵی ئەو پادشایە نمایشدەکرێن. هەموو ئەو گروپە دینیانەیَ لەسعودییەدا دەژین و سونەی وەهابی نین لەدۆخی بێمافییەکی ترسناکدا دەژین. ئەمانەش گروپگەلێکی زۆرن، لەئیسماعیلییەکانەوە بیگرە بۆ سوفییەکانو لەوانیشەوە بۆ شیعەکان، ئەمە بێجگە لەگروپە دینییە ناموسوڵمانەکانی وەک مەسیحی کاتۆلۆیکی و پرۆتستانی و هیندۆسی. شیعەکانی سعودییە نموونەیەکی بەرچاوی سیاسەتی بێمافی و هەلاوێردن و خراپ مامەڵەکردنن، رێژەیان لەنێوان ١٠ تا ١٥ لەسەدی دانیشتوانی وڵاتەکەیە، بەڵام بڕی ئامادەگیان لەناو دەزگا و دامەزراوە گرنگەکانی دەوڵەتدا نزیکی سفرە، ئەگەر سفریش نەبێت. لەو سەفەرەدا کە لەمانگی یەکی ساڵی ٢٠١١دا بۆ سعودیە کردمو لەشاری دەمام لەرۆژهەلاتی وڵاتەکەدا، کە زۆربەی دانیشتوانی شیعەن، چاوم بە حەسەن سەفار، یەکێک لەرۆشنبیرە دینییە هەرە سیاسیو هەرە کاریگەرەکانی شیعەکانی سعودیە، کەوت. حەسەن سەفار ئەم وێنە تاریکەی بارودۆخی شیعەکانی سعودییەی کێشا: "شیعەکانی سعودیە لەرووی سیاسییەوە بەتەواوی پەراوێزخراون، ناتوانن هیچ پۆستێکی گرنگ لەدەوڵەتدا وەربگرن، لەهەموو وڵاتەکەدا نە وەزیرێکو نە بریکاری وەزیرێکی شیعە بوونی نییە. تەنانەت لەناوچە شیعییەکاندا یەک بەرێوەبەری گشتی شیعە

لەناو دەزگا بیرۆکراسییەکانی حکومەتدا بوونی نییە. لەئاستی دینیدا شیعەکان ناتوانن مزگەوتی تایبەت بەخۆیان دروستبکەن، لەشارێکی وەک نەجراندا کە نزیکەی نیو ملیۆن شیعە هەیە، شیعەکان ناتوانن یەک مزگەوتی تایبەت بەخۆیان دروستبکەن. لەشارێکی وەک دەمامدا کە ٢٥ لەسەدی دانیشتوانەکەی شیعەن، شیعەکان قەبرستانێکیان نییە مردوەکانی خۆیانی تێدابنێژن و بەزەحمەت شوێنێک ئەدۆزنەوە بۆ ناشتنی مردوەکانیان. لەناوچەی ئەحسادا کە ٦٠ لەسەدی دانیشتوانەکەی شیعەن ٤٠٠ قوتابخانە هەیە، تەنانەت تەنها یەک بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانانە شیعە نییە. ئەمە جگە لەوەی کە تا ئێستاش لەکتێبی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا نووسراوە کە شیعە بێدینن، لەهەندێک شوێندا ئەمە لابراوە، بەڵام چونکە زۆربەی هەرەزۆری مامۆستاکان وەهابین، دیسانەوە منداڵانی ئەم وڵاتە فێردەکرێن کە ئێمە بێدین و بێئیمانین"(٨)

لەشیعەکان بێمافتر لە شانشینی سعودیەدا ئافرەتانی ئەو وڵاتەیە. هەموو سیستمە کۆمەڵایەتییەکەلەو وڵاتەدا ،بەتایبەتی سیستمە ئەخلاقی و دینییە باڵادەستەکە، لەسەر جیاکردنەوەیەکی هەمەلایەن و قووڵی نێرو مێ لەیەکتری دروستکراوە. دابڕانی نێر لە مێ شوناسی ئەو لۆژیکە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەیە کە ساڵانێکی درێژە لە سعودیەدا ئامادەیە و ئەوەشی ئەم لۆژیکە دەپارێزێت و سەرلەنوێ بەرهەمیدەهێنێتەوە، بەپلەی یەکەم، ئەو نوخبە وەهابییە کۆنەپارێزە

دەسەڵاتدارەیە کە ڕەوایەتی بە سیستمە سیاسییەکە دەبەخشێت. بێگومان ئەم لۆژیکە کۆمەڵایەتییە تاکە لۆژیکێک نییە لە سعودیەدا ئامادەبێت، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەم لۆژیکە لۆژیکی باڵادەستە و باڵادەستیەکەشی شانی داداوەتە سەر توانای بەکارهێنانی دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەزگا و دامەزراوەکانی ئەو نوخبە وەهابییە باڵادەستە کە ئامادەیە لەلایەن ئەم لۆژیکەوە. ئەمڕۆ هێدی هێدی هەڵگران و پارێزەرانی ئەم لۆژیکە دەکەونە ژێر فشارەوە، فشارێکی هەمەلایەنیش، هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم فشارەش زۆرن و من لێرەدا کات و شوێنی ئەوەم نییە بەوردی باسینابکەم، بەڵام گێڕانەوەی چیرۆکی گڕگرتنی قوتابخانەیەکی کچان لەساڵی ٢٠٠٢ هەندێک هێڵی ئەو ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییانەمان بۆ نیشانئەدات کە لە کۆمەڵگای سعودیدا بەرامبەر بەم لۆژیکە دروستبووە.

ساڵی ٢٠٠٢ لەشاری مەکە ئاگر بەربووە قوتابخانەیەکی کچان، بەر لەوەی قوتابییە کچەکان بتوانن بینای گڕگرتووی قوتابخانە جێبهێڵن، ئەندامانی" لیژنەی ئەمر بە مەعروف و نەهی لە مونکەر "دەگەنە بەردەمی قوتابخانەکە. لەبەرئەوەی کچە قوتابییەکان جلی ئیسلامییان لەبەردانەبووە و ئەو ئاگرکوژێنەوانەش کە هاتبوون ئاگرەکە بکوژێننەوە پیاوبوون، پۆلیسی ئەخلاق، واتە" هەیئەی ئەمر بە مەعروفو نەهی

لەمونکەر"، بۆئەوەی ڕێ لە تێکەڵبوونی پیاوان و ژنان بگرن ناهێڵن نە کچەکان قوتابخانەکە بەجێبهێڵن، نە تاقمی ئاگرکوژێنەوەکان بچنە ناو قوتابخانەکە. بۆیە ژمارەیەکی زۆری کچە منداڵەکانی ناو قوتابخانەکە ئاگر دەیانسوتێنێ و دەمرن"(٩)

هەواڵی ئەم ڕووداوە بەناو سعودییەدا بڵاوبووەوە و" پۆلیسی ئەخلاق"ی سعودی بۆ یەکەمجار بووە شوێنی ڕەخنەگرتنێکی سەخت لەهەموولایەکەوە. ئەم ڕووداوە ترسناکی ئەو لۆژیکە دینی و کۆمەڵایەتییە باڵادەستەی نیشاندا کە لەسەر دابڕانێکی ڕەهای نێر لە مێ دروستبووە و کاردەکات. نموونەیەکی تر کە لۆژیکی بێمافکردنی ئافرەتان لەو وڵاتەدا نیشانئەدات مەسەلەی بوونی مافی لێخوڕین و لێنەخوڕینی ئۆتۆمبێلە لەلایەن ئافرەتانی سعودییەوە. ئەگەرچی سعودییە وڵاتێکی دەوڵەمەندە و بە ملیۆنان ئۆتۆمبێلی گرانبەهای تێدایە، بەڵام ئافرەتانی سعودی بۆیان نییە ئۆتۆمبێل لێبخوڕن. تائێستا ئافرەتانی ئەو وڵاتە چەندانجار گردبوونەوە و ناڕەزایەتییان دەربڕیوە، بەڵام نوخبە وەهابییە باڵادەستەکە ئەم لێخوڕینە تا ئەم ساتەی ئێستامان حەرامکردوە. دەرکەوتێکی تری بێمافی بریتییە لە بەشوودانی کچانی منداڵ لەتەمەنێکی زۆر بچووکەوە، هەندێک لەتەمەنی دە ساڵییەوە. مەسەلەیەکی تر نەتوانینی ئەنجامدانی سادەترین کارە بەبێ ڕەزامەندی پیاو. ئەمە جگە لەوەی بە ملیۆنان ئافرەت هەن کە بێئیشن و ڕێگەی کارکردنیان پێنادرێت.

ئەم دۆخە بووەتە هۆی دروستبوونی چەندان گروپی کۆمەڵایەتی نارازی لەوڵاتەکەدا. ئەم گروپانە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە کولتوری نووسینی" نامەی کراوە"یان بۆ پادشای ئەو وڵاتە داهێنا. نووسینی ئەم" نامە کراوانە "لەدوای داگیرکردنی عێراقەوە بۆ کوەیت دەستپێکرد، ئەودەم دەسەڵاتدارانی سعودیە بۆ پاراستنی خۆیان لەپەلاماری لەشکرەکەی سەدام حوسەین ٥٠٠ هەزار سەربازی ئەمریکایان هێنایە ناو خاکی سعودییەوە. ریفۆرمخواستە دینی و نادینییەکان و چەندان گروپی ئافرەتان ئەم هاتنەیان بە هەل زانی و دەستیناکرد بە داواکردنی چاکسازی لەسیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینییەکەی وڵاتەکەیاندا. بەدرێژایی ساڵانی نەوەد و دواتریش لەساڵانی دوو هەزاردا، بەتایبەتی دوای رووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر، چاکسازیخوازەکان درێژەیان بەم تەکنیکی فشارخستنە سەر دەسەڵاتە دا. ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی سعودیە بەشی هەرەزۆری نامەنووسەکانیان گرت و زیندانیکرد، بەڵام دواجار ناچاربوون گوێ لەبرێک لەداواکارییەکانیان بگرن"[١٠]

دواهەمین هەڵمەتی نامەنووسین بۆ پادشا لەسەروبەندی بەهاری عەرەبیدا روویدا، هەندێک لەو نامانە داوای ریفۆرمی دەوڵەتی سعودی دەکەن لەدەوڵەتێکی پاشایەتی رەهای شەخسیو بنەماڵەییەوە بۆ دەوڵەتی ماف و دەزگاکان،" الحقوق والموسسات " هەندێک لە نامە

کراوەکان هێمایان بۆ دروشمی سەرەکیی بەهاری عەرەبی دەکردو بەئاشکرایی نووسیبوویان" الشعب یرید اسقاط النظام" مەبەستیشیان لەچاکسازیی بریتییە لە دروستکردنی پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو، جیاکردنەوەی دەسەڵاتی پادشاو سەرۆکی وەزیران لەیەکتری، دروستکردنی دەزگای داوەری بێلایەن و خاوەن دەسەڵات، بەگژاچوونەوەی گەندەڵی، چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێکردن و خانوبەرە بۆ گەنجانی وڵات، هاریکاریکردنو ئازادکردنی" کۆمەڵگای مەدەنی"، ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان و فراوانکردنی رووبەری ئازادیتاکەکەسی و بەشداریکردنی سیاسی[١١]

ئەم داواکاریانەش شتگەلێکن دەسەڵاتدارانی سعودییە ئامادەنین جێبەجێیانبکەن، ئەگەرچی بەهاری عەرەبی گڕ و تینێکی تایبەتی بەم جۆرە داواکارییانە لەسەرجەمی ناوچەکەدا بەخشیوە. لەدوای بەهاری عەرەبییەوە دۆخی مملانێ و ناڕەزایی لە سعودییەدا بەڕادەیەک گەورەبووە، پاشای سعودییە ناچاربوو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا زیاتر لە ١٣٠ ملیار دۆلار خەرجبکات بۆئەوەی خەڵکی ناڕازی وڵاتەکەی بێدەنگبکات. ئەگەرچی لە ئێستادا پێدەچێت کۆمەڵگای سعودی بێدەنگی هەڵبژاردبێت، بەڵام بەردەوامی ئەو دۆخەی باسمکرد ڕەچەتەیەکی بەردەوامە بۆ دروستبوونی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی.

پرۆژەی سعودیە بۆ ناوچەکە

وەک وتم سعودیە وڵاتێکی گەورە و بەهێزە لەم ناوچەیەدا. هەم خاوەنی نەوتە، هەم خاوەنی ئیسلامێکی سەلەفی داخراو و ترسناکە، هەم خاوەنی تۆڕێکی گەورەی پەیوەندییە بە ڕێکخراوە ئیسلامییەکانیی ئەو ناوچەیەوە.

سعودیە ئەم شتانە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنێت بۆ پاراستنی خۆی و پاراستنی دۆستەکانی لەناوچەکەدا. بەدرێژایی ساڵانی شەست و حەفتاو هەشتا سیاسەتی سعودیە لەناوچەکەدا لەسەر بەگژاچوونەوەو لاوازکردنی رێبازە سیاسیی و نەتەوەیی و سۆسیالیستی و دیموکراسییەکان و لاوازکردنی دەوڵەتە مۆدێرنخوازەکانی ناوچەکە کاریکردوە. هەروەها لەپاڵ سیاسەتی ئەمریکیدا و بە لۆژیکی جەنگی سارد بەگژ هەموو بزوتنەوەیەکی دیموکراسی و یەکسانخواز و پێشکەوتنخوازدا چۆتەوە لەو ناوچەیەدا دروستبووبێت. لەدوای شۆڕشی ئێرانیشەوە ململانێکردن لەگەڵ تەماحە سیاسی و دینییەکانی ئێران لەناوچەکەدا، بووە بە بەشێک لەسیاسەتی سعودیە. لەئێستاشدا سعودیە لەسێ ئاستدا لەناوچەکەدا سەرقاڵە.

یەکەم: بەگژاچوونەوەی بەهاری عەرەبی.

دووهەم: بەگژاچوونەوەی دەسەڵاتی ئێران.

سێهەم: پاراستنی رژێمە پادشاییەکانی ناوچەکە.

سعودیە و بەهاری عەرەبی

ئەگەرچی سعودیە یەکێکبوو-لەو وڵاتانەی پشتگیریی تەواوی لابردنی قەزافییان کرد لەلیبیادا، چونکە قەزافی بەردەوام گاڵتەی بە حوکمڕانی ئال سعود دەکرد و بە حوکمڕانییەکی دواکەوتوو بەدەوی

بەدناو ناویدەبرد. بەهەمانشێوە ئەگەرچی سعودیە بۆ ململانێکردن لەگەڵ ئێران و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بلۆکی شیعە لەناوچەکەدا، پشتگیریی خۆپیشاندانەکانی سوریا دەکات بۆ روخاندنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد. بەڵام، وەک زانایەکی سیاسی دەڵێت، سیاسەتی سەرەکی سعودیە بەرامبەر بە بەهاری عەرەبی، بریتییە لەهەوڵدان بۆ وێرانکردنی ئەم بەهارە و رێگرتن لەبڵاوبوونەوەو جێبەجێکردنی ئامانجە دیموکراسییەکانی"[12]

لەڕاستیدا سعودیە ئەمڕۆ سەرۆکایەتی هێزە دژە شۆڕشەکان لەناوچەکەدا دەکاتو ئەو وڵاتەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان کار بۆ وێرانکردنی ئەم بەهاری تووڕەبوونە دەکات. ئاشکرایە بەهاری عەرەبی هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە لەو شێوازە لەدەسەڵاتداریێتی بنەماڵەیی لەناوچەکەدا، لەو شێوازی حوکمڕانەی تیایدا دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕ و لەویشەوە بۆ کوڕی کوڕ و کوڕەزاکان دەمێنێتەوە. لەهەنگاوی یەکەمدا بۆ رێگرتن لەپەڕینەوەی راپەڕینەکان بۆ سعودیە، دوای سەرکەوتنیان لەتونس و میسردا، دەسەڵاتدارانی سعودیە زیاد لە١٣٠ ملیار دۆلاریان خەرجکرد بۆ کڕینی خەڵک و هێمنکردنەوەی گروپە ناڕازییەکانی ناو سعودیە. بەرزکردنەوەی موچەی فەرمانبەران، تەرخانکردنی پارە بۆ کردنەوەی خانو بۆ گەنجانو بەخشینەوەی پارە بەسەر بێکاراندا دیارترینی ئەو کارانەبوون کە دەسەڵاتداران بۆ رێگرتن

لەتەقینەوەی دۆخەکە لە سعودییەدا گرتیانەبەر[١٣]

هەر لەسەرەتای خۆپیشاندانەکانیشەوە نوخبە دینییە وەهابییەکەی سعودیە بە پەلە کەوتنە ئیدانەکردنی خۆپیشاندانەکان و ناونانی بە "فیتنە "و دووبەرەکیی و تێکدانی ماڵی ئیسلام و موسڵمانان. بەناوی ڕێگرتن لەفیتنە و" پارچەپارچەبوونی ئوممەی ئیسلامی "فەتوای حەرامکردنی خۆپیشاندانیان دەرکرد. جارێکی تر هەوڵیاندایەوە دەسەڵاتدار وەک" وەلی ئەمر "نمایشبکەن و دیموکراسیەتیش وەک کوفر و وەک خۆفرۆشتن و نۆکەرایەتیکردن بۆ خۆرئاوا نیشانبدەن. بەکورتی دژایەتیکردنی بەهاری عەرەبی و دژایەتیکردنی داواکارییەکانی بەشی هەرەزۆری ئەو گوتارە دینییە بوو کە وەهابییەکانی سعودیە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئال سعود خستیانەکار. ئەمەش کارێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، چونکە ئەوانەی لەهەر ئاڵوگۆڕێکی دەسەڵات لەو وڵاتەدا دوای بنەماڵەی ئال سعودو پادشاو ئەمیرو ئەمیرە زۆرەکانی ئەو بنەماڵەیە زیانیانلێدەکەوێت، ئەو هەزاران ئیمامە وەهابییانەن کە بۆ بەخشینی شەرعیەتی دینی بە ڕژێمەکەی ئال سعود دەستکەوتێکی مادی گەورەیان هەیە و دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشیان خراوەتە بەردەست.

لەمە تێپەڕێت سیاسەتی سعودی بەرامبەر بە بەهاری عەرەبی لەهەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەو بەهارەدایە لەسەر دۆخی

بالادەستی ناوچەکە و رێگرتن لەگۆڕانی تەرازووەکانی هێز لە ناوچەکەدا. لەهیچ شوێنێکدا هەڵوێستی سعودیە لە بەهاری عەرەبی بەئاشکرایی دەرناکەوێت وەک لەبەحرێندا. زۆرایەتییەکی شیعە لە سعودیەدا دەژی کە ساڵەهایە وەکِ هاولاتی پلە دوو و پلە سێ لەلایەن ئەو نوخبە سونییە دەسەلاتدارەوە مامەڵەدەکرێن کە ولاتەکە بەڕێوەدەبەن. دەسەلاتدارانی بەحرێن پەیوەندییەکی پتەویان بە دەسەلاتی ئال سعودەوە لە سعودیەدا هەیە. کاتێک خۆپیشاندان لە بەحرێندا دەستپێکرد سعودیە هێزێکی گەورەی نارد بۆ ئەم ولاتە بۆ دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی دەیان هەزار خۆپیشاندەر کە داوای چاکسازی سیاسی و نەهێشتنی سیاسەتی هەلاواردنو چەوساندنەوەی تائیفییان دەکرد. ئەگەرچی هەم بەحرێن و هەم سعودیە بەپەلە خۆپیشاندانەکانیان دایە پاڵ ئێران، بەلام راستییەکەیِ ئەوەیە ئەو خۆپیشاندانانە پەیوەندییان بە مامەڵەی خراپ و بێمافی و هەژاریی شیعەکانی ئەو ولاتەوە هەیە.

سعودیە لەمیسریشدا چالاکە بۆ پەکخستنی داواکاری وسنووردارکردنی دەرەنجامەکانی بەهاری عەرەبی. ئەگەرچی بەڵگەی ئاشکرا لەبەردەستدا نییە بۆ دەستێوەردانی سعودیە لە میسردا، بەلام لەمیسری قۆناغی دوای موبارەکدا باس لەوە دەکرێت سعودیە بە ملیۆنەها دۆلاری خەرجکردوە بۆ بەهێزکردنی ئەو هێزە دینییە

سەلەفییانەی لەسعودیەوە نزیکن. شتێک کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە زۆر گروپی سەلەفی لەمیسردا ئاڵای سعودییەیان کردوە بە رەمزی خۆیان و لەگردبوونەوە سیاسییە گشتییەکانیاندا ئەو ئاڵایە هەڵئەدەن[١٤]

هاتنی پارەی سعودی بۆ سەلەفییەکانی میسر بۆ پەکخستنی پرۆسەی گواستنەوەیەکی راستەقینەی ئەزموونی سیاسی ئەو وڵاتەیە بەرەو دیموکراسییەت و پەرەدان بە ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان.

سعودیەو ئێران

پەیوەندی نێوان ئێرانو سعودیە لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانییەوە پەیوەندی ململانێیەکی هێجگار سەخت و بێئامانە، ململانێ

لەسەر پەیداکردنی هەیمەنەی دینی و سیاسی لەناوچەکەدا. لەلای خۆشیەوە ئێران هەموو هەوڵێکی داوە و ئەدات بۆ لاوازکردنی شوێن و جێی دینی و سیاسی سعودیە لەناوچەکەدا. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئێران هەوڵی زۆری داوە و ئەدات لەگروپە شیعە عەرەبەکانی ناوچەکە و سعودیە نزیکببێتەوە و بیانبەستێتەوە بە سیاسەتەکانی خۆیەوە لە ناوچەکەدا. وەکچۆن ئێران لەناوچەی کەنداو و لەعێراق و سوریا و لوبناندا چالاکەو لەگەڵ کۆمەڵێک هێزی شیعیو سیاسی دیاریکراودا کاردەکات، سعودیەش بەهەمانشێوە لەو وڵاتانەدا ئامادەیەو لەگەڵ هەندێک هێزی دژ بە ئێراندا کاردەکات. پلانی ئێرانیش بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبای ئەتۆمی هەموو دەوڵەتەکانی لەناوچەکەدا ترساندووە. لەتورکیاوە بۆ سعودیەو لەئیسرائیلەوە بۆ شێخنشینەکانی کەنداو.

لەململانێکردن لەگەڵ ئێراندا، سعودیە هەندێک هاوڕێی بەهێزی هەیە، لەپێش هەمووانەوە ئیسرائیل و تورکیا. سعودیە و ئیسرائیل دوو شتی هاوبەشیان هەیە، یەکەمیان دوژمنێکی هاوبەش و دووهەمیش دۆستێکی هاوبەش، دوژمنە هاوبەشەکەیان ئێران و دۆستە هاوبەشەکەشیان ئەمریکایە. لەم رووەوە سعودیە کێشەی لەگەڵ ئیسرائیلدا نییەو ئەم دوو هاوبەشە وایالێدەکات بتوانن بەیەکەوە و بەهاریکاری ئەمریکا پێکەوە کاربکەن و پێکەوە بیر لەئاییندەی ناوچەکە

بکەنەوە، بێگومان بەشێوەیەکی نهێنیو شاراوە. سعودیە لەگەڵ تورکیاشدا تەنها پەیوەندی ئابوری بەهێز و پتەوی نییە، بەڵکو لەوەشدا یەکن کە دەبێت سنوورێک بۆ دەسەڵاتی ئێران لەناوچەکدا دابنرێت. وەک لەوتاری پێشودا ئاماژەمپێکرد لەسەرەتای نەوەدەکانەوە بەرەیەکی سوننی وەهابی لەنێوان سعودیە و پاکستانو تاڵەبان لەئەفغانستاندا دروستبوو بۆ دانانی فشاری بەردەوام لەسەر ئێران. ئەمڕۆکە ئەم بەرەیە دوای روخانی تاڵەبان لاوازبووە، سعودییە لەهەمووکات زیاتر پێویستی بە ئیسرائیل و تورکیا هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دەسەڵات. بە کورتی ململانێی نێوان سعودیە و ئێران یەکێکە لە تەوەرەسەرەکییەکانی سیاسەت لەناوچەکەدا و بەشێکی زۆری ڕیزبەستنە سیاسییەکانی ناوچەکە لەپاڵ ئەم ململانێییەدا دروستدەبن و کاردەکەن. ئەگەری پێکدادانی سەربازی لەم ململانێییەدا لەگەڵ ئێراندا ئەگەرێکی کراوەیە.

سعودیەو ئەمریکا

بەدرێژایی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم سعودیە یەکێکبووە

لەدۆستە هەرە نزیکەکانی ئەمریکا، پەیوەنی بەهێزی ئەمریکا و سعودییە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتی سعودیە لە سیەکانی سەدەی بیستەمدا. بەڵام لەدوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتێمبەرو بەشداری ئەو هەموو سعودیە لەپەلاماردانی ئەمریکادا ئەم پەیوەندییە هەندێک کەلێنی تێکەوت، ڕەخنەی ئەمریکا لە سعودیە زۆر و فراوانبوو، تەنانەت ئەگەری ئەوە هاتەکایەوە کە ئەمریکا پشتبکاتە سعودیە و هەوڵبدات ئەلتەرناتیڤێک بۆ سعودییە لەناوچەکەدا بدۆزێتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی پەلاماردانی ڕژێمەکەی سەدام حوسەین بەمەبەستی ئەوەبوو عێراقی خاوەن نەوت بکرێتە بەدیل بۆ سعودییە. بەڵام ڕووداوەکانی دوای خستنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەین بە ئاقارێکدا ڕۆیشتن ئەم خەون و ویستەی ئەمریکا نەیەتەدی. ئەمە وایکرد جارێکی تر پەیوەندی نێوان ئەمریکا و سعودیە گەشەبکاتەوە و لەمڕۆدا ئەو کەلێنانە نەمێنن کە دروستبووبوو، لە ئێستادا پەیوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە گەڕاوەتەوە بۆ دۆخی جارانی. سعودیە یەکێکە لەبازاڕە گەورە و گرنگەکانی ساخکردنەوەی کەلوپەلی ئەمریکا لەناوچەکەدا، بۆ نموونە سعودیە یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین چەک لەئەمریکا دەکڕێت. سعودیە تەنها لەساڵی ٢٠١٠دا بایی ٦٠ ملیار دۆلار چەکیان لەئەمریکا کڕیوە.

سعودیە نەک تەنها بووەتە بازاڕێکی گەورەو گرنگ بۆ کڕینی چەکی

کۆمپانیا ئەمریکییەکان، بەڵکو بازاڕێکی گەورەشە بۆ خستنەگەڕی خیبرەی سەربازی ئەمریکی و کڕینی ئەم خیبرەیە بۆ مەشق و سوودلێوەرگرتنی سەربازی. ئەم سودوەرگرتنە بە جۆرێکە نووسەرێکی شارەزای سیاسەتی ئەمریکی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەنووسێت لەسالانی حەفتاوە بۆ ئەمڕۆ، ئەگەر لەدونیادا هێزێک هەبێت سودێکی هێجگار زۆری لەداهاتی نەوتی سعودی بینیبێت، ئەوا کۆمپانیاکانی دروستکردنی چەکو تەقەمەنین لەئەمریکادا[١٥]

بەهاری عەرەبی هەندێک دۆستی نزیکی ئەمریکای لەناوچەکەدا لەناوبرد، لەوانە موبارەک و سالحی یەمەن، ئەمەش جارێکی تر بووەهۆی دروستبوونی گوڕ و تینێکی زیاتر لە پەیوەندی نێوان ئەمریکا و سعودیەدا. هاوکات چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لەناوچەی کەنداودا نیشانیداین کە ئەمریکییەکان لەپاڵ سیاسەتی سعودیدا وەستاونو بەرگری لەهێشتنەوەو پاراستنی شانشینییەکانی ناوچەی کەنداو دەکەن. هەموو دونیا بەچاوی خۆی بینی چۆن سعودیە بەبەرچاوی ئەمریکییەکانەوە پەلاماری خۆپیشاندەرەکانی بەحرێنیان دا، بەبێئەوەی ئەمریکییەکان تەنانەت زەحمەتی ئەوەش بکێشن ناڕەزاییەکی سادە بەرامبەر بەو ڕووداوانە دەرببڕنو ئیدانەیبکەن، چجای هەوڵی ئەوەبدەن سنوور بۆ دەستێوەردانی سعودیە لەکاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتەدا دابنێن. بەکورتی ئەمریکا لە ململانێی سعودیەدا لەگەڵ بەهاری عەرەبی و

بێگومان لەگەڵ ئێرانیشدا، ئەمریکا لەپاڵ سعودیەدایە.

سعودیەو عێراق

لەساڵانی هەشتادا کە رژێمەکەی سەدام حوسەین لەگەڵ ئێراندا

كەوتەشەڕ، سعودیە یەكێك لەپاڵپشتە گەورەو سەرەكییەكانی ڕژێمەكەی سەدام حوسەین بوو، بەڵام داگیركردنی سەدام بۆ كوەیت و فشارهێنانی بۆسەر سعودیە و ناچاركردنی سعودیە بۆ پەنابردن بۆ ئەمریكا بۆ پاراستنی خۆی لە ڕژێمەكەی سەدام حوسەین، هەڵوێستی سعودییەكانی بەتەواوی گۆڕی. لەدوای ئەزموونی هەڕەشەكانی سەدام حوسەینەوە سعودییەكان حەزیان بەبوونی عێراقێكی لاوازە لەناوچەكەدا، عێراقێك نەتوانێت دراوسێ شانشینییەكانی بترسێنێت. لەدوای كەوتنی ڕژێمەكەی سەدام حوسەینیشەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ و لەدوای ئەوەی دەسەڵات لەعێراقدا كەوتە دەستی شیعەكانی ئەو وڵاتە و دۆستەكانی ئێرانەوە، ترسی سعودیە لەدۆخی عێراق بەڕادەیەكی گەورە زیادیكردووە. هەر لەدوای كەوتنی ڕژێمەكەی سەدام حوسەینەوە سعودیە پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ گروپە سونییەكانی عێراقدا خۆشكردوە و لەڕێگای پارەی زۆری نەوتەوە هاریكاریكردون و هاریكاریاندەكات. پەیوەندی بازرگانی و خوێن و دین لەنێوان ناوچە سنوورییەكانی سعودییە و ناوچە سونییەكانی شاری ئەنبار و شوێنەكانی تری دەوروبەری روباری فوراتدا هەمیشە هەبووە و بەهێزبووە، بەڵام لەدوای بەهێزبوونی دەسەڵاتی شیعەوە لە عێراقدا سعودیە ئەم پەیوەندییانەی زیاتر بەهێز و فراوانكردوە. هەندێك خێڵی عێراقی عەرەب درێژكراوەیان لەسعودیە هەیە و هەندێك خێڵی سعودیش درێژكراوەیان لەعێراقدا هەیە. ئەمە جگە لەبوونی ڕێگاوبانی

رەسمی و نارەسمی کە ناوچەیەکی زۆری سعودیە بە ناوچە سوونییەکانی عێراقەوە گرێئەدات. رەنگە سعودیە پێی ناخۆشنەبێت عێراق پارچەپارچەببێت، بەڵام حەزدەکات ئەم پارچەپارچەبوونەی لەقازانجی ئەو هێزە سونییە عەرەبانەدابێت کە لەسعودیەوە نزیکن، بەتایبەتی هێزە سەلەفییە سونییەکان، نەک بۆ نموونە لەقازانجی کوردا کە کێشە نەتەوەییەکەی رەهەندێکی دینی بەهێزی نییە و کورد و سعودییە هیچشتێکیان نییە پێکەوە بەشیبکەن. بەبۆچوونی من ئەگەرچی ئەکرێت سوود لەحەز و ویستی سعودیە بۆ دروستبوونی عێراقێکی لاواز و بێهەرەشە بۆسەر سعودیە و شانشینەکانی ناوچەکە وەربگیرێت، بەڵام ئەم سوودوەرگرتنە هەرگیز ناگاتە ئەو ئاستەی چاوەڕوانی هاریکاری سعودی بین بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- بڕوانە

Pascal M noret, The Saudi Enigma (London & New York: Zed Books, 2005). See also: Daryl Champion, The Paradoxical Kingdom: Saudi Arabia and the Momentum of Reform (New York: Columbia University Press, 2003).

٢-بڕوانە

JONES. C, TOBY. <Saudi ArabiaRegional Reaction: The royals have spared no expense in crushing or minimizing the impact of the revolutions. The Nation, September 12, 2011

٢-بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

http://www.cbc.ca/news/background/saudiarabia/sauds.html

٣-من لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٠ تا کۆتایی ٢٠١١، واتە ساڵو نیوێک، لەزانکۆی ئەمستردام خەریکی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەک بووم لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی سعودی. سێ سەفەری سعودیەم کردو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کەسانی سەر بە کۆمەڵگای مەدەنیو بازرگانو سەرمایەداری ئەو وڵاتەدا قسەمکرد. یەکێک لەسەرمایەدارە گەورەکانی ئەو وڵاتە پێیوتم کە هەندێک شازادەی سعودی ناچاریانکردوە کە بەشێک لەکۆمپانیاکانی بە نرخێکی هەرزان بەوان بفرۆشێت، چونکە ئەو کۆمپانیایانە قازانجی زۆریان دەکرد.

٤-بڕوانە:

Jones, Toby Craig. <Saudi Arabia Versus the Arab

Spring>, Raritan: A Quarterly review, Rutgers University, p.45.

•-بڕوانە:

Vlieger، Antoinette (2012).Domestic Workers in Saudi Arabia and the Emirates, a Socio-legal Study on Conflicts

Authored by Antoinette Vlieger. Amsterdam.

٦-بۆ مێژووی سعودیە بڕوانە:

Madawi Al-Rasheed (2002). A History of Saudi Arabia, Cambridge, Cambridge University Press.

٧-دەربارەی وەهابیزم بڕوانە:

DeLong-Bas, Natana J. (2004). Wahhabi Islam: From Revival and Reform to Global Jihad. Oxford University Press, USA.

٨-دەربارەی شیعە لەسعودیە بڕوانە:

Fouad Ibrahim (2006). The Shi>is of Saudi Arabia; (Beirut: Saqi Books, 2006). Madawi Al- Rasheed (1998).

'The Shi'a of Saudi Arabia: A Minority in Search of Cultural Authenticity, British Journal of Middle Eastern

Studies, Vol. 25, No. 1, 1998, p. 121. See also: Toby Matthiesen, 'The Shi'a of Saudi Arabia at a Crossroads , Middle East Report Online (May 6, 2009),

٩-بۆ هەواڵی ئەو ڕووداوە بڕوانە:

^ BBC News. 15 March, 2002, Saudi police <stopped> fire rescue.

١٠-دەربارەی بزوتنەوەی ریفۆرمخوازی سعودیە بڕوانە:

Pascal M noret, The Saudi Enigma (London & New York: Zed Books, 2005). See also: Daryl Champion, The Paradoxical Kingdom: Saudi Arabia and the Momentum of Reform (New York: Columbia University Press, 2003).

١١-بڕوانە:

Roel and and Aarts, Paul (2012). Riyadh Programme. (eds. Amsetrdam. p.32.

١٢-بۆ پەیوەندی نێوان بەهاری عەرەبی و سعودیە بڕوانە:

Jones, Toby Craig. <Saudi Arabia Versus the Arab Spring>, Raritan: A Quarterly review, Rutgers University, p.43-59.

١٣-بڕوانە:

Bernard Haykel, 'Saudi Arabia vs. the Arab Spring, Project Syndicate (16-8-2011), www.project-syndicate.org, website accessed in November 2011. See also: Mehran Kamrava, 'The Arab Spring and the Saudi-Led Counterrevolution, Orbis, Volume 56, Issue 1 (2012), pp. 96-104.

١٤-بڕوانە:

Jones, Toby Craig. <Saudi Arabia Versus the Arab Spring>, Raritan: A Quarterly review, Rutgers University, p.43-59.

١٥-بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٤٩.

Impulse in Saudi Arabia, East Journal Vol. 57, No. 3 (2003), pp. 400-414. See also Roel Meijer, 'Liberals in Saudi Arabia, paper presented at the 2011 Gulf Research Meeting, workshop on 'Potential and Limits of Civil Society in the Gulf Region, University of Cambridge (July 6-9, 2011).

پرۆژەی چوارەم:

پرۆژەی ئیسرائیل و ئەمەریکا: تێکەڵبوونی ترس و نەوتو

قازانج بەیەکتری.

سەرەتا

قسەکردن لەسەر هاوکێشەکانی هێزو دەسەڵات لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەبێ قسەکردن لەسەر پرۆژەی ئیسرائیلو ئەمەریکا بۆ ناوچەکە کارێکی نەکردەیە. ئەم دوو هێزە کاریگەریی گەورەیان لەسەر رووداوەکانی ناوچەکە و لەسەر ریزبەستنە سیاسییە گەورەکان و لەسەر چۆنیەتی ئیدارەدان و ئاراستەکردنی ململانێکان لە ناوچەکەدا هەیە.

ئیسرائیل و ناوچەکە

لەڕۆژی دروستبوونییەوە ئیسرائیل کێشەی گەورەی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، ئەم وڵاتانە نەک تەنها بوونی ئیسرائیل وەک دەوڵەت لەناوچەکەدا بە دروستکراوێکی ئیمپریالی دادەنێن و ساڵانێکی درێژ ئامادەنەبوون هیچ پەیوەندییەکی دیپلۆماسی و ئابوری و فەرهەنگی لەگەڵدا ببەستن، بەڵکو ئامادەش نەبوون دان بەبوونیدا بنێن. ئەم دۆخە بووە هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵێک جەنگی خوێناویو وێرانکارییەکی گەورە لە ناوچەکەدا، بەڵام سەرجەمی ئەو جەنگانە لەقازانجی ئیسرائیل و بەزیانی عەرەبەکان بەگشتی و فەلەستینییەکان بەتایبەتی

شکاوەتەوە. بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی وەک دەوڵەت، ئیسرائیل دەیەوێت بە عەرەب و ناوچەکەی بسەلمێنێت کە یەکەیەکی سیاسی لەڕووخاننەهاتووە و دروستبووە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە. هەروەها دەیەوێت بە دەوڵەتانی ناوچەکە بڵێت ئیسرائیل دەوڵەتێکە باشترە بۆ هەموولایەک وەک بەشێک لەسیستمێکی ئیقلیمی قبووڵیبکەن، نەک بیر لەوێرانکردنی بکەنەوەو هەوڵی لەناوبردنی بدەن. پرۆژەی ئیسرائیل لەناوچەکەدا ئەم ویستە تایبەتە ئاراستەیدەکات، مەبەستم ویستی مانەوەو قبووڵکردنی ئیسرائیلە وەک هێزێکی گەورە لەناوچەکەدا، نەک هیچ دید و خەونێکی ئایدیۆلۆژی و دینی و فەرهەنگی. لەڕاستیدا ئەوەی ئەم دیدە دەسەلمێنێت سڵنەکردنەوەی ئیسرائیلە تەنانەت بۆ کارکردن لەگەڵ ئایەتوڵاکانی تاراندا دوای بەرپابوونی جەنگی ئێرانو عێراقو فرۆشتنی چەک لانیکەم تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ بە ئێرانێک کە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە دوژمنێکی سەرسەختی ئیسرائیلە.

هەندێک لەوڵاتە عەرەبییەکان زوو گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ناکرێت ئیسرائیل لەناوببرێت، عەرەب لەوە لاوازتر و پارچەپارچەترە بتوانێت ئیسرائیل فڕێبداتە ناو دەریاوە، بۆیە هەوڵی ڕێککەوتنیان لەگەڵدا دا. میسر لەساڵی ١٩٧٩دا ڕێککەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئیمزاکرد، لەساڵی ١٩٩٤دا ئیسرائیل و ئەردەن هەمان ڕێککەوتننامەیان ئیمزاکرد، ئەگەرچی سعودیە و مەغریبو وڵاتانی کەندلو ڕێککەوتنی ڕەسمییان لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە، بەڵام ئەو گوتارە سیاس ی‌و ئایدیۆلۆژییەشیان نییە کە ئیسرائیل وەک

دوژمنی سەرەکی عەرەب ببینێت و بەرەنگاربوونەوەی ئیسرائیل بە ئەرکی سەرەکی ئومەی عەرەبی بزانێت. هاوکات ئیسرائیل زۆر بەوردی تەماشای پرۆسەی بەهێزبوونو خۆچەکدارکردنی وڵاتانی ناوچەکە دەکاتو ناهێڵێت هیچ یەکێک لەو وڵاتانە هێزێکی قابیلی هەڕەشە بۆسەر ئیسرائیل، دروستبکەن. ئەم ستراتیژە وایکرد ئیسرائیل، بۆ نموونە، لەساڵی ١٩٨١ کۆمەڵێک پێگەی سەربازی عێراق بۆمبارانو وێرانبکات، کە گومانی ئەوەی لێدەکرا سەدام حوسەین تیایاندا بەرنامەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی هەبێت.

تا جەنگی کوەیتی ساڵی ١٩٩١ سیاسەتی ئیسرائیل لەسەر بوون بە دۆستی وڵاتە ناعەرەبییەکانی ناوچەکە دروستبووبوو، بوون بە دۆستی تورکیا، هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لەئێران و ئەسیوبیا، تەوەرە سەرەکییەکانی بوو، بەڵام لەگەڵ لاوازبوونو دواتر کەوتنی رژێمەکەی سەدام حوسەین و لەگەڵ گۆڕانی لەسەرخۆی ئێرانی جمهوری ئیسلامی بۆ هێزێکی ئیقلیمی گەورە، ئەم سیاسەتەی ئیسرائیل گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەرداهات. شارەزایەکی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەم گۆڕانە بە" تسونامییەکی جیۆسیاسی "ناودەبات. لەئێستادا ئیسرائیل نەک تەنها رێککەوتنی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان هەیە، بەڵکو تەنانەت دەتوانێت پشت بەهاریکاری هەندێک لەوڵاتە عەرەبییەکانیش ببەستێت، بەتایبەتی وڵاتی سعودیە و میرنشینەکانی کەنداو. لەململانێی ناوچەیی نێوان ئیسرائیلو ئێراندا، ئەم وڵاتە عەرەبییانە، هاوسەنگەری ئیسرائیلن. ململانێی نێوان ئیسرائیل و ئێران

لەناوچەکەدا یەکێکە لەململانێ گەورەکان، ئەمڕۆ ئەم ململانێ سیاسییە ئاکارێکی دینی وەرگرتوە، ئەمە وایکردوە ئەو گوتارە عەلمانییە تەقلیدییە دژ بە ئیمپریالیزمو زایۆنیزمەی سوریا و هێزە چەپەکانی عەرەب هەڵگرین، ئەو قورساییەی جارانیان نەمابێت. لەباتی ئەمە گوتارێکی دینی دروستبووە کە جەنگ لەگەڵ ئیسرائیلدا وەک جیهادێکی دینی وێنادەکات و مردن لەو جەنگەشدا وەک شەهادەتی دینی دەناسێنێت.

گۆڕانی راستەقینە لەهێزی وڵاتانی ناوچەکەدا دوای جەنگی کوەیتی ساڵی ١٩٩١ دەستپێدەکات، لەم جەنگەدا عێراق، کە یەکێک لەدوژمنە سەرسەختەکانی ئێران بوو، بەشێوەیەکی گەورە لاوازبوو، کەوتنی رژێمەکەی سەدام حوسەینیش لەساڵی ٢٠٠٣دا، هێزی ئێرانی لەناوچەکەدا زۆر زیاترکرد. لەمڕۆدا تێکچوونی پەیوەندی نێوان ئێران و ئیسرائیل پەیوەندی بەم گۆڕانکارییە جیۆپۆلیتیکیە گەورەیەوە هەیە، نەک بە دوژمنایەتییەکی ئایدیۆلۆژییەوە. کێشەی ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا کێشەیەکی ئایدیۆلۆژی و دینی نییە، بەڵکو کێشەی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیە کە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و لاوازبوونی دەوڵەتە دۆستەکانی سۆڤیەت لەناوچەکەدا دروستبووە.

ئیسرائیلو تورکیا

تا چەند ساڵێک لەمەوبەر پەیوەندی نێوان ئیسرائیلو تورکیا هێجگار بەهێزو فرەلایەن بوو، نەک تەنها پەیوەندی ئابوری و دیپلۆماسی، بەڵکو پەیوەندی سەربازی بەهێزیشیان هەبوو. ئیسرائیل یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە چەکو تفاقێکی زۆری بە تورکیا فرۆشتوە، هاوکات کاری سەربازی هاوبەش و مەشقی سەربازی پێکەوەیی بەشێک بوو لەپەیوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە. ئاستێکی تری پەیوەندی نێوان ئیسرائیلو تورکیا پەیوەندی بە تێگەیشتنی تورکیاوە هەیە لەهێز و کاریگەریی ئیسرائیل لەئەمەریکادا. تورکیا خۆی کاریگەریی راستەوخۆی لەناو ئەمەریکادا نییە، ژمارەی ئەو تورکانەی لەئەمەریکادا دەژین کەمنو بەراوردناکرێن، بۆ نموونە، بە ژمارەی یۆنانیو ئەرمەنییەکان لەئەمەریکادا. هەم یۆنانی و هەم ئەرمەنیەکانیش دوو دوژمنی سەرەکی تورکیان. بۆیە تورکیا باوەڕی وایە دەتوانێت لەڕێگای پەیوەندییەکی باشەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا کاریگەری لۆبی ئیسرائیلی لەسەر سیاسەتی ئەمەریکی بە قازانجی خۆی بشکێنێتەوە.

لەئێستادا پەیوەندی نێوان ئیسرائیلو تورکیا هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، وەک لەبەشی یەکەمی ئەم زنیجرە وتارەدا باسمکرد تورکیا دەیەوێت لەوڵاتە عەرەبییەکان نزیکبکەوێتەوە و سود لەو گوتارە ئیسلامییە ببینێت کە دۆستی لەناوچەکەدا بۆ دروستدەکات. لەچەند ساڵی رابردووشدا زیاد لەجارێک پێکدادان لەنێوان دید و سیاسەتەکانی ئیسرائیلو ئەوانەی تورکیادا روویانداوە. بەڵام هەموو

ئەمانە مانای ئەوە نییە کە تورکیا تا ئێستاش یەکێکە لەدۆسە گەورەو نزیکەکانی ئیسرائیل نییە.

ئیسرائیل و فەلەستینییەکان

ململانێی نێوان ئیسرائیلییەکان و فەلەستینییەکان بەشێکە لەمێژووی سەدەی بیستەم لەناوچەکەدا. ئەم ململانێیە لەم مێژووە درێژەدا شێوازی جیاوازی گرتۆتەخۆی، لەجەنگی گەورەی نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکان و ئیسرائیلەوە بۆ خەباتی چەکداری و لەوانیشەوە بۆ راپەڕین و خۆپیشاندانی رۆژانەی بێچەک، تا بە تاکتیکی خۆتەقاندنەوە و گۆڕینی لەشی ئینسان بە بۆمبایەکی گەڕۆک. سەرەتا ئەم ململانێیانە لەنێوان ئیسرائیلو وڵاتە عەرەبییەکاندا بوو، دواتر بووە ململانێی ئەو وڵاتە لەگەڵ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستیندا. لە کۆتایی هەشتاکانیشەوە ئیسرائیل رووبەڕووی کۆمەڵگای فەلەستینی بووەوە، لە"ئینتیفازەی یەکەمدا "کە لەساڵی ١٩٨٧دا دەستیپێکرد، ئیسرائیل رووی بە رووی ئەو منداڵە فەلەستینیانەدا تەقییەوە کە لەساڵانی هەفتاو هەشتادا گەورەببوون و چەکی سەرەکییان بەردهاویشتن بوو. یەکەمجار منداڵانی ئۆردوگای جەبەلیە بەردیانهەڵگرت، بەڵام دواتر هەموو ناوچەکانی غەزەو زیفەی غەربی و رۆژهەڵاتی قودسیشی گرتەوە. وێنەکانی ئەم ململانێ رۆژانەیە لەنێوان

منداڵانی بەردبەدەستو بەهێزترینو پڕچەکترین لەشکر لەناوچەکەدا بوون بە وێنە هەرە ئامادەو بەهێزەکانی سەر شاشەی تەلەفیزۆنەکانی دونیا. ئیسرائیل جەنگە سەربازییەکەی بردەوە، بەڵام ئەم جەنگە میدیاییەی دۆڕاند. لەژێر فشاری ئەم دۆخەدا ئیسرائیل لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٣دا ناچاربوو لەگەڵ رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی لەژێر سەرکردایەتی یاسر عەرەفاتدا لە نەرویج دەستبکەن بە گفتوگۆ. ئەم گفتوگۆیانە بە" رێکەوتننامەکانی ئۆسلۆ "ناسراون. بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە ئیسرائیل دانی بەوەدا نا کە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی نوێنەری میللەتی فەلەستینییە و رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینیش بەرەسمی دانینا بە بوونی ئیسرائیلدا وەک دەوڵەتێک لەناوچەکەدا، بەڵام لە ساڵانی دواتردا بەندەکانی ئەم رێککەوتننامەیە جێبەجێنەکران و ململانێی نێوان هەردوولا بەردەوام بوو تا تەقینەوەی "ئینتیفازەی دووهەم "لەساڵی ٢٠٠٠دا. لەم راپەڕینە تازەیەدا فەلەستینیەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان پەنایان بۆ تەکتیکی خۆتەقاندنەوە و گەیاندنی زۆرترین زیان بە خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل برد. ئەم دۆخە نوێیە ژمارەیەکی هێجگار زۆر قوربانی لێکەوتەوە. گرنگترین کاردانەوەی ئیسرائیل بەرامبەر بەم دۆخە نوێیە دروستکردنی دیوارێکی درێژ و بەرزبوو بۆ دابڕانی ناوچە فەلەستینییەکان لەئیسرائیل. ئەم دیوارەی ئیسرائیل ٦٥٠ کیلۆمەتر درێژە، واتە زیاد لە ٤ جار درێژترە لەدیواری بەرلین و ٨ مەتریش بەرزە، دیواری بەرلین

٢.٦ مەتر بەرزبوو.

ململانێی ئیسرائیل لەگەڵ فەلەستینییەکاندا بەشێکە لەکێشە هەرە گەورەو سەرەکییەکانی ناوچەکەو جیهانیش. ئەمڕۆ ئەم ململانێیە تا دێت لەململانێیەکی نەتەوەیی و کۆلۆنیالییەوە دەگۆڕێت بۆ ململانێیەکی دینی. دەبێتە ململانێی نێوان ئیسلام لەلایەکەوە و ئاینی جولەکە و مەسیحیەت لەلایەکەی ترەوە. ئەم گۆڕانە وایکردووە هەم لەناو ئیسرائیلدا هێزی دینی توندڕە و دروستببن و هەم بەشی هەرەزۆری ئەو هێزانەی ئەمڕۆ بەگژ ئیسرائیلدا دچنەوە هێز و ڕێکخراوی دینی بن. ئەم گۆڕانە وایکردوە بە سیاسیکردنی دین و ئامادەگی هێزە دینییەکان لەناوچەکەدا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەهەمووکات زیاتربێت.

ئەمەریکا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە ئەمەریکا گەمەکەری هەرەسەرەکییە لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەدرێژایی ساڵانی جەنگی سارد ئەمەریکا چوار دۆستی گەورەی لەم ناوچەیەدا هەبوو کە بریتین لەئیسرائیل و ئێرانی سەردەمی شا و تورکیا و عەرەبستانی سعودیە. بەشەکانی تری ناوچەکە یان دۆستی سۆڤیەت و دژە ئەمەریکابوون، یان بێلایەن بوون. لەم ململانێیەدا ئەمەریکا هێزە سەربازی و ئابوری و میدیایی و ئایدۆلۆژییەکەی بەهەموو شێوەیەک خستبووەگەڕ بۆ هاریکاریکردنی ئەم وڵاتانەو بەگژاچوونەوەی نفوزی سۆڤیەتی لەناوچەکەدا. لەدوای شۆڕشی ئێرانییەوە ئێران لەم هاوکێشە ئەمەریکییە چووەدەرەوەو بوو بەیەکێک لەدەوڵەتە ناحەزەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا، بەڵام ئێرانی دوای شۆڕشی ئێرانی ساڵی ۱۹۷۹ ئێرانێک نەبوو بەناوی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤو ڕێزگرتن لەجیاوازییەوە بدوێت، بەڵکو وڵاتێک بوو بەناوی ئایدیۆلۆژیایەکی ئیسلامی شیعی رادیکاڵەوە دوا کە دونیای لەسەر دابەشکردنێکی دینی بۆ بەرەیەکی شەیتانیو بەرەیەکی رەحمانی دابەشدەکرد. راستە ئەم دابەشکردنە ئایدیۆلۆژییەی دونیا ئەو پاڵنەرە نییە لەپشتی سیاسەتی ئێرانییەوە، چونکە ئێران ئامادەیە لەگەڵ زۆر هێزدا کاربکات کە تەواو ناکۆکە بە ئایدیۆلۆژیا دینییەکەی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لەپەیوەندییدا بە ئەمەریکاوە ئەم دیدە ئایدیۆلۆژییەی ئێران هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە نەبووە. لەدوای بەهێزبوونی

ئێرانەوە لەناوچەکەدا ئەمەریکا ناچاربووە رێککەوتنامەی پاراستنی ئاسایشی دوولایەنە لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی کەنداودا ئیمزابکات، ئەمەش مانای ئەوەی ئەمەریکا لەڕێگای ئەو وڵاتانەوە بووە بە هاوسنووری ئێران.

تورکیا تا ئەمڕۆ یەکێکە لەدۆستە ستراتیژییە گەورەکانی ئەمەریکا، بەدرێژایی پەنجا ساڵی رابردوو پەیوەندییەکی پتەو و هەمەلایەن لەنێوان تورکیا و ئەمەریکادا هەبووە، ئەگەرچی ئەمڕۆ جۆرێک لەزویربوون و ئاڵۆزی لەم پەیوەندیەدا دروستبووە. بەتایبەتی لەدوای ئەوەی پەرلەمانی تورکیا لەکاتی جەنگی ئەمەریکا دژ بە رژێمەکەی سەدام حوسەین لەساڵی ٢٠٠٣دا رێگەی بە هێزەکانی ئەمەریکا نەدا لەخاکی تورکیاوە پەلاماری رژێمەکەی سەدام حوسەین بدەن، بەڵام ئەم زویربوونە زیانی قابیلی باسکردنی لەپەیوەندی نێوان تورکیا و ئەمەریکا نەداوە. ئەمەریکا و تورکیا تا ئەمڕۆش پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسیو سەربازی بەهێزیان لەگەڵیەکدا هەیە. لەگەڵ هاتنی ئۆباماشدا بۆ کۆشکی سپی، پەیوەندی ئەمەریکا و تورکیا باشبوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوەبینیوە. لەمانگی ٤ی ساڵی ٢٠٠٩دا ئۆباما لەپەرلەمانی تورکیا قسەیکرد و باسی لە"شەراکەتی نموونەیی"کرد لەنێوان ئەمەریکاو تورکیادا. مەبەست لەم شەراکەتەش کارکردنی پێکەوەیی ئەو دوو وڵاتەیە لەو شوێنانەدا کە قازانجو مەسڵەحەتی ئەو دوو وڵاتە بەیەکدیدەگەن و یەکتریدەبڕن،

بەتایبەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئاشکرایە تورکیا لەچەند ساڵی رابردوودا جۆرێک سەربەخۆیی لەسیاسەتو هەڵوێستوەرگرتنیدا لەناوچەکە و جیهاندا بەدەستهێناوە. ئەمەش وایکردوە تورکیا زۆر لەوە زیاتربێت کە دەوڵەتێکی گوێلەمستی ئەمەریکابێت. بۆ نموونە لەمانگی ٥ی ساڵی ٢٠١٠دا تورکیا لەنەتەوە یەکگرتوەکان دژی تازەکردنەوەی دەورەیەکی تر لەگەمارۆدانی ئابوری دژ بە ئێران دەنگی داو بەگوێی ئەمەریکییەکانی نەکرد.

وڵاتانی کەنداو و عێراقیش وەک دۆستی ئەمەریکا وێنادەکرێنو ئەمەریکا بەنیازبوو لەڕێگای لابردنی رژێمەکەی عێراقەوە ناوچەکە بکاتە ناوچەیەکی دیموکراسی. خەونی کۆنزەرڤاتیڤە تازەکانی ئەمەریکا ئەوەبوو کە ئەمەریکا هێزە سەربازی و ئابورییە گەورەکەی بخاتەکار بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت بە دونیادا ، بەڵام جەنگی دە ساڵەی ئەمەریکا لەدوای ١١ سێپتێمبەرەوە لەناوچەکەدا، ئەو زیانە گەورانەی ئەمەریکا لەم جەنگانەدا کردویەتی، ئەمەریکای ناچاکرد واز لە خەونی کۆنزەرڤاتیڤە نوێکان بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بهێنێت. ئەمڕۆ سیاسەتی ئەمەریکی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەک هەمیشە دوو مەبەستی سەرەکی هەیە. یەکەمیان پاراستنی نەوتی ناوچەکە و مسۆگەرکردنی گەیشتنی ئەم نەوتە بە ئەمەریکا بەنرخێکی ماقوڵ. دووەمیان پاراستنی ئەمنو ئاسایشی ئیسرائیل لەڕێگای رێگەگرتن لەگۆڕینی تەرازوی هێز لەناوچەکەدا بە زیانی ئیسرائیل.

لەدوای ١١ی سێپتێمبەریشەوە بەگژاچوونەوەی تێرۆریزم بەشێکی گرنگی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکابوو لەناوچەکەدا، بەڵام ئەمرۆ ئەم رەهەندەی سیاسەتی ئەمەریکی ئەو گرنگییەی نەماوە، بەتایبەتی لەدوای خستنی رژێمەکەی تاڵەبانو دوای خستنی رژێمەکەی سەدام حوسەینو وێرانکردنی بەشێکی زۆری هێزە سەربازییەکەی ئەل قاعیدە لەناوچەکە و لەدونیادا.

ئەمەریکاو ئیسرائیلو ئێران

ئەوەی ئەمڕۆ لەناوچەکەدا گۆڕاوە بەهێزبوونی ئێرانو ئەو هێزە شیعە ناوچەییەیە کە لەئێرانەوە نزیکن، لەوانە حوکمڕانانی عێراق، حیزبوڵای لوبنانی، ڕژێمەکەی سوریا، حەماسی فەلەستینی..هتد. ئەم بەرە تازەیە بەرەیەکە پەیوەندییەکی زەحمەت و پڕکێشەی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە. بوونی ئێرانیش بە هێزێکی ئەتۆمی لەناوچەکەدا هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر ئیسرائیل و دروستبوونی گۆڕانێکی گەورەشە لەهاوسەنگی پەیوەندییەکانی هێز لەناوچەکەدا. بۆیە هەم ئەمەریکاو هەم ئیسرائیل و هەم وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە ترسێکی گەورەیان لەبوونی ئێران بە هێزێکی ئەتۆمی هەیە. لەڕاستیدا ڕێگرتن لەوەی ئێران ببێت بەهێزێکی ئەتۆمی هێڵە هەرەسەرەکییەکانی سیاسەتی ئەمەریکیو سیاسەتی ئیسرائیلیو سیاسەتی عەرەبستانی سعودیی و وڵاتانی کەنداوو سیاسەتی تورکیاشە. بوونی ئێران بە هێزێکی ئەتۆمی هەڕەشەیە بۆسەر هەموو ئەو لایەنانە. ئەم کۆدەنگییە وایکردوە سیاسەتی دیالۆگ لەگەڵ ئێراندا بگۆڕێت بۆ" دیپلۆماسیەتی فشاردانان"، لەئێستادا فشارەکان لەفۆرمی ئابڵوقەیەکی ئابوری وێرانکەردا بەرجەستەیە کە ئابوری ئێرانی لەناوەوە وێرانکردووە. جەنگی میدیایش لەگەڵ ئێراندا جەنگێکی واقیعییەو دەستپێکردووە. هەڕەشەش بە پەلاماردانی سەربازیو جوڵاندنی کەشتییە گەورە پڕ چەکە قورسەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەدا، ئەمە جگە لەهەڕەشەی ئیسرائیلییەکان، بەشێکی بەرچاوی ئەو جەنگە میدیاییە کە لەئێستادا

لەئارادایە. ئەگەر جەنگ لەناوچەکەدا دروستببێت ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی تیایدا ئەگەرێکی کراوەیە.

سنوورەکانی دەسەڵاتی ئەمەریکا و ئیسرائیل

تێڕوانینێکی هەڵە لەدونیای ئێمەدا ئامادەیە کە پێیوایە ئەوەی ئەمەریکا و ئیسرائیل بیانەوێت، دەبێت بە واقیع و ئەنجامنەدرێت. لەم تێڕوانینەدا ئەمەریکاو ئیسرائیل وەک دووهێز وێنادەکرێن کە دەتوانن ویستی خۆیان بەسەر هەموو هێزەکانی تردا بسەپێنن، چی بخوازن و چۆنی بخوازن بەو شێوەیە دەیسەپێنن، بەڵام ئەم دیدە نەک تەنها دیدێکی ناڕاستە، بەڵکو مەترسیداریشە. ڕاستە ئەمەریکا و ئیسرائیل دوو گەمەکەری گەورەن، بەڵام ناتوانن ئەوەی دەیانەوێت، یان ئەوەی بیریلێدەکەنەوە، بیکەن بە واقیع و بیسەپێنن. ئەمەریکییەکان لەعێراقدا نەیانتوانی بزوتنەوەکەی موقتەدا سەدر لەناوببەن، گەرچی لەساتێک لەساتەکاندا ئەمە یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانیان بوو. بەدرێژایی ساڵانێکی درێژە ئیسرائیل دەیەوێت لەلوبناندا حیزبوڵا لەناوببات، بەڵام بۆیناکرێت. لەمەش سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە ئیسرائیل بەو هەموو هێزەی خۆیەوە ڕێکخراوێکی وەک حەماسی بۆ تەمێناکرێت. بۆیە هەڵەیە چاوەڕوانی ئەوەبکرێت ئەمەریکا و ئیسرائیل بتوانن بە ئاسانی ڕژێمی ئێرانی بڕوخێنن و شیعەکانی عێراقماڵیبکەن و بەشار ئەسەد لەسوریا

دەرپەڕێنن و حیزبوڵای لوبنانی لەناوببەن، کۆتایی بە حەماس و هێزە جیهادییەکانی تر لەناوچەکەدا بهێنن. هەموو ئەمانە هێزی مرۆیی‌و سەربازی‌و گەورەن و توانایەکی گەورەی بەرگریکردنیان لەخۆیان و لەدیدو بۆچوونەکانی خۆیان هەیە. ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم هێزانە ناکرێت فشاری گەورەو بەردەوامیان بخرێتەسەر، ناچار بەهەندێک رێککەوتن‌و تەنازولاتی سیاسی بکرێن، بەڵام ئەوەی پێمانوابێت ئەم تەوەرە سیاسی و سەربازی و مرۆییە بە ئاسانی لەناوئەچێت، بۆ نموونە لەڕێگای پەلاماردانی سەربازی هەندێک بنکەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی ئێرانەوە، هەڵەیەکی سیاسی گەورەیە.

کورد و ئەمەریکا و ئیسرائیل

کورد لەجەنگی ئەمەریکا دژ بە رژێمەکەی سەدام حوسەین لەساڵی ۲۰۰۳دا جێپێیەکی باشی بە ئەمەریکا بەخشی بۆ پەلاماردانی رژێمەکەی سەدام حوسەین، بەتایبەتی کاتێک تورکیا رازینەبوو سەربازە ئەمەریکییەکان لەخاکی تورکیاوە بەشداری شەڕەکە ببن. بەمەش کورد وێنەی خۆی وەک دۆستێکی گەورەی ئەمەریکا لەناوچەکەدا کێشا، لەدوای ئەمەشەوە لەهەرێمی کوردستاندا چەند گرێبەستێکی نەوتی لەگەڵ کۆمەڵێک لە کۆمپانیا ئەمەریکییەکاندا ئیمزاکراوە، جگە لەمە بەدرێژایی مانەوەی ئەمریکا لە عێراقدا یەک سەربازی ئەمریکی لە کوردستاندا خوێن لە لوتی نەهاتوە. ئەمانە هەمووی خاڵی پۆزەتیڤن بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکی تەندروست لەنێوان کوردستان و ئەمریکادا، بەڵام هەموو ئەم خاڵانە نەیتوانیوە و ناشتوانێت لەگەڵ تورکیادا ململانێ بکات بۆ راکێشانی ئەمەریکا بەلای خۆیدا. نووسەری ئیسرائیلی، ئۆفرا بینگیۆ لەم بارەیەوە دەڵێت کە مەسەلەی کورد جۆرێک لەئاڵۆزی لەنێوان تورکیا و ئەمەریکادا دروستکرد، بەڵام کاتێک مەسەلەکان هەستیاردەبنو ئەمەریکا ناچاردەکرێت لایەن هەڵبژێرێت، هەمیشە دەچێتە پاڵ تورکیا. بەبۆچوونی من ئەم دۆخە بۆ سەرجەمی پەیوەندییەکانی تری ئەمەریکا لەناوچەکەدا هەر راستە. ئیسرائیلیش لەناوچەکەدا لەناو هەمان هاوکێشەدا کاردەکات و بیردەکاتەوە، واتە بۆ ئیسرائیلیش رازیکردنی دەوڵەتانی ناوچەکە لەڕازیکردنی کورد گرنگتر و کاریگەرترە.

دەرەنجامێكی گشتی

ئەوەی لەکۆتایی ئەم زنجیرە وتارەدا قابیلی لەسەر وەستانە ئەوەیە کە هیچ یەکێک لەم چوار پرۆژە سیاسییە گەورەیە لەناوچەکەدا، سەرەڕای ناکۆکییە ناوەکییەکانی ناوخۆیان و سەرەڕای ناکۆکیان لەگەڵ یەکدا، شوێنێکی تێدا نییە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی. لەبەرنامەی هیچ هێزێک لەو هێزانەدا و لەناو هیچ یەکێک لەو پرۆژانەدا پلانێکی ڕاستەقینە ئامادە نییە دەوڵەتێک بۆ کورد دروستبکات. ئەگەر لەهەموو دونیادا هێزێک هەبێت بیەوێت دەوڵەت بۆ کورد دروستبکات کورد خۆیەتی، کۆمەڵگای کوردییە بەهێزی ناوەکی خۆی، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا کۆمەڵگای کوردی خۆی دەتوانێت دەوڵەتێکی ڕاگەیەندراو لەهەلومەرجی ئەمڕۆکەی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا دروستبکات و بپارێزێت. دیارە نە ئەمەریکییەکان‌و نە ئیسرائیل و نە ئێران‌و نە سعودیە و وڵاتانی کەنداو ئەم کارە نەک ناکەن، بەڵکو ئەگەری دژایەتیکردن یان لانیکەم بەرگریلێنەکردنی هەڵدەبژێرن. ئەوەی لەکۆتایی ئەم زنجیرە وتارەدا قابیلی لەسەروەستانە هەڵوێستی تورکیایە. ڕاستە گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر سیاسەتی تورکیادا بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم و کوردستانی باشور هاتووە. ڕاستە ئێستا ئەو وڵاتە پێشوازی لەسیاسییە کوردەکان دەکات، بەتایبەتی لەسەرۆکی پارتی و ئەندامانی تری بنەماڵەی بارزانی. ڕاستە تورکیا چاویبڕیوەتە نەوت و غازی کوردستان، ڕاستە تورکیا هەرێم وەک بازاڕێکی سودبەخش و وەک دەروازەیەک بۆ چوونە ناو عێراق دەبینێت، ڕاستە

تورکیا لەململانێیدا لەگەڵ ئێراندا لەپاڵ پارتی و سوننەکانی عێراقدایە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا بەڕاست تورکیا دەبێت بەو وڵاتەی دەوڵەت بۆ کورد دروستبکات؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە بەڵێ پێویستی بە باوڕکردن بە دروستبوونی موعجیزە هەیە. بەبۆچوونی من تورکیا کە باوەڕی وایە کورد گەر لەئەفریقاش دەوڵەتێک دروستبکات ئەوان بڕۆن بیڕوخێنن، نابێتە ئەو هێزەی دەوڵەت بۆ کورد دروستبکات. تورکیا دەشێت هەرێمی کوردستان، بەتایبەت ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی، وەک بەشێک لەتورکیا خۆی وێنابکات، تەماحی ئەوەی هەبێت ئیمارەت یان ئیقلیمێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی لێدروستبکاتو بیشیپارێزێت. لەباشترین دۆخدا تورکیا ئەم بەشەی کوردستان وەک قوبروسی باکور مامەڵەبکات. بەڵام ئەمە سیناریۆی دروستکردنی دەوڵەت نییە، ئەمە دروستکردنی هەرێمێکە تورکیا تیایدا وەک ئاغایەک ئامادەبێت و کورد تیایدا وەک خوڵامێکی دەست لەسەرسنگ، تورکیا چی بووێت و چۆنی بووێت وا بەڕێوەیبباتو وا بەکاریبهێنێت، کوردیش گوێی بۆبگرێت و سەری بۆ بلەقێنێت. ئەمەش جگە لە گۆڕینەوەی جۆرێک لەداگیرکردن بە جۆرێکی تر لەداگیرکردن، زیاتر نییە.

بەکورتی کۆمەڵگای ئێمە دراوسێی کۆمەڵێک دەوڵەت و میلەتە لەناوچەکەدا کە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لەهەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستاندا وەک ئیهانەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانی وێنادەکەن، هەموو کارێکیش دەکەن بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی ئەم

دەوڵەتە. ئەوەی دەمێنێتەوە هێزی کۆمەڵگای کوردستانی خۆیەتی، هێزی کورد خۆیەتی وەک نەتەوە، بەتایبەتی وەک نەتەوەیەکی سیاسی کە هەڵگری ستراتیژێکی سیاسی یەکگرتوو و قبووڵکراوبێت لەلایەن هێزە گەورەکانی ناو کۆمەڵگای کوردییەوە. ئەوەی ئەمڕۆ کورد نییەتی بوونی ئەو ستراتیژە سیاسییەیە، نەک هەر ئەمە بەڵکو هەر پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان تەواو لەڕووی سیاسییەوە پارچەپارچە و دابەشبووە، پڕە لە هێزی سیاسی ناکۆک و ناتەبا و دژ بەیەک، نەک تەنها لەگەڵ یەکتریدا بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیشدا، هێزی سیاسی داخراو و مۆنۆپۆڵخواز، شێوازی بنەماڵەیی و خێزانی دەسەڵاتدارێتی، بەهێز لە گەندەڵی و لاواز لە دروستکردنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نوێدا کە شوێنی هەموو کەرت و هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمەی تێدابێتەوە.

بەکورتی ئەگەر کۆمەڵگای ئێمە بەپلەی یەکەم کۆمەڵگایەکی بەرخۆری بێبەرهەمبێت و تیایدا بەرخۆریزم بەزۆر مانا شوێنی ناسیۆنالیزمی گرتبێتەوە، ئەگەر پرۆژە دینییەکانی ئەم کۆمەڵگایە پرۆژەی نادیموکراس و چەپێنەری ئازادای بن، ئەگەر دراوسێکانمان دراوسێی ناحەز و پڕ تەماحی بەهێزبن، ئەگەر واقیعی سیاسی کوردستان واقیعی پارچەپارچەبوون و مۆنۆپۆلیزەکردنی دەسەڵات و خراپ بەکارهێنانی بێت، ئەودەم توانا و ئەگەری دروستکردنی

دەوڵەتێکی کوردی توانا و ئەگەرێکی هێجگار لاوازە. ڕاستە کۆمەڵگای ئێمە ئەگەری گەورە و گرنگی گۆڕانکاری تێدایە، بەڵام ئەو عەقڵیەت و شێوازی حوکمڕانی و مۆدێلە سیاسییانەی ئەمڕۆ باڵادەستن، ئەم ئەگەرانە نەک گەورەناکەن و هیچ توانایەکی ئەوەیان تێدانییە هیچ ئەگەرێک لە ئەگەرەوە بکەن بە واقیعێکی دروستکراو و بەرجەستە، بەڵکو لەسەر لەدەستدان و فەواتاندنی ئەو ئەگەرانە دەژین. بۆئەوەی دونیای ئێمە بتوانێت بگۆڕێت، شێوازێکی تەواو جیاوازی سیاسەتکردن و حوکمڕانی پێویستە. عەقڵیەتێک پێویستە لەهەوڵی بونیادنانی ئاشتی و ئارامییەکی ناوەکی دوورخایەن و پەیوەندییەکی ناووڕژێنەری دوور لە عەنتەریاتی سیاسی بە دەوروبەرەوەبێت. ئەوەی پێوسیتە هەوڵێکی ڕاستەقینەی بە سیاسیکردنی ئینسان و کۆمەڵگای ئێمەیە بەشێوەیەک مشوورخواردنی ئینسانی ئێمە بۆخۆی بەشێکبێت لە مشوورخواردنی بۆ ئەو دونیایەی تیایدا دەژی. ئینسانێک خۆی بە هاونیشتیمانییەکی خاوەن ماف و خاوەن ڕێز و خاوەن قورسایی بزانێت، نەک بە ڕەعیەتێکی بێمافی ئەم یان ئەو خێزان و بنەماڵەی سیاسی.

ئەوەی شوێنی لەسەر ڕاوەستانە ئەوەیە لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی کوردستان ئینسان و کۆمەڵگای ئێمە لە سیاسەت دادەبڕن و هەوڵئەدەن لەڕێگای بەرخۆرییەوە ئارامییەکی کۆمەڵایەتی لەق و کاتی دروستبکەن، لەکاتێکدا بەرخۆریزم دەکەنە ئایدیۆلۆژیا و کولتوری باڵادەست لە کوردستاندا، ڕێک لەو کاتەدا فوو بە گوتارێکی

ناسیۆنالیستی بۆش و بێناوەرۆکیشدا دەکەن و دەیانەوێت کۆمەڵگای ئێمە لەپاڵ ئەم گوتارەدا گیرۆدەی چاوەڕوانی هەڵە و ناڕاست و نابەرپرسیار بکەن. دەرچوون لەم دۆخە ئالودەیە هەنگاوی یەکەمی گواستنەوەیە بەرەو دۆخێکی نوێ تیایدا کۆمەڵگای ئێمە بتوانێت بە وردی بیر لەخۆی و بیر لە ئاینده بکاتەوە.

سلێمانی ـ شەقامی مەولەوی
تەلاری بازرگانی سەروەتی نوێ
نهۆمی چوارەم
بنکەی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە

www.endeshe.org
andesha.library@yahoo.com
http//:www.facebook.com/andeshacenter
http//:www.facebook.com/andeshalib
07501026300